# بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە

چەند توێژینەوەیەک لەبارەی خەباتکردن

بە ئامرازەکانی ناتوندوتیژی

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ – الجميزة
هاتف/ فاكس: 00961 (0) 1 445333
الهاتف الخلوي: 00961 70 111382
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: استراتيجيّة العمل اللاعنفي
تأليف: جين شارب
ترجمة: ماري طوق (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: أنطوان طوق و وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس ١٩٩٩، بيروت
ترجمة: عمر علي غفور (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

جین شارپ

# بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە

چەند توێژینەوەیەک لەبارەی خەباتکردن
بە ئامرازەکانی ناتوندوتیژی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عومەر عەلی غەفوور

AUNOHR

پرۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جین شارپ
بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٧
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٠ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شاخەوان کەرکووکی

# زانکۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەکی ئەکادیمیایی نوێیە، یەکەمین زانکۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەکەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆکەکەی و دامەزرێنی زانکۆکە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتکاری پێشڕەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا: دکتۆر وەلید صەلیبی و دکتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەونی دوو دامەزرێنەکە هاتە دی و یەکەمین ئەزموونی نموونەییی پرۆژەی زانکۆیەکەی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییەکی بیرمەندانە و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو لە لبنان و ناوچەکەدا بەدرێژاییی ٣٠ ساڵ.

پرۆگرامەکانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێرکردنی زانکۆیی لە ناوچەکە، کە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەکە وەردەگرێ کە برێتین لە: فەلسەفە و توانەکانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەکانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێرکردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی کێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەکان، کولتوور و فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێچکەکانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاک، بەیەکگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەکانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەکی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازکارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دۆستانی ناوخۆیی کە ناوچەکە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە کەسایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای کار، ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەم کولتوورە و بەخەونی زانکۆیەکە و کاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێکی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و دارشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئاینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش بریتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیایی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان– وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامەگەلی هاوکاری لەگەڵ زانکۆگەلی دەرەکی بەتایبەتی زانکۆکانی ئەورووپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکانی ناوچەکەدا. هەروەها دەستی کردووە بە داخلّکردنی بابەتگەلی ئەکادیمیاییی نوێ لە زانکۆکانی تردا و ئەوانەی ئارەزووی ئەمە دەکەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە و بەدامەزراوەکردنی و پاڵنانی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامانجی زانکۆی ناتوندتیژی و مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پێشکێشکردنی فێرکردنێکی ئەکادیمیاییی خاوەن ئاستی ناودەوڵەتی و لەو تایبەتمەندیگەلی پێشەنگانەدا کە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشەوەریی بەجۆرایەتییان هەیە، هەروەها ئامادەکردنی وزەی بەرزی پیشەوەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیــژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگـەداری ڕووەکـەی تری مـێــژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژاییی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کـە بیــاندەنە بەر ڕووناکی، بیــانخـــەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

ویستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێـزیکن، ئەگـەریش کـە لەلایەن هۆکـارگەلێکەوە ئابڵـوقـە دراین کـە بەسـەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشرەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بـۆ کوردی، بریتین لە کۆمـەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عـارەبییـە پرۆژەیەک بـوو کـە دکتـۆر وەلید سـەڵیبی دەسـتـپێشـخـەریی بۆ کـرد و سـەرپەرشـتیی وەرگێڕەکانی کرد و هـەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لە سـاڵی ١٩٩٣وە، کـە بـۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ٢٠ کـتـێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ٧٥ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سـەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییـەکن لە زانکۆی ناتوندوتیـژی و مـافـەکـانی مـرۆڤ لە دنیـای عـارەبدا- ئۆنور AUNOHR بۆ گـەلی کـورد لـە هـەرێمی کـوردسـتـانـی عـێـراقـدا و بۆ هـەمـوو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گـشت، بۆ توێژەر و ئەکـادیمیـایی و نووسـەر و ڕۆشنبـیـران، بۆ پێشـڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمـەد حەبیب بەرجەستـە دەبێ، پرۆتۆکۆڵەک لە سـاڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمـزا کرا بەمـەبەستی وەرگـێڕانی یـەکەم کۆمـەڵە کـتێبی ناتـوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ١٠ کـتێب هـاتنە دەسـتنیـشـان کـردن بۆ ئەوەی لـە سـاڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣دا بگەنـە ئەنجـام. ئەم پرۆتـۆکـۆڵە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئـایار/ مـایۆی ٢٠١٢دا، کـە بەدوایدا سـەردانگەلی تر و پرۆژەی هـاوکـاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هـاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بلاڤۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە بالاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆللەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی بالای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەگەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەلام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕینیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی نالاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاوولاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتوورە ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەیی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام ەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی بالآدەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ ڕووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سلێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی بریتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کـاتێکدا کـە ڕەنگە نـاتوندوتیـژی و توندوتیـژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکـار بێن، مـرۆڤ تەنیـا بە نـاتوندوتیـژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خـۆی ببێـتەوە. کـاتێک دەڵێین نا بـۆ توندوتیژیی خۆ، ئەو کـاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا-ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا-ی کـۆمـەڵگەییـیـە. مـەبەست لێی نا-یە بـۆ توندوتیـژیی ئەوانی تر بەواتە فـرەوانـەکـەی، واتە بـەگـشت شـێـوەکـانی لە کـوشـتن و سـتـەمی کـۆمـەڵایـەتی و هـەژارکـردن و داگیـرکاری و سـەرکـوتین و سـەرکـۆنەکـردنی منداڵ و توندوتیـژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا-یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشـەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمـانێکی ئەخـلاقـیی وجـودییـە و، نا بـۆ توندوتیـژیی ئەوانی تر پەیمـانێکی کۆمەڵایەتیی-سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیاتی بەهۆکارەکانی نـاتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مێـژوو، توندوتیـژی هاوشـانی کـۆمـەڵێ جـوانی بـووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسـەر وشەی نا لە ناوجەرگەی وشەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسەکردن لەسـەر ئەوەی کە ناتوندوتیـژی زاراوەیەکی نەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ ناڕوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیـژی دابڕێین..."

"توندوتیـژی بەردەوام کاریگەرە... بەڵام لە خزمـەتی ستـەمدا. چەکێکی نایابی دەسـتی سـتـەمکارانە. کـاریگەرترینی چـەکـەکـانیـانە. بـەڵی توندوتیـژی بەکـارە. بەداخـەوە توندوتیـژی هـەمـوو پرسـێکی بەرز دەلـەوتێنێ. بەڵام خـزمـەتی دەکـا! بێگومـان نا. دەیشـێـوێنێ و لـە ئامـانجی بەرزی خـۆی دووری دەخـاتەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بۆ ئامـرازگـەلێک کـە وەک خـۆی نەبن" پاسـاو هێنان بۆی تەنانەت ئەگـەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی تووڕەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا دروست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەکگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیدایی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیانداین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فەڕەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجوومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ٣٠ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ٢٠١٢دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانکۆیەکە بۆ هەرێم کە موللەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵک و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی کرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتکەرێکی ئاسیاییەوە کە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەکەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیرکەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربکەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەکەی و خەباتەکەیەوە توانیی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و کردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، کاتێک کە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کۆ کردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەکی قەدەخەکەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێک و گشت بیرۆکە و گشت ئامرازێک و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەکەوە، وەک ئەوەی گاندی کە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەکە لە ئامرازەکەدا بوونی هەیە وەک چۆن دارەکە لە تۆوەکەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەکاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەکاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونکە ئامانج شتێکی ئەبستراکتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو کاتەیشدا کە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەکانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەکو لە ئامانجە ئەرێنییەکانمان نێزیک ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە کە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دکتۆر ئۆگاریت یۆنان**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و سەرۆکی زانکۆیەکە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆکۆلی هاوکاریی زنجیرە بڵاوکراوە و وەرگێڕاوەکانی ناتوندوتیژی بەزوانی کوردی، لە کۆتای ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین کە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. کەواتە ئەوە پەروەردە و ژیگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەکانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانکراوی، ئەوانە شکستەکانی ژیان و

پەروەردە و دەمکوتی کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و کەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاک و بەکۆمەڵی پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی و سیاسین کە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەیییە دروست دەکەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاکە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەکانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەکانی و هەڵسوکەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوکمدان و کولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێک کە ئەو و توندوتیژی وەک یەک دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیکترینی نێزیکەکانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەکەی و گەلەکەیشی نەک تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەک هیرۆکلیتس دەڵێ "تەنیا شتێکی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". کەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنکێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێکی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا کە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەکا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە کە بەهێز بێ. هێز جیاکەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەک توندوتیژی. هەرچەندە تێکەڵکردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەک دەردەکەوێ مرۆڤ هەست دەکا کە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی کە بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەکانی هێز نەک ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەکا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە کە بەهێز بێ نەک توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەکانی دەکەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە کە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەکەی دەکەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەکانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاکستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" کە دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژوودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەییی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشڕەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببیتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی

## دانەر کێیە؟

دکتۆر جین شارپ وەک توێژەرێکی گەورە لە دامەزراوەی ئەلبێرت ئاینشتاین لە بۆستن لە ویلایەتی ماساچوستسی ئەمەریکا کار دەکا. بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە زانکۆی ئۆهایۆ و دکتۆرای لە تیۆریی سیاسی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەدەست هێناوە. پلەی دکتۆرای فەخریی لە یاسا لە کۆلیجی مانهاتن و پلەی دکتۆرای فەخریی لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی لە کۆلیجی ڕیفەر بەدەست هێناوە.

دکتۆر جین شارپ بەپرۆفیسۆری خانەنشین دادەنرێ لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ماساچوستس لە بۆستن و بۆ ماوەی نێزیکەی سی ساڵ کورسیی توێژەری لە سەنتەری کاروباری ناودەوڵەتی لە زانکۆی هارفارد گرتووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە کتێبەکانی دانەرن بە زمانی ئینگلیزی:

1- The politics of Nonviolent Action. (1973).

2- Gandhi as a Political Strategist. (1970)

3- Social Power and Political Freedom. (1980)

4- Making Europe Unconquerable. (1985)

5- Civilian-based Defense: A Post-Military Weapons System. (1990)

6- Twentieth Century: Waging Nonviolent Struggle Practice and Twenty-first Century Potential.(2005)

کتێبەکانی دکتۆر شارپ بۆ زیاتر لە سی زمان وەرگێڕدراون.

* له دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسیەت

چوارچێوەی وێنایەک بۆ ئازادبوون

* جێگرەوە ڕاستقینەکان
* ڕۆڵی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژیدا
* ڕاپەڕین و خەبات بەبێ توندوتیژی

ئامرازێکی کاریگەر بۆ کاری سیاسی

## پێشەکی

گەلان چۆن دەتوانن ڕێگە لە ڕژێمەیلی دیکتاتۆر بگرن و لەناویان ببەن؟ بۆ چەندان ساڵ ئەم کێشەیە یەکێک بووە لەو بابەتە سەرەکییانەی جێی بایەخم بووە، ئەو بایەخپێدانەیش لەو باوەڕەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە نابێ مرۆڤایەتی لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە ملکەچ و سەرکوت بکرێ. خوێندنەوەکانیشم لەبارەی گرینگیی ئازادیی مرۆڤ و سروشتی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان (بەتایبەت خوێندنەوەکانم بۆ ئەرستۆ و ئەو شیکردنەوانەی لەبارەی سیستمی زۆرداری نووسیومە) هەروەها مێژووی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان (بەتایبەت ڕژێمی حوکمی نازی و حوکمی ستالین) ئەو باوەڕەمیان بەهێزتر کرد.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵکانێکم ناسی کە لەژێر حوکمڕانیی نازیدا ناڵاندبوویان، تەنانەت هەندێکیان لە سەربازگەکانی گرتنی نازی قوتاریان بووبوو. بۆ نموونە لە نەرویج چەند کەسێکم بینی بەرەنگاریی حوکمی فاشییان کردبوو و لە دەستی قوتار بووبوون، بەڵام هەواڵی کەسانێکیان بیستبوو کە بەخت یاوەریان نەبوو ڕزگاریان ببێ و لەکاتی بەرەنگاریکردنی فاشیزمدا سەریان تێدا چوو. هەروەها قسەم لەگەڵ هەندێ جوولەکە کردووە کاتی خۆی لە کوورەکانی نازیزم ڕزگاریان بووبوو، لەگەڵ کەسانێکیش کە بۆ ئەوە یارمەتییان دابوون.

زانیاریم لەبارەی ئەو تۆقاندنەی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان لە چەندان وڵات پێڕەوییان کردبوو زیاتر لە کتێبەوە بوو تا لە پێوەندییە کەسییەکان، ئەو ڕەفتارانە شوێنەوارێکی قووڵیان لە ناخمدا بەجێ هێشت چونکە ئەو

ڕژیمانە بەناوی ئازادکردنی خەڵک لە چەوساندنەوە و قۆستنەوە خۆیانیان سەپاندووە.

ڕووی ڕاستیی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان زیاتر دەرکەوت، ئەویش لەڕێی سەردانی کەسانێک لەم چەند دەیەی کۆتایی لەو وڵاتانەی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان حوکمڕانییان دەکرد وەک پەنەما و پۆڵەندا و چیلی و تیبت و بۆرما. هەروەها کەسانێک کە دژ بە دەستدرێژیی چینی لە تیبت شەڕابوون، ئەو ڕووسییانەی توانییان شکست بە کودەتا توندڕەوانەکەی ئابی ١٩٩١ بێنن، هەروەها ئەو تایلەندییانەی بە خەباتی ناتوندوتیژ ڕێگەیان لە گەڕانەوە بۆ حوکمی سەربازی گرت. ئەم ڕاستییانە جێکەوتێکی ناخۆشیان لە دەروونمدا لەبارەی سروشتی فێڵبازانەی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرانە بەجێ هێشت.

سەردانی هەندێ شوێن کە هێشتا مەترسیی گەورەیان تێدا مابوو، هەستکردن بە دڵتەنگی و تووڕەیی لە ڕەفتارە دڕندانەکان و هەستکردن بە سەنگینیی قارەمانیی پیاوان و ئافرەتانیان لە ناخمدا زیاتر کرد. بەڵام ئازایەتیی دژبەریکردن (التحدي) لەلایەن کەسەکانەوە بەردەوام بوو. ئەو شوێنانەیش بریتی بوون لە وڵاتانی وەک پەنەما و نایجیریا و شاری فیلینیس لە لیتوانیا کە بەدەست سەرکوتینەوەی بەردەوامی سۆڤیەتەوە دەیناڵاند، هەروەها گۆڕەپانی تیانانمین لە پەکین لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ئاهەنگ گێڕان بۆ ئازادی، کە یەکەمین سەرباز هەڵگرە زرێپۆشەکان لەو شەوە چارەنووسسازەدا هاتنە ژوورەوە، هەروەها سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی لە دارستانەکانی مانربلو لە بۆرمای ئازاد.

هەندێ جار سەردانی ئەو شوێنانەم کردووە کە کەوتوون، وەک تاوەری تەلەڤزیۆن و گۆڕستانی یلنیس لە لیتوانیا و باخچەی گشتی لە ڕیگا (لە لاتڤیا) کە تێیدا بەمەبەستی کوشتنیان دەسڕێژی تەقە لە خەڵک کرا،

سەنتەری فەراری لە باکوری ئیتاڵیا کە فاشیەکان بەرگریکارەکانیان تێدا کوشت، گۆڕستانە سادەکەی مانربلوی پڕ لە تەرمی ئەو پیاوانەی کە لە بەهاری تەمەنیاندا کوژران. ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە سەرهەڵدانی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان جگە لە مەرگ و وێرانە هیچی لێ ناکەوێتەوە.

لێرەوە و لە ڕوانگەی خەم و شارەزاییەکانمەوە ئومێدێکی قووڵم لا دروست بوو کە ڕێگەیەک هەیە بۆ بەرگرتن لە ستەم و ڕێگەیەکیش هەیە بۆ خەباتێکی سەرکەوتوو دژ بە ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان بەبێ پەنابردن بۆ سەربڕینی دووسەرە، هەروەها دەتوانرێ ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان لەناو ببرێن و ڕێگەش لە سەرلەنوێ دروستبوونەوەی دیکتاتۆریی نوێ بگیرێ.

سالانێکە هەوڵم داوە بەقووڵی و بە وریاییەوە بیر لە بەسوودترین ڕێگە بکەمەوە بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان بە کەمترین زیانی گیانی و کوێرەوەری. هەر بۆیە چەند توێژینەوەکم لەبارەی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان و بزاوەکانی بەرگری و شۆڕشەکان و هزری سیاسی و سیستمەکانی حوکمڕانی کرد، بەتایبەت خەباتی ناتوندوتیژانەی واقیعی.

ئەم بابەتە بەرهەمی ئەو توێژینەوانەیە، ئەگەرچی دەزانم هێشتا دوورە لەوەی تێر و تەواو بێ، بەڵام دەکرێ هەندێ ڕێنوێنی پێشکێش بکا بۆ یارمەتیدان لە بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵە بزاوێکی ڕزگاریخوازی بەهێزتر و کاریگەرتر لەوەی ئێستە هەیە.

ئەم کتێبە لەسەر کێشە گشتییەکە دەوەستێ، ئەویش چۆنیەتیی لەناوبردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکە و بەرگرتنە لە دروستبوونی ڕیژیمێکی دیکتاتۆریی نوێ. ئەمەیش هەم لە ڕوانگەی پێویستی و هەم لە ڕوانگەی بژارەیەکی بەئەنقەستەوە. توانی ئەوەم نییە شیکردنەوەی ورد یان ڕەچەتەیەک بۆ وڵاتێکی دیاریکراو دەربکەم، بەڵام ئومێدەوارم ئەم شیکردنەوە گشتییە کەڵکی بۆ ئەو گەلانە هەبێ کە لەگەڵ حوکمڕانییەکی

دیکتاتۆریی ڕاستەقینەدا دەستەویەخەن، کە ناخۆشبەختانە زۆرن. پێویستە ئەو گەلانە ڕادەی گونجانی ئەم شیکردنەوەیە و ڕاسپاردە سەرەکییەکانی بۆ دۆخی ئەو وڵاتانە و خەباتیان لەپێناو ڕزگاربوون، تاقی بکەنەوە.

دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە بەشدارییان لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا کرد: یارمەتیدەرە تایبەتەکەم برۆس جنکنز کە بەشدارییەکی لەنرخ نەهاتووی پێشکێش کرد لەڕێی دیاریکردنی کێشەکانی ناوەرۆک و خستنە رووی بابەتەکە، هەروەها لەڕێی ڕاسپاردە وردەکانی بۆ ڕوونتر و وردتر خستنەڕووی بیرۆکە ئاڵۆزەکان (نەخاسمە ئەوەی پێوەندیی بە ستراتیجیاوە هەیە) و پێکهاتەی ڕێکخستنی کتێبەکە و هەندێ چاککاری لە نووسیاریی کتێبەکەدا.

هەروەها دەمەوێ سوپاسی زۆری ستیفن کودی بکەم لەبەر یارمەتییەکانی لە پێداچوونەوەی کتێبەکە، هەروەها سوپاسی دکتۆر کریستۆڤەر کروگلەر و ڕۆبەرت هلفی بکەم کە ڕەخنە و ئامۆژگاریی گرینگیان خستە ڕوو. هەروەها سوپاسی دکتۆر هیزل مکفرسۆن و دکتۆر باتریشا بارکمان دەکەم کە زانیاریی باشیان لەبارەی خەباتکردن لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین دامێ.

ئەگەرچی زۆر کەس پشتیوانییان لەم کارە کردووە، بەڵام شیکردنەوە و ئەنجامەکانی ناوی بەرپرسیارێتیی خۆمن. لە هیچ جێیەکی ئەم شیکردنەوەیەدا وام گریمانە نەکردووە کە گژبەریکردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان کارێکی ئاسان و بەبێ نرخ و باج دەبێ، لەبەرئەوەی هەموو شێوەیلی خەبات ئاڵۆزی و باجی خۆیان هەیە. بەدڵنیاییەوە بەگژاچوونەوەی ئەو ڕیژیمانە زیانی گیانیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئومێدەوارم ئەم شیکردنەوەیە سەرکردەکانی بەرگری هان بدا کە ستراتیجگەلی ئەوتۆ بگرنە بەر کە کاراییيان زیاتر بکا و ڕێژەی ئاستی زیانەکان کەم بکاتەوە.

نابێ ئەم شیکردنەوەیە وا ڕاڤە بکرێ کە واتەی ئەوەیە بە کۆتاهاتنی

ڕیژیمێکی دیکتاتۆریی دیاریکراو ئیتر هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن و دنیا دەبێتە شامی شەریف، چونکە داڕووخانی ڕیژیمێکی دیاریکراو شاری خەونەکان ناهێنێتە کایە، بەڵکو بوار دەکاتەوە لەبەردەم کۆششێکی زۆر لەپێناو بنیاتنانی پێوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی دادپەروەرانە و زاڵبوون بەسەر شێوەکانی تری نادادی و چەوساندنەوەدا. خوازیارم ئەم هەڵبژاردنە پوختە لە چۆنیەتیی لەبەریەک هەڵوەشاندنی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان، کەڵکی بۆ گەلان هەبێ لە هەر جێیەک ئارەزووی ئازادبوون باوە.

جین شارپ

٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣

### توێژینەوەی یەکەم

## بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆریەت بەشێوازێکی واقیعی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندان ڕێژیمی دیکتاتۆریی جیاواز هەرەسیان هێنا، جا چ خاوەن بنچی ناوەخۆیی بن یاخۆ دەرەکی لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ گژبەریی سیستماتیکیی گەلاندا و سەلماندیان ناتوانن گژبەریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوبەشی گەلان بکەن ئەگەرچی وا دەزانرا ئەوانە ڕێژیمەیلی پتەو و بەهێزن.

لە ساڵی ١٩٨٠ەوە، گژبەریی گەلان، کە بەزۆری ناتوندوتیژانە بووە، توانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە هەر یەک لە ئەستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا و پۆڵەندا و ئەڵمانیای ڕۆهەڵات و چیکۆسلۆڤاکیا و سلۆڤینیا و مەدەغەشقەر و مالی و بۆلیڤیا و فیلیپین بڕووخێنێ. هەروەها بزاوی بەرگری بە بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژانە کاری بۆ ڕیشەدارکردنی ڕەوتی بەرەو دیموکراسی لە وڵاتانی نیپاڵ و زامبیا و کۆریای باشوور و چیلی و ئەرجەنیتن و هایتی و بەرازیل و ئۆرۆگوای و مەلاوی و تایلەند و بولگاریا و هەنگاریا و زائیر و نایجیریا و چەندان ناوچەی جیاوازی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو کردووە (ڕۆڵێکی گرینگی لە شکست پێهێنانی کودەتا توندڕەوانەکەی ئابی ١٩٩١دا هەبوو).

ئەمە جگە لە گژبەریکردنی سیاسیی بەهێز[1] لە چین و بۆرما و تیبت لە چەند ساڵی دواییدا، کە ئەگەرچی ئەو خەباتە نەیتوانی ڕێژیمە دیکتاتۆری یان داگیرکەرەکان لەناو ببا، بەڵام سروشتی دڕندانەی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرانەی بۆ کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی ئاشکرا کرد، هاوکات

ئەزموونێکی بەنرخی لەبارەی ئەم جۆرە خەباتە لای گەلان دروست کرد.

بەدڵنیاییەوە داڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانەی لەسەرەوە باس کران، هەموو کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی بنبڕ نەکرد، چونکە ئەو ڕژێمانە هەژاری و تاوان و ناکارایی بیرۆکراسی و وێرانکردنی ژینگە لەدوای خۆیاندا بەجێ دێڵن، بەڵام کەوتنی ئەو ڕژێمانە لای خواری سووککردنی نەهامەتییەکانی قوربانییانی سەرکوتینەوەی هێنایە ئارا و ڕێگەی لەبەردەم سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەو کۆمەڵگەیانەدا کردەوە بە بوونی ئازادیی سیاسی و دیموکراسی و کەسی و بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

## کێشەیەکی سەرەمڕ

تێبینی دەکرێ لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئاراستەیەکی گەورەتر بەرەو پێرەوکردنی دیموکراسیەت و ئازادی لە جیهاندا پەیدا بووە. دامەزراوەی فریدەم هاوس، کە ساڵانە ڕووپێوێکی ناودەوڵەتی لەبارەی دۆخی مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان بڵاو دەکاتەوە، لە ڕووپێوێکیدا بڵاوی کردووەتەوە ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی دنیا کە لە ڕیزی دەوڵەتە "ئازاد"ەکاندا پۆلبەندی دەکرێن لە دە ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گەورە زیادی کردووە[٢]:

| ساڵ | نائازاد | نیوچە ئازاد | ئازاد |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٣ | ٦٤ | ٧٦ | ٥٥ |
| ١٩٩٣ | ٣٨ | ٧٣ | ٧٥ |

وێڕای ئەم دیاردە ئەرێنییە، ژمارەیەکی زۆری گەلان هێشتا لەژێر باڵی ستەمکاریدا دەناڵێنن. لە کانوونی دووەمی ١٩٩٣وە ڕێژەی ئەو گەلانەی هێشتا لە وڵات و ناوچە "نائازاد"ەکاندا دەژین، واتە ئەو ناوچانەی مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان زۆر سنووردارن، گەیشتووەتە ٣١٪ی کۆی

دانیـشـتـووانـی گـۆی زەوی، کـە ٥,٤٥ مـلیـار کـەسـە.[٣] لەو ٣٨ وڵات و ١٢ ناوچەیەی بە "نائازاد" پۆلبەند کراون، کۆمەڵێ ڕیژیمی دیکتاتۆری سەربازی (وەک لە بۆرما و سودان) یان ڕیژیمی شاهانەی سەرکوتکەری نەریتی (وەک لە عەرەبستانی سعوودی و بۆتان) یان حزبی سیاسیی باڵادەست (وەک لە چین و کـۆریای باکـور) یان داگیـرکـەری بیـانی (وەک لە تیبت و تەیمووری ڕۆهەڵات) حوکمرانی دەکەن، یاخۆ لە قۆناخی گواستنەوەدان.

ئەمرۆ دەبینین چەندان وڵات بە قۆناخێکی گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خێرادا تێ دەپەڕن. وێڕای ئەوەی لە دە ساڵی دواییدا ژمارەی وڵاتانی "ئازاد" زیادی کردووە، بەڵام هێشتا مەترسییەکی دەستەویەخە لەئارادا مـاوە، ئەویش ئەوەیە زۆر لەو نەتەوانە لەکـاتی گـۆڕانکارییـە بنچینەییە خێراکاندا، ئاراستەیەکی پێچەوانە وەردەگرن و مەترسی هەیە بکەونەوە ژێر چەپۆکی کـۆمـەڵێ ڕیژیمی نوێی دیکتـاتۆری، گـرووپەیلی سەربازی و خاوەن تەماکان، بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان، حزبەیلی سیاسیی مەزەبی بەبەردەوامی هەوڵ دەدەن ویستی خۆیان بسەپێنن، بەو شێوەیەش کودەتاکان دەبنە شتێکی باو و دیاردەی پێشێلکردنی مافە بنچینەییەکان و مافە سیاسییەکانی چەندان لە گەلانی دنیا بەردەوام دەبێ.

ناخۆشبەختانە هێشتا ڕابردوو لەناوماندا کنەی کردووە و کێشەی ڕیژیمە دیکتـاتۆرەکـان بە کـێـشـەیەکی ئاڵۆز دادەنرێ. چەندان گـەل دەیان و بگرە سەدان ساڵە لەژێر باری سەرکوتینەوەی ناوخۆیی یاخۆ دەرەکیدا دەژین.

بەزۆری سـەرکـزکـردن بـۆ پیـاوانی دەسـەڵات و حـوکـمـڕانەکـان بـەبێ لێپرسینەوە، لە زەیندا ڕیشەی داکوتاوە. لە پەرگیرترین حاڵەتدا دامەزراوە کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی و ئابووری و تەنانەت ئاینییـەکـانی کـۆمـەڵگە –لە دەرەوەی سنووری دەسـەڵاتی دەوڵەت– بەئەنقەست لاواز کراون یان گۆڕاون بۆ دامەزراوەی پاشکۆ یان دەزگەگەلی سەرسەخت کـە لەلایەن دەوڵەت یان حزبی دەسـەڵاتدارەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەکار دێن، هاووڵاتییانیش

پەرت کراون بە ڕادەیەک بوونەتە بارستەیەک لە تاک تاکەی لێک دابڕاو کە ناتوانن پێکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، یاخۆ بەدەستهێنانی متمانەی یەکتر کار بکەن، یان تەنانەت هیچ دەستپێشخەرییەک بکەن.

بە تەبیعەتی حاڵ ئەنجامەکە چاوەڕوانکراوە، هاوولاتییان لاواز و بێدەسەلات دەبن و متمانەیان بە خۆیان نامێنێ و توانی بەرەنگاریکردنیان نابێ. زۆر جاریش تەنانەت ناوێرن لەگەڵ خێزان و دۆستانیشیاندا باس لە ڕادەی ڕقیان لە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە و خەونبینیان بە ئازادییەوە بکەن، ترس دڵیان دادەگرێ ئەگەر بە ڕژدی بیر لە بەرەنگاریکردن بکەنەوە، لە کۆتاییشدا بەبێ هۆ دەناڵێنن و ڕووبەڕووی ئایندەیەکی بێ ئومێد دەبنەوە.

ڕەنگە دۆخی ئێستە لەژێر سایەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکاندا زۆر خراپتر بێ لەوەی لە ڕابردوودا هەبووە، لە ڕابردوودا دەبینین هەندێ کەس ڕێگەی بەرگریکردنیان گرتووەتە بەر و ڕەنگە نارەزاییی گەرم و خۆپیشاندان هەبووبێ. لەوانەیە ورە بەرز بووبێتەوە، بەلام بۆ ماوەیەکی کەم. یان لەوانەیە هەندێ کەس و گرووپ دەستپێشخەریی ئازایانەیان کردبێ و پێداگرییان لەسەر پرنسیپ و لە هەندێ کاتیشدا لەسەر گژبەرییان کردبێ.

ئەم بەرگرییانە، بە چاوپۆشین لە پاڵنەرەکانیان، بەس نەبوون بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ترس و بیم و ئەو نەرێتی گوێڕایەڵیکردنەی لە ناخی خەڵکدا ڕیشەیان داکوتاوە، کە ئەوە لە پێداویستییە گرینگەکانی سەرکەوتنە بەسەر ڕیژیمە دیکتاتۆرەکاندا. جێی داخە ئەم جۆرە کارانە، لەبری هێنانەدیی سەرکەوتن یان تەنانەت بەدیهێنانی ئومێد، بوونە مایەی نەهامەتی و ژمارەی کوژراوی زیاتر.

### ئازادی لەڕێی توندوتیژییەوە

کەواتە چار چییە لەم هەلومەرجەدا کە وا پێ دەچێ توانا بەرچاوەکان بێسوود بن، لەکاتێکدا ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان بەزۆری خۆیان لە سنوورە

یاسایی و دەستوور و حوکمە قەزاییيەکان و ڕای گشتی نەبان دەکەن. خەڵک لە کاردانەوەیاندا بۆ کارە دڕندانەکان و ئەشکەنجە و سەرنگونکردن و کوشتنەکان بەو بەرەنجامە دەگەن کە تەنیا توندوتیژی دەتوانێ ئەو ڕیژیمە دیکتاتۆرییانە لەناو ببا. هەر بۆیە دەبینین هەندێ جار قوربانییە تووڕەکان ڕیزەکانیان ڕێک دەخەن بۆ شەڕان لەدژی کارە وەحشیگەرییەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان و بەو هێز و توانەی لەبەردەستیاندایە توندوتیژی و توانی سەربازی بەکار دێنن، ئەگەرچی هەلی سەرکەوتنیشیان لاوازە. قارەمانانە شەڕ دەکەن و باجێکی گەورە لە گیان و نەهامەتی دەدەن، هەندێ دەسکەوتی دیار بەدەست دێنن، بەڵام کەم ڕووی داوە کارەکانیان بووبێتە مایەی بەدەستهێنانی ئازادی، چونکە شۆڕشە توندوتیژەکان بەزۆری دڕندانە سەرکوت دەکرێن و هەر ئومێدێک لە دڵی خەڵکدا مابێ لەبەین دەبرێ.

بژارەی بەکارهێنانی توندوتیژی باشییەکانی هەرچی بن، یەک شت پیشان دەدا ئەویش ئەوەیە متمانەبەخشین بە شێوازەکانی توندوتیژی واتەی بەکارهێنانی شێوازێکە لە خەبات کە بەردەوام ڕیژیمە ملهوڕەکان تێیدا بالادەستن. ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان بەوە دەناسرێنەوە کە ئامادەن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی، کە بەهۆیەوە دەتوانن زوو بێ یان درەنگ بزاوە دیموکراسییەکان تێک بشکێنن. لە کۆتایی ڕێگەدا بزاوەکان هیچ بژارەیەکیان لەبەردەمدا نابیننەوە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە سەربازییە دژوارەکان، کە بریتییە لەوەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان لە چەندان لایەنەوە بالادەستن، بە چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی و هۆی گواستنەوە، بە قەبارەی هێزە سەربازییەکان بەشێوەیەک زۆربەی کات بزاوە دیموکراسییەکان وێڕای ئازایی ئەندامەکانیان، ناتوانن هاووێنەی ئەوە بکەن.

هەڵگەڕاوەکان، کاتێ بۆیان ڕوون دەبێتەوە یاخیبوونی سەربازی کارێکی واقیعی نییە، زۆر جار پەنا بۆ شەڕی پارتیزانی دەبەن، بەڵام ئەو بژارەیە لە زۆربەی کاتەکاندا بە سوود بەسەر گەلانی چەوساوەدا ناشکێتەوە، یاخۆ

بەرەو بەدیهێنانی دیموکراسییەتیان نابا.

بژارەی شـــەڕی پارتیـــزانی زیانی قـــورسی لە ڕیزی ڕۆڵەکـــانی گـــەلە ستەملێکراوەکەدا لێ دەکەوێتەوە. جگە لەوەیش، وێڕای بوونی تیۆرییەک و کۆمەڵێ شیکردنەوەی ستراتیجیی پتەو و پاڵپشتیکردنیشی لەڕووی ناودەوڵەتییەوە، ئەگەری نوشستهێنانی ئەم بژارەیە لەئارادایە. زۆربەی جاران شەڕی پارتیزانی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ و تێیدا ڕیژیم خەڵک ناچاری ئاوارەبوون دەکا، ئەوەیش کوێرەوەریی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

شەڕی پارتیزانی ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێ، هێشتا لە مەودای دووردا کاریگەریی نەرێنیی دەبێ، چونکە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکەی ئێستە دەگۆڕێ بە ڕیژیمێکی دیکتاتۆرتر. کاتێ چەکدارانی شەڕی پارتیزانی سەردەکەون و دەسەڵات دەگرنە دەست، بەهۆی مەرکەزیەتی هێزە سەربازییەکان، یاخۆ بەهۆی لاوازی یان تێکوپێکشکانی گرووپ و دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە -کە لە ڕەگەزە زیندووەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی بەردەوامن- لە سەردەمی خەباتدا، سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆرییانەتر لەو ڕیژیمەی پێشوو کە لەدژی شەڕان دروست دەکەن. لێرەوەیە کە دەبێ دژبەران (خصوم)ی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان بەدوای بژارەیەکی تردا بگەڕێن.

### کودەتاکان، هەڵبژاردنەکان، فریادڕەسانی بیانی

ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێ کودەتاکردن بەسەر هەر ڕیژیمێکی دیکتاتۆریدا خێراترین بژارەی ڕێژەییە بۆ ڕزگاربوون لە ڕیژیمە دەسەڵاتدارە بێزراوەکە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بژارەیە چەندان کێشەی ترسناکی لەگەڵدایە، گرینگترینیان ئەوەیە هیچ لە خراپییەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان گەل و ئەو دەستە و تاقمانەی دەست بەسەر حکوومەت و هێزە سەربازییەکەیدا دەگرن ناگۆڕێ. وەلانانی کەسانێکی دیاریکراو

یاخۆ تاقمێکی دیاریکراو ڕێگە لەبەردەم گرووپێکی تردا خۆش دەکا تا جێی بگرێتەوە. لەوانەیە ئەم تاقمەی دوایی لە ڕووی تیۆرییەوە لە هەڵسوکەوتیدا نەرم و نیانتر بێ و تا ڕادەیەکی زیاتر و بە شێوەیەکی سنووردار بە ڕووی چاکسازیی دیموکراسیدا کراوە بێ، بەڵام ئەگەری ڕوودانی پێچەوانەی ئەمە بەهێزترە. کاتێ تاقمەکە جێپێی خۆی قایم دەکا، لەوانەیە بگۆڕی بۆ ڕێژیمێکی دڕندەتر و چاوبرسیتر لەوەی پێشوو. هەر بۆیە تاقمی دەسەڵاتداری نوێ -کە خەڵک ئومێدیان پێیانەوە گرێ دابوو- دەتوانن بەبێ ڕەچاوکردنی دیموکراسییەت یان مافەکانی مرۆڤ چییان بوێ بیکەن، نامانەوێ لە توێژینەوەکەمان لەبارەی چارەسەری کێشەی بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریدا ئەمە ورد بکەینەوە.

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان ڕێگە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک نادەن کە لەوانەیە گۆڕانکاریی سیاسیی گرینگی لێ بکەوێتەوە. دەبینین هەندێ ڕێژیمی دیکتاتۆری وەک ئەو ڕێژیمانەی حوکمی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوویان دەکرد، چەندان ڕاپرسییان ئەنجام دەدا تا وا نیشان بدەن کە دیموکراسین، بەڵام ئەو ڕیفراندۆمانە تەنیا چەند ڕێوشوێنێکی ڕواڵەتی بوون بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خەڵک لەسەر ئەو کاندیدانەی ڕێژیمەکان زۆر بە وردی دەستنیشانیان کردبوون. لەوانەیە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ڕازی بن هەڵبژاردن بکرێ ئەگەر بێتو بکەونە ژێر گوشار، بەڵام گەمە بە پرۆسەکە دەکەن تا کەسانێک دابنێن کە وەک بووکەڵە بن بە دەستیانەوە. ئەگەر ڕێگەیش بە کەسێکی نەیار بدرێ خۆی کاندید بکا و بێتە هەڵبژاردن، ئەوا ئەنجامەکان فەرامۆش دەکرێن، یان لەوانەیە ئەو کەسە هەڵبژێردراوە دووچاری تۆقاندن و گرتن و دوور نییە لەداردانیش ببێتەوە وەک لە بۆرما لە ساڵی ١٩٩٠ و لە نایجیریا لە ساڵی ١٩٩٣ ڕووی دا. فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان ڕێگە بە هەڵبژاردنێک نادەن لە تەخت بیانهێنێتە خوارێ.

زۆر خەڵک لەوانەی لەژێر چەپۆکی ڕێژیمە دیکتاتۆرە دڕندەکاندا دەناڵێنن

و زۆر لەوانەی بۆ خۆقوتارکردن پەنایان بۆ تاراوگە بردووە، بڕوایان بەوە نییە گەلانی چەوساوە بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و بۆ ڕزگارکردنی گەلانیان ئومێدیان تەنیا بە دەستێوەردانی خەڵکانی تر هەیە و هەموو متمانەیان بە هێزە دەرەکییەکانەوە دەبەستنەوە، بڕوایان وایە تەنیا یارمەتیی ناودەوڵەتی هێزی پێویستی هەیە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان.

لەوانەیە ئەم تێڕوانینە -واتە بێتوانیی گەلانی چەوساوە بۆ کارکردن بەشێوەیەکی کاریگەر- بۆ ماوەیەک ڕاست و دروست بێ، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد، گەلانی چەوساوە -بەشێوەیەکی کاتی- ئارەزوو یان توانی بەرگریکردنیان نییە، متمانەیان نییە بتوانن بەرەنگاریی هەمەجیەتی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان ببنەوە و ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوونیان شک نابەن. لێرەوەیە زۆر خەڵک بۆ ڕزگاربوون ئومێد بەوانی ترەوە گرێ دەدەن و چاویان لە هێزێکی دەرەکییە، وەک ڕای گشتی یان نەتەوە یەکگرتووەکان یاخۆ وڵاتێکی دیاریکراو یان بایکۆتکردنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ئەم سیناریۆیە وەک بژارەیەکی دەستەویەخە دیارە، بەڵام لە ڕاستیدا پشتبەستن بە هێزێکی دەرەکی دەرهاویشتەی ترسناکی دەبێ و لەوانەیە متمانەی خۆمان لە جێیەکی هەڵەدا دانابێ، چونکە فریادەڕەسی دەرەکی هەرگیز نایەت، ئەگەریش دەوڵەتێکی بیانی دەستی تێ وەردا ئەوا دەبێ متمانەی پێ نەکرێ.

ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێ لەو ڕاستییە تاڵانەن کە پێوەندییان بە پشتبەستن بە دەستوەردانی بیانییەوە هەیە و پێویستیان بەوەیە بە وردی سەیر بکرێن:

* دەوڵەتانی بیانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان بەرگەی مانەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان دەگرن و تەنانەت یارمەتیشیان دەدەن.
* دەوڵەتانی بیانی لەبری پاراستنی بەڵێنەکانیان بە پشتگیریکردن و

ئازادکردنیان، ئامادەن لەپێناو ئامانجێکی تردا گەلانی چەوساوە بفرۆشن.

* دەوڵەتانی بیانی تەنیا چەند هەنگاوێک لەدژی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان دەنێن، ئەویش لەپێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتی ئابووری و سیاسی و بالادەستیی سەبازی بەسەر وڵاتدا.
* لەوانەیە دەوڵەتانی بیانی ببزون بۆ پاڵپشتیکردنی بەرگریی ناوەخۆیی کاتێ ئەمەی دوایی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی لەقاندبێ و سەرنجی دنیای بۆ سروشتە دڕندانەکانی ڕاکێشابێ.

لە بنەڕەتدا چاکەی مانەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لە دەسەڵاتدا بۆ شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات دەگەڕێتەوە لەو وڵاتانەی حوکمیان دەکەن. دانیشتووان و کۆمەڵگە بەهۆی لاوازییان مەترسییەکی ئەوتۆیان نییە چونکە سامانی وڵات و ناوەندەکانی هێزی لەدەستی مشتێ خەڵکدایە. جگە لەوەیش دەستوەردانە ناودەوڵەتییەکان دژی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ڕەنگە بەشێوەیەک لە شێوەکان سوودیان پێ بگەیەنێ یاخۆ لاوازیان بکا. بەڵام بەردەوامی و مانەوەی ئەو ڕژێمانە لە بنەڕەتدا بە هۆکارە ناوەخۆییەکانەوە بەندە. گوشارە ناودەوڵەتییەکانی وەک سەپاندنی بایکۆتی ئابووریی نێودەوڵەتی یان سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری یان بڕینی پێوەندییەلی دیپلۆماسی یان دەرکردن لە ڕێکخراوەیلی ناودەوڵەتی، یان سەرزەنشتکردن لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و کارە هاوشێوەکانی تر، سوودی بۆ گەلە چەوساوەکان دەبێ، بەڵام ئەمە تەنیا ئەو کاتەی بزاوێکی بەرگریی ناوەخۆیی بەهێزی هەبێ، چونکە بەبێ ئەم بزاوە کاردانەوەی ناودەوڵەتی نابێ.

## ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە تاڵەکە

ئەنجامەکە دژوارە، چونکە ئەگەر بمانەوێ ڕژێمێکی دیکتاتۆر بە کارایی و کەمترین تێچوو بڕوخێنین، دەبێ ئەم چوار ئەرکە جێبەجێ بکەین:

* پشتیوانیکردنی گەلانی چەوساوە لە بڕیار و لێبڕان و متمانەی بەخۆی و

تواناكانی بزاوی بەرگریدا.

* پشتیوانیکردنی گرووپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکانی گەلانی چەوساوە.

* هێنانەکایەی هێزێکی بەرەنگاریکردنی ناوەخۆیی بەهێز.

* دانانی پلانێکی ستراتیجیی گەورە و دانایانە بۆ ڕزگاری و جێبەجێکردنی بە زرنگی.

کاتی خەباتکردن لەپێناو ڕزگاری کاتی پشت بەخۆبەستن و بەهێزکردنی گرووپەکانی خەباتگێڕانی ناوەخۆیە. ئەمە ئەوە بوو کە چارلز ستیوارت بارنل لەکاتی مانگرتنێکی لە ئێرلەندا لەبارەی خەرجکردنی کرێ لە ساڵانی ١٨٧٩ و ١٨٨٠، بانگەشەی بۆ کرد.

پشتبەستن بە حکوومەت کەڵکی نییە... دەبێ تەنیا پشت بە ورەی خۆتان ببەستن... یارمەتیی خۆتان بدەن لەڕێی وەستانتان شانبەشانی یەکتر... هێز بە لاوازەکانتان ببەخشن... یەک بگرن و ڕیزەکانتان ڕێک بخەن... تا سەرکەون.[٤]

لە کۆتاییدا دەبینین ڕزگاربوون لە ڕژیمەیلی دیکتاتۆری بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانی گەلان بۆ خۆ ڕزگارکردنیان بەدەستی خۆیان دەبەستێ. ئەو حاڵەتانەی سەرکەوتن کە گژبەریی سیاسی بەدیی هێناون، واتە بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژانە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسیدا، وەک لەسەرەوە باس کرا، ئاماژە بەوە دەکەن کە هەر بە ڕاستی ئامرازی ئەوتۆ هەن بەهۆیانەوە گەلان خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام بژارەی گژبەریکردنی سیاسی (خەباتی ناتوندوتیژانە) هێشتا پێویستی بە پەرەپێدان هەیە. بەشەکانی داهاتوو بە وردی باسی ئەم پرسە (واتە بژارەی گژبەریکردنی سیاسی) دەکەن. بەڵام سەرەتا دەبێ سەیرێکی پرسی دانوستاندن بکەین وەک شێوازێک بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنی سیستمەکانی حوکمی دیکتاتۆری.

### مەترسییەکانی دانوستاندن

لەوانەیە هەندێ کەس لەکاتی بەرەنگاریکردنی کێشەیلی تیراوێ کردوو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان تووشی بێورەییەک ببن و کاتێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیەت بەدی ناکەن، بگەنە ئەو دەرەنجامەی پێویستە لەگەڵ ڕیژیم، کاتێ وا دێتە بەرچاو تا هەتایە دەمێنێ، ڕێک بکەون. ئەوانە بەو ئومێدەن بتوانن کەسانێکی باش ڕزگار بکەن و لەڕێی ئاشتەوایی و سازش و دانوستاندنەوە کارە وەحشییەکانی کۆتایی پێ بێنن. پێ دەچێ ئەمە لە بزریی بژارە واقیعیەکاندا، بژارەیەکی ماقووڵ بێ.

خەباتکردن دژ بە ڕیژیمەیلی دیکتاتۆریی دڕندە کارێکی خۆش نییە، کەواتە ئیتر بۆچی ئەو ڕێگەیە بگیرێتە بەر؟ ئەی بۆچی ژیر و ژۆڵ نەبین و لەڕێی وتووێژ و دانوستاندنەوە ڕێگەی ڕزگاربوون لەو ڕیژیمانە و کۆتاپێهێنانی پلەبەپلەیان نەدۆزینەوە؟ ئاخۆ بزاوە دیموکراسییەکان ناتوانن هەستی مرۆیی لای ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە ببزوێنن و قایلی بکەن دەسەڵاتی خۆی پلەبەپلە بەرتەسک بکاتەوە تا دەگاتە خۆبەدەستەوەدانی تەواوەتی لەپێناو هێنانەکایەی دیموکراسیدا؟

هەندێ دەڵێن ڕاستی لای یەک لایەن نییە. کێ ناڵێ بزاوە دیموکراسییەکان بەهەڵە لە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان نەگەیشتوون کە لەوانەیە بە پاڵنەرێکی دروست لە هەلومەرجێکی سەختدا کاریان کردبێ. یان لەوانەیە هەندێ وا زەن ببەن دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان لەکاتی ئەو بارودۆخە سەختانەی ڕوو دەکەنە وڵات، دەست لە تەختەکانیان هەڵدەگرن ئەگەر هانیان بدەین. هەندێکی تر دەڵێن دەتوانین ڕێگەچارەیەک بخەینە بەردەمیان کە هەموو لا پێی ڕازی بن. لەوانەیە هەندێ بڵێن پێویست بە خەبات و زەحمەتیی زیاتر ناکا ئەگەر ئۆپۆزسیۆنە دیموکراسیەکە لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانە بێ بۆ چارەسەری کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە

(لەوانەیشە حکوومەت یان کەسانێکی تر بەشداری لە ئیمزاکردنیدا بکەن).
ئاخۆ ئەمە باشتر نییە بەبەراورد بە سەختیی ناهەمواری و خەبات (تەنانەت ئەگەر ئەم خەباتە ناتوندوتیژانە لەبری شەڕە سەربازییەکانیش بێ).

**باشی و دیاریکەرەکانی دانوستاندن**

دانوستاندن بە ئامرازێکی گرینگ دادەنرێ لە چارەسەری هەندێ جۆری کێشەدا و ناتوانرێ پشتگوێ بخرێ و ڕەت بکرێتەوە کاتێ لەجێی گونجاودا بێ. لە هەندێ حاڵەتدا کە کێشە جەوهەرییەکان لە مەترسیدا نەبن و لێرەشەوە سازشکردن کارێکی پەسند بێ، دەبینین دانوستاندن ئامرازێکی بەکەڵکە بۆ چارەسەری کێشەکە. مانگرتن لە کارکردن بۆ داواکردنی زیادکردنی کرێ نموونەیەکی باشە لەبارەی ڕۆڵی گونجاوی دانوستاندن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، چونکە چارەسەرکردنی کێشەکە لەڕێی دانوستاندنەوە دەبێتە مایەی زیادکردنی کرێ بەشێوەیەک هەردوو لایەنی ناکۆک پێی ڕازی بن. بەڵام کێشەکانی کار لەگەڵ سەندیکا یاساییەکانی کرێکاران جیاوازە لەو کێشانەی پرسی بەردەوامیی مانەوەی ڕیژیمێکی دیکتاتۆریی ملهوڕ، یان هێنانەکایەی ئازادییەکی سیاسی لە مەحەکدا بێ.

کاتێ ئەو پرسانەی لە مەحەکدان کار لە بنەما ئاینی یاخۆ ئازادیی مرۆیی یان پەرەسەندنی داهاتووی کۆمەڵگە بە گشتی دەکەن، ئەوا دانوستاندنەکان ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک هەموو لایەنەکان پێی قایل بن دەستەبەر ناکا، چونکە ناکرێ سازش لە هەندێ پرسدا بکرێ. لەم بارەدا تەنیا گۆڕانی پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی بزاوە دیموکراسییەکان دەتوانێ ئەو پرسە بنچینەییانە بپارێزێ کە خراونەتە مەحەک. ئەمە لەڕێی خەباتەوە دەبێ نەک دانوستاندن. بەڵام ئەمە بەو واتەیە نییە کە نابێ قەت پەنا بۆ دانوستاندن ببرێ. بابەتەکە لێرەدا ئەوەیە بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراسیی بەهێز، خستنی ڕیژیمگەلێکی حوکمی

دیکتاتۆری بە شێوازێکی واقیعی دانانرێ.

لەوانەیشە دانوستاندن بەهیچ شێوەیەک بژارە نەبێ، چونکە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرە جێقایمەکان کە هەست بە دڵنیایی دەکەن لە جێگەکانی خۆیاندا، دەتوانن دانوستاندن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی ڕەت بکەنەوە، یاخۆ دەتوانن لە یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی دانوستاندنەکانەوە، ببنە هۆی بێ سەروشوێنبوونی دانوستانکارە دیموکراسیەکان.

### خۆبەدەستەوادنی دانوستانکار

بەردەوام ئەو کەس و گرووپانەی نەیاری ڕێژیمەیلی دیکتاتۆرین و شێوازی دانوستاندن بە باش دەزانن پاڵنەری دروستیان لەپشتەوەیە، نەخاسمە کاتێ خەباتی چەکدار دژ بە دیکتاتۆریەتێکی دڕندە سالآنێک بەبێ هیچ ئەنجامێک بەردەوام بووبێ. هەر بۆیە خەڵک بە چاوپۆشین لە ڕێڕەوی سیاسییان حەزیان لە چارەسەرێکی سیاسی دەبێ. شایانی باسە بزاوە دیموکراسییەکان پرسی دانوستاندن بە هەند وەردەگرن بەتایبەت کاتێ باڵادەستیی سەربازی لە بەرژەوەندیی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکاندا بێ و قەبارەی وێرانکاری و زیانە مرۆییەکان لە سنووری بەرگەگرتن دەرچووبن. لەو کاتەدا ئارەزوویەکی بەهێز بۆ گەڕان بەدوای ڕێگەیەکی تردا دەبینین کە بتوانێ هەندێ لە ئامانجەکانی بزاوە دیموکراسییەکان بێنێتە دی و لە هەمان کاتیشدا کۆتایی بە گێژاوی توندوتیژی و دژەتوندوتیژی بێ.

پێشنیازکردنی "ئاشتی" لەڕێی ئەنجامدانی دانوستاندن لەگەڵ بزاوە دیموکراسییەکان کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەیخەنە ڕوو، کارێکی فریودەرانەیە. ئەو ڕێژیمانە پێشنیازی ڕاگرتنی توندوتیژی دەکەن لەبەرامبەر ڕاگرتنی شالآوی شەڕ دژ بە گەلانیان. دەبینی بەبێ ئەوەی هیچ سازشێک بکەن، دەستپێشخەری دەکەن بۆ گێڕانەوەی نرخ بۆ کەرامەتی مرۆڤ و ئازادکردنی گیراوانی سیاسی و ڕاگرتنی ئەشکەنجەدان و هەڵمەتە

سەربازییەکان و کشانەوە لە حکوومەت و داوای لێبوردن لە گەل.

ڕیژیمێکی دیکتاتۆری کاتێ بەهێزە و بەڵام بەدەست بوونی بەرگرییەکەوە دەناڵێنێ کە خەوی لێ زڕاندووە، حەز دەکا پێشنیازی دانوستاندن بکا تا لەژێر ناوی "هێنانەکایەی ئاشتی"دا ئۆپۆزسیۆن بەرەو خۆبەدەستەوەدان خلۆر بکاتەوە. لەوانەیە بانگەشە بۆ دانوستاندن بە بیچمێکی سەرنجڕاکێشەوە بخرێتە ڕوو، بەڵام زۆر مەترسی دەور و خولیان گرتووە.

لە بەرامبەردا کاتێ ئۆپۆزسیۆن بەهێز بێ و ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە هەر بەڕاستی لە مەترسیدا بێ، دەبینین ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانە هەوڵی دانوستاندن دەدەن تا زۆرترین بەش لەو سامانەی هێشتا لەژێر دەستیاندایە قوتار بکەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا نابێ بزاوە دیموکراسییەکان یارمەتیی ئەو حوکمڕانە دیکتاتۆرانە بدەن.

بزاوەیل دیموکراسی دەبێ ئەوە بزانن کە دیکتاتۆرەکان داوەکانیان لە جەرگەی پرۆسەی دانوستاندندا دەنێنەوە. کاتێ بانگەشەکردن بۆ دانوستاندن لە دۆخێکدا بێ پرسی ئازادییە سیاسییەکان لە مەحەکدا بن، لەوانەیە ئەو بانگەشەیە هەوڵێکی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان بێ بۆ ڕاکێشانی بزاوە دیموکراسییەکان بەرەو خۆبەدەستەوەدان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، لەکاتێکدا توندوتیژییەکانی خۆیان بەردەوامە. لەم جۆرە کێشانەدا باشترین ڕۆڵی دانوستاندن دەکەوێتە کۆتای قۆناخی خەباتێکی یەکلاکەرەوە، کە لەو ڕێیەوە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن تولەڕێگەیەکی ئارام بۆ نزیکترین فرۆکەخانە بدۆزنەوە تا لەوێوە خۆیان دەرباز بکەن، ئەویش پاش ئەوەی برستیان لەبەر دەبڕێ.

**هێز و دادپەروەری لە دانوستاندنەکاندا**

ئەگەر ئەم بۆچوونەی ئەم بڕیارە پلارێکی ڕەق بێ لە دانوستاندن، ئەوا ڕەنگە پێویست بکا هەندێ لەو ڕۆمانسیەتەی بە دانوستاندنەوە پێوەستە

دەسکاری بکەین. پێویستە بە ڕژدی بیر لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی دانوستاندن بکرێتەوە.

دانوستاندن واتەی ئەوە نییە هەدوو لایەنی کێشەکە لەسەر بنەمایەکی یەکسان پێکەوە دابنیشن و وتوویژ بکەن و چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە کە بوونەتە مایەی ناکۆکیی نێوانیان. دوو ڕاستی هەن دەبێ بەردەوام لەیادمان بن: یەکەمیان ئەوەیە دادپەروەریی ڕێژەیی و ئامانجی بۆچوونە جیاوازەکان ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە دیاری ناکەن کە لە دانوستاندنەکە دەکەوێتەوە. دووەم، ئەوەی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە دانوستاندن دەکەوێتەوە، ڕادەی هێز و دەسەڵاتی هەر لایەکیانە.

دەبێ چەندیان پرسیاری قورس لەبەرچاو بگرین: پاش شکستهێنانی لایەنی بەرامبەر لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر مێزی گفتوگۆ، هەر لایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەتوانێ بەجیا چی بکا؟ هەر لایەک دەتوانێ بەجیا چی بکا پاش ئەوەی ڕێککەوتن ئیمزا دەکرێ، بەڵام لایەنی بەرامبەر بە بەڵێنەکانیەوە پابەند نابێ و ڕێککەوتننامەکە دەخاتە ژێر پێیەکانی و هێزی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەکار دێنێ؟

گەیشتن بە ڕێککەوتن لە ڕێی دانوستاندنەوە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ڕاستی یان ناڕاستیی ئەو بابەتانەی لە مەحەک دانراون بە چاوپۆشی لە زۆری یاخۆ کەمیی گفتوگۆکان نابێ، لە کۆتاییدا دەرەنجامە ڕاستەقینەکانی دانوستاندن لەڕێی هەڵسەنگاندنی دۆخی هێزی حەتمی و هێزی ڕێژەییی لایەنە ڕکابەرەکانەوە دەبێ. بزاوی دیموکراسی دەتوانێ چی بکا بۆ ئەوەی نکوڵی لە لای خواری داخوازییەکان بکرێ؟ حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەتوانن چی بکەن تا لە دەسەڵاتدا بمێننەوە و بزاوە دیموکراسییەکان وەلابنرێن؟ لە حاڵەتێکدا هەردوو لا بگەنە ڕێککەوتن، ئەوە بەرەنجامی هەڵسەنگاندنی هەر لایەنێک بووە بۆ چۆنیەتیی بەراوردکردنی

هێز و توانی هەردوو لایەن، ئەنجا ئامادەکاری بۆ چۆنیەتیی کۆتاهینان بە ململانێیەکی کراوە. پێویستە لەسەرمان ئەو شتانە لەبەرچاو بگرین کە هەر لایەنێک دەتوانێ دەسـبەرداریان ببێ لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن. لە دانوستاندنی سەرکەوتوودا سازشکردن هەیە، تێیدا هەر لایەنێک ئەوە بەدەست دێنێ کە هەوڵی بۆ دەدا، لە بەرامبەریشدا دەست لە بەشێک لە ئامانجەکانی هەڵدەگرێ. چۆن ئەو هێزانەی سەرخستنی دیموکراسی کە دەکرێ لە بەرژەوەندیی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەستیان لێ هەڵبگیرێ، لەبارێکدا دەسەڵاتەکەیان لە جۆرە دیکتاتۆرییە نەگریسەکە بێ؟ چۆن ئەو ئامانجانەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان کە دەکرێ بزاوە دیموکراسییەکان پەسندیان بکەن؟ ئاخۆ ئەمانەی دوایی چاوپۆشی لە ڕۆڵێک دەکەن کە دەستوور لە حکوومەتەکانی داهاتوودا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان (جا چ حزبی سیاسی بن یان گرووپی سەربازی) جێگیری کردووە. دیموکراسیەت لەمەدا لەچیدایە؟ تەنانەت ئەگەر وایش دابنێین هەموو شتێکی پێوەند بە دانوستاندن بە ڕێکی بەڕێوە چووە، ئەوا ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە: ئەو جۆرە ئاشتییە کامەیە کە لە دانوستاندن دەکەوێتەوە؟ ئاخۆ ژیان باشتر یان خراپتر دەبێ لەوەی ئەگەر بزاوە دیموکراسییەکان لە خەبات بەردەوام بن؟

### سیستمی دیکتاتۆریی "پەسند"

حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە باڵادەستییاندا پاڵنەری جۆرەوجۆری شاراوەیان هەیە، وەک هێز و پلەوپایە و سامان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و هتد. پێویستە ئەوەمان لەیاد بێ کە دەستبەرداربوونی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە ناوەندەکانی کۆنترۆڵکردن، واتەی وازهێنانیانە لە پاڵنەرەکانی تر، هەر بۆیە دەبینین حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن دەست بە ئامانجەکانیانەوە بگرن.

پێویستە لە بیرمان نەچی ئەو بەڵێنانەی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە چوارچێوەی چارەسەری ئاشتییانەدا دەیدەن، دەچێتە خانەی مسۆگەرکردنی سەرشۆڕکردنی دژبەرەکانیان لە بزاوە دیموکراسییەکاندا، لە کۆتاییشدا دەبینی هێندە چەپەڵ دەردەچن ئەو ڕێککەوتننامانە پێشێل دەکەن کە ئیمزایان کردوون.

ئەگەر بزاوە دیموکراسییەکان لەسەر ڕ ڕاگرتنی بەرگریکردن لە پێناو ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی سەرکوتینەوە و چەوساندنەوە ڕابوەستن، ئەوا سەرەنجام تووشی هەستکردن بە بێئومێدی دەبن، کەم رووی داوە دەستبەردان لە بەرەنگاریکردن قەبارەی چەوساندەوەی کەم کردبێتەوە، چونکە دەبینی پاش نەمانی پاڵپەستۆ ناوەخۆیی و ناودەوڵەتییەکان لەسەر دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان، جارێکی تر زیاتر لە پێشوو دەست دەدەنەوە سەرکوتینەوە و توندوتیژییەکی دڕندانەتر. هەرەسهێنانی بەرەنگاریی میللی ئەو هێزی هاوسەنگییە ناهێڵی کە دەسەڵات و دڕندەیی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکەی سنووردار کردبوو، بەو شێوەیەش بوار لە بەردەم ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانەدا دەکرێتەوە تا دژ بە هەر کەس بیانەوێ بجووڵێن، وەک کریشناڵ شەردهارانی دەنووسێ "چونکە دیکتاتۆر هێزی هەیە تەنیا بۆ ئەوەی زەبر بوەشێنێ، لە کاتێکدا ئێمە هێزی بەرگریمان نییە".[٥]

بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە بارێکدا کە کێشە بنچینەییەکان لە مەحەکدا بن بەرگریکردن پێویستە نەک دانوستاندن، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەسەر هێزی بەرگری پێویستە بەردەوام بێ تا حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لە دەسەڵات دێنێتە خوارەوە. هەر بۆیە ئەوە دانوستاندن نییە کە سەرکەوتن، بگرە بەکارهێنانی دانایانەی گونجاوترین و بەهێزترین شێوازی بەردەستە لای هێزی بەرگری -پاشتر بە وردی باسی دەکەین- کە برێتییە لە گژبەریی سیاسی یاخۆ خەباتی ناتوندوتیژ، ئەوە شێوازێکی بەهێزە کە لە بەردەستی ئەوانەدایە خەبات لەپێناو ئازادیدا دەکەن.

## چ جۆرە ئاشتییەک؟

ئەگەر حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان و بزاوە دیموکراسییەکان بڕیاریان دا دانوستاندن بکەن، ئەوە زۆر پێویستە بە ڕوونی بیری لێ بکرێتەوە، ئەویش بە هۆی ئەو مەترسییانەی لە پرۆسەی دانوستاندندان، مەرج نییە هەر کەس وشەی "ئاشتی"ی بەکار هێنا، ئاشتییەکی ئازاد و دادپەروەری بوێ. کزۆڵەکردن لەبەردەم گورزی سەرکوتینەوە و ملکەچکردنی نەرێنی بۆ حوکمڕانە دیکتاتۆرییە بێبەزەییەکان کە تاوانیان دژ بە سەدان هەزار خەڵک ئەنجام داوە، بە ئاشتی دانانرێ. هیتلەر چەندان جار بانگەشەی بۆ ئاشتی کرد، بەڵام ئەو ئاشتییەی ئەو دەیویست سەرکزکردن بوو بۆ ویستی ئەو. ئەو ئاشتییەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەیخەنە ڕوو، جگە لە ئاشتی زیندان و گۆڕەکان هیچی تر نییە.

مەترسیی تریش هەیە، چونکە دانوستانکارەکان زۆر جار ئامانج لە دانوستاندن و خودی دانوستاندنەکە تێکەڵ دەکەن، ئەمە جگە لەوەی دانوستانکارانی بزاوەیلی دیموکراسی یان دانوستانکارانی پسپۆڕی بیانی کە یارمەتیی دانوستاندنەکە دەدەن، بە نوکە قەڵەمێک شەرعییەتی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی دەدەنە حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان، ئەمە لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتدارانە بەهۆی داگیرکردنیان بۆ دەوڵەتەکە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕەفتارە دڕندانەکانیانەوە خاوەنی ئەو شەرعییەتە نین. بەبێ ئەو شەرعییەتە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، ئەو حوکمڕانانە ناتوانن تاهەتایە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. بۆیە دەبێ ئاشتیخوازان ئەو شەرعییەتەیان پێ نەبەخشن.

## هۆیەک بۆ ئومێدەواری

پێشتر وتمان لەوانەیە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ڕوانگەی هەستکردنیان بە بێئومێدی لە خەباتی دیموکراسی بە ناچاری پەنا بۆ دانوستاندن ببەن،

بەهەرحاڵ دەتوانرێ هەستکردن بە لاوازی بێتە گۆڕین، چونکە ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان تا هەتایە بەردەوام نابن، هەروەها تا سەر گەلانی ژێر باڵی ئەو ڕیژیمانەیش بە لاوازی نامێننەوە و ڕێگە بە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان نادرێ تا هەتایە دەست بە هێزەکەیانەوە بگرن. ئەرستۆ زۆر دەمێکە وتویەتی "سیستمەکانی حوکمی کەمینە و ڕیژیمە ستەمکارەکان ماوەی کەمتر لە سیستمەکانی تر دەژین، ستەمکاری بەکەمی تەمەن دەکا"[٦]، ئەمە بەسەر ڕیژیمە دیکتاتۆرە هاوچەرخەکانیشدا دەچەسپێ، دەتوانین خاڵە لاوازەکانیان بکەینە تەنگژە و هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان لەبەریەک هەڵوەشێنین (توێژینەوەی چوارەم بە درێژتر باس لەو خاڵە لاوازانە دەکا).

مێژووی نوێ ئاماژە بە لاوازیی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان و شێمانەی هەرەسهێنانیان لە ماوەیەکی تا ڕادەیەک ڕێژەییدا دەکا. ئەوەتا لەکاتێکدا ڕیژیمی دیکتاتۆریی کۆمۆنیست لە پۆڵەندا لە ماوەی دە ساڵدا (١٩٨٠-١٩٩٠) داڕووخا، هاوشێوەکانی لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات و چیکۆسلۆڤاکیا لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕووخان. لە سلڤادۆر و گواتیمالا دەسەڵاتدارە سەربازییە دڕندەکان ساڵی ١٩٤٤ لە ماوەی نێزیکەی دوو هەفتە لە خەبات دژی هەر یەکەیان هەرەسیان هێنا. هەرچی شای سەربازیی بەهێزی ئێرانە، لە چەند مانگێکی کەمدا ڕووخا. ساڵی ١٩٨٦ ڕیژیمی مارکۆس لە فیلیپین لەبەردەم ویستی گەلدا هەرەسی هێنا و حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەخێرایی خۆی بەری کرد لە سەرۆک مارکۆس کاتێ هێزی ئۆپۆزسیۆن بە ئاشکرا کەوتە بەرچاوان. کاتێ توندڕەوەکان لە یەکەتیی سۆڤیەت هەوڵیان دا لە ئابی ١٩٩١دا کودەتایەک بکەن، گژبەریی سیاسی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕایگرتن و ئەو گەلانەی لەژێر ستەم و ملهوڕیدا دەیانناڵاند، توانییان لە ماوەی چەند ڕۆژ یا هەفتە یاخۆ مانگدا سەربەخۆییان بەدەست بێننەوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو چەمکە کۆنانەی دەڵێن

شـێـوازەکـانی تـوندوتیـژی بەردەوام خـێـراتـر کـار دەکـەن و شـێـوازەکـانی ناتـوندوتیـژی کـاتێکی زۆریان دەوێ، بـایەخـیـان لـەدەست داوە. ئەگـەرچی هێشـتـا کـاتێکی زیاتر پێویسـتـە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانـکارییـەک لە دۆخ و کۆمـەڵگەدا، بەڵام شـەڕی ڕاسـتـەقینە دژ بە ڕیژیمـە دیکتـاتۆرییـەکـان هەندێ جار لەڕێی خەباتی ناتوندوتیژەوە خێراتر ڕوو دەدا. دانوسـتـاندن تاکە بەدیل نییـە بۆ بەردەوامـبـوونی شـەڕی قـەڵاچۆکردن، یاخـۆ خـۆبەدەسـتـەوەدان. ئەم نموونانەی لێرەدا باس کراون لەگەڵ ئەوانەی پێشتر باس کراون، بەڵگەیەکی باشـن لەسـەر بوونی بژارەیـەکی تر لـەبەردەم ئەوانەی ئـاشـتـی و ئازادییـان گەرەکە، کە ئەویش بژارەی گژبەیکردنی سیاسییە.

**دەسەڵات لە کوێوە دێ؟**

ئەرکی بـەدیهـێنانی کـۆمـەڵگەیەک کـە لە ئـازادی و ئاشـتـی بەهـرەمـەند بێ، ئەرکێکی ئـاسـان نییـە، بگرە پێـویسـتی بە توانی مـەزن و ڕێکخسـتن و پلان هـەیە. زیاد لەوەیش پێویسـتی بە هێز هـەیە، چونکە بزاوە دیموکراسـییـەکان ناتوانن ڕیژیمێکی دیکتاتۆری بروخێنن و ئازادیی سـیاسی بێننە کایە بەبێ ئەوەی بتوانن هێزی خۆیان بە کارایی بەکار بێنن.

بەڵام ئەوە چۆن دەکرێ؟ ئەوە چ جۆرە هێزێکە کە بزاوە دیموکراسـییـەکان دەتوانن بەکاری بێنن، بەشـێوەیـەک بەشی نابووتکردنی دیکتـاتۆریەت و تۆڕە سـەربازی و پۆلیسییە فرەوانەکانی بکا؟

وەڵامی ئەم پرسـیـارانە لە تێگەیشتن لە هێـزی سـیـاسـیـدا خـۆی حـەشـار داوە، کە دەمێک فـەرامۆش کراوە. بەهـەرحـاڵ فـێربوونی ئەم چاوکراوەییـە ئەرکێکی سەخت نابێ، چونکە ڕاستییە مرۆییەکان سادەن:

**ئەفسانەی "گەورەی مەیموونەکان"**

ڕایەکی نووسـەری چینی لیو جی لە سەدەی چواردەیەم هـەیە، ئەم تێگەیشتنە

پشتگوێخەرە بۆ هێزی سیاسی بە باشی ڕوون دەکاتەوە[7]:

پیـــرە پیـــاوێک لە ویلایەتی چو دەژیـا کـە ویلایەتێکی دەرەبەگی بـوو، ئەم پیاوە توانیبووی بەهۆی بەخێوکردنی ژمارەیەک مەیموونەوە بۆ خزمەتکردنی خـۆی، بە ســەر زیندوو بمێنێ. خـەڵکی چو ناویان نـابوو جـو گـونگ، واتە "گەورەی مەیموونەکان".

ئەو پیـاوە پیـرە هەمـوو بەیانیـیەک مـەیموونەکـانی لە گـۆڕەپانێکدا کـۆ دەکردەوە و فـەرمانی بە گەورەترینیان دەکرد کە پێشـیان بکەوێ بۆ چیاکان بۆ کـۆکردنـەوەی میـوە و داڕوجـان و دار و درەخت. گەورەی مـەیموونەکـان یاســایەکی بەســەر مــەیموونەکــانیــدا ســەپاندبوو، ئەویش ئەوە بـوو هەر مـەیموونێک دەیەکی ئەوەی کۆی دەکردەوە بداتە ئەو و هەر یەکێکیـان ئەوەی نەکردایە بێبەزەییانە شەلاقکاریی دەکرد. کێشـەی مەیموونەکان گەورە بوو، بەڵام نەیاندەوێرا سکاڵا بکەن.

ڕۆژێ لە ڕۆژان مـەیمـوونێکی بچـووکیـان لەوانی تری پرسـی: ئایـا پیـاوە پیـرەکە دار و بـار و دەغڵـودانەکـانی ناشـتووە؟ وەڵامـیـان دایـەوە: نەخێـر، خۆیان سەوز دەبن و دێنە بەرهەم. ئەنجا پرسـی: ئەی ناتوانـین میوەکە ببەین بەبێ ئەوەی پرس بە پیرەپیاوەکە بکەین؟ وەڵامیان دایەوە: بەڵێ دەتوانین. جا مـەیموونە بـچـوکەکە گـوتی: کەواتە بۆچی پشـت بەو پیـاوە پیرە دەبەسـتین، بۆچی دەبێ خزمەتی بکەین؟

هەموو مەیموونەکان لە پەیامی مەیموونـە بچووکەکە گەیشـتن تەنانەت پێش ئەوەی قـسـەکـەی تەواو بکا. هەر هەمـان شـەو، کـاتێ پیـاوە پیـرەکـە چووە خـەوێکی قووڵەوە، مـەیموونەکان هـەمـوو تووڵەکانی قـەفـەسـەکانیـان شکاند و ئەو میـوەیەیش پیـاوە پیرەکە ئەمـباری کـردبوو لەگەڵ خـۆیان بردیان و چوون بۆ دارسـتـانەکە. مـەیمـوونەکـان ئیـتر نەگـەڕانەوە بۆ لای کـابـرا و لە کـۆتایدا پیرەمێردەکە لەبرسا مرد.

یو لی زی دەڵێ: "هەندێ کەس بە فێڵوتەڵەکە، نەک بنەمایەلی ئەخلاقی حوکمی گەلانیان دەکەن، ئەو جۆرە کەسانە لە گەورەی مەیموونەکان دەچن، دەرک بە شێواویی زەینیان ناکەن و نازانن لەو ساتەی خەڵک بە کارەکەیان دەزانن، تەڵەکەکانیشیان پووچ دەبنەوە".

**سەرچاوە پێویستەکانی دەسەڵاتی سیاسی**

بنەماکە لێرەدا سادەیە، حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە یارمەتیی ئەو گەلە هەیە کە حوکمی دەکەن، بەبێ ئەو یارمەتییە ناتوانن سەرچاوەیلی هێزی سیاسی دەستەبەر بکەن و بیانپارێزن، سەرچاوەکانی هێزی سیاسیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

* دەسەڵات: باوەڕبوونی خەڵک بە شەرعییەتی ڕیژیمەکە و ئەوەی کە گوێڕایەڵیکردنی ئەرکێکی ئەخلاقییە.
* سەرچاوە مرۆییەکان: ژمارە و گرینگیی ئەو کەس و کۆمەڵانەی گوێڕایەڵی و هاوکاریی دەکەن، یاخۆ یارمەتیی دەسەڵاتداران دەدەن.
* بەهرەکان و زانیاری: ڕیژیم پێویستی بەمانەیە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری دیاریکراو، ئەویش لەلایەن کەس و کۆمەڵە هاوکارەکانەوە دابین دەکرێ.
* هۆکارە نابەرهەستەکان: ئەو هۆکارە دەروونی و هزریانەن هانی خەڵک دەدەن بۆ گوێڕایەڵی و یارمەتیدانی دەسەڵاتدارەکان.
* سەرچاوە ماڵییەکان: مەبەست ڕادەی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بەسەر موڵکەکان و سەرچاوە سرووشتیەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەیلی پێوەندی و گەیاندن.
* سزاکان: بریتین لە سزا جێبەجێکراوەکان، یان ئەوانەی هەڕەشەی بەکارهێنانیان دەکا لە حاڵەتی یاخیبووندا، یاخۆ هاوکارینەکردن بەمەبەستی مل پێکەچکردن و هاوکاریی پێویست، کە هەردووک بۆ

مانەوەی ڕیژیم و توانی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پێویستن.

* هەموو ئەم سەرچاوانە پێکەوە پشت بە قبوولکردنی ڕیژیمی دەسەڵاتدار و ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵک بەگشتی بۆی و هاوکاریکردنی هاووڵاتییان و زۆر لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەبەستن، کە ئەوانەیش سەرچاوەی مسۆگەر نین.

هاوکاری و گوێڕایەڵی و پاڵپشتیی تەواو کار بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی هێزی پێویست دەکا، لێرەشەوە ڕادەی هێزی هەر حکوومەتێک زیاد دەکا.

لە بەرامبەردا بەرگرتن لە هاوکاریکردنی میللی و دامەزراوەیی لە دەستدرێژیکاران و حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەبێتە مایەی بەرتەسککردنەوە یاخۆ بڕینی سەرچاوەیلی هێز کە دەسەڵاتدارەکان پشتیان پێ دەبەستن. بە نەبوونی ئەم سەرچاوانە هێزی دەسەڵاتدارەکان لاواز دەبێ و ئەنجا دەپووکێتەوە.

حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەستیارن بۆ ئەو کار و هزرانەی هەڕەشە لە توانیان بۆ ئەنجامدانی ئەوەی دەیانەوێ دەکا، هەر بۆیە هەڕەشە لەوانە دەکەن کە گوێڕایەڵییان ناکەن یان مان دەگرن یاخۆ ئامادە نین هاوکارییان بکەن. ئەمەیش کۆتای شتەکە نییە، چونکە سەرکوتینەوە و ڕەفتاری وەحشییانە بەردەوام گەڕانەوەی ڕادەی پێویستی ملکەچکردن و هاوکاریکردنی پێویست بۆ کاری ڕیژیمی دەسەڵاتداریان لێ ناکەوێتەوە. کاتێ وێڕای سەرکوتینیش بۆ ماوەیەکی گونجاو پێداگری لەسەر سەرچاوەکانی هێز یاخۆ بڕینیان دەکرێ، یەکەمین ڕەنگدانەوەکان لەسەر ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناسەقامگیری و شپرزبووندا بەرجەستە دەبێ، ئەوەیش لاوازبوونی هێزی ئەو ڕیژیمانەی لێ دەکەوێتەوە و بە تێپەڕینی کات گرتنەوەی سەرچاوەکانی هێز دەبێتە مایەی فەلەجبوون و دەستەپاچەیی ڕیژیمی دەسەڵاتدار و لەوپەڕی حاڵەتیشدا لەبەریەک هەڵوەشانی، لێرەشەوە

بەهۆی برسێتیی سیاسییەوە هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەمرێ.

پلەی ئەو ڕزگاربوون یاخۆ چەوساندنەوەیەی هەر حکومەتێک دەیبەخشێ، بەندە بە پێداگریی ڕێژەیی حوکمکراوان لەسەر ئازادی و ویست و توانیان بۆ بەرەنگاریکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ ملکەچکردنیان دەدرێن.

بەپێچەوانەی بۆچوونی باو، تەنانەت ڕێژیمە دیکتاتۆر و زۆردارەکانیش پشت بە هاووڵاتییان و خەڵکانی ژێردەستیان دەبەستن. زانای سیاسی کارل دویچ لە ساڵی ١٩٥٣ نووسیویەتی:

"هێزی زۆرداری تەنیا کاتێ بەهێز دەبێ کە زۆر پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو هێزە نەبێ، خۆ ئەگەر پێویستی کرد هێز بەزۆری دژی هەموو هاووڵاتییان بەکار بێ، ئەوە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو هێزە لاواز دەبێ، جا لەبەرئەوەی ڕێژیمە زۆردارەکان زیاتر لە ڕێژیمەکانی تر پێویستیان بە بەکارهێنانی هێزی زیاتر هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا، بۆیە پێویستیان بە نەرێتگەلی ملکەچکردنی فرەوان و مسۆگەر هەیە لەنێو خەڵکدا. زیاد لەوەیش، ڕێژیمە زۆردارەکان پێویستیان بەوەیە بتوانن پشت بە توێژگەلێکی فرەوان لە دانیشتووان ببەستن، لانی کەم کاتێ پێویستی پێیان بێ"[٨].

تیۆریزەوانی یاسایی ئینگیلز جۆن ئوستن لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەبارەی دۆخی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ڕووبەڕووی گەلێکی بێزاربوودا دەڵێ: ئەگەر زۆربەی هاووڵاتییان بڕیاریان دا حکومەت لەناو ببەن و ئامادەییان تێدا دروست بوو لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجە بەرگەی کاردانەوە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکە بگرن، ئەوا هێزی حکومەت و ئەوانەی لایەنگریی دەکەن ناتوانن ئەو حکوومەتە بێزراوە بپارێزن.

ئوستن دەگاتە ئەو دەرەنجامەی هیچ ئەگەرێک نییە بۆ ناچارکردنی خەڵک بۆ گەڕانەوە بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچکردنی بەردەوام[٩].

هەرچی نیکۆلا مکیافیللییە بەر لە ماوەیەکی زۆر گوتویەتی ئەو میرەی "هەموو خەڵکی ئاسایی دژایەتیی بکەن، ناتوانێ ئاسایش بۆ خۆی مسۆگەر بکا، چەندەیش زەبری توندتر بێ هێندە ڕێژیمەکەی لاوازتر دەبێ".[١٠]

جێبەجێکردنی سیاسیی کردارییانەی ئەم بەرچاوڕوونییە لە بەرەنگاریی دلێرانەی نەرویجیدا دژ بە داگیرکردنی نازی جێبەجێ کرا، هەروەها لە ئازاییی پۆڵەندی و ئەڵمان و چیک و سلۆڤاکەکان و زۆر لە گەلانی تر کە بەرەنگاریی دەستدرێژی و دیکتاتۆریەتی کۆمیۆنیزمیان کرد، بەرگریکردنەکەیشیان دوا جار بووە مایەی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی کۆمیۆنیزم لە ئەوروپا. بەدڵنیاییەوە ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە، چونکە حاڵەتەکانی بەرگریکردنی ناتوندوتیژانە بۆ ساڵی ٤٩٤ی پێش زاین دەگەڕێتەوە کاتێ خەڵکە ڕەشۆکیەکە هاوکاریکردنی سەرگەورە خانەدانە ڕۆمانەکانیان ڕاگرت.[١١]

گەلان لە سەردەمی جیاجیادا خەباتی ناتوندوتیژانەیان لە ئاسیا و ئەفریقیا و هەردوو ئەمەریکا و ناوچەی ئاسیای ئوسترالی و دورگەکانی ئۆقیانووسی هێمن و ئەوروپا بەکار هێناوە.

هەر بۆیە گرینگترین سێ هۆکار کە ڕادەی دەستگرتن یاخۆ دەستنەگرتن بەسەر هێزی حکوومەت دیاری دەکەن بریتین لە: ١) ئارەزووی ڕێژەیی خەڵک بۆ سەپاندنی سنوورێک بەسەر حکوومەتدا، ٢) توانی ڕێژەیی ڕێکخراو و دەزگە سەربەخۆکانی ژێردەستەکان بۆ ئەنجامدانی گرتنەوەیەکی بەکۆمەڵی سەرچاوەکانی هێز، ٣) توانی ڕێژەیی هاووڵاتییان بۆ گرتنەوەی بەدەمەوەهاتن و یارمەتیدانیان.

## ناوەندەکانی هێزی دیموکراسی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی بریتییە لە بوونی چەندان کۆمەڵ و دەستەی حکوومەتیی سەربەخۆ لە دەوڵەت، بۆ وێنە ماڵباتەکان و رێکخراوە ئاینی و رۆشنبیرییەکان و یانە وەرزشییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان و سەندیکاکان و یەکەتییەکانی قوتابییان و حزبە سیاسییەکان و گوندەکان و دامەزراوەکانی هاوسێیەتی و یانەکانی باخچەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و گرووپە مۆسیقییەکان و کۆمەڵە ئەدەبییەکان و دامەزراوەی تر، کە بایەخی ئەم دەستانە لە خزمەتکردنی ئامانجەکانیان و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

جگە لەمە ئەم دەستانە بایەخێکی سیاسیشیان هەیە، چونکە بناخەگەلێکی بەکۆمەڵ و دامەزراوەیی دەستەبەر دەکەن کە لەرێیانەوە خەڵک دەتوانن کار لە رێرەوی کۆمەڵگە بکەن و بەرەنگاریی کۆمەڵەکانی تر یاخۆ حکوومەت بکەن کاتێ دەستدرێژی دەکاتە سەر بەرژەوەندی و چالاکی و ئامانجەکانی. ئەو کەسە لاتەریکانەی لەم جۆرە گرووپانەدا ئەندام نین ناتوانن کار لە باقیی کۆمەڵگە بکەن، دیارە پلەی کاریگەرییان لەسەر حکوومەت کەمتر دەبێ و هیچ کاریگەریشیان لەسەر رێژیمە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرییەکان نابێ، هەر بۆیە ئەگەر حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان بتوانن سەربەخۆیی و ئازادیی ئەم دامەزراوانە زەوت بکەن، ئەوا هاووڵاتییان تا رادەیەک لاواز دەبن. ئەگەر شیمانەی ئەوەیش لەئارادا بێ کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە دەست بەسەر ئەم جۆرە دامەزراوانەدا بگرێ، ئەوا (ئەم دامەزراوانە) بۆ لەقاڵبدانی ئەندامەکانیان و ئەو بوارانەی کۆمەڵگە بەکار دێن.

بەهەر حاڵ، ئەگەر توانیمان پارێزگاری لە سەربەخۆیی و ئازادیی ئەم دامەزراوە مەدەنییە سەربەخۆیانە (لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەت) بکەین،

یان لەباری زەوتکردنیاندا بتوانین بیانگێڕینەوە، ئەوا بۆ جێبەجێکردنی گژبەریکردنی سیاسی زۆر گرینگ دەبن. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو نموونەنانەی سەرەوە لەسەر لەبەریەک هەڵوەشان، یاخۆ لاوازکردنی ڕیژیمەیلی دیکتاتۆری، پێرەوکردنی فرەوانی گژبەریکردنی سیاسییە لەلایەن هاووڵاتییان و دەزگەکانیانەوە.

وەک باسمان کرد، ئەم سەنتەری هێزە ئەو بنچینانە دەداتە ئەو دەزگەیانە کە لەڕێیانەوە دەتوانرێ گوشار بخرێتە سەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە یاخۆ گژبەریکردنی. لە ئایندەیشدا ئەم سەنتەرانەی هێز دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە بنکە بنیاتییەکەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، چونکە دەبینین سەربەخۆیی و گەشەی بەردەوامیان لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگارین.

ئەگەر دەسەڵاتی دیکتاتۆر تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بێ لە تێکشکاندن یان دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا دەبێ بزاوی بەرگری کۆمەڵە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆی نوێ دروست بکا، یان پەنا بۆ دەست بەسەرداگرتنی دیموکراسییانە بەسەر مانەوە تەنیا لەپێناو مانەوەدا یان بەسەر ئەو دامەزراوانەی بە بەشەکی کۆنترۆڵ کراون، ببا. لەکاتی شۆڕشی هەنگاری لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧ ژمارەیەک لە ئەنجوومەنە دیموکراسییە ڕاستەوخۆکان سەریان هەڵ دا، ئەنجا یەکیان گرت و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک سیستمێکی فیدراڵییان لە دامەزراوە و حوکمڕانی دامەزراند. لە پۆڵەندایش لە کۆتای هەشتاکاندا کرێکاران پارێزگارییان لە سەندیکا هەرەوەزییە نایاساییەکان کرد، لە هەندێ حاڵەتدا دەستیان بەسەر ئەو سەندیکا ڕەسمییانەدا گرت کە شیوعییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوون. لەوانەیە ئەم جۆرە پەرەسەندنە دامەزراوەییە ئەنجامی سیاسیی گرینگی هەبێ.

دیارە ئەمە بەو واتەیە نییە کە لاوازکردن و تێکشکاندنی سیستمەیل حوکمڕانیی دیکتاتۆری کارێکی ئاسانە، یان هەموو هەوڵێک لەو ڕێیەدا

سەردەکەوێ، هەروەها بەدڵنیاییەوە بەو واتەیە نییە لەکاتی خەباتدا پێوەبوون ڕوو نادا، چونکە ئەوانەی هێشتا خزمەتی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەکەن، لە شەڕ بەردەوام دەبن تا گەل ناچاری گەڕانەوە سەر هاوکاریکردن و گوێڕایەڵی بکەن.

ئەم تێگەیشتنە لە هێز واتەی ئەوەیە لەبەریەک هەڵوەشاندنی سیستەمە دیکتاتۆرەکان کاری کردەیە. سیستەمەکانی حوکمی دیکتاتۆری خەسڵەتگەلی دیاریکراوی ئەوتۆیان هەیە وایان لێ دەکا بۆ جێبەجێکردنی زرنگانەی گژبەریکردنی سیاسی گونجاو بن. با ئەم سیفەتانە بە وردیی زیاتر باس بکەین.

## دیکتاتۆرییەتەکان خاڵی لاوازیان هەیە

سیستەمەکانی حوکمی دیکتاتۆری خۆیان وا دەردەخەن وەک ئەوەی نەکرێ پەنجەیان بۆ ببرێ، چونکە ئەوان تاقمی دەسەڵاتدار و بەهێزن کە لەڕێی هەواڵگری و پۆلیس و سوپا و گرتووخانە و ناوەندەکانی گرتن و تیمەکانی لەداردانەوە دەستیان بەسەر سامانی وڵات و سەرچاوە سرووشتییەکان و توانا بەرهەمهێنەکانیدا گرتووە و زۆردارانە بۆ بەدیهێنانی مەرامی خۆیان بەکاریان دێنن. لە بەراوردکردندا هێزەکانی بەرهەڵستکاری دیموکراسی لە دیمەنێکی لاواز و ناکارادا دەردەکەون کە هیچ هێز و توانێکیان نییە، لێرەشەوە ئەم تێگەیشتنە (واتە هێزی پەنجە بۆ نەبراوی دیکتاتۆریەت و شەپرێویی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی) ئەگەری بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دوور دەخاتەوە. بەڵام چیرۆکەکە لێرەدا کۆتای نایە.

## دیاریکردنی خاڵی کوشندە (پاژنەی ئەخیل)

ئەفسانەیەکی گریکی نموونەیەکی جوان پیشان دەدا لەبارەی لاوازیی ئەو کەسەی ئێمە پێمان وایە ناکرێ پەنجەی بۆ ببرێ. شەڕاوەر ئەخیل کە هیچ

زەبرێک کاری تێ نەدەکرد و هیچ شیرێک جەستەی نەدەبڕی، بەکۆرپەیی دایکی هەڵی ژەندبوو لە ڕووباری سیحریی ستایکس، ئەوەیش توانی بەرگەگرتنی مەترسییەکانی پێ بەخشیبوو. بەڵام کاتێ ئەخیلی منداڵ خرابووە ناو ئاوەکە دایکی بە هەردوو پاژنەی گرتبووی تا تەوژمی ئاوەکە نەیبا، بەو هۆیەشەوە ئاوە سیحرییەکە ئەو بەشەی لەشی دانەپۆشیبوو، کاتێ ئەخیل گەورە بوو لەبەر چاوی هەمووان دەرکەوت کە چەکی دوژمنەکانی کاری تێ ناکەن. بەڵام لە شەڕی تەروادەدا سەربازێک کە بە گوێرەی قسەکانی کەسێک کە خاڵی لاوازی ئەخیلی دەزانی، تیرەکەی ئاراستەی پاژنەی ئەخیل کرد، ئەوە تاکە شوێنی لەشی بوو تیر و شیر بیبڕن و بەو هۆیەوە ئەخیل کوژرا. دەستەواژەی "پاژنەی ئەخیل" تا ئێستەیش بۆ ئاماژەکردن بە خاڵی لاوازی کەسێک یان پلانێک یاخۆ دەزگەیەک بەکار دێ کە پارێزگاریی نییە.

ئەم بنەمایە بەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرییە هەمەجیەکاندا جێبەجێ دەبێ کە ئەگەری شکستهێنانیان لەبەردەمدایە و ئەو شکستە بە ئەوپەڕی خێرایی و کەمترین تێچوو ڕوو دەدا ئەگەر هاتوو خاڵە لاوازەکانی ئەو ڕێژیمانەمان دەستنیشان کرد و هێرشەکانمان لەسەری چڕ کردەوە.

### خاڵی لاوازی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان

ئەمانەی خوارەوە لە خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانن:

١- دەتوانرێ ئەو هاوکارییەی خەڵک بەگشتی و گرووپ و دامەزراوەکان پێشکێشی دەکەن و بۆ بەکارخستنی ڕێژیم پێویستن، دیاری بکرێن و ڕابگیرێن.

٢- لەوانەیە خواست و کاریگەریی سیاسەتەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ڕابردوودا بەشێوەیەک لە شێوەکان توانی ئێستەی ڕێژیم بۆ گرتنەبەر و پێڕەوکردنی سیاسەتی ناکۆک سنووردار بکا.

٣- دەکرێ کارەکانی ڕیژیم بگۆڕێن بۆ ڕۆتینێک کە نەتوانێ خۆی لەگەڵ دۆخە نوێیەکاندا بگونجێنێ.

٤- ئاستەمە ئەو کەس و سەرچاوانەی بەسەر هەندێ ئەرکدا دابەش کراون، ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە زادەی پێدوایستیی نوێن.

٥- لەوانەیە شوێنکەوتووەکان ئەو زانیارییە ڕاست و تەواوانە دابین نەکەن کە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان پێویستیانە بۆ دەرکردنی بڕیارەکانیان، نەوەک ئاغاکانیان تووڕە بکەن.

٦- ئایدیۆلۆجیا لەوانەیە تووشی داخوران ببێ، هەروەک لەوانەیە ئەفسانە و سیمبولەکانی ڕیژیم بلەقن.

٧- بێئاگابوون لە دۆخە واقیعییەکان لەبارێکدا ڕیژیم سوور بێ لەسەر وابەستەبوون بە تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆجییانەی وشکهەڵاتوو کە لە زەوینەی واقیعی دوور دەخاتەوە.

٨- تێکچوونی کارایی و لێوەشاوەیی بیرۆکراسییەت یان زێدەڕەویکردن لە یاسا و ڕێکارەکاندا، دەبنە مایەی بێهوودەبوونی سیاسەت و بەڕێوەبردنەکانی ڕیژیم.

٩- کێشە ناوەخۆییەکانی ناو دامەزراوەکان و ڕکابەری و ناتەباییی نێوان کەسەکان هەموویان زیان و کۆسپن بۆ بەڕێوەبردنی ڕیژیمی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار.

١٠- قوتابییان و بیرمەندان بەهۆی بارودۆخ و کۆتە عەقایدییەکان و چەوساندنەوەوە نیگەران دەبن.

١١- بەتێپەڕینی کات گەل بەگشتی بەرامبەر بە ڕیژیمی دەسەڵاتدار کەمتەرخەم و گوماناوی و شەڕانی دەبێ.

١٢- توندیی ناکۆکییە هەرێمی و چینایەتی و کولتووری و نیشتمانییەکان زیاد دەکەن.

١٣- هەرەمی دەسەڵاتی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان بەزۆری مۆلەق و هەندێ جار زۆر مۆلەقیشە، چونکە ئەو کەسانەی هەرەمەکە پێک دێنن بەردەوام لە هەمان پێگەدا نین و لە پۆستێکەوە بۆ یەکێکی تر بەرز و نزم دەکرێن، یان هەر بە تەواوی لادەدرێن تا کەسانی تر لەجێیان دابنرێن.

١٤- هەندێ بەشی پۆلیس و سوپا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەکەن، تەنانەت ئەگەر دژی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکانیش بێ، وەک لەکاتی ئەنجامدانی کودەتای سەربازیدا.

١٥- ڕیژیمە دیکتاتۆرییە نوێیەکان پێویستیان بە کات هەیە تا جێپێی خۆیان قایم بکەن.

١٦- هەڵەکردن لە حوکم و سیاسەت و کارکردندا شتێکی چاوەڕوانکراوە، ئەویش بەهۆی زۆریی ئەو بڕیارانەی کەمینە لە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکاندا دەریان دەکا.

١٧- ئامرازەکانی هێزی ناوەندیی ئەو ڕیژیمانە دادەخورێ کاتێ هەوڵ دەدا لەڕێی پێڕەوکردنی لامەرکەزیەت لە کۆنترۆڵ و وەرگرتنی بڕیاردا خۆی لەم مەترسییانە لابدا.

### هێرشکردنە سەر خاڵی لاوازی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان

ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی لەپێناو گۆڕین و هەڵتەکاندنی ئەو ڕیژیمەدا، دەتوانێ لەڕێی دۆزینەوەی خاڵە لاوازە ناوەکییەکانیەوە (پاژنەکانی ئەخیل) ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە بخاتە قەیران، بەو هۆیەشەوە ئەنجامەکە ڕوون و ئاشکرا دەبێ:

ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان وێڕای ڕواڵەتی تۆکمەیان، خاڵەیل لاوازیان هەیە و بەدەست لێنەوەشاوەییەوە گرفتارن. کێبەرکێی کەسی لەنێوان تاکەکانیدا هەیە و دەزگەکانی بەدەست ناکاراییەوە دەناڵێنن، هەروەها کێشە لەنێوان ڕێکخراو و فەرمانگەکانیدا هەیە. ئەم خاڵە لاوازانە بە تێپەڕینی ڕۆژ ئەو

ڕیژیمانە دەگۆڕێ بۆ ڕیژیمگەلێکی ناکارا کە ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ساتێکدا بکەونە بەر ڕەشەبای گۆڕانکاری و بەرگری. مەرج نییە ڕیژیم پلان بۆ هەر شتێک دابنێ سەربگرێ، تەنانەت فەرمانەکانی هیتلەر هەندێ جار بەهۆی ملنەدانی ئەوانەی خوار خۆی بە جێبەجێکردنیان جێبەجێ نەدەکران. هەندێ جار ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان بەخێرایی هەرەس دێن.

ئەمە بەو واتەیە نییە کە دەتوانرێ بەبێ هیچ مەترسی و زیانێک ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان لەبەین ببرێن، چونکە هەر ڕێگەیەکی کارکردن بۆ ڕزگاربوون مەترسی و نەهامەتیی خۆی هەیە. هەروەک هەموو ڕێگەیەکیش پێویستی بە کات هەیە تا کاری خۆی بکا. جگە لەمانەیش هیچ شێوازێکی کارکردن نییە کە سەرکەوتنی خێرا مسۆگەر بکا. بەڵام ئەو شێوە خەباتانەی کە ئامانج لە خاڵە لاوازەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەگرن، دەرفەتی باشتریان لەبەردەمدایە لەو شێوەیەی لە شوێنە بەهێزەکانی ئەو ڕیژیمانەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەم خەباتە دەست پێ بکەین؟

### دەسەڵاتداریکردن

سەرەتا گوتمان بژارەی سەربازی و بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و تێکنۆلۆجیای سەربازی و شتی لەو شێوەیە دژ بە ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان کار لە خاڵە لاوازەکانی ئەو ڕیژیمانە ناکا، بگرە پاساوی دەداتە دەست تا هێزە بەلاکەی بەکار بێنێ و بزاوەکانی بەرگریکار بخاتە دۆخێکەوە کە ئیرەییان پێ نەبرێ، چونکە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان زۆربەی جار لە ڕووی سەربازی و تێکنۆلۆجیای سەربازییەوە بالادەستن. هەروەها باسمان لە مەترسییەکانی پشتبەستن بە هێزە دەرەکییەکان بۆ ڕزگاربوون، هەروەها پشتبەستن بە دانوستاندن وەک ئامرازێک بۆ ڕامالینی ئەو ڕیژیمانە کرد.

کە وابێ ئەو شێوازانە چین کە لە بەردەستی هێزەکانی بەرگریی دیموکراسیدان و دەتوانن لە خاڵە لاوازەکانیان سێرە لە ڕیژیمە

دیکتاتۆرییەکان بگرن و تێیان بسرەوێنن؟ ئەو تەکنیکی کارە کامەیە کە بە باشترین شێوە کەڵک لە تیۆریی دەسەڵاتی سیاسی، کە پێشتر تاوتوێمان کرد، ببینن؟ بژارەی بەدیل بریتییە لە گژبەریی سیاسی.

– گژبەریی سیاسی ئەم خەسڵەتانەی هەیە:

* قایل نابێ شێوازەکانی شەڕکردن کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەڵیان بژاردووە ئەنجامەکە دیاری بکا.
* ڕێژیمی دەسەڵاتدار بە ئاستەم دەتوانێ ڕووبەڕووی ببێتەوە.
* دەتوانێ تەنگژەی خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان زیاتر بکا و سەرچاوەکانی هێزی لێ دابڕنێ.
* دەتوانێ بەسەر مەودایەکی فرەواندا دابەش ببێ، دەشتوانێ پێداگری لەسەر یەک ئامانجی دیاریکراو بکا.
* دەبێتە مایەی ئەوەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان بکەونە نێو کار و بڕیاری هەڵەوە.
* دەتوانرێ سوود لە سەرجەم هاووڵاتییان لە دامەزراوە و گرووپەکانی کۆمەڵگە لە خەبات لەپێناو لەناوبردنی بالادەستیی کەمینە هەمەجییەکە وەربگیرێ.
* یارمەتیدەرە لە دابەشکردنی هێزی کاریگەری ناو کۆمەڵگە، بەشێوەیەک بواری پێکهێنان و مانەوەی کۆمەڵگەی دیموکراسی زیاتر بێ.

### کارەکانی خەباتی ناتوندوتیژ

گژبەریی سیاسی، هەروەک توانا سەربازییەکان، دەتوانرێ بخرێتە خزمەت بەدیهێنانی ئامانجی جۆرەوجۆر، کە لە هەوڵدان بۆ کارکردنە سەر دژبەران (الخصوم) دەست پێ دەکا، تا دەگاتە کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەکە، یاخۆ

لەبەریەک هەڵتەکاندنی سیستمی حوکمڕانیی دژبەرەکە.

شایانی گوتنە گژبەریی سیاسی بە ڕێگەی جیاواز لە توندوتیژی کار دەکا ئەگەرچی هەردوو شێوازەکە بۆ خەباتکردن بەکار دێن، بەڵام هەریەکەیان بە ڕێگەی تەواو جیاواز لەوی تر کار دەکا و ئەنجامی جیاوازیشیان لێ دەکەوێتەوە، ڕێگە و ئەنجامەیلی ململانەی توندوتیژ دیارن، تێیدا چەک بۆ ئاڵۆسکاندن و پێکان و کوشتن و تێکشکاندن بەکار دێ.

بەڵام خەباتی ناتوندوتیژ ئاڵۆزترە و بە بەراورد بە توندوتیژی، شێوازگەلی هەمەجۆرتر بەکار دێنێ، چونکە چەکە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەکار دێنێ. ئەم شێوازانە چەندان ناویان لێ نراوە لەوانە نارەزاییەکان، مانگرتنەکان، هاوکارینەکردن، بایکۆتکردن، کێشانەوەی لابەندی (الولاء) و دەسەڵاتی گەل.

وەک باسمان کرد، هەموو حکوومەتەکان کاتێ دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن کە بتوانن پاڵپشتیی سێ سەرچاوە پێویستەکە بۆ ئەو خۆسەپاندن بەدەست بێنن لەڕێی هاوکاری و ملکەچکردنی هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە. لە بەرامبەردا گژبەریی سیاسی، بەپێچەوانەی توندوتیژی، کار بۆ بڕینی ئەم سەرچاوانەی هێز دەکا.

### چەک و دیسپلینی خەباتی ناتوندوتیژ

هەڵمەتەکانی گژبەریی سیاسیی سەرپێیی لە ڕابردوودا کەوتنە هەڵەیەکی هاوبەش، ئەویش پشتبەستن بوو بە ڕێگەیەک یاخۆ دوو ڕێگە (لە ڕێگەکانی گژبەریی سیاسی) وەک مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری. لە ڕاستیدا چەندان شێواز هەن کە دەرفەت دەدەنە ستراتیجکارانی بەرگری کە بەپێی پێویست بەرەنگارییان لەسەر خاڵێک چڕ بکەنەوە، یان بەسەر مەودایەکی فرەواندا دابەشی بکەن.

نێزیکەی دوو سەد شێوازی دیاریکراو هەیە بۆ کاری ناتوندوتیژانە کە بەدڵنیاییەوە ئەنجامی باشتر بەدی دێنن. ئەو شێوازانەیش بۆ سێ بەش پۆلبەند کراون: نارەزایی و قایلکردن، هاوکارینەکردن و دەستوەردان. شێوازەکانی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە خۆپیشاندانی رەمزی پێک دێ وەک خۆنواندن و رێپێوان و خەڵوەتکێشان (کە ژمارەیان پەنجا و چوار شێوازە)، هاوکارینەکردنیش بۆ سێ بەش دابەش دەبێ کە برێتین لە: أ) هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی (شازدە شێوازە). ب) هاوکارینەکردنی ئابووری وەک بایکۆتکردن (بیست و شەش شێوازە). ج) هاوکارینەکردنی سیاسی (سی و هەشت شێوازە).

هەرچی شێوازەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانەیە لەرێی شێوازەیلی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، وەک رۆژووگرتن و داگیرکردنی ناتوندوتیژانە و حکوومەتی هاوشان، ژمارەیان دەگاتە چل و یەک شێواز، کە دوایین کۆمەڵەیە. لیستی ئەم شێوازانە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا جێگیر کراون کە ژمارەیان سەد و نەوەد و هەشت شێوازە.

بەکارهێنانی ژمارەیەکی گونجاو لەم شێوازانە کە بە وردی دێنە هەڵبژاردن و بە مکوری و بەرفرەوانی جێبەجێ دەکرێن و لە چوارچێوەی ستراتیجیەتێکی دانایانە و تەکتیکێکی گونجاو و لەلایەن کەسانی راهێنراوەوە ئامێتە دەکرێن، شیمانە زۆرە هەر رێژیمێکی ناشەرعی بەزەویدا بدا، ئەمەیش بەسەر سەرجەم رێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا دەچەسپێ.

دەتوانین لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژانەدا، بەپێچەوانەی شێوازە سەربازییەکان، راستەوخۆ کار لەسەر ئەو پرسانە بکەین کە لە مەحەکدان. بۆ نموونە پرسی رێژیمە دیکتاتۆرییەکان لە بنەرەتدا پرسێکی سیاسییە و بەو هۆیەشەوە شێوەکانی ناتوندوتیژیی سیاسی کاریگەتر دەبن، کە ئەم شێوانە نکوڵیکردن لە شەرعییەتی حوکمرانە دیکتاتۆرەکان و هاوکارینەکردنیان لەخۆ دەگرێ. دەتوانرێ رێگەی هاوکارینەکردن لە

بەرامبەر سیاسەتگەلێکی دیاریکراو بەکار بێ، بۆ نموونە دەکرێ بە هێمنی و نهێنی ڕێگەی لەمپەرخستنە ڕێ و دەستی دەستی بەکار بێ، هەروەها پەنا بۆ یاخیبوون و خۆپیشاندانی جەماوەریی گژبەریکار و مانگرتن ببرێ، کە لەبەردەم هەمووانەدا دیارن.

لە بەرامبەردا، ئەگەر ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە لەژێر پاڵەپەستۆی ئابووریدا بێ و ئەگەر زۆربەی پاڵەپەستۆ میللییەکانی سەر ڕیژیم ئابووری بن، ئەو کاتە شێوازە ئابوورییەکانی وەک بایکۆتکردن و مانگرتن شێوازی گونجاون بۆ بەرگری. دەتوانین بە مانگرتنی گشتیی سنووردار و مانگرتنی خاوخلیچکردن و ملەجەڕێکردن (یان خۆبزرکردن)ی ئەو پسپۆڕانەی ڕیژیم ناتوانێ دەستبەرداری هاوکارییەکانیان ببێ، ڕووبەڕووی هەوڵەکانی ژێم بۆ ژێربارخستنی سیستمی ئابووری ببینەوە. هەروەها دەکرێ چەندان جۆر مانگرتنی جیاواز لە شوێنە هەستیارەکانی وەک کارگەکان و هۆیەلی گواستنەوە و شوێنەکانی دابینکردنی مادەی خاو و شوێنی دابەشکردنی بەرهەمەکان، ئەنجام بدرێ.

هەندێ لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە دەخوازن گەل هەندێ کار بکا کە بەشێک نین لە ژیانی ئاساییان، وەک دابەشکردنی بڵاوکراوە و کارپێکردنی چاپخانەی نهێنی و مانگرتن لە خواردن یان دانیشتن لەسەر شەقام. لەوانەیە جێبەجێکردنی هەندێ لەم شێوازانە بۆ هەندێ خەڵک دژوار بێ مەگەر لە حاڵەتی زۆر نائاساییدا.

لە بەرامبەردا ڕێگەی تری خەباتی ناتوندوتیژانە دەخوازن خەڵک لە ژیانی ئاساییی خۆیان بەردەوام بن بەڵام بە شێوازی جیاواز لە ڕابردوو، بۆ نموونە داوا لە خەڵک دەکرێ لەبری مانگرتن بچنە سەر کارەکانیان بەڵام بەئەنقەست خاوەخاوە لە کاردا بکەن و بە توانێکی کەمتر لە حاڵەتی ئاسایی کار بکەن. هەروەها لەم ڕێگەیانەدا بەبەردەوامی هەڵبەستنی هەڵە هەیە، وەک خۆنیشاندان بە نەخۆش یاخۆ نەتوانینی کارکردن لە هەندێ

کـاتـی دیاریکراودا، یان ڕەتکردنەوەی کـارکـردن بەیەکـجـاری، چوون بۆ ئەنجـامـدانی سرووتە ئـاینییـەکـان بۆ گوزارشـتکردن لە بیروباوەڕی ئاینی یاخۆ تـەنانەت سیـاسی، پاراسـتنی منداڵان لە هەڵمـەتەکانی پروپاگـەندەی ڕیژیم، ئەویش لە ڕێگەی فێرکردن لە مـاڵ و پۆلە نایاساییەکانی خوێندندا، نەچوونە ناو ئەو ئەو ڕێکخـراوانەی داوا دەکـرێ بچنە ناویان و مـرۆڤ بە ویستی خۆی ئامادە نییە بچێتە ناویان.

لێکچـوونی ئەم کـارانە لەگەڵ چالاکیـیە ئاسـاییـەکانی خـەڵک و ڕادەی دوورکـەوتنەوە لـە ژیانی ئـاسـاییـان، بەشـداریکردن لە خـەباتی نیشـتـمـانی لەپێناو ڕزگاربوون، بۆ زۆر خەڵک ئاسانتر دەکا.

لەو ڕووەوە کە خـەباتی ناتوندوتیژ و توندوتیژی بە شـێوەی تەواو جیـاواز کـار دەکـەن، ئەوا بـەکـارهێنانی بەرگـریی تونـدوتیـژانـە لەکـاتـی هەڵمـەتی گژبەریکردنی سیـاسیدا، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی سنووورداریش بێ، بە زیان بەسـەر هەڵمەتـەکەدا دەشکێتـەوە، چونکە بەرەنگاریکردنی توندوتیژانە بەدەسـتـەوەدانی لێـزمـەیە و دەرفـەت دەداتە دەسـەڵاتدارە دیکتاتۆرەکـان بۆ بەکارهێنانی هـەندێ شـێواز کـە ئەوان تێیدا زۆر باڵادەستن (ئەویش شـەڕی سەبازییە).

لێرەوە دەگەینـە ئەو دەرەنجامـەی خۆگرتن (انضبـاط)ی ناتوندوتیژ کلیلی سـەرکـەوتنە و وێڕای ئاڵۆسکاندن و ڕەفـتـارە هەمـەجییـەکانی حوکمـڕانە دیکتاتۆرەکان و بەکرێگیراوەکانیان، دەبێ پارێزگاریی لێ بکرێ.

پارێزگاریکردن لە خۆگرتنی ناتوندوتیژ لە بەرامبەر توندوتیژیی دژبەردا، کـارکـردنی چوار مـیکانیـزم بۆ گـۆڕانکاری لەڕێی خـەباتی ناتوندوتیـژانە ئاسـان دەکا (پاشتر باسیان دەکرێ). خۆگرتنی ناتوندوتیژ لە سیاسـەتی زۆرانبـازیی ژاپۆنیدا بـە کارێکی زۆر بەبایەخ دادەنرێ. لە کـرداری جیـتـۆ جـتسـۆ (یاخۆ جـۆدۆ)ی سـیـاسـیدا تێـیدا ڕەفتـارە دڕندانەکـانی ڕیژیمی دەسـەڵاتدار دژ بەو کـەسـانەی خـەباتی نـاتوندوتیـژ دەکـەن، بەسـەر خـۆیدا

دەشکێنەوە و دەبنە مـایەی سـەرهەڵدانی کـێشـە لەناو ڕیزەکـانیـدا و بەرەنگاریکاران پاڵپشـتـییـەکی گـەورەی خـەڵک بە گشـتی، کـە بەزۆری لایەنگری ڕیژیمن، بەدەست دێنن، هـەروەها پاڵپـشـتـیی لایەنی تریشـیـان دەست دەکەوێ.

بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا خـۆلادان لە بەکارهێنانی توندوتیـژیی سنووردار دژ بە ڕیژیمەیلی دیکتـاتۆری مـەحـاڵە. لەوانەیە ڕادەی بێـئـومـێـدی و ڕق بەرامبەر ڕیژیمی دەسەڵاتدار بگاتە پلەی تەقینەوەی توندوتیژانە. هەروەها لەوانەیە هـەندێ گرووپ وێڕای باوەڕیشـیان بە بایەخی خەباتی ناتوندوتیژ هەر دەسـتـبـەرداری شـێـوازی توندوتیـژ نـەبن. ئەم حـاڵـەتانە لە گـژبەریی سیاسی ساردمـان ناکاتەوە، بەڵام دەبێ تا ئەوپەڕی پلە جیاوازی لەنێوان کـارەیلی توندوتیـژ و ناتوندوتیـژدا بکرێ، ئەویش لەڕێی جـیـاکـردنەوی جوگرافی و گرووپەکانی دانیشتووان و کاتبەندی و کێشەکانەوە. ئەگەر وا نەکەین ئەوا بەکارهێنانی توندوتیژی ئەنجامی خراپی لەسەر بەکارهێنانی گژبەریی سیاسی، کە بەهێزتر و سەرکەوتووترە، دەبێ.

تۆمـارە مێـژووییـیەکان ئامـاژە بەوە دەدەن کە ئەگەرچی شـیـمانەی ئەوە هەیە بەکارهـێنانی گژبەریی سیـاسـیش کوژراو و برینداری لێ بکەوێتەوە، بەڵام قوربانییەکان زۆر کەمتر دەبن لە بەکارهێنانی شەڕی سەربازی، ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە خەباتە نابێتە مایەی جۆشدانی گێژاوی کوشت و بڕ و ڕەفتاری دڕندانە کە کۆتایان نایەت.

خـەباتی ناتوندوتیـژ پێویسـتی بەوەیە ترس لە حکوومـەت لەدڵ دەربکرێ، یان ئەو ترسـە لە حکوومەت و سـەرکوتینەوەی بێبەزەییانەی زیاتر کۆنترۆڵ بکرێ، چونکە ڕیشـەکـێشکردنی ترس یاخـۆ کۆنـتـرۆڵکردنی دوو ڕەگـەزی سـەرەکین بۆ زاڵبوون بەسـەر زاڵبوونی دەسـەڵاتدارە دیکتـاتۆرەکـان بەسـەر خەڵکیدا بەگشتی.

**ئاشکرابوون، نهێنیبوون و پێوەرەیلی باڵا**

نهێنیبوون و فریودان و پیلانی نهێنی گژبەرییەکی زۆر مەترسیدارن بۆ بزاوەکانی بەرگریی ناتوندوتیژانە. هەندێ جار خۆلادان لە پۆلیسی سیاسی و بەکرێگیراوانی دەزگەگەلی هەواڵگری لە پرسی زانینی نیاز و پلانەکاندا مەحاڵە. نهێنیبوون بەلای بزاوی بەرگرییەوە تەنیا لە ترساندا ڕیشەی دانەکوتاوە، بگرە بەشداری دەکا لە بەتەنگژەبوونی ئەو ترسە کە ورەی بەرگری دادەبەزێنێ و ژمارەی ئەو کەسانە کەم دەکاتەوە کە بەشداریی کارێکی دیاریکراو دەکەن. نهێنیبوون هەروەها زۆر جار خانەگومانی و تۆمەتی بێ پاساو لەناو بزاوەکەدا دروست دەکا لەبارەی ئەوەی کێ بەکرێگیراوە و کار بۆ لایەنی دژبەر دەکا. هەروەها کار لە توانی بزاوەکە بۆ پارێزگاریکردن لە ناتوندوتیژییەکەی دەکا.

لە بەرامبەردا ئاشکرایی تەنیا لە بابەتی نیاز و پلانەکاندا ئەنجامی پێچەوانەی نابێ، بەڵکو بەشداری دەکا لە دروستکردنی وێنەیەک کە نیشانی دەدا بزاوی بەرگری زۆر بەهێزە. بەڵام کێشەکە لێرەدا لەوە ئاڵۆزترە کە بە ڕواڵەت دیارە، هەندێ لایەنی گرینگی چالاکییەکانی بەرگری هەن کە پێویستە نهێنی بن. بەدڵنیاییەوە پێویست بەوە دەکا لەلایەن کەسانی شارەزاوە هەڵسەنگاندنی ورد بکرێ بۆ دینامیکییەتی خەباتی ناتوندوتیژ و ئامرازەکانی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان بۆ سیخوڕیکردن لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا.

نووسین و چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوەی نهێنی و بەکارهێنانی وێستگەیلی نایاسایی ڕادیۆ بۆ پەخشکردن لەناوەخۆی وڵات و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کارەکانی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان، لەو چالاکییە تایبەتە سنووردارانەن کە پێویستە زۆر نهێنی بن.

هەروەها پابەندبوون بە پێوەرگەلی بەرزی ڕەفتارکردن لە کاری

ناتوندوتیـژدا، له شـته پێویستـەکانـه له هەموو قۆناخـەکانی ملـملانەکەدا.
هۆکـاری تـریش هـەن وەک چاونەترسی و پارێزگـاریکردن له خـۆگـرتـنی ناتوندوتیـژ کـه ئەمـانەیش بـەردەوام پێویستن. پێویستـه ئەوەشـمـان لەبیر نـەچێ کــه بـۆ بەدیهــێنانی گــۆڕانـکاریـیــەکی دیاریکراو، پێــویست بـه ئامـادەکردنی ژمارەیەکی زۆر خـەڵک دەکا، بەڵام دەتوانرێ ئەم ژمـاره زۆرەی خــەڵک وەک بـەشـدار دابـین بکرێ، کـه تـەنیـا لەڕێی پابەندبوون بـه پێــوەره باڵاکانی جموجووڵەوه دەتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ.

## گۆڕانی پارسەنگی هێز

پێویستـه سـتـراتیـجکاران بەردەوام ئەوه بزانن کـه ملـملانه کـاتێ گژبەریی سیـاسی بەکـار دێنـێ، کێڵگەی خـەباتێکی پڕ له گۆڕانـی بەردەوامـه، چونکه جمەی دێ له کارلێک و جموجووڵ و دژەجموجووڵ و هێوربوونەوەی بۆ نییه. پارسـەنگی هێـزیش، چ ڕەهاکـان و چ ڕێژەییـیـەکان، له گـۆڕانی جـێگیـر و خـێـرادان، ئـەمــەیش بـه فـەزڵی بەردەوامــیی بەرگـریکاران و پێـداگـریی ناتوندوتیـژانەیان، وێڕای سـەرکوتینەوه. چاوەڕوان دەکرێ جیـاوازیی هێزی تایبـەت بـه هـەر لایەنێک له لایەنه ناکۆکەکان لەم جۆره ملـملانەیەدا زیاتر بێ له حـاڵەتی ململانه توندوتیـژەکان و ئـەنجامگەلی هـەمـەجۆرتر و بەکـارتری له ڕووی سـیـاسـییـەوه لێ دەکەوێتەوه. بـەهـۆی ئەو جیـاوازییـانەیشـەوه ئەو کـاره دیاریکراوانەی بەرگریکاران پێیان هـەڵدەستن ئەنجامـەیلی زۆر گـەورەتر لەو کـات و شـوێنـەی تێیـاندا ڕوویان داوه، لـێ دەکەوێتـەوه. ئەم ئەنجـامـانەیش کاریگەریی لەسـەر بەهێزکردن یاخۆ لاوازکردنی ئەم یان ئەو گرووپ دەبێ.

جگه لەمــەیش گــرووپـی خــەباتـی ناتـوندوتیــژ کــاریگـەریی گــەورەی بـه ئاراستـەی زیاد یاخۆ کەمکردنی هێزی ڕێژەییی دژبەرەکه دەبێ. بۆ نموونه، بەرگـریکردنی ناتوندویژ له بەرامبـەر ڕەفتـارەکانی حـوکمـڕانه دیکتاتـۆرەکان بـه خـۆگـری و ئازایـەتییـەوه پابـەنده، دۆخـەکه بەرەو نـاڕەزایی و کـێشـانـەوەی

لابەندی و پشت نەبەستن بە هێز و لەوپەڕی حاڵەتەکانیشدا یاخیبوون لەنێو هاووڵاتییان و سەربازانی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان، دەبا. ئەو بەرگرییە دەبێتە مایەی زیادبوونی سەرکوتکردنی ڕژێمی دیکتاتۆر لەلایەن کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییەوە. بەکارهێنانی زرنگانەی خۆگر و کۆڵنەدەری گژبەریی سیاسی دەبێتە هۆی بەشداریکردنێکی ڕوو لەزیادی لە بەرگریکردنی خەڵکانی سەر بە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان، یاخۆ ئەوانەی لەکاتی کێشەکەدا بە بێلایەنی دەمێننەوە.

## چوار میکانیزم بۆ گۆڕانکاری

خەباتی ناتوندوتیژ لە چوار میکانیزمدا بەرهەمی خۆی دەدا: میکانیزمی یەکەم کەمتر باوە ئەگەرچی ڕووش دەدا، کاتێ تاقمی سەر بە لایەنی دژبەر بەهۆی بینینی ئەو ناهەمواری و چەساندنەوەی بەسەر بەرگریکارە قارەمانەکاندا سەپاوە کە بە شێوازەیلی ناتوندوتیژ خەبات دەکەن، سۆزیان دەبزوێ یاخۆ قەناعەت بە ڕەوایی پرسی بەرگریکارەکان دەهێنن، ئەم میکانیزمە ناو دەنرێ بادانەوە (التحول). ئەگەرچی ئەم بادانەوەیە بەرەنجامی بەکارهێنانی شێوازگەلی ناتوندویژە لە خەباتکردندا بەڵام ئەم حاڵەتە بەدەگمەن ڕوو دەدا، هەروەک لە زۆربەی کێشەکاندا ڕوو نادا یاخۆ بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

لە زۆربەی کاتەکاندا، خەباتی ناتوندوتیژ لەڕێی گۆڕینی باری ململانە و کۆمەڵگەوە کار دەکا، بەشێوەیەک دژبەرەکە نەتوانێ چۆنی پێخۆشە ڕەفتار بکا. ئەم گۆڕانکارییەیە دەبێتە هۆی ڕوودانی سێ میکانیزمەکەی تر: خۆگونجاندن، ناچاربوون بە ناتوندوتیژی و لەبەریەک هەڵوەشان. ڕوودانی هەریەک لەو سێ میکانیزمە پشت بەو پلەیە دەبەستێ کە بەو پێیە پارسەنگی ڕەها و ڕێژەیی هێزەکان لە بەرژەوەندیی بزاوی دیموکراسی دەگۆڕێ.

لەکاتی هەڵمەتێکی دیاریکراودا داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن بە

مەترسیدار سەیر ناکرێن ئەگەر ئەو پرسانەی لە مەحەک دانراون بنچینەیی نەبن. بەو شێوەیە ڕکابەریی نێوان هێزەکان تا ڕادەیەک دەگۆڕێ و دەگەینە چارەسەرێکی دەستوبرد بۆ کێشەکە لەڕێی ڕێککەوتن یاخۆ بەشبەشکردنی ناکۆکییەکان یان لەڕێی گەیشتن بە چارەسەرێک. ئەم میکانیزمە پێی دەوترێ خۆگونجاندن (التأقلم).

شایانی وتنە بەم ڕێگەیە چارەسەری چەندان مانگرتن کراوە، ئەویش لەڕێی پارێزگاریکردنی هەردوو لایەنی ناکۆک لە هەندێ لە ئامانجەکانیان بەڵام بەبێ بەدیهێنانی هەموو ئەو شتەی ویستبوویان. ڕەنگە حکوومەتەکان پێیان وابێ سوودگەلی ئەرێنی لەم جۆرە سازانەدا هەیە، وەک کوژاندنەوەی فتیلەی پشێوییەکان و دروستکردنی هەستێک لەبارەی "دادپەروەری" یاخۆ جوانکردنی وێنەی ناودەوڵەتیی ڕیژیمی دەسەڵاتدار. لەم ڕوانگەوە زۆر گرینگە بە ئەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو پرسانەدا بکرێ کە دەگونجێ لە ڕێی میکانیزمی خۆگونجاندنەوە چارەسەر بکرێن. بۆ نموونە ناکرێ ئەم میکانیزمە بۆ خەباتکردن لەپێناو خستنی ڕیژیمێکی دیکتاتۆریی دیاریکراودا بەکار بێ.

خەباتی ناتوندوتیژ زۆر بەهێزتر دەبێ لەوەی میکانیزمەکانی بادانەوە و خۆگونجاندن ئاماژەی پێ دەدەن، چونکە هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی جەماوەری دەتوانن ڕێڕەوی دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگۆڕن نەخاسمە پارسەنگی هێز، چونکە توانی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکە بۆ دەستگرتنی حکوومەت بەسەر پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەبەین دەبا و بەو هۆیەشەوە لە کۆمەڵگە دایدەبڕێ. سوپای دژبەرەکە ئەگەری پشت پێبەستنی لەدەست دەدا و ئەو فەرمانانەی بۆ سەرکوتینەوەی بەرگریکاران ئاراستەی دەکرێن، ڕەت دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی سەرکردەکانی لایەنی دژبەر لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە و وابەستەن بە ئامانجە بنەڕەتییەکانیان، بەڵام توانی کارکردنی کاریگەریان لەدەست دەردێنرێ،

ئەمەیش پێی دەگوترێ "ناچارکردن بە ناتوندوتیژی".

لە هەندێ حاڵەتی نائاساییدا دەکرێ تا مەودایەکی دوورتر پەرە بەو هەلومەرجە بدرێ کە "ناچارکردن بە ناتوندوتیژی" بەرهەم دێنێ، کە تێیدا سەرکردایەتیی دژبەر هەموو توانێکی کارکردن لەدەست دەدا و پەیکەری دەسەڵاتی هەرەس دێنێ و ئاراستەی خودیی بەرگریکاران و هاوکارینەکردن و گژبەریکردن پڕ دەبن، بە شێوەیەک دژبەرەکە تەنانەت توانی کۆنترۆڵیان لەدەست دەدا و بیرۆکراسییەتی دژبەرەکە خۆی ڕەتی دەکاتەوە هاوکاریی بکا، یاخیبوون لەناو سەرباز و پۆلیسەکانیدا ڕوو دەدا، گەل حاشا لە سەرکردایەتییەکەی پێشووی دەکا و نکوولی لەوە دەکا بەهیچ شێوەیەک مافی حوکمڕانیکردنی هەبێ. بەم شێوەیەش هەلومەرج بۆ پێگەیشتنی چوارەمین میکانیزمی گۆڕانکاری ساز دەبێ، کە ئەویش لەبەریەک هەڵوەشانی ڕیژیمە بەشێوەیەک تەنانەت توانی خۆبەدەستەوەدانیشی نامێنێ و بۆ بەشی بچووک بچووک پارچە پارچە دەبێ.

لەکاتی دانانی پلانێکی ستراتیجی بۆ ڕزگاربوون، پێویستە ڕەچاوی ئەو چوار میکانیزمەی سەرەوە بکرێ، هەندێ جار بە ڕێکەوت کار دەکەن، بەڵام هەڵبژاردنی یەکێک یاخۆ زیاتریان وەک میکانیزمی گۆڕین لە ململانەکەدا دەبێتە مایەی پێکهێنانی ستراتیجەلێکی بەهێز و ئاڵوگۆڕکار. هەڵبژاردنی هەر یەک یان زیاتر لەو میکانیزمانە پشت بە زۆر هۆکار دەبەستێ، لەوانە هێزی ڕەها و ڕێژەییی گرووپە ناکۆکەکان و هەڵوێست و ئامانجی گرووپە ناتوندوتیژەکە.

## بەدیموکراسیکردنی کاریگەرییەکانی گژبەریی سیاسی

بەپێچەوانەی کاریگەرییە ناوەندییەکانی کاری توندوتیژی، تەکنیکەکانی خەباتی ناتوندوتیژ بە چەندان ڕێگە بەشداری لە گۆڕینی کۆمەڵگەی سیاسی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەکەن. یەکێک لە بەشەکانی کاریگەرییە

دیموکراسیەکان نەرێنی یاخۆ (نەدان)ـە ئەمەیش بە پێچەوانەی ئامرازەیلی سەربازی، چونکە ئەم تەکنیکە ئامرازێکی چەوساندنەوە ناداتە دەست تاقمی دەسەڵاتدار کە بکرێ بەمەبەستی دامەزراندن و مانەوەی ڕیژیمێکی دیکتاتۆر دژ بە گەل بەکار بهێنرێ. سەرکردەکانی بزاوی گژبەریکردنی سیاسی دەتوانن کاریگەری و پاڵەپەستۆ بخەنە سەر شوێنکەوتووانیان، بەڵام ڕێگەیان پێ نادرێ بەندیان بکەن یاخۆ بیانکوژن کاتێ نەیارییان دەکەن یاخۆ سەرکردەی نوێ هەڵدەبژێرن.

بەشەکەی تری کاریگەرییە دیموکراسیەکان ئەرێنی یاخۆ بەخشینە، چونکە خەباتی ناتوندوتیژ ئامرازگەلی ئەوتۆ دەبەخشنە گەل کە دەتوانن بەهۆیانەوە ئازادییەکانی خۆیان بەدەست بێنن و لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەمڕۆ یاخۆ داهاتوو، بەرگری لەو ئازادییانە بکەن. ئەمانەی خوارەوە ژمارەیەک لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی خەباتی ناتوندوتیژن:

* لە ئەنجامی شارەزایی پەیداکردن لە خەباتی ناتوندوتیژدا هاووڵاتییان زیاتر متمانە بە خۆیان پەیدا دەکەن لە گژبەریکردنی هەڕەشەکانی ڕیژیمی دەسەڵاتدار، هەروەها گژبەریکردنی توانی ڕیژیم بۆ سەپاندنی شێوازەیلی چەوساندنەوەی توندوتیژ.
* خەباتی ناتوندوتیژ شێوازەکانی هاوکارینەکردن و گژبەریکردن دەستەبەر دەکا، کە هاووڵاتییان لەڕێیەوە دەتوانن بەرەنگاریی زاڵبوونی نادیموکراسییانە لەلایەن هەر دەستە و تاقمێکی دیکتاتۆریەوە بکەن.
* دەتوانرێ خەباتی ناتوندوتیژ بەکار بێ بۆ جەختکردن لە ئازادییە سیاسییەکان، وەک ئازادیی دەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ڕێکخراوە سەربەخۆکان و ئازادیی گردبوونەوە بۆ بەرەنگاریکردنی زاڵبوون و سەرکوتینەوە.
* خەباتی ناتوندوتیژ بەشداریی بەهێز دەکا لە زیندووکردنەوە و لەدایکبوونەوە و بەهێزکردنی گرووپە سەربەخۆکان و دامەزراوەکانی

کۆمەڵگە وەک پێشتر باسمان کرد، کە بەهۆی توانی بزواندنی هێز و توانی هاووڵاتییان و سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر دەسەڵاتی هەر حوکمڕانێکی دیکتاتۆر لە داهاتوودا، بۆ دیموکراسیەت دامەزراوەی زیندوون.

* خەباتی ناتوندوتیژ ئامرازگەلێک دەستەبەر دەکا لەڕێیانەوە هاووڵاتییان دەتوانن هێز جەم بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارە سەرکوتکارانەکانی پۆلیس و سوپای ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان.
* خەباتی ناتوندوتیژ ڕێگەیلێک دەستەبەر دەکا بەهۆیانەوە هاووڵاتییان و دامەزراوە سەربەخۆکان دەتوانن سەرچاوەکانی هێزی تاقمی دەسەڵاتدار کۆت بکەن یاخۆ بیپچڕن و بەو هۆیەشەوە هەڕەشەکردن لە توانی ئەو تاقمە بۆ درێژەدان بە زاڵبوونیان، ئەوەیش لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجە دیموکراسیەکان.

### ئاڵۆزییەکانی خەباتی ناتوندوتیژ

لەم گفتوگۆیەدا تێبینیمان کرد خەباتی ناتوندوتیژ تەکنیکێکی ئاڵۆزی کاری کۆمەلایەتییە، کە چەندان ڕێگە و زنجیرێک لە میکانیزمی گۆڕانکاری و پێداویستیی ڕەفتارکردنی دیاریکراو لەخۆ دەگرن. جا بۆ ئەوەی نوێکردنەوەی سیاسی بەکار بێ، نەخاسمە لە ڕووبەڕووی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکاندا، پێویستی بە وریاییە لە پلاندانان و ئامادەکاریدا، هەروەها پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی چاوەڕوان دەکرێ بەشداری لە کارەکانی گژبەریکردنی سیاسیدا بکەن بزانن لەسەریانە چی بکەن. هەروەک پێویستە سەرچاوە پێویستەکان بەردەست بن. ئەرکی ستراتیجکارەکانیشە لێکدانەوە بۆ بەکارترین ڕێگە لە جێبەجێکردنی خەباتی ناتوندوتیژ بکەن، ئەمە ئەو ڕەگەزە زیندووەیە کە سەرنجی دەخەینە سەر، کە ئەویش بریتییە لە "ئاتاجی بە پلاندانانی ستراتیجی".

ڕێگەی هەمەجۆر هەیە تا لەڕێیانەوە هەڵمەتەکانی گژبەریکردنی سیاسی دژ بە ڕیژیمگەلی دیکتاتۆری دەست پێ بکرێ. لە ڕابردوودا ئەو هەڵمەتانە بەبێ پلان و هاکەزایی بەڕێوە دەچوون. هەروەها ئەو هۆیانەیش کە بوونە مایەی هەڵگیرسانی ئەو هەڵمەتانە دیسان جۆرەوجۆرن، بەڵام بەزۆری بەهۆی ئەنجامدانی ڕەفتارەیلی هەمەجییانەی نوێ لەلایەن ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکانەوە دەبێ، یان بەهۆی گرتن یان کوشتنی کەسانی خاوەن پێگەی گەورە، یان پێڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانە یان جێبەجێکردنی فەرمانی نوێی زۆردارانە بەهۆی لەکەمیدانی خۆراک، یان لەئەنجامی شکاندنی ڕێز و پیرۆزیی ئاینی، یاخۆ لەکاتی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی ڕووداوێکی مێژوویی گرینگ. هەندێ جار دەبینین ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان کارێک دەکەن دەبێتە مایەی تووڕەبوونی خەڵک، بەو هۆیەشەوە خەڵک ڕادەپەڕن بەبێ ئەوەی بزانن شتەکان بە چ ئاقارێکدا دەچن. هەندێ جار چەند کەسێک، یاخۆ گرووپێکی بچووکی بەجەرگ چالاکییەک ئەنجام دەدەن کە پشتگیرییەکی جەماوەریی باشی لێ دەکرێ، ئەنجا کەسانی تریش وەک کاردانەوە بۆ کاری سەرکوتکەرانەی تری هاوشێوە دەچنە ڕیزی بەرگری. لە هەندێ حاڵەتی تردا هەڵمەتەکانی گژبەریکردنی سیاسی وەک بەدەمەوەچوونی بانگەوازی کەس یان کۆمەڵێک بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێک لەدژی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەست پێ دەکا.

ئەگەرچی کارە خۆبەخۆ (عفوی)کان چەندان لایەنی ئەرێنییان هەیە، بەڵام بەزۆری سیفەتگەلی نەرێنییان هەیە. لە زۆربەی جارەکاندا بەرگریکارەیلی دیموکراسی پێشبینیی کاردانەوەی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان ناکەن لە پەیرەوکردنی شێوازی دڕندانە دژ بە بەرگریکاران کە لەبەر ئەو هۆیانە بەرگرییەکەیان هەرەس دێنێ. هەندێ جار لاوازیی پلاندانان لای بزاوەکانی

بەرگریی نیشتمانی ئەنجامی خراپی دەبێ، چونکە دەبێتە مایەی ئەوەی دۆخەکە بڕیار لەبارەی وەرگرتنی بڕیارگەلی چارەنووسسازەوە بدا. جگە لەمە، نەبوونی پلان لەبارەی چۆنیەتیی ئاسانکردنی گۆڕان بەرەو ڕژێمی دیکتاتۆری، ڕۆڵی هەبووە لە دەرکەوتنی ڕژێمگەلی نوێی دیکتاتۆری، تەنانەت پاش لەناوبردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی پێشوو.

**پلاندانانی واقیعی**

ئەو کارە جەماوەرییانەی بەبێ پلان کراون لە داهاتوودا ڕۆڵی گرینگیان دەبێ لە ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمەیلی دیکتاتۆری، بەڵام ئێستە دەتوانرێ بەکارترین ڕێگە بۆ لەناوبردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ئامادە بکرێ و دیاریکردنی ئەو کاتەی هەلومەرجی سیاسی و ئاراستەی جەماوەری تێیدا پێ دەگەن، ئەنجا هەڵبژاردنی چۆنیەتیی دەستپێکردنی هەڵمەتی خەباتی ناتوندوتیژ.

لێرەدا پێویستمان بە بیرکردنەوەی ڕژد هەیە کە لەسەر بناخەی هەڵسەنگاندنی واقیعی شتەکان و تواناکانی گەل دامەزرابێ لەپێناو هەڵبژاردنی شێوەگەلی کارا بۆ بەدیهێنانی ئازادی لەو بارودۆخەدا.

وا چاکە پلان دابنێین بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەمانەوێ بەدیی بێنین، گرینگیی پلاندانان لە گرینگیی ئەو ئامانجەدایە کە کار بۆ بەدیهێنانی دەکەین و خۆ دوورگرتن لەو ئەنجامە خراپانەی بەسەر دۆخەکەدا دەشکێنەوە لە حاڵەتی نشوستهێناندا. پلاندانانی ستراتیجی هەلی قۆستنەوەی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان بە باشترین شێوە زیاد دەکا. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت بەسەر ئەو بزاڤە دیموکراسییانەدا جێبەجێ دەبێ کە سەرچاوەی مادیی سنووردارییان هەیە و لایەنگرانیان لەکاتی هەوڵدانیان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان تووشی مەترسی دەبن. ئەو ڕژێمانە بەردەوام سەرچاوەی ماڵیی زۆر و هێزی ڕێکخستن و توانی ئەنجامدانی

ڕەفتاری دڕندانەیان هەیە.

مەبەست لە "پلاندانانی ستراتیجی" ئامادەکردنی ڕێگەیەکی کارکردنە کە وا بکا گواستنەوە لە دۆخی ئاراوە بۆ دۆخی خوازراوی ئایندە ئاسان بێ. لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە "گواستنەوە" بریتییە لە گواستنەوە لە دیکتاتۆریەتی ئێستەوە بۆ ڕیژیمێکی دیموکراسی لە داهاتوودا.

ئەو پلانەی توانی گەیشتن بەو ئامانجەمان دەداتێ پێک دێ لە زنجیرەیەک هەڵمەت و چالاکیی ڕێکخراوی تر کە بۆ بەهێزکردنی گەل و کۆمەڵگەی ژێر سایەی ستەمکاری و لاوازکردنی دیکتاتۆریەت ساز کراون. بڕوانە، مەبەست تەنیا تێکشکاندنی دیکتاتۆرییەتە باوەکە نییە، بگرە دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیشە. ئەو ستراتیجە سەرەکییەی کە ئامانجی تەنیا بریتی بێ لە تێکشکاندنی حوکمە دیکتاتۆرییەکە، خۆی تووشی مەترسیی گەورە دەکا، ئەویش لەدایکبوونی دیکتاتۆرێکی ستەمکاریی نوێیە.

### کۆسپەکانی بەردەم پلاندانان

زۆر لەوانەی لە ناوچە جیاوازەکانی دنیادا بانگەشە بۆ ئازادبوون دەکەن توانی خۆیان ناخەنە گەڕ بۆ چارەسەری کێشەی بەدیهێنانی ئازادی. ئەوانە بەدەگمەن دان بە بایەخی گەورەی دانانی پلانی ستراتیجی بەر لە دەست بەکارکردن دەنێن، ئەنجامی ئەوەیش شکستە لە گەیشتن بەو ئازادییە.

بۆچی دەبینین کەم لەوانەی تێڕوانینیان لەبارەی ئازادبوونی سیاسیی گەلانیانەوە هەیە، پلانی ستراتیجیی هەمەگیر بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دادەنێن؟ ناخۆشبەختانە دەبینین بەشی هەرەزۆری ئەوانەی گرووپەیلی ئۆپۆزسیۆنیان لێ پێک دێ، دەرک بە گرینگیی پلاندانانی ستراتیجی ناکەن، یاخۆ ڕانەهاتوون و مەشقیان نەکردووە لەسەر بیرکردنەوە بەشێوەی ستراتیجی. پلاندانانی ستراتیجی کارێکی قورسە. سەرکردەکانی بەرگری بەردەوام لەلایەن ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکانەوە دووچاری تەنگ پێهەڵچنین دەبن

و بەرپرسیاریەتیی ڕاستەوخۆیان دەکەوێتە سەر شان، زۆر جار نە ئاسایش و نە کاتیان هەیە بۆ پەرەپێدانی لێهاتنەکانی بیرکردنەوەی ستراتیجی.

لەبەرامبەردا وا باوە هەندێ کار دەکرێ کە وەک کاردانەوەن بۆ دەستپێشخەرییەکانی ڕیژیمی دیکتاتۆر، بەو هۆیەشەوە ئۆپۆزسیۆن بەردەوام لە هێڵێکی بەرگریدایە لەڕێیەوە هەوڵ دەدا پارێزگاری لە ئازادییەلێکی سنووردار بکا، یاخۆ لە خێراییی پێشکەوتنی دیکتاتۆریەت لە کۆنترۆڵکردن کەم بکاتەوە، یان لە باشترین حاڵەتدا کێشە بۆ سیاسەتە نوێیەکانی ڕیژیم بخولقێنێ.

لەوانەیە هەندێ کەس و گرووپ بوونی پلانێکی فرەوان و دوورمەودا بۆ بزاوە ڕزگاریخوازەکان بە پێویست نەبینن، لەبەرامبەردا باوەڕێکی ساویلکانەیان هەبێ کە ئەگەر بەتوندی و بۆ ماوەیەکی بەئەندازەی پێویست درێژ دەست بە ئامانجەکانیانەوە بگرن، ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان سەردەکەون. هەندێکی تر پێیان وایە دامەزراوییان لەسەر بنەما و بیرۆکە خەیاڵییەکانیان لەبەرامبەر دژوارییەکاندا، واتەی وایە ئەوان هەرچی لەتوانیاندا بێ دەیکەن. دەستگرتن بە ئامانجە مرۆییەکان و دڵسۆزی بۆ خەونە خەیاڵییەکان کارێکی نایابە، بەڵام بۆ کارکردن لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆرییەت و بەدیهێنانی ئازادی هەرگیز کارێکی گونجاو نییە.

لەوانەیە نەیارانی دیکتاتۆرییەت ساویلکانە پێیان وابێ بەکارهێنانی توندوتیژیی پێویست ئازادی بەدی دێنێ، بەڵام وەک باسمان کرد، توندوتیژی بەدیهێنانی سەرکەوتن مسۆگەر ناکا، چونکە سەردەکێشێ بۆ شکست یاخۆ کارەسات یان هەردووکیان. جگە لەوەیش لە زۆربەی کاتەکاندا ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان ساز و ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی توندوتیژ و بەدەگمەن بووە ڕاستییە سەربازییەکان لە بەرژەوەندیی بزاڤە دیموکراسیەکان بووبێ.

هەندێ لە چالاکانی بزاوەیل ڕزگاریخواز کارەکەیان بەو شێوەیە دەکەن کە هەستیان ئاراستەیان دەکا و ئەو کارانەی لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەدا دەیکەن خۆپەرستانە دەبێ و پێویستی بە ڕێنوێنیکردن هەیە بۆ پەرەپێدانی ستراتیجێکی سەرەکیی ئازادبوون.

ئەو کارانەیش کە لەسەر "بیرکردنەوە پێشکەوتوو"ەکانی هەندێ کەس دامەزراون، سنووردارن. ئێمە پێویستمان بە کارێک هەیە کە لەسەر بناخەی ئامادەکارییەکی هۆشیارانە دامەزرابێ بۆ "هەنگاوەکانی داهاتوو" کە بۆ خستنی دیکتاتۆرییەت پێویستن. نەبوونی لێکدانەوەیەکی ستراتیجی دەبێتە مایەی ئەوەی سەرکردەکان بێئاگا بن لە "هەنگاوەکانی داهاتوو" چونکە ئەوان بە وردی بیریان لەو هەنگاوە دیاریکراوانە نەکردووەتەوە کە دەکرێ لە قۆناخی داهاتوودا بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن بنرێن. عەقڵی داهێنەرانە و بیرۆکەی ڕۆشن زۆر گرینگن بەڵام پێویستیان بە قۆستنەوە هەیە، ئەویش لەپێناو هێنانەکایەی پێشکەوتنێک لە دۆخی ستراتیجیی هێزە دیموکراسیەکاندا.

هەندێ خەڵک داوای "کردنی هەموو شتێک لە یەک کاتدا"دەکەن لە حاڵەتی زانینی بوونی چەندان شێوە لە کارکردن کە دەکرێ دژی دیکتاتۆرییەت بەکار بێن بەڵام بەبێ زانینی خاڵی دەستپێکردن، لەوانەیە ئەمە کەڵکی هەبێ بەڵام مەحاڵە، نەخاسمە لە حاڵەتی بوونی بەرگرییەکی لاوازدا، ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە ڕێبازە ئەو خاڵە دیاری ناکا کە دەبێتە شوێنی دەسپێک، هەروەها ئەو شوێنە دیاری ناکا کە پێویستە هەوڵەکانی تێدا چڕ بکرێنەوە، یان چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوەکان کە بەردەوام سنووردارن.

لەوانەیە هەندێ پێیان وابێ پێویست بە هەندێ پلان دەکا، بەڵام توانی بیرکردنەوەیان لەم ڕووەوە لە مەودایەکی کورت یاخۆ لە سنووری بنەما تەکتیکیەکاندا دەوەستێ، چونکە نازانن کە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگر یان شیمانەی پلاندانان لەسەر ئاستێکی دوورمەودا هەیە. ڕەنگە نەتوانن

بەشێوەیەکی ستراتیجی بیر بکەنەوە و شرۆڤە بکەن، لەبەرئەوە دەکەونە هەڵەی چڕکردنە سەر هەندێ کێشەی تا ڕادەیەک بچووک لەڕێی بەرپەرچدانەوەی کارەکانی دژبەرەکە لەباتی ئەوەی دەستپێشخەری بکەن بۆ ئەنجامدانی بەرەنگاریی دیموکراسی. تەرخانکردنی وزەگەلی زۆر لە چالاکییەلێکی کورت مەودادا دەبێتە هۆی شکستهێنانی ئەو سەرکردانە لە دۆزینەوەی ڕێگەی زۆری بەدیل بۆ کارکردن، کە جڵەوی هەموو کۆششەکان دەکا بەرەو نێزیکبوونەوەی بەردەوام لەبەدیهێنانی ئامانج.

هەروەها لەوانەیە هەندێ بزاڤی دیموکراسی پلانێکی ستراتیجی بۆ زاڵبوون بەسەر دیکتاتۆرییەت دانەنێن و لەبەر هەر هۆیەک بێ چڕ (تەرکیز) دەکەنە سەر کێشە هەنوکەییەکان. کەسانی ناو ئەم بزاوە دیموکراسییانە لەو بڕوایەدا نین کە کۆششە تایبەتەکانیان دەبنە مایەی لەناوبردنی دیکتاتۆرییەت، هەر بۆیە پلاندان لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆرییەت بەفیڕۆدانی کاتە، یاخۆ کارکردن لەو بوارەدا بە هیچ ئەنجامێک ناگا.

زانراوە ئەو گەلانەی لەپێناو ئازادیدا خەبات دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرە دڕەکان دەکەن ڕووبەڕووی هێزێکی ترسناکی سوپا و پۆلیس دەبنەوە، وەک ئەوەی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان بتوانن ئەوەی دەیانەوێ بیکەن. لێرەشەوە ئەم گەلانە ئومێد لەدەست دەدەن، بەڵام لەبەر هۆیەلی پێوەست بە دەستپاکی یان مێژوویی، گژبەریی ئەو ڕژێمانە دەکەن، ئەگەرچی ئەوان قەت دانیان بەمەدا نەناوە و هەستیشی پێ ناکەن، بەڵام پێیان وایە کارەکەیان بێ ئەنجامە، هەر بۆیە بە بۆچوونی ئەوان پلاندانی ستراتیجی بێ هوودەیە.

شکستهێنان لە پلاندانانی ستراتیجیدا کارەساتبار دەبێ، چونکە هێز بەفیڕۆ دەچێ و کارەکان بێ کاریگەر دەبن و وزەکان لەبەین دەچن و لایەنە باشەکان ناقۆزرێنەوە و قوربانییەکان بە با دەچن. ئەگەر دیموکراتەکان بەشێوەیەکی ستراتیجی پلان دانەنێن ئەوا لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا نشوست دێنن. ئەمە جگە لەوەی پلاندانانی لاواز و ناتەباییی چالاکییەکانی

کۆشـشـە گـەورەکـان بەرگـرییـەکـە بۆ پـێـشـەوە نابەن، بگرە دەبنە مـایەی زیاتربوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت، لێرەیشەوە دیکتاتۆرییەت لەوە بەهێزتر دەردەکەوێ کـە هەیە و بۆ چەندان سـاڵ و دەیە دەژی، چونکە دەگـمـەن ڕێک دەکەوێ پلانە ستراتیجییە هەمەلایەنەکانی ڕزگاربوون، پێشکەوتوو بن.

## چوار زاراوەی گرینگ بۆ پلاندانی ستراتیجی

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ستراتیجی بیر بکەینەوە، دەبێ واتەی چوار زاراوەی سەرەکی بە ڕوونی بزانین:

سـتـراتیـجی سـەرەکی: ئەو چەمکەیە هەوڵ دەدا گـرووپێک هاوئاهـەنگی لەنێوان هەمـوو سـەرچاوە گونجـاو و بەردەسـتـەکاندا بکا و ڕێنوێنی بدا بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانیان (سەرچاوە ئابووری و مرۆیی و ئەخلاقی و سیاسی و ڕێکخستنەکان.. هتد) لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە کێشەکەدا.

سـتـراتیـجی سـەرەکی، لەڕێی چڕکـردنە سـەر ئامـانج و سـەرچاوەکـانی گرووپەکە لەکاتی کێشـەکەدا دیاری دەکرێ، واتە گونجاوترین تەکنیکەکانی کارکردن (وەک بەکارهێنانی چەک یان خەباتی توندوتیژ لە ململانەکەدا). هەر بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی بەرگری خوێندنەوەی هەبێ و پلان دابنێ بۆ زانینی ئەو پاڵەپەسـتـۆ و کـارتێکردنانەی لەکـاتی دانـانی سـتـراتیـجـە سـەرەکـیـیـەکـەدا دژ بە دوژمن بەکـار دێن. ئەمـە جگە لـەوەی سـتـراتیـجی سـەرەکی بڕیاری تیدایە لەبارەی گونجـاوترین بارودۆخ و باشـترین کـات بۆ دەست بە بەرەنگاریکردن.

سـتـراتیـجی سـەرەکی چوارچێـوەی بنچـینەیی دادەنـێ بۆ دیاریکردنی ستراتیجگەلی تری سنووردار بۆ خەباتکردن، هەروەها دابەشکردنی ئەرکە گـشـتـیـیـەکـان بەسـەر گـرووپەیلی بچـووک و دابـەشکردنی سـەرچاوە بەکارهاتووەکان لە خەباتدا دیاری دەکا.

ستراتیج: ئەو چەمکەیە پێوەندیی بە باشترین ڕێگەوە هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلی دیاریکراو لەکاتی ململانەدا و لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجە سەرەکییەدا کار دەکا کە هاتووەتە هەڵبژاردن. ستراتیج بایەخ بە هەڵبژاردنی کات و چۆنیەتیی خەباتەکە و بەدیهێنانی باشترین کاریگەری بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو دەدا. دەکرێ ستراتیج بە چەمکی هونەرمەند بەراورد بکەین، لەکاتێکدا پلانی ستراتیجی بە پلانی ئەندازیاری بیناسازی بەراورد بکرێ.[١٢]

ستراتیج هەروەها ئەو کۆششانەیش لەخۆ دەگرێ کە بەخەرج دەدرێن بۆ دانانی ستراتیجێکی زۆر گونجاو، بەشێوەیەک تێیدا دژبەر بتوانێ پێشبینیی ئەوە بکا ململانەی کراوە دووچاری شکستێکی حەتمی دەکا، هەر بۆیە بەبێ ئەوەی ناچار بێ ئەو خەباتە کراوەیە ئەنجام بدا، خۆ بەدەستەوە دەدا. ئەگەر ئەمەیشی نەکرد، ئەوا دۆخە ستراتیجییە پێشکەوتووەکە سەرکەوتنی گژبەریکارانی ململانەکە مسۆگەر دەکا. ستراتیج باس لە چۆنیەتیی کارکردن لەپێناو بەکارهێنانێکی باشی سەرکەوتنەکان لەکاتی بەدیهاتنیاندا دەکا.

پلانە ستراتیجییەکە لەکاتی جێبەجێکردنی لە ڕێڕەوی خەباتدا دەبێتە بیرۆکەی سەرەکی کە چۆنیەتیی پەرەسەندنی هەڵمەتەکە و چۆنیەتیی پێکەوەبەستنی پێکهێنەرەکانی کۆنترۆڵ دەکا، تا بتوانن بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجەکەدا بکەن.

شایانە گوتنە پلانە ستراتیجییەکە پێویستی بە دابەشکردنێکی زیرەکانەی گرووپی دیاریکراوی کار هەیە بەسەر کردەوەیلی بچووکتردا. پلاندانان بۆ ستراتیجێکی دانایانە دەبێ پێداویستییەکانی سەرکەوتن بۆ کاری تەکنیکە هەڵبژێردراوەکەی خەبات لەبەرچاو بگرێ، لەبەرئەوەی هەر تەکنیکێکی جیاواز ئاتاجی بە کۆمەڵێ پێداویستیی تایبەتە. بەڵام بەتەبیعەتی حاڵ تەنیا دابینکردنی ئەو پێداویستییانە واتەی مسۆگەرکردنی

سـەرکـەوتن نـییـە، چونکە هۆکـاری تر هەن کـە بۆ بەدیهـێنانـی سـەرکـەوتن پێویستمان پێیانە.

دەبێ دیموکراسیستەکان لەکاتی دانانی ستراتیجدا ئامانجەکانیان بە ڕوونی بزانن و چۆنیـەتیی پێـوانەکـردنی کـاریگەریی کـۆشـشـەکـان بۆ بەدیـهـێنانی ئامـانجـەکـان دیاری بکەن، چونکە پێناسـە و شـیکردنەوە یارمـەتیی سـتـراتیـجکارەکـان دەدا تا بە وردی بزانن پێـداویسـتـییـەکـانی بەدیـهـێنانی هەر ئامـانجـێک چین، جگە لەوەیش ڕوونی و ناسین بەسـەر پلاندانانی تەکتیکیشدا دەچەسپێ.

تەکتیک و ڕێگەکانی کارکردن لەپێناو جێبەجێکردنی سـتـراتیجەکەدا بەکار دێن، تەکتیک پێوەندیی بە بەکارهێنانی زرنگانەی هێزەکانەوە هەیە بە باشترین شێوە لە دۆخێکی دیاریکراودا، چونکە تەکتیک کارێکی دیاریکراوە بۆ بەدیهـێنانی ئامـانجـێکی دیاریکراو بەکـار دێ. چەمکی باشـتـرین بەکارهێنانی ئامرازە بەردەستەکانی شـەڕ بۆ جێبەجێکردنی ستراتیج، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی تەکتیکەکە دەدا.

بۆ ئەوەی تـەکـتـیک لە باشـتـرین دۆخـدا بێ دەبێ تەکـتـیک و ڕێگەکـان هەڵبـژێرین و بۆ بەدیـهێنانی ئامـانجـە سـتـراتیـجـیـەکـان بەردەوام بە وردی جێبەجێیان بکەین. ئەو دەسکەوتە تەکتیکییەی نەبێتە مایەی نێزیککەوتنەوە لە بەدەستـهێنانی ئامانجـەیلی ستراتیجی، دواجار بـەفیـڕۆدانی وزەیە. هەر بۆیە تـەکـتـیک جـەخت دەکـاتە سـەر ڕێڕەوی کـارێکی دیاریکراو کـە لەگـەڵ ستراتیجە فرەوانەکەدا دەگونجێ، هەروەک سـتراتیجە فرەوانەکەیش لەگەڵ سـتـراتیـجـە سـەرەکییـەکەدا دەگـونجێ. زۆر جـاریش تەکـتـیک پێوەندیی بە شەڕەوە هەیە. هـەرچی سـتراتیجە ئەوە مـەودای فرەوانتر دەگرێتـەوە. دەکرێ تەکتیکێکی دیاریکراو وەک بەشـێک لە سـتراتجێکی تەواوەتی بۆ شەڕ یاخـۆ هەڵمـەتێک سـەیر بکرێ. تەکـتیک لە ماوەی کـورتـتـر یان شـوێنی بچـووکتـر (وەک جوگرافیا یان دامەزراوە و...هتد) لەوەی لە سـتـراتیجدا هەیە جێبەجێ

دەكرێ، یاخۆ لەرێی ژمارەیەكی دیاریكراو لە خەڵك یان بۆ ئامانجگەلێكی سنووورداتر ئەنجام دەدرێ. جیاكردنەوەی ئامانجە تاكتیكیەكان و ئامانجە ستراتیجیەكە لە كارە توندوتیژیەكاندا بەوە دەبێ بزانرێ، ئاخۆ ئامانجی كارەكە بچووكە یاخۆ گەورەیە.

پێكدادانی تەكتیكیی هێرشبەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجیەكان بەكار دێ، پێكدادانە تەكتیكیەكان ئامرازی دەستی ستراتیجكارانە بۆ هێنانەكایەی هەلومەرجێك كە زەوینە بۆ ئەنجامدانی هێرشی یەكلاكەرەوە دژ بە دوژمن ساز دەكا، هەر بۆیە زۆر گرینگە ئەوانەی لە پلاندانان و جێبەجێكردنی كردەوە سەربازییەكان بەرپرسن، لە خوێندنەوەی دۆخەكەدا زرنگ بن و گونجاوترین رێگە هەڵبژێرن. هەروەها پێویستە لەسەرمان مەشق بەو كەسانە بكەین كە بەشداری لە بەكارهێنانی تەكنیكە هەڵبژێردراوەكە و رێگە دیاریكراوەكەدا دەكەن.

مەبەست لە رێگەكان ئەو چەك یاخۆ ئامرازانەیە بۆ كاركردن دەستنیشان كراون، كە دەیان شێوەی كار دەگرێتەوە (وەك مانگرتن و بایكۆتكردن و هاوكارینەكردنی سیاسی و هی تری لەو شێوە) لە تەكنیكی خەباتی ناتوندوتیژ كە پێشتر روون كراونەتەوە، هەروەها لە پاشكۆكەدا.

پەرەپێدانی پلانێكی ستراتیجیی بەرپرس و بەكار بۆ خەباتی ناتوندوتیژ پشت بە وردبینی لە پێكهێنان و هەڵبژاردنی ستراتیجە سەرەكییەكە و ستراتیجەكانی تر و تەكتیك و رێگەكان دەبەستێ.

وانەی سەرەكیی ئەم گفتوگۆیە ئەوەیە لە پلاندانانی ستراتیجیدا بۆ رزگاربوون لە دیكتاتۆرییەت، پێویستە زیرەكیی مرۆڤ بەباشی بەكار بێ، چونكە نشوستهێنان لە پلاندانانی زیرەكانەدا كارەساتی لێ دەكەوێتەوە، لەكاتێكدا بەكارهێنانی كارای توانا عەقڵییەكانی مرۆڤ دەبێتە مایەی دانانی رێبازێكی ستراتیجی كە زیرەكانە خزمەتی سەرچاوە بەردەستەكان دەكا، تا كۆمەڵگە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی ئازادی و دیموكراسی هەنگاو بنێ.

سەرکردەکانی بەرگری پێویستیان بە دانانی نەخشەکارێکی هەمەگیر هەیە لەپێناو زیادکردنی دەرفەتی سەرکەوتنی بەرگرییەکە، بەشێوەیەک ئەم پلانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەو گەلانەی ماوەیەکی زۆر لە نەهامەتیدا ژیاون، لەبەرامبەریشدا ڕێژیمە دیکتاتۆرەکە لاواز دەکا و لەبەینی دەبا و کار بۆ دروستکردنی سیستمێکی دیموکراسیی بەهێز دەکا.

بۆ ئەوەی بگەینە ئەم پلانە پێویستمان بە هەڵسەنگاندێکی باش هەیە بۆ دۆخەکە بژارە بەردەستەکان بۆ ئەنجامدانی کارێکی بەکار، لەڕێی ئەم شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەوە دەتوانین ستراتیجیەتێکی سەرەکی و چەندان ستراتیج بۆ هەڵمەتە تایبەتەکان دابنێین و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی پەرەیان پێ بدەین. وێڕای پێکەوەبەسترانی ئەم ستراتیجانە، بەڵام یەکەمیان جیایە لە دووەم، چونکە پەرەپێدانی ستراتیجەکانی هەڵمەتەکان بەتەواوەتی، تەنیا پاش پەرەپێدانی ستراتیجە سەرەکییەکە دەست پێ دەکا. ئەمە جگە لەوەی پێویست بە دانانی نەخشەیەک دەکا بۆ ستراتیجی هەڵمەتەکان لەپێناو بەدیهێنان و بەهێزکردنی ئامانجە ستراتیجییە سەرەکییەکە.

پەرەپێدانی ستراتیجیەتی بەرگریکردن پێویستی بە ڕەچاوکردنی چەندان پرسیار و ئەرک هەیە. لێرەدا پێویستە لەسەرمان هەندێ لەو هۆکارە گشتییانە بناسێنین کە پێویستە لەسەر ئاستی ستراتیجە سەرەکییەکە و هەروەها لەسەر ئاستی ستراتیجەیلی هەڵمەتەکان لەبەرچاو بگیرێن. پلاندانانی ستراتیجی دەخوازێ پلاندانەرانی بەرگری تێگەیشتنێکی قووڵیان بۆ هەموو لایەنەکانی ململانەکە هەبێ، کە فاکتەرە مادی و مێژوویی و حکوومی و سەربازی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی و ئابووری و ناودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە، چونکە ناتوانرێ ستراتیجەکان پەرە پێ بدرێن مەگەر لە چوارچێوەی خەباتێکی دیاریکراو و پاشخانەکانیدا نەبێ.

زۆر گرینگە سەرکردە و پلاندانەرە ستراتیجیەکان خوێندنەوەیەک بۆ بایەخی کێشەکە و ئامانجەکان و لێکدانەوەی ئەوەی ئاخۆ شایستەی ئەوەن خەباتێکی بەرفرەوانیان بۆ بکرێ یان نا، بکەن. هەروەها گرینگە ئامانجی ڕاستەقینەی خەبات دیاری بکرێ، بەڵام پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە تەنیا لەناوبردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێ ئامانج هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد بێ کە سیستەمێکی دیموکراسی حوکمڕانیی بکا. ڕۆشنیی ئەو پرسە لای خۆیەوە کاریگەریی دەبێ لەسەر پەرەپێدانی ستراتیجە سەرەکییەکە و ئەو ستراتیجییانەی لێی دەکەونەوە.

پێویستە ستراتیجکاران بەشێوەیەکی تایبەت وەڵامی ئەو پرسیارە بنچینەییانە بدەنەوە:

* کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم بەدیهێنانی ئازادی چین؟
* ئەو هۆکارانە چین بەدیهێنانی ئازادی ئاسان دەکەن؟
* خاڵە سەرەکییەکانی هێزی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری چین؟
* خاڵە لاوازەکانی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری چین؟
* تا چەندە سەرچاوەکانی هێزی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری دەکرێ کاریان تێ بکرێ؟
* خاڵەکانی هێزی هێزەیلی دیموکرات و هاوولاتییان بەگشتی چین؟
* خاڵە لاوازەکانی هێزەیلی دیموکرات چین و چۆن دەتوانین چارەسەریان بکەین؟
* هەڵوێستی لایەنەکانی تر چییە کە ڕۆڵی ناڕاستەوخۆیان لە ململانەکەدا هەیە، بەڵام یارمەتییان داوە یان دەکرێ یارمەتیی ڕیژیمی دیکتاتۆر یاخۆ بزووتنەوە دیموکراسیەکە بدەن و چۆن؟

## هەڵبژاردنی شێواز

پلاندانەران لەسەر ئاستی ستراتیجی سەرەکی پێویستیان بە هەڵبژاردنی شێوازە سەرەکییەکانی خەبات هەیە کە لە ململانەکەدا بەکار دێن، هەروەها پێویستە باشی و دیاریکەرەکانی چەندان تەکنیکی جێگرەوەی خەبات بێنە هەڵسەنگاندن، وەک شەڕی سەربازیی کلاسیک و شەڕی پارتیزانی و گژبەریکردنی سیاسی و تەکنیکەکانی تر.

دەبێ ستراتیجکاران لەکاتی هەڵبژاردنی شێوازەکانی خەباتدا ئەم پرسیارانەیان لەبەرچاو بێ: ئاخۆ ئەو شێوە خەباتەی دێتە هەڵبژاردن لە توانی بزووتنەوە دیموکراسیەکەدایە؟ ئایا تەکنیکە هەڵبژێردراوەکە خاڵەکانی هێزی گەلی ژێردەست بەکار دێنێ؟ ئاخۆ ئەم تەکنیکە خاڵە لاوازەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە دەکاتە ئامانج، یاخۆ خاڵەکانی هێزی؟ ئایا ئەم شێوازە یارمەتیی دیموکراسییەکان دەدا لەوەی زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن، یان پێویستیان بە پشتبەستن بە لایەنی تر یاخۆ پاڵپشتیی دەرەکی هەیە؟ کامەیە تۆماری بەکارهێنانی ئەو شێوازە هەڵبژێردراوانە لە لەناوبردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان؟ ئاخۆ ئەو شێوازانە، ئەو زیان و وێرانییەی کە لەوانەیە لە کاتی ململانەکەدا ڕوو بدا زیاد دەکەن یان سنوورداری دەکەن؟ ئەو کاریگەرییانە چین کە شێوازە هەڵبژێردراوەکان لەسەر جۆری ئەو حکوومەتە بەجێی دێڵن کە پاش بەدیهێنانی سەرکەوتن لە خەبات دەکەوێتەوە؟

پێویستە ئەو جۆرە کارانە لە ستراتیجە سەرەکییەکە هەڵاوێرد بکرێن، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجی خوازراو. لە بەشەکانی پێشوودا باسمان لەوە کرد گژبەریکردنی سیاسی تایبەتمەندیی ئەرێنیی گرینگ بە تەکنیکەکانی تری خەبات دەدا، هەر بۆیە پێویستە ستراتیجکارەکان ململانە دیاریکراوەکە بپشکنن و بڕیار بدەن ئاخۆ گژبەریکردنی سیاسی وەڵامێکی ڕوونی ئەو پرسیارانەی پێشوو دەداتەوە یاخۆ نا.

## پلاندان لەپێناو دیموکراسی

دەبێ لەبیرمان نەچێ ئامانجی ستراتیجی سەرەکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا تەنیا لەناوبردنی دیکتاتۆریەت نییە، بگرە کارەکە بەردەوام دەبێ تا سیستمێکی دیموکراسی دێتە دامەزراندن و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەتێکی نوێ دەکاتە شتێکی مەحاڵ. دەبێ شێوازە هەڵبژێردراوەکانی خەبات بتوانن بەشداری لە گۆڕینی دابەشکردنی هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەدا بکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە باس کران (لەناوبردنی دیکتاتۆریەت، هێنانەکایەی سیستمێکی دیموکراسی، مەحاڵیی دەرکەوتنی دیکتاتۆریەتێکی نوێ).

دیارە لە سایەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا گەلان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەبن و لەبەرامبەردا حکوومەت زۆر بەهێز دەبێ. جا ئەگەر گۆڕانێک لەم پارسەنگیی هێزانەدا ڕوو نەدا، ئەوا حوکمڕانە نوێیەکان ئەگەر بیانەوێ دەتوانن ببنە حوکمڕانی دیکتاتۆریی نوێ، بۆیە دەبێ تەنیا "شۆڕشێک لەناو کۆشک" و تەنیا کودەتایەک دژی دەسەڵات ڕەت بکەینەوە.

گژبەریکردنی سیاسی بەشداری دەکا لە هێنانەکایەی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی هێزە کاریگەرەکان لەڕێی تەیارکردنی کۆمەڵگە لەدژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکە، وەک لە بەشی پێنجەمدا ڕوونمان کردەوە. ئەو کارانەیش لە چەند ڕێگەیەکەوە ڕوو دەدەن، چونکە پەرەپێدانی تواناکانی خەباتی ناتوندوتیژ واتەی ئەوەیە تواناکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە لەبەرامبەر کارە توندوتیژەکاندا ناتوانێ هاووڵاتییان بتۆقێنێ و ملیان پێ کەچ بکا، چونکە شێوازگەلی بەهێزیان لەدەستدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پەکخستنی دیکتاتۆریەت لە سەپاندنی هێزی خۆیدا. ئەمە جگە لەوەی تەیارکردنی هێزی میللی لەڕێی گژبەریکردنی سیاسییەوە دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە بەهێز دەکا، چونکە ئەو ئەزموونەی لە بەکارهێنانی هێزی کاریگەر بەدەست

دێ بەئاسانی لەبیر ناکرێ و ئەو زانیاری و لێهاتنانەی لەکاتی خەباتدا بەدەست دێن، وا لە گەل دەکا بەتوانتر بێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دیکتاتۆرێکی نوێ. ئەم گۆڕانە لە پارسەنگی هێزدا هەلی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بەهێز زیاد دەکا.

**یارمەتیی دەرەکی**

هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێژەییی بەرگریی ناوەخۆیی و گوشارە دەرەکییەکان لەپێناو لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەشێکە لە ئامادەکرنی ستراتیجی سەرەکی. ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی پرسی هێزی سەرەکیی لە خەباتدا کردووە کە پێویستە لەناوەخۆی دەوڵەتەکە خۆیەوە بێ، بەشێوەیەک یارمەتیی ناودەوڵەتی بەرەنجامی ئەوە بێ کە خەباتی ناوەخۆ بەدەستی دێنێ.

دەتوانرێ هەوڵ بخرێتە گەڕ تا وەک تەواوکەرێکی لەخۆبوردە ڕای گشتیی جیهانی دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان بەکار بێ، ئەویش لەسەر بنەواگەلێکی ئینسانی و ئەخلاقی و ئاینی. هەروەک دەکرێ هەوڵ بدرێ حکوومەت و ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان کۆمەڵێ سزای دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری بەسەر ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا بسەپێنن، لەوانەیە ئەو سزایانە شێوەی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، قەدەغەکردنی پێفرۆشتنی چەک و دابەزاندنی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی دیبلۆماسی یاخو برینی پێوەندییەلی دیبلۆماسی و ڕێگرتن لە یارمەتیدانی ئابووری و قەدەغەکردنی وەبەرهێنان لەو دەوڵەتانەی ڕژێمی دیکتاتۆری حوکمیان دەکا، وەربگرێ. ئەمە جگە لە دەرکردنی نوێنەرانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکە لە ڕێکخراوە ناودەوڵەتییە جیاوازەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. جگە لەمەیش، ئێمە دەتوانین یارمەتیی ناودەوڵەتی، کە یارمەتیی ماڵی و میدیایی دەگرێتەوە، ڕاستەوخۆ بۆ لای هێزە دیموکراسیەکان با بدەینەوە.

## دانانی ستراتیجێکی سەرەکی

پلاندانەرانی ستراتیجی سەرەکی پاش هەڵسەنگاندنی دۆخەکە کار دەکەن بۆ ئەوەی باشترین هێڵی پان و بەرین بۆ بەرێوەچوونی خەبات دابنێن، کە ئەو هێڵانە دۆخی ئێستە لەخۆ دەگرێ و پەل دەکێشێ بۆ ڕزگاربوون لە داهاتوو و دامەزراوەکانی سیستمە دیموکراسیەکە.

ئەو پلاندانەرانە دەبێ لەکاتی دانانی ستراتیجە سەرەکییەکەدا ژمارەیەک پرسیار لە خۆیان بکەن، چونکە ئەو پرسیارانە (دیاریکراوتر لە ڕابردوو) ئەو لایەنانە دەستنیشان دەکەن کە پێویستن بۆ دانانی ستراتیجێکی سەرەکی بۆ خەباتێک کە گژبەریکردنی سیاسی بەکار دێنێ، لەبەرچاو بگیرێن.

پرسیارەکان ئەمانەن:

* باشترین ڕێگە بۆ دەستکردن بە خەباتێکی درێژخایەن چییە؟
* ئەو گەلەی لەژێر چەپۆکی ستەمکاریدا دەناڵێنێ، چۆن دەتوانێ متمانەی پێویست بەخۆی و هێزی پێویست پەیدا بکا، تا بتوانێ گژبەریی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری بکا، با لە سەرەتادا بەشێوەیەکی سنوورداریش بێ؟
* چۆن دەکرێ بە تێپەڕبوونی کات و بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی، توانی هاوولاتییان بۆ جێبەجێکردنی هاوکارینەکردن و گژبەری زیاد بکەین؟
* ئامانجەکانی زنجیرێک هەڵمەتی سنووردار بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتی دیموکراسی بەسەر کۆمەڵگە و تەنگ هەڵچنین بە دیکتاتۆریەت چین؟
* ئایا هیچ دامەزراوەیەک هەیە لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا ژیابێ و بکرێ لە خەباتی ئازادیخوازیدا بەکار بهێنرێ؟
* ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگە کامانەن کە دەکرێ لەژێر چنگی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەربهێنرێن، یان ئەو دامەزراوانە چین کە پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی دیموکراسییەکان بێنە دامەزراندن و

هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی دیموکراسی تەنانەت لەسایەی بەردەوامیی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەشدا؟

* چۆن دەتوانین هێزی ڕێکخستنی بەرگری پەرە پێ بدەین؟
* چۆن دەتوانرێ مەشق بە بەشداران بکرێ؟
* سەرچاوە (دارایی و کەرەستەیی و...)ەکان چین کە بۆ شەڕەکە پێویستن؟
* ئەو جۆرە ڕەمزییەتە چییە کە دەتوانێ خەڵک خڕ بکاتەوە؟
* ئەو جۆرە کارانە چین کە لاوازبوونی سەرچاوەکانی هێزی حوکمە دیکتاتۆرییەکە زیاد دەکەن و دەیانبڕن و لە چ قۆناخێکدا بەکار دێن؟
* چۆن گەلی بەرگریکار دەتوانێ بەردەوام بێ لەسەر درێژەدان بە گژبەریکردن، یاخۆ لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە خۆگرتنی ناتوندوتیژی پێویست بکا؟
* کۆمەڵگە چۆن دەتوانێ لەکاتی خەباتدا لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنچینەییەکانی بەردەوام بێ؟
* چۆن دەتوانرێ لەکاتی ململانەکەدا پارێزگاری لە سیستمی کۆمەڵایەتی بکرێ؟
* بەرگریی دیموکراسی چۆن دەتوانێ لە دروستکردنی دامەزراوە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە بەردەوام بێ لە قۆناخی پاش دیکتاتۆریەتدا کاتێ سەعاتی سەرکەوتن نێزیک دەبێتەوە، تا پرۆسەی گۆڕان (لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی) ئاسان بکا؟

پلانێکی ستراتیجیی یەکگرتوو نییە بۆ هەریەک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، چونکە هەر بزاڤێک هەوڵ دەدا ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی تایبەت لەناو ببا و سیستمێکی دیموکراسی دابمەزرێنێ کە جیاوازە لەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی تر. دوو دۆخ نییە بەتەواوی لەیەک بچن، هەر سیستمێکی دیکتاتۆری تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەروەها توانی گەلانی تریش جیاوازە.

بۆیە دەبێ پلاندانەرانی ستراتیجی سەرەکیی خەبات بەشێوەی گژبەریکردنی سیاسی، تێگەیشتنێکی قووڵیان هەبێ، نەک تەنیا لەو ململانە دیاریکراوەی تایبەت بە خۆیان، بگرە بە شێوازە هەڵبژێراوەکانی خەباتیش.[١٣]

هۆی باش هەن دەخوازن ستراتیجی سەرەکیی خەبات ئاشکرا بکرێ پاش ئەوەی بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و نەفەسدرێژانە جێبەجێ دەکرێ، چونکە ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک کە پێویستە بەشداری بکەن، دڵگەرمانەتر و باشتر کار دەکەن کاتێ لە چەمکە گشتییەکە و ڕێنوێنییە دیاریکراوەکان بۆ ستراتیجە گەورەکە شارەزا بن و ئەو زانیارییە جێکەوتی ئەرێنیی دەبێ لەسەر ورە و ئارەزووی بەشداریکردنیان و کارکردن وەک ئەوەی پێویستە. بەو شێوەیەش هێڵە گشتییەکانی ستراتیجە سەرەکییەکە لای حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان نمایان دەبێ و دەگونجێ ئاگەدارییان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ستراتیجە، وا بکا لە بەرپەرچدانەوەیدا شێوازی کەم دڕتر بەکار بهێنن، چونکە دەزانن گەر وا نەکەن لە ڕووی سیاسییەوە بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە. هەروەک لەوانەیە زانینی خەسڵەتەکانی ستراتیجە سەرەکییەکە مشتومڕ و پاشگەزبوونەوە لەنێو سەربازگەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەدا دروست بکا.

لەو کاتەی پلانەکەی ستراتیجە سەرەکییەکە بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی پەسند دەکرێ، دەبێ گرووپەیلی لایەنگری دیموکراسیەت پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی بکەن و لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا نەبێ بە ستراتیجە سەرەکییە یەکەمەکە دەست بە خەبات بکرێ. هەروەها دەبێ پلاندانەرەکان کار بۆ گۆڕینی ستراتیجە سەرەکییەکە بکەن کاتێ بەڵگەی پێویست هەبوو لەسەر شکستهێنانی، یاخۆ کاتێ هەلومەرجی خەباتکردن بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێ. بەهەر حاڵ، ئەو گۆڕانکارییە تەنیا ئەو کاتە دەکرێ کە پێداچوونەوەیەکی بنچینەیی بکرێ و پلانێکی ستراتیجیی سەرەکیی نوێی گونجاوتر دادەنرێ و پەسند دەکرێ.

## نەخشەكێشانی ستراتیجەكانی هەڵمەتەكە

ئەو دانایی و بەڵێنانەی ستراتیجە سەرەكییە پەرەپێدراوەكە بۆ لەناوبردنی دیكتاتۆریەت و بنیاتنانی دیموكراسیەت پێشكێشیان دەكا، مانای وا نییە خۆی خۆی جێبەجێ دەكا. هەر بۆیە وای دەبینین پێویستە ستراتیجگەلێكی تایبەت پەرە پێ بدرێ بۆ ڕێنوێنیكردنی هەڵمەتە گەورەكان كە ئامانجیان تێكشكاندنی دەسەڵاتی ڕیژیمە دیكتاتۆرەكەیە. ئەم ستراتیجەیلە بە نۆرەی خۆی هەڵدەستێ بە ئاوێتە و ڕێنوێنیكردنی ژمارەیەك لە پێكدادانە تەكتیكیەكان كە ئامانجیان تێسرەواندنی چەند گورزێكی یەكلاكەرەوەیە لە ڕیژیمە دیكتاتۆرییەكە. پێویستە تەكتیك و ڕێگە دیاریكراوەكانی كاركردن بە وردی بێنە هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بەشداری لە بەدیهێنانی هەر ستراتیجێكی دیاریكراودا بكەن. شایانی گوتنە ئەم گفتوگۆیە تەنیا چڕ دەكاتە سەر ئاستی ستراتیج.

پێویستە ئەو ستراتیجكارانەی پلانەكانی هەڵمەتە سەرەكییەكان دادەنێن، هەروەك پلاندانەرانی ستراتیجە سەرەكییەكە، ئاگەداریی تەواویان هەبێ لە سرووشتی شێوازی كاركردنی تەكنیكە هەڵبژێردراوەكانی خەبات. هەروەك چۆن پێویستە ئەفسەرانی سەربازی لە پەیكەربەندیی سوپا و تەكتیكەكان و كارە لۆجستیەكان و تەقەمەنی و كاریگەرییە جوگرافیەكان و شتی لەو شێوەیە تێ بگەن تا بتوانن ستراتیجی سەربازی دابنێن، بەهەمان شێوە لەسەر پلاندانەرانی گژبەریی سیاسیش پێویستە لە سرووشت و بنەوایەلی ستراتیجیەتی خەباتی ناتوندوتیژ تێ بگەن. گرینگە ئەوەیش بزانین تەنانەت لەكاتی شارەزایی پەیداكردن لە خەباتی ناتوندوتیژ و ڕەچاوكردنی ڕاسپاردەكانی ناو ئەم كتێبە و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانیش، ستراتیج بەرهەم ناهێنێ، چونكە دانانی ستراتیجگەلی خەبات پێویستی بە داهێنان و هۆشیاری هەیە. لەسەر ستراتیجكارانی گژبەریكردنی سیاسی پێویستە

لەکاتی دانانی پلانی ستراتیجگەلێکی دیاریکراودا بۆ هەڵمەتەکانی بەرگریکردنێکی دیاریکراو و پەرەپێدانی خەباتی ڕزگاریخواز لە مەودای دووردا، ژمارەیەک پرسی جیاواز لەبەرچاو بگرن. ئەو پرسانەیش برێتین لە:

* دیاریکردنی ئامانجە تایبەتەکانی هەڵمەتەکە و بەشداریکردنی لە جێبەجێکردنی ستراتیجە سەرەکییەکەدا.

* ڕەچاوکردنی ڕێگە دیاریکراوەکان یاخۆ ئەو چەکە سیاسییانەی دەکرێ لە جێبەجێکردنی ستراتیجە هەڵبژێدراوەکاندا بەکار بێ. هەروەها پێویستە پلانە تەکتیکییە بچووکەکان دیاری بکرێن، هەروەها ئەو ڕێگە دیاریکراوانە دیاری بکرێن کە دەویسترێ لە پاڵەپەستۆ و لە دانانی کۆتوبەند لەسەر سەرچاوەکانی هێزی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە لە پلانە هەمەگیرەکەی هەڵمەتێکی ستراتیجیی دیاریکراو بەکار بهێنرێ. پێویستە لەبیرمان بێ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان بەرەنجامی جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێکی تایبەتی بچووکە بەشێوەیەکی تۆکمە.

* دیاریکردنی چۆنیەتیی بەستنەوەی پرسە ئابوورییەکان بە خەباتەوە، کە لە ڕاستیدا خەباتێکی سیاسییە. پێویستە پاش لەناوبردنی دیکتاتۆریەت ستەمکارییە ئابوورییەکانیش لەناو بەرین کاتێ پرسە ئابوورییەکان دەبنە پرسی دیار لە خەباتدا، ئەگینا هەر زوو ڕزگاربوون لە بیروباوەڕی هەڵە و کێشانەوەی لایەندی جێگیر دەبن ئەگەر بێت و لە ماوەی گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەی دیموکراسی چارەسەری خێرا بۆ پرسە ئابوورییەکان نەدۆزینەوە. ئەم دەرککردنە بە بیروباوەڕی هەڵە دەبێتە مایەی کردنەوەی بوار لەبەردەم هێزەیلی دیکتاتۆری کە بەڵێنی کۆتاهێنان بە نەهامەتییە ئابوورییەکان دەدەن.

* دیاریکردنی جۆری پەیکەربەندیی سەرکردایەتی و جۆری سیستەمی ڕاگەیاندن کە بتوانن دەست بە بەرگری بکەن، هەروەها دیاریکردنی ڕێگەکانی دروستکردنی بڕیار و ڕێگە بەردەستەکانی میدیا لەکاتی خەباتدا، ئەویش لەپێناو پێشکێشکردنی ڕێنوێنیی بەردەوام بە

بەرگریکاران و گەل بەگشتی.

* بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی بەرگری لەنێو خەڵک بەگشتی و هێزە نیزامیەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە و میدیای جیهانی، بەشێوەیەک هەموو بانگەشە و ڕاپۆرتەکان بەردەوام ڕاست و دروست بن، چونکە زێدەڕەویکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەشانەی هیچ بنچینەیەکیان نییە، جێمتمانەیی بەرگری لاواز دەکا.

* دانانی پلانگەلی سەربەخۆ و بنیاتنەر بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتی و فێرکاری و ئابووری و سیاسییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی خەڵک لەکاتی ململانەکەدا، ئەو پلانانەنیش کەسانێک بەڕێوەیان دەبەن کە ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە چالاکییەکانی بەرگرییەوە هەیە.

* دیاریکردنی جۆری ئەو یارمەتییە دەرەکییەی کە وەرگرتنی بە گونجاو دەزانرێ لە پاڵپشتیکردنی هەڵمەتێکی دیاریکراو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گشتیدا. چۆن دەکرێ یارمەتیی دەرەکی جەم بکرێ بەبێ ئەوەی وا بکرێ خەباتە ناوەخۆییەکە پشت بە هۆکارگەلێکی دەرەکیی نامسۆگەر ببەستێ؟ پێویستە بۆ یارمەتی وەگرتن گونجاوترین گرووپە دەرەکییەکان هەڵبژێردرێن، وەک ڕێکخراوە ئەهلیەکان (بزاوەیلی کۆمەڵایەتی، گرووپەیلی ئاینی و سیاسی و سەندیکایەل کرێکاران و... هتد)، حکوومەتەکان و/ یان نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جۆرەوجۆرەکانی.

هەروەها لەسەر پلاندانەرانی بەرەنگاری پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ پاراستنی سیستەم و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەدا، بەوەیش دامەزراوەی جێگرەوەی دیموکراسیی سەربەخۆ دروست دەبن کە وەڵامگۆی پێداویستییە ڕاستەقینەکان دەبن و نرخی هەر پڕوپاگەندەیەک کەم دەکاتەوە کە بەهانە بدۆزێتەوە گوایە پێویستە پەنا بۆ زەبروزەنگ و سەرکوت ببرێ لەپێناو پارێزگاریکردن لە سیستەم و یاسا.

## بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی هاوکارینەکردن

دەرککردنی گەل بە بیرۆکەی هاوکارینەکردن کارێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتی گژبەریکردنی سیاسی دژ بە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان. نموونەکەی "گەورەی مەیموونەکان" پیشانمان دەدا کە بیرۆکە بنچینەیییەکە سادەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ژمارەیەکی پێویست لە شوێنکەوتووان، لەگەڵ بوونی سەرکوتینەوەیشدا، بۆ ماوەیەکی پێویست هاوکاریکردنیان ڕاگرت، ئەوا سیستمی سەرکوتینەوە و چەوساندنەوەکە لاواز دەبێ و هەرەس دێنێ.

ئەو گەلانەی لەژێر سایەی ڕیژیمەیلی دیکتاتۆریدا دەژین، لە چەندان سەرچاوەوە شارەزایی لە چەمکی هاوکارینەکردن پەیدا دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ هێزە دیموکراسیەکان کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە بکەن لەڕێی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "گەورەی مەیموونەکان" یان هەر چیرۆکێکی ترەوە کە لێ تێگەیشتنی ئاسان بێ. کاتێ چەمکی هاوکارینەکردن دەبێتە باو، ئیتر خەڵک دەتوانن لە پێوەندیی ئەو بانگەشە داهاتوویییانە بگەن کە داوای ڕاگرتنی هاوکاری دەکەن وەک هەنگاوێک دژ بە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان، هەروەها دەتوانن خۆیان بەتەنیا چەندان نموونەی هاوکارینەکردن لە دۆخگەلی نوێدا دابهێنن.

ئەزموونە دیموکراسیەکان سەلماندوویانە دەکرێ هزر و هەواڵ و ڕێنوێنییەکانی هێزی بەرگری بڵاو بکرێنەوە، وێڕای ئەو سەختی و مەترسییانەی لە ڕەفتاری ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان لەو ڕووەوە دەکەونەوە.

بۆ نموونە بەرگریکاران توانییان پێوەندی نەک تەنیا لەگەڵ چەند تاک تاکەیەکی خەڵک، بگرە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر خەڵک ببەستن، ئەویش لەڕێی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیلی نایاسایی و بڵاوکراوە و کتێب و کاسێت و لە قۆناخی دواتریشدا کاسێتی ڤیدیۆیی، تەنانەت لە سەردەمی حوکمی نازییەت و شیوعیەتیشدا.

بوونی پلانێکی ستراتیجی دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئامادە و بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنیی گشتی بۆ بەرگریکاران، کە ئەو ڕێنوێنییانە ئاماژە بەو کێشە و بارودۆخانە دەکەن کە دەخوازن گەل بێتە دەنگ و پێڕەوی لە سیاسەتی هاوکارینەکردن بکا و لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئاگەدار بێ. گەل تێ دەگا چۆن لە کێشە گرینگەکاندا ڕەفتار دەکا تەنانەت لە حاڵەتی پچڕانی دەرچوون یاخۆ وەرگرتنی هەندێ ڕێنوێنی لەنێوان سەرکردە دیموکراسیەکاندا. ئەو ڕێنوێنییانە هەروەها بەرچاوڕوونی لەبارەی ناسینەوەی "ڕێنوێنیی ساختە"ش دەستەبەر دەکا کە پۆلیسی سیاسی -کە مەبەستیەتی زیان بە ناوبانگی بزووتنەوە بەرگریکارەکە بگەیەنێ- دەری دەکا و دەیداتە پاڵ هێزی بەرگری.

## سەرکوتینەوە و ڕێگەکانی بەرەنگاریکردنی

پلاندانەرانی ستراتیجی ئەو ڕێوشوێن و شێوازە سەرکوتکەرانە هەڵدەسەنگێنن کە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لە بەرامبەر کارەکانی بەرگرییە دیموکراسیەکەدا پەنایان بۆ دەبەن، چونکە زانینی چۆنیەتیی خۆڕاگری و بەرەنگاریکردنی ئەم ڕێوشوێن و شێوازانە یاخۆ زانینی چۆنیەتیی زیادکردنیان، بەبێ مل بۆ کەچکردنیان، کارێکی پێویستە. ئەم هەڵسەنگاندنە لە ڕووی تەکتیکەوە و لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کار بۆ ئاگەدارکردنەوەی گەل و بەرگریکاران دەکا لە ڕێوشوێنە چاوەڕوانکراوەکانی سەرکوتینەوە، بەو هۆیەوە زانیارییان لەبارەی مەترسییەکانی بەشداریکردن لە بەرگریکردندا دەست دەکەوێ، ئەمە جگە لەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە بوار دەڕەخسێنێ بۆ دابینکردنی چاودێریی پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی لە ڕیزی بەرگریکاراندا لەکاتی هەڵمەتی سەرکوتینەوەیان لەلایەن حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکانەوە بریندار دەبن.

ستراتیجکاران کارێکی باش دەکەن ئەگەر باسیان لە پرسی بەکارهێنانی

ئەو تەکتیک و ڕێگەیانە کرد کە بەشداری دەکەن لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەی هەڵمەتەکە یاخۆ ڕزگاربوون، لە هەمان کاتیشدا سەرکوتکاری دژ بە بەرگریکارانی دیموکراسی کەم دەکاتەوە یان بەری پێ دەگرێ. بۆ نموونە خۆپیشاندان و ڕێپێوان دژی ڕیژیمە دیکتاتۆرییە نەگریسەکان شتێکی کاریگەرە، بەڵام لەوانەیە ژیانی هەزاران کەس بخاتە مەترسی. لەبەرامبەردا دەگونجێ مانەوە لە ماڵ و مانگرتن و هاوکارینەکرنی بەرفرەوان کە فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی پێی هەڵدەستن، لە خۆپیشاندەکانیش کە ژیانی زۆر کەس دەخەنە مەترسی، کاریگەرتر بن.

هەندێ کەس دەڵێن کارەکانی بەرەنگاریکردنی ئاڵۆسکێن (استفزازی) کە تێیاندا زۆر کەس لەوانەیە بەر بکەون، بۆ ئامانجەیلی ستراتیجی پێویستە، بەڵام پێویستە قەبارەی بەرکەوتنەکان و ئەو دەسکەوتانەی دەکرێ بەدەست بێن ڕەچاو بکرێ. ئاخۆ خەڵک و بزاڤی بەرگری لەماوەی خەباتەکەدا، خۆگرانە و بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەفتار دەکەن؟ ئایا دەتوانن بەرگەی ئەو کارانە بگرن کە دیقەدیقەیان دەدا و هانیان دەدا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی؟ دەبێ پلاندانەران ئەو ڕێوشوێنانە لەبەرچاو بگرن کە دەکرێ بەکار بێن بۆ پارێزگاریکردن لە خۆگریی ناتوندوتیژ لەگەڵ پارێزگاریکردن لە بەرگریکردن وێڕای ڕەفتارە دڕندانە و سەرشێتانەکان.

ئاخۆ ئەم ڕێوشوێنانە، کە بریتییە لە پەیمان و لێدوانەکانی سیاسییەکان و ئەو بڵاوکراوانەی داوای خۆگری دەکەن و داوا لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندەرەکان دەکەن بایکۆتی ئەو کەس و گرووپانەی داوای بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن، بکەن کاریگەر دەبن؟ دەبێ سەرکردەکان چاوکراوە بن لە بوونی بەکرێگیراوانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە، کە خۆپیشاندەران بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی هان دەدەن.

### پابەندبوون بە پلانە ستراتیجیەکەوە

نابێ هێزەیلی دیموکرات بە جموجوولە بچووکەکانەوە سەرقاڵ بکەن کە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان ئەنجامیان دەدەن بۆ دوورخستنەوەیان لە ستراتیجە سەرەکییەکە و ستراتیجی هەڵمەتە تایبەتەکە، کاتێ دانانی پلانە ستراتیجییەکە تەواو دەبێ.، لێرەشەوە دەبێ چڕکردن لەسەر هەندێ چالاکیی گرینگ بێ: جگە لەوە نابێ ڕێگە بە سۆزە ساتییەکان بدەین کە پەرچەکردارن بۆ ڕەفتارەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییە وەحشییەکان، ڕێڕەوی بەرگرییە دیموکراسییەکە بگۆڕێ و بەئاقارێکی دوور لە ستراتیجە سەرەکییەکە یاخۆ ستراتیجی هەڵمەتەکەیدا ببا. ئامانجی ڕەفتارەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە هێزە دیموکراسیەکان ناچار بکەن بۆ دەستبەردار بوون لە پلانی خەباتی ناتوندوتیژ و بەکارهێنانی توندوتیژی، بەو هۆیەوە ئەو ڕیژیمانە پاساویان دەکەوێتە دەست بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و تێکشکاندنی بەرگرییە دیموکراسییەکە بەئاسانی.

بوونی شیکردنەوەی سیاسی دەرفەت دەداتە هێزە دیموکراسیەکان تا قۆناخ بە قۆناخ بۆ پێشەوە بچن. دیارە بە تەبیعەتی حاڵ گۆڕانکاری لە تەکتیک و ئامانجە خێراکاندا ڕوو دەدا، بەڵام سەرکردە چاکەکان دەتوانن هەموو هەلێک بقۆزنەوە. بەهەرحاڵ، ئەو گۆڕانانە ئامانجی ستراتیجە سەرەکییەکە یان هەڵمەتە تایبەتەکان نین و دەبێ بزانین جێبەجێکردنی شێنەیی ستراتیجە سەرەکییە دیاریکراوەکە و ستراتیجەکانی هەڵمەتە تایبەتەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری لە سەرکەوتندا دەکا.

### گژبەریکردنی سیاسی

ئەو ئەرکە بەراییانەی لە حاڵەتەکانی هەستکردن بە لاوازی و ترسدا بە گەل دەسپێردرێن ئەرکی کەم مەترسین و کار بۆ دروستکردنی متمانە لەناو

خەڵکدا دەکەن. ئەم جۆرە کارانە، وەک لەبەرکردنی جلوبەرگ بەشێوەیەکی نائاسایی، گوزارشت لە ڕایەکی نەیار دەکا و هەلی بەشداریکردنی بەرفرەوان لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆندا دەداتە جەماوەر. لە هەندێ حاڵەتی تردا دەتوانین کاری بەکۆمەڵ چڕ بکەینە سەر پرسەیلی بچووکی ناسیاسی وەک دابینکردنی سەرچاوەی ئاو. پێویستە ستراتیجکاران کێشەیەک هەڵبژێرن کە فرە ناسراو بێ و ئاستەم بێ تایبەتمەندییەکانی ڕەت بکرێنەوە. سەرکەوتن لەم حاڵەتە سنووردارانەدا چارەسەری هەندێ ستەمکاریی دیاریکراو دەکات و لە هەمان کاتیشدا گەل هەست دەکا هێزی هەیە.

نابێ ستراتیجکارانی هەڵمەتەکان لە ململانە درێژخایەنەکاندا ئامانجیان ڕووخاندنی تەواوەتی و دەستبەجێی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکە بێ، بگرە دەبێ چەند ئامانجێکی سنووردایان هەبێ، هەروەک نابێ هەموو هەڵمەتەکان پێویست بە بەشداریکردنی هەموو کەرتەکانی هاووڵاتییان بکەن.

پێویستە ستراتیجکارانی گژبەری ئەوە لەبەرچاو بگرن کە چۆن هەڵمەتەکان لە سەرەتاکانیان و لە ناوەڕاست و هەروەها لەکاتی نێزیکبوونەوەی کۆتای خەباتە دوور و درێژەکەدا، لەیەک جیاوازن، ئەویش لەکاتی بیرکردنەوە لە زنجیرێک هەڵمەتی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجە سەرەکییەکە.

## بەرگرییەکی هەڵبژێردراو

جێبەجێکردنی ژمارەیەک هەڵمەتی خاوەن ئامانجی تایبەت و جیاواز لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتدا سوودی گەورەیان دەبێ، چونکە ئەم هەڵمەتە هەڵبژێردراوانە بەدوای یەکدا دێن و لەوانەیشە پێکداچوون لەنێوان کاتی دووان یاخۆ سیانیاندا ڕوو بدا.

گرینگە لەکاتی پلاندانان بۆ ستراتیجیەتی "بەرگرییەکی هەڵبژاردە"دا، ژمارەیەک پرس یان ستەمکاریی دیاریکراوی تایبەت دیاری بکرێن کە

چەوساندنەوە گشتییەکەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەرجەستە دەکەن، بەشێوەیەک ئەو پرسانە وەک ئامانجگەلێکی گونجاو دەبن بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتەکان و بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی ستراتیجیی مامناوەند لە چوارچێوەی ستراتیجە سەرەکییە گشتییەکەدا.

دەبێ ئەم ئامانجگەلە ستراتیجییە مامناوەندە لەڕێی ئەو هێزە بەردەستەی ئێستە و چاوەڕوانکراوەی بزاڤە دیموکراسیەکانەوە بەدەست بهێنرێ، ئەوەیش یارمەتیی مسۆگەرکردنی زنجیرێک سەرکەوتن دەدا کە ورە بەرز دەکاتەوە و لە ماوەدای دووری خەباتدا بەشداری لە گۆڕانی ڕوو لە زیادی پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی هێزەیلی دیموکراسی دەکا.

پێویستە ستراتیجەکانی بەرگریی هەڵبژاردە یەکەم شت چڕ بکاتە سەر کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری یاخۆ سیاسییەکان، بەشێوەیەک بەشێک لە سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە دوور لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکە پارێزگاریی لێ بکرێ، یاخۆ دەسەڵات بەسەر بەشێک لەوەی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان کۆنترۆڵیان کردووە بگێڕدرێتەوە، یان ڕێگە نەدرێ دەستیان بگاتە ئامانجێکی دیاریکراو. هەڵمەتی بەرگریی هەڵبژاردە وەک لەسەرەوە باسمان کرد، ئەگەر کرا دەبێ لە یەکێک یان زیاتری خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆریەت بدا، بەو شێوەیەش دیموکراتەکان بەبەکارهێنانی هێزی بەردەستیان گەورەترین کاریگەری بەدی دێنن.

ستراتیجکارەکان پێویستیان بەوەیە لانی کەم ستراتیجی هەڵمەتی یەکەم لە قۆناخێکی زوودا دابنێن، بەشێوەیەک ئەو پلانە کرۆکی ئامانجە دیاریکراوەکانی و چۆنیەتیی یارمەتیدانی بۆ بەدیهێنانی ستراتیجە سەرەکییە هەڵبژاردەکە لەخۆ بگرێ. وا ژیرانەترە هێڵە گشتییەکانی ستراتیجی هەردوو قۆناخی دووەم و سێیەم دابنرێن، بەشێوەیەک ئەم ستراتیجانە دەبێ ستراتیجە سەرەکییە هەڵبژاردەکە جێبەجێ بکەن، بە ڕێنوێنییە گشتییەکانیەوە.

## گژبەرییەکی ڕەمزی

کارە بەراییەکان لە قۆناخەکانی سەرەتای هەڵمەتی تێکوپێکشکاندنی سیستمە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکە، مۆرکێکی سیاسی و کورت مەودا وەردەگرن و وا دارێژراون ڕای گشتی لە ئەزموون بدەن و کاری تێ بکەن و هاوولاتییان بۆ خەباتێکی سەرەمڕ لەڕێی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی سیاسییەوە ساز و ئامادە بکەن.

کارەیلی بەرایی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی سیاسی شێوەی ناڕەزاییگەلێکی ڕەمزی، یاخۆ هەندێ کاری ڕەمزی لە هاوکارینەکردنی سنووردار یاخۆ کاتی لەخۆ دەگرن. جا ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی ئارەزووی کارکردن دەکەن بچووک بێ، ئەوا ئەو کارانە تەنیا بریتی دەبێ لە دانانی گوڵ لە هەندێ شوێنی خاوەن بایەخی ڕەمزی. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەیش ئارەزووی بەشداریکردن دەکەن گەورە بێ، هەندێ کاری وەک ڕاگرتنی هەموو چالاکییەک بۆ ماوەی پێنج خولەک، یاخۆ بێدەنگی بۆ ماوەی چەند خولەکێک ئەنجام دەدرێن.

لە هەندێ حاڵەتی تردا ژمارەیەک کەس دەتوانن مان لە خواردن بگرن یاخۆ لە شوێنێکی ڕەمزیدا خەڵوەت بکێشن، یان قوتابییان بۆ ماوەیەکی کورت بایکۆتی وەرگرتنی وانەی خۆیان بکەن، یاخۆ لە نووسینگەیەکی گرینگدا پەناگیری. توندترینی ئەم جۆرە کارانە بە ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی بەهێز وەلام دەدرێنەوە.

هەندێ کاری ڕەمزی، وەک پەناگیری لەبەردەم کۆشکی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکە یاخۆ بارەگەکانی پۆلیسی سیاسی، مەترسیی زۆری تێدایە و وا چاکە لە سەرەتای هەڵمەتەکەدا پەنای بۆ نەبرێ.

وا باوە ناڕەزایی دەربڕینە ڕەمزییە بەراییەکان بایەخێکی جیهانییان پێ دەدرێ، وەک خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە بۆرما لە ساڵی ١٩٨٨، هەروەها

ئەو دەست بەسەرداگرتن و مانگرتن لە خواردنەی قوتابییان لە گۆڕەپانی تیانانمین لە بەکین لە ساڵی ١٩٨٩ ئەنجامیان دا. ژمارەی زۆری ئەو خۆپیشاندەرانەی لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەرکەوتن، ئاماژە بەوە دەکا کە پێویستە ستراتیجکارەکان چەندە بە وردی پلان بۆ هەڵمەتەکان دابنێن، چونکە وێڕای جێکەوتی گەورەی ئەخلاقی و دەروونیی ئەم کارانە، بەڵام ناتوانن ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان لەناو بەرن، بەڵکو زیاتر وەک شتێکی ڕەمزی دەمێننەوە و گۆڕانکارییەک لە سەنتەری هێزی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا ناهێننە کایە.

لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتدا، ئاستەمە بەتەواوی و بەخێرایی جیاوازی لەنێوان سەرچاوەکانی هێزی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەدا بکرێ، چونکە ئەمە دەخوازێ هەموو گەل و هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، کە لە ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر ملکەچ بووە- لەڕێی هاوکارینەکردنی جەماوەریی بەرفرەوانەوە ڕێژیمەکە بەتەواوی ڕەت بکەنەوە و لەپڕ دەست بدەنە گژبەریکردنی. ئەمە هێشتا ڕووی نەداوە، بەدیهێنانیشی ئاستەمە، هەر بۆیە بوونی هەڵمەتێکی خێرای هاوکارینەکردنی تەواوەتی و گژبەریکردن، لە ڕووی ستراتیجییەوە بۆ هەڵمەتێک کە لە قۆناخە بەراییەکانیدا بێ دژی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری، واقیعی نییە.

### بڵاوکردنەوەی بەرپرسیارێتی

لەکاتی جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی دیاریکراوی بەرگریدا، قورسایی خەبات دەکەوێتە ئەستۆی کەرتێک یاخۆ زیاتری هاووڵاتییان، ئەنجا لە قۆناخی داهاتووی هەڵمەتەکانی خەباتدا بارەکە بۆ ئەستۆی هەندێ گرووپی تر دەگوازرێتەوە. بۆ نموونە، قوتابییان دژی هەندێ کێشەی فێرکاری مانگرتنی نارەزایی ئەنجام دەدەن، سەرکردەیلی ئاینی و بڕواداران چڕ دەکەنە سەر پرسی ئازادییە ئاینییەکان، کرێکارانی هێڵی ئاسن بە وردی چاودێریی ڕێوشوێنەکانی سەلامەتی دەکەن تا جووڵەی شەمەندەفەرەکان هێواش بکەن،

ڕۆژنامەنووسانیش لەڕێی بڵاوکردنەوەی لاپەڕەی سپی لەبری وتارە قەدەخەکان گژبەریی سانسۆری حکوومەت دەکەن، کۆمپانیای پێوەندداریش ڕاپۆرت لەبارەی شکستهێنانی لە دۆزینەوە و دەستگیرکردنی کەسانی داواکراوی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسی پێشکێش دەکا. دابەشکردنی هەڵمەتەکانی بەرگری، بەپێی جۆری کێشەکە و هەروەها بەپێی گرووپەکانی دانیشتووان، دەرفەتی حەوانەوە دەداتە چەند بەشێک لە هاووڵاتییان لەو کاتەی بەرگریکردن بەردەوامە.

بەرگریی هەڵبژاردە بایەخێکی تایبەتی هەیە لە بەرگریکردن لە بوون و سەربەخۆیی گرووپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکە (لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا بە کورتی تاوتوێ کراوە). ئەم ناوەندانەی هێز بنکە دامەزراوەییەکان دروست دەکەن کە هاووڵاتییان بەهۆیانەوە دەتوانن گوشار بکەن یاخۆ بەرەنگاریی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بکەن. کەواتە هیچ سەیر نییە لێدانی ئەم ناوەندانەی هێز لە یەکەمین ئامانجەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری بن.

### سێرەگرتن لە هێزی دیکتاتۆر

پێویستە ستراتیجکارەکان خۆیان ساز بکەن بۆ بەستنەوەی سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان کاتێ خەباتەکە پەرە دەسێنێ بۆ پاش ستراتیجە بەراییەکان و دەگوازرێتەوە بۆ قۆناخەیلی پێشکەوتووی خاوەن چاوەڕوانیی زیاتر، بەشێوەیەک ئامانج بریتی بێ لە بەکارهێنانی هاوکارینەکردنی جەماوەری بۆ هێنانەکایەی دۆخێکی ستراتیجی کە لە بەرژەوەندیی هێزە دیموکراسیەکان بێ.

ستراتیجکاران کار دەکەن بۆ بەرنامەڕێژیکردن بۆ ئەنجامدانی هاوکارینەکردنی زیاتر و نوێکردنەوەی خواستدار بەمەبەستی بڕینی سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە لەو کاتەی بەرگرییە

دیموکراسیەکە هێز پەیدا دەکا، بەشێوەیەک ئامانج زیادکردنی فەلەجکردنی سیاسی و لە کۆتاشدا هەڵتەکاندنی خودی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکە بێ.

لەکاتی پلاندانان بۆ چۆنیەتیی کارکردنی هێزە دیموکراسیەکان پێویست بە وریایی و ئاگەداری دەکا، ئەویش بەمەبەستی لاوازکردنی ئەو پاڵپشتیەی لە ڕابردوودا خەڵک و گرووپەکان پێشکێشی ڕیژیمە دیکتاتۆرەکەیان کردووە. ئاخۆ پەردەلادان لەسەر ڕەفتارە هەمەجیەکانی ڕیژیم پاڵپشتیی خەڵک لەو ڕیژیمە کەم دەکاتەوە و ئایا دەتوانرێ دیکتاتۆریەت لەڕێی ئاشکراکردنی ئەو کارەساتانەی لە سیاسەتە ئابوورییەکانی کەوتوونەتەوە، یان لەڕێی تێگەیشتنێکی نوێوە بێتە ڕووخان؟ دەبێ هانی لایەنگرانی ڕیژیمی دیکتاتۆری بدرێ لە چالاکیەکانیاندا لانی کەم بێلایەن بن، باشتریش وایە لایەنگری کارای بزووتنەوە دیموکراسیەکە بن.

لەکاتی پلاندانان و جێبەجێکردنی گژبەریی سیاسی و هاوکارینەکردندا، دەبێ چڕ بکرێتە سەر لایەنگر و یاریدەدەرانی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان، لەوانە گرووپی حوکمڕانە دیکتاتۆرییە ناوەخۆییەکان و حزبە سیاسییەکەیان و پۆلیس و بیرۆکراتەکان، چڕکردن بەتایبەتیش بکرێتە سەر سوپا.

دەبێ هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕادەی لابەندیی سوپا (سەرباز و ئەفسەران) بۆ ڕیژیمی دیکتاتۆری بکرێ، ئەنجا دیاری بکرێ ئاخۆ دەکرێ هێزە سەربازییەکان بکەونە ژێر کاریگەریی هێزە دیموکراسیەکان. ئایا ژمارەی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی ناڕازین و دەترسن زۆرن؟ ئاخۆ دەکرێ ژمارەیەکی زۆر سەرباز و ئەفسەر لەبەر هۆیەلی کەسی و بنەماڵەیی و سیاسی لە ڕیژیم دوور بخرێنەوە؟ ئەو هۆکارانەی تر چین وا دەکەن سەرباز و ئەفسەران بکەونە بەر گۆڕانی دیموکراسی؟

دەبێ لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیدا ستراتیجێکی تایبەت دابنرێ بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ سەرباز و فەرمانبەرانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، ئەویش لەڕێی ئەو وشە و هێما و کارانەی هێزەیلی دیموکراسی

دەتوانن بە سەربازەکانی ڕابگەیەنن کە خەباتی ڕزگاریخواز توند و چارەنووسساز و بەردەوام دەبێ. پێویستە سەربازان بزانن خەبات تایبەتمەندیی خۆی هەیە و سوورە لەسەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی سەربازان دروست ناکا. ئامانجی بالایش لەو کۆششانە شکاندنی ورەی سەربازان و لەوێشەوە گۆڕینی لایەندی و گوێڕایەڵییانە لە بەرژەوەندیی بزاڤە دیموکراسییەکە. دەکرێ ستراتیجی نوێ بۆ بادانەوەی پۆلیس و فەرمانبەرانی حکوومەتیش ئاراستە بکرێ.

دەبێ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزی و هاندان بۆ یاخیبوون لەنێو هێزەکانی ڕیژیمدا بەوە لێک نەدرێتەوە کە ئەوە هاندانی هێزە سەربازییەکانە بۆ دەستکردنەوە و لەناوبردنی خێرای ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان لەڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە، چونکە ئەم جۆرە کارە دیموکراسیەتێکی کردەیی ناچەسپێنێ، هەروەک کودەتاکردنیش بەسەر ڕیژیمی دەسەلاتداردا چارەسەری پێوەندیەلی هێز لەنێوان گەل و دەسەلاتداران ناکا، هەر بۆیە پێویستە پلان دابنرێ بۆ چۆنیەتیی کارکردن لەسەر قایلکردنی ئەفسەرە سەربازییە هاوسۆزەکان بەوەی پێویست بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی یاخۆ بەرپاکردنی شەڕێکی مەدەنی دژی دیکتاتۆریەت ناکا.

ئەفسەرە هاوسۆزەکان دەتوانن ڕۆڵێکی زیندوو لە خەباتی دیموکراسیدا ببینن، وەک بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کێشانەوەی لایەندی و هاوکارینەکردن لەنێو هێزەکانی سوپادا، هاندانی ناکاراییی بەئەنقەست، پشتگوێخستنی فەرمانەکان و پشتگیریکردنی ڕەتکردنەوەی سەرکوتینەوە. سەربازییەکان هەروەها دەتوانن شێوەی جیاواز لە یارمەتیی ناتوندوتژ پێشکێشی بزاڤە دیموکراسیەکە بکەن، وەک دابینکردنی ڕێڕەوێکی ئارام، زانیاری و خواردن و پێداویستیی پزیشکی و شتی لەو شێوەیە.

سوپا بە یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان

دادەنرێ، چونکە دەتوانێ یەکە سەربازییەکان و چەکەکانیان ڕاستەوخۆ بقۆزێتەوە بۆ پەلامـاردان و سزادانی گەلی یاخی. دەبێ ستراتیجکارانی گژبەریکردن لەبیریان نەچێ کە ئاستەم، یان مەحاڵ دەبێ، چۆک بە دیکتاتۆریەت دابدرێ ئەگەر بێت و هێزەکانی پۆلیس و تۆڕی فەرمانبەرانی دەوڵەت و هێزە سەربازییەکان پاڵپشتیی تەواو لە دیکتاتۆریەت بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، هەر بۆیە ئەرکی ستراتیجکارە دیموکراسیەکانە گرینگیی یەکەم بە ستراتیجێک بدەن کە کار لەسەر گۆڕینی لابەندیی هێزەکانی ڕیژیمی دیکتاتۆری بکا.

دەبێ هێزە دیموکراسیەکان ئەوەیان لەبیر بێ کە کێشانەوەی لابەندی و یاخیبوون لەنێو هێزە سەربازییەکاندا زۆر مەترسیدارە بۆ سەر ئەندامانی ئەو هێزانە، چونکە پۆلیس و سوپا بە قورسی سزا دەدرێن ئەگەر هاتوو هەر کارێکیان کرد پێچەوانەی ئەو فەرمانانە بوو کە ئاراستەیان کراون و لێیان یاخی بوون. پێویستە داوا لە سەرباز و ئەفسەرەکان نەکەن ڕاستەوخۆ یاخی بن، لەبری ئەوە دەکرێ هێڵی پێوەندییان لەگەڵ بکەینەوە و ڕوونی بکەینەوە کە چەندان شێوەی ئەمنیی ڕێژەیی لە "یاخیبوونی شاراوە" هەیە کە دەکرێ بیکەن. بۆ نموونە پۆلیس و سوپا دەتوانن ئەو ڕێنوێنییانە جێبەجێ بکەن کە پێوەندییان بە سەرکوتینەوەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ناکارا، یان بانگەشەی نەدۆزینەوەی داواکراوان بکەن، یاخۆ بەرگریکاران ئاگەدار بکەنەوە تا لەو سەرکوتینەوە و گرتن و دوورخستنەوەی پلانیان بۆ دانراوە خۆیان ببوێرن، هەروەها نەگەیاندنی زانیاریی گرینگ بە ئەفسەرانی سەرووتر. هەروەها ئەفسەران دەتوانن تێپەڕاندنی فەرمانەکانی سەرکوتینەوە بەپێی پلەبەندیی فەرمانەکان پشتگوێ بخەن. سەربازان دەتوانن تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا بکەن، فەرمانبەرانی حکوومەت دەتوانن هەندێ فایل و ڕێنوێنی شوێنبزر بکەن، بە ناکارایی کار بکەن، یان خۆیان نەخۆش بخەن تا لە ماڵ بمێننەوە.

## بادانەوەکان لە ستراتیجدا

ستراتیجکارانی گژبەریی سیاسیی بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ستراتیجە سەرەکییەکە و ستراتیجەکانی هەڵمەتە تایبەتەکان دەکەن، چونکە شیمانەی ئەوە هەیە خەباتەکە بەو پێیەی چاوەڕوان دەکرێ بەڕێوە نەچێ، بۆیە دەبێ گۆڕانە پێویستەکان لە ستراتیجەکەدا بکرێن. دەتوانین چی بکەین بۆ زیادکردنی توانی بزاوەکە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی دەستپێشخەری؟ لەم حاڵەتەدا گرینگە کێشەکە دیاری بکرێ و هەڵسەنگاندنێکی ستراتیجی ئەنجام بدرێ و دوور نییە پێویست بکا بەرسیاریەتیی خەبات بۆ گرووپێکی تری دانیشتووان بێتە گواستنەوە و سەرچاوەی نوێی هێز کۆ بکرێتەوە و ڕێڕەوی نوێ بۆ کارکردن پەرە پێ بدرێ. پاش لێبوونەوە لەم کارە، یەکبین دەست بە جێبەجێکردنی پلانە نوێیەکە دەکرێ.

لە بەرامبەردا، هێزەیلی دیموکراسی چۆن دەتوانن سوودە چاوەڕواننەکراوەکان بقۆزنەوە و هەنگاو بەرەو چۆکشکاندنی دیکتاتۆریەت بنرێ ئەگەر خەباتەکە باشتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا چووە پێش و دیکتاتۆریەت هەر زوو دەستی بە داڕووخان کرد؟ ئەمە پاشتر وەڵامی دەدەینەوە.

## لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆر

کاریگەریی کەڵەکەبوو کە لە ئەنجامی چەند هەڵمەتێکی گژبەریکردنی سیاسیی سەرکەوتوو کە بەباشی جێبەجێ کراون، دەکەوێتەوە، بەرگری بەهێز دەکات و هەندێ بوار لە کۆمەڵگەدا دروست و فرەوان دەکا کە تێیدا ڕووبەڕووی دکتاتۆریەت دەبێتەوە. ئەم هەڵمەتانە ئەزموونێکی گرینگ لە چۆنیەتیی ڕەتکردنەوەی هاوکاری و پێشکێشکردنی گژبەریی سیاسی دەستەبەر دەکا. ئەم شارەزاییییە کەڵکێکی زۆری دەبێ کاتێ وەختی

هاوکارینەکردن و گژبەری لەسەر ئاستی جەماوەری دێتە پێش.

وەک پێشتر باسمان کرد، گوێڕایەڵی و هاوکاریکردن و خۆبەدەستەوەدان کاریەلێکی بایەخدارن ئەگەر دیکتاتۆرەکان بیانەوێ بەهێز بن، چونکە بەبێ دەسکەوتنی سەرچاوەکانی هێزی سیاسی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان لاواز دەبێ و ئەنجا هەرەس دێنێ. کێشانەوەی پاڵپشتی گرینگترین کارە کە پێویستە بکرێ بۆ شەقوپەقکردنی دیکتاتۆریەت. گرینگیشە لەوە بکۆڵرێتەوە کە چۆن چۆنی دەتوانرێ لەڕێی گژبەریکردنی سیاسییەوە کار لە سەرچاوەکانی هێز بکرێ؟

کارەکانی ڕەتکردنەوەی ڕەمزی و گژبەریکردن لەو شێوازە بەردەستانەن کە دەسەڵاتی ئەخلاقی و سیاسیی ڕیژیمی دیکتاتۆر و لەوێشەوە شەرعییەتی لەبەین دەبا، چونکە ڕیژیم هێز و دەسەڵاتی خۆی لەو گوێڕایەڵی و هاوکاریکردنەی بەدەستی دێنێ، وەردەگرێ. لەڕێی ئەو کارەی هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە بوونی دیکتاتۆریەت دەکا، گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی ئەخلاقییانەی حوکمی دیکتاتۆری دەکەین. بڕینی سەرچاوەکانی تری هێزی ڕیژیمی دەسەڵاتداردا پێویست بە کێشانەوەی هاوکاری و گوێڕایەڵی لە ڕیژیم دەکا.

سەرچاوەی گرینگی دووەم بریتییە لە سەرچاوە مرۆییەکان، واتە ژمارە و گرینگیی ئەو کەس و گرووپانەی گوێڕایەڵی و هاوکاریی دەسەڵاتداران یاخۆ پشتیوانییان دەکەن. کاتێ لەلایەن چەندان کەرتی گەورەی دانیشتووانەوە هاوکارینەکردن ئەنجام دەدرێ، ئەوە دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ڕیژیمی دەسەڵاتدار، بۆ وێنە ئەگەر فەرمانبەرانی حکوومەت بە توانی ئاساییی خۆیان لە کار وەستان، یان تەنانەت ئەگەر لە ماڵەکانیان مانەوە، ئەوە زیانی گەورە بە داوودەزگە ئیدارییەکان دەگا.

خۆ ئەگەر لەنێو ئەو کەس و گرووپانەی هاوکاریکردن ڕادەگرن کەسانێک هەبن پێشتر پسپۆڕی و شارەزاییی خۆیان خستبێتە خزمەتی حکوومەت،

ئەوا حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان دەکەونە دۆخێک هەست دەکەن توانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی دەیانەوێ بەشێوەیەکی ترسناک لاواز بووە، تەنانەت توانیان بۆ وەرگرتنی بڕیاری دروست و پەرەپێدانی سیاسەتی کارایش لاواز دەبێ. دانیشتووان وایان لێ دێ زیاتر خولیای یاخیبوون و هاوکارینەکردن دەکەوێتە سەریان کاتێ ئەو کاریگەرییە دەروونی و هزرییانەی (بە هۆکارە نابەرچاوەکان ناو دەبرێن) وا باوە خەڵک بۆ گوێڕایەڵیکردن و یارمەتیدانی دەسەڵاتداران هان دەدەن، لاواز دەبن یاخۆ دەگۆڕێن.

دەستگەیشتنی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان بە سەرچاوەیل دارایی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هێزیان دەبێ. کاتێ هێزە دیموکراسیەکان دەست دەگرن بەسەر سەرچاوە داراییەکان و سیستەمی ئابووری و موڵکەکان و سەرچاوە سرووشتییەکان و هاتوچۆ و ئامرازەکانی پێوەندیکردن، سەرچاوەیەکی گەورە لە سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان ڕوو لە نەمان دەکا. ئەمە جگە لەوەی مانگرتن و زیادبوونی سەربەخۆیی و دەستگرتن بەسەر میدیا و ئامرازەکانی گەیاندندا ڕژیمی دەسەڵاتدار لاواز دەکا.

وەک پێشوەخت گوتمان، توانی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری بۆ هەڕەشەکردن و سزادانی ئەو خەڵکانەی لێی هار و یاخی بوون و هاوکاریی ناکەن، سەرچاوەی سەرەکیی هێزی ئەو دەسەڵاتدارانەیە، ئەو سەرچاوەیەش بە دوو ڕێگە لاواز دەکرێ: یەکەم، ئەگەر هاوولاتییان وەک لە حاڵەتی شەڕدا، ئامادە بن –وەک باجی گژبەریکردن– سەرکێشی بە ڕوودانی ئاکامی مەترسیدارەوە بکەن (واتە چەوساندنەوەی خەڵک گوێڕایەڵیی پێویست بۆ دەسەڵاتداران مسۆگەر ناکا). دووەم، ئەگەر پۆلیس و هێزە سەربازییەکان بە تاک تاک بێ یان بە گەل، لابەندیی خۆیان بکێشنەوە، یان خۆبواردن یاخۆ ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەستگیرکردن، لێدان یاخۆ تەقەکردن لە بەرگریکاران. کاتێ حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان نەتوانن بۆ

سەرکەوتینەوە پشت بە پۆلیس و هێزەیل سەربازی ببەستن، ئەو کاتە دیکتاتۆریەت دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەیەکی مەترسیدار.

بەکورتی، سەرکەوتنی کارکردن دژی دیکتاتۆریەتێکی ڕیشەداکوتاو پێویستی بە بەرتەسککردنەوە یاخۆ نەهێشتنی سەرچاوەکانی هێزی ڕیژیمەکە دەبێ لەڕێی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنەوە. بەبێ زەخیرەوەرگرتنی سەرەمر لە سەرچاوە پێویستەکانی هێز، دیکتاتۆریەت لاواز دەبێ و ئەنجا دادەڕوخێ. هەر بۆیە پلاندانانی ستراتیجیی زرنگانە بۆ گژبەریکردنی سیاسی دژ بە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان، پێویست بە سێرەگرتن لە گرینگترین سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان دەکا.

## هەڵایسانی ئازادی

گەشەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لە "کایەیەکی دیموکراسی" لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکا. هەروەها دەسەڵاتی ڕیژیمگەلی دیکتاتۆری لەڕێی ئەنجامدانی گژبەریی سیاسی لە قۆناخی بەرگریی هەڵبژاردەدا بەرتەسک دەبێتەوە. کاتێ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەراورد بە دیکتاتۆریەت بەهێزتر دەبن، هاووڵاتییان سەرقاڵ دەبن بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان. لە بارێکدا دیکتاتۆریەت بۆ وەستاندنی "هەڵایسانی ئازادی" دەست وەر بدا، دەتوانرێ شێوازی هاوکارینەکردن بەکار بێ بۆ بەرگریکردن لە کایە دیموکراسییە بەدەستهاتووەکە و بە "بەرە"یەکی تری خەبات بەرەنگاری دیکتاتۆریەت ببێتەوە.

ئەم کارە هاوبەشە لە نێوان بەرگری و بنیاتنانی دامەزراوەکان سەردەکێشی بۆ ئازادییەکی ڕاستەقینە، ئەویش هەرەسهێنانی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی دیموکراسیەتێکی ڕەسمی دەکاتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر، لەبەرئەوەی پارسەنگی هێز لە کۆمەڵگەدا بەتەواوی گۆڕاوە.

پۆڵەندا لە هەردوو ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ باشترین نموونەیە لەسەر گێڕانەوەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان لەلایەن هێزی بەرگرییەوە، کەنیسەی کاتۆلیک لە پۆڵەندا تووشی چەوساندنەوە هات، بەڵام هەگیز بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی شیوعییەتدا نەبووە. لە ساڵی ١٩٧٦ ژمارەیەک بیرمەند و کرێکار چەند گرووپێکیان پێک هێنا وەک لێژنەی بەرگری لە کرێکاران بۆ پەرەپێدانی هزری سیاسی، پاشتر سەندیکای "هاوکاری" هێز و توانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی مانگرتنی کاریگەر سەلماند و توانیی ساڵی ١٩٨٠ یاساییبوونی خۆی بسەپێنی.

هەروەها جووتیاران و قوتابییان و ژمارەیەکی زۆر گرووپی تر چەند ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان دامەزراند، کاتی شیوعییەکان زانییان ئەم گرووپانە پارسەنگی هێزیان گۆڕیوە بزاڤی هاوکارییان قەدەخە کرد و گەڕانەوە بۆ حوکمی سەربازی.

وێڕای سەپاندنی حوکمی سەربازی و هەڵمەتی گرتن و سەپاندنی سزای سەخت، دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگە لە پۆڵەندا لە کارکردن بەردەوام بوون. دەیان ڕۆژنامە و گۆواری نایاسایی لە دەرچوون بەردەوام بوون و خانە نایاساییەکانی بڵاوکردنەوە ساڵانە سەدان کتێبیان بڵاو دەکردەوە، نووسەرە بەناوبانگەکان بایکۆتی بڵاوکراوە شیوعییەکان و خانەکانی بڵاوکردنەوەی حکومییان کرد، هەروەها چەندان چالاکیی هاوشێوە لە بەشەکانی تری کۆمەڵگەدا بەردەوام بوون.

حکوومەتی سەربازیی شیوعی لەژێر سایەی حوکمی سەربازیی "یروزلسکی"دا لە قۆناخێک لە قۆناخەکاندا بەوە وەسف دەکرا کە لە لووتکەی کۆمەڵگەدا وەستاوە، فەرمانبەرە ڕەسمییەکان نووسینگە و باڵەخانەکانی حکوومەتیان داگیر کرد و ڕێژیمی دەسەڵاتدار دەیتوانی لەڕێی جێبەجێکردنی سزاکان و گرتن و دەستبەسەرداگرتنی چاپکراوەکانەوە لە دڵی کۆمەڵگە بدا، بەڵام دیکتاتۆریەت نەیتوانی دەست بەسەر کۆمەڵگەدا

بگرێ، لەم ڕوانگەوە لەناوبردنی ڕیژیمی دەسەڵاتدار تەنیا پێوەندیی بە کاتەوە هەبوو.

ئەگەری ئەوە هەیە "حکوومەتێکی دیموکراسیی تەریب" بێتە دامەزراندن کاتێ دیکتاتۆریەت سەنتەرەکانی حکوومەت کۆنترۆڵ دەکا، ئەم حکوومەتە بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ و لابەندی و پابەندبوون و هاوکاریی هاووڵاتییان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەدەست دێنێ و بەو هۆیەشەوە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری لە تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی بێبەش دەکا و حکوومەتە دیموکراسییە تەریبەکە بەتەواوی جێگەی حوکمە دیکتاتۆرییەکە دەگرێتەوە، بەوەیش بەشێک لە گۆڕان بۆ سیستمی دیموکراسی جێبەجێ دەکا، کاتێکیش وەختی خۆی دێ، وەک بەشێک لەو گۆڕانکارییە یاسای ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەسند دەکرێ.

## لەبەریەک هەڵتەکاندنی ڕیژیمی دیکتاتۆر

بزاڤی گژبەریکردن و هاوکارینەکردن هەڵدەکشێ لەوکاتەی گۆڕانی دامەزراوەیی کۆمەڵگە لەکاردایە، هەر بۆیە لەسەر ستراتیجکارانی هێزە دەموکراسیەکان پێویستە لە قۆناخێکی زوودا بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێک دی قۆناخی بەرگریی هەڵبژاردە تێ دەپەڕێن و گژبەرییەکی جەماوەری دەست پێ دەکەن. دامەزراندن و فرەوانکردنی توانی بەرگری پێویستی بە کات هەیە، هەروەها پەرەپێدانی گژبەریی جەماوەری بەر لە ڕوودانی پێویستی بە چەند ساڵێک هەیە. بۆیە پێویستە لەم ماوە ڕاگوزەرەدا چەند هەڵمەتێکی بەرگریی هەڵبژادەی خاوەن ئامانجی سیاسی دەست پێ بکرێ، کە ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکانی هاووڵاتییان بەشدارییان تێدا بکەن. خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆری ڕوونتر دەبن کاتێ گژبەرییەکی سیاسیی دامەزراو و بەردەوام هەبێ، کە لە هەلایسانی چالاکییەکاندا خۆی دەنوێنێ.

گژبەریی سیاسیی بەهێز کە شان بەشان لەگەڵ بنیاتنانی کۆمەڵێ

دامەزراوەی سەربەخۆدا کار دەکا، دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانێکی ناودەوڵەتیی فرەوان لە بەرژەوەندیی هێزە دیموکراسیەکان، هاوکات سەرکۆنەکردنێکی دیپلۆماسیی ناودەوڵەتی و بایکۆتکردن و گەمارۆی دژی ڕیژیم لێ دەکەوێتەوە کە پاڵپشتی هێزە دیموکرسیەکان دەکا، وەک لە پۆڵەندا ڕووی دا.

دەبێ ستراتیجکارەکان بزانن لە هەندێ حاڵەتدا دیکتاتۆریەت زۆر بە خێرایی هەرەسی هێناوە، وەک لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەڵمانیای ڕۆهەلاتدا ڕووی دا، ئەویش بەهۆی برینی بەشی زۆری سەرچاوەکانی هێز لە ئەنجامی شۆڕش و ڕاپەڕینی هاوولاتیيان بەگشتی دژ بە دیکتاتۆریەت، بەلام ئەم نموونەیە بە دەگمەن ڕوو دەدا وا باشترە پلان و خەباتێکی دوورمەودا دابنرێ (لەگەڵ ئامادەکاری بۆ خەباتێکی کورت).

پێویستە ئاهەنگ بۆ ئەو سەرکەوتنانە ساز بکرێ کە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەدەست دێن، تەنانەت لە پرسە بچووکەکانیشدا، چونکە پێویستە دان بەچاکەی ئەوانەدا بنرێ کە سەرکەوتن بەدی دێنن. ئاهەنگگێڕان لەگەڵ وریایی و ئاگەداریدا، یارمەتیی پاراستنی ئەو ورەبەرزییە دەدا کە بۆ قۆناخەکانی داهاتووی خەبات پێویستە.

### چارەسەرکردنی سەرکەوتن بەشێوەیەکی بەرپرسانە

لەسەر پلاندانەرانی ستراتیجی سەرەکی پێویستە پێشوەخت ئامادەکاری بکەن بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگەی بەردەست بۆ کۆتاهێنان بە خەباتە سەرکەوتووەکە، ئەوەیش لەپێناو بەرگرتن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ و مسۆگەرکردنی دروستبوونی شێنەیی سیستمێکی بەهێزی دیموکراسی.

پێویستە دیموکراتەکان خۆیان بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕان لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ حکوومەتی کاتی لە کۆتای خەباتەکەدا ئامادە بکەن. لەو

کاتەدا وا باشە حکوومەتێکی کارا بەخێرایی بێتە دامەزراندن بەو مەرجەی هەر حکوومەتە کۆنەکە نەبێ بە سەر و فەسالّگەلێکی نوێوە. پێویستە ئەو بەشانەی پەیکەری حکوومەتی پێشوو دیاری بکرێن کە سرووشتیان لەگەڵ دیموکراسیەت ناخوا و پێویستە بەتەواوەتی بسڕێنەوە (وەک پۆلیسی سیاسی)، هەروەها زانینی ئەو بەشانەی دەکرێ بهێڵرێنەوە و ئەنجا دیموکراسیەتیان بەسەردا جێبەجێ بکرێ، چونکە بوونی بۆشاییەکی حکوومی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پاشاگەردانی یان دیکتاتۆیەتێکی نوێ.

پێویستە پێشوەخت جۆری ئەو سیاسەتە دیاری بکرێ کە لەگەڵ بەرپرسانی بالاّی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکەدا پێڕەو دەکرێ پاش لەبەریەک هەڵوەشاندنی هێزەکەی. بۆ نموونە ئایا پێویستە دەسەلاّتدارە دیکتاتۆرەکان دادگەیی بکرێن؟ ئایا ڕێگەیان پێ دەدرێ بۆ تاهەتایە ولاّت بەجێ بێڵن؟ ئەو بژارانەی تر چین کە لەگەڵ گژبەریی سیاسی و پێویستیی بنیاتنانەوەی ولاّت و دیموکراسیەتی پاش سەرکەوتن دەگونجێن؟ پێویستە خۆ لە گۆمی خوێن لابدرێ چونکە بە زیان بەسەر شیمانەی بوونی سیستمێکی دیموکراسی لە داهاتوودا دەشکێتەوە.

پێویستە پلانی ڕوونمان هەبێ بۆ چۆنیەتیی گواستنەوە بۆ دیموکراسیەت، بەشێوەیەک ئەو پلانانە ئامادە بن بۆ کارکردن کاتێ دیکتاتۆریەت لاواز دەبێ یان هەرەس دێنێ، چونکە ئەم پلانانە ڕێگە لە سەرهەڵدانی دەستە و تاقمێکی تر دەگرن کە لەڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە دەست بەسەر هێزی دەوڵەتدا بگرن. هەروەها دەبێ پلان هەبێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراسیی دەستووری، کە ئازادییەلی سیاسی و کەسی دەستەبەر بکا. شکستهێنان لە پلاندانانَدا، دەسکەوتی بەنرخ لەکیس دەدا.

دیکتاتۆریەت کاتێ دەسەلاّت لەدەست دەدا کە بەبەردەوامی ڕووبەڕووی هاوولاّتییانی خۆڕاگر و گەشەی گرووپ و دامەزراوەکانی دیموکراسیەتێکی سەربەخۆ دەبێتەوە، هەر بۆیە ئەو ڕیژیمانە هەست دەکەن سیستمەکەیان

دەڕووخێ، چونکە داخستن لە کۆمەڵگەدا و ڕێپێوانەکانی گژبەریکردن و چالاکییەکانی تر بەبەردەوامی کار لەسەر تێکشکاندنی سیستمی حوکمی دیکتاتۆری و ئەو دامەزراوانەی پێوەی پێوەستن دەکا. بە تێپەڕینی کات دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان بەهۆی ئەو گژبەری و هاوکارینەکردن و بەشدارینەکردنەی جەماوەرەوە لاواز و بێهێز دەبن و سەرەنجام ئەوانەی بەرگری لە دیموکراسیەت دەکەن، بەبێ توندوتیژی سەردەکەون و دیکتاتۆریەت لەبەرچاوی گەلی گژبەریکار هەلا هەلا دەبێ.

سەرکەوتنی هەر یەک لەم هەولانە کارێکی ئاسان و خێرا نابێ، بۆیە دەبێ لەیادمان بێ کە شەڕە سەربازییەکان سەرکەوتن و هەروەها ژێرکەوتنیشیان تێدایە، بەڵام گژبەریی سیاسی دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ سەرکەوتن دەستەبەر دەکا.

وەک پێشتر گوتمان، دەتوانین لەڕێی پەرەپێدانی ستراتیجێکی سەرەکی و پلاندانانێکی ستراتیجیی وریا و هەروەها کارکردنی ڕژد و خەباتی دلێرانەی بەردەوامەوە، هەلەکانی سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر زیاد بکەین.

## بنچینەکانی جێگیریی دیموکراسیەت

لێک هەڵوەشانی ڕیژیمی دیکتاتۆری مایەی ئاهەنگێکی مەزنە، چونکە خۆشی و ئاسوودەیی و پێزانین بۆ ئەو خەڵکە دەستەبەر دەکا کە ماوەیەکی زۆر ئازاریان چەشتووە و لەکاتی خەباتدا باجی گەورەیان داوە. هەست دەکەن بە شانازی بە خۆیان و بە هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا خەباتیان لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی سیاسیدا کردووە. مەرج نییە هەموو ئەوانەی خەباتیان کردووە بمێنن تا ئەو ڕۆژە ببینن، بەڵام خەڵک چ ئەوانەی دەمێنن و چ ئەوانەی مردوون وەک قارەمان سەیر دەکەن کە یارمەتیی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئازادییان دا لە وڵاتەکەیاندا.

بەڵام ناخۆشبەختانە، ئەمە بەو واتەیە نایە کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە

وریایی کـەم بکرێتـەوە، تەنانەت پاش هەرەسی ڕێژیمە دیکتـاتۆرییـەکـەیش لەڕێی گژبەریکردنی سیاسییەوە، دەبێ بە وریاییەوە ڕێوشوێنی خۆپارێزانە بگیرێتە بەر، بەمەبەستی ڕێگرتن لە سـەرهەڵدانی ڕێژیمێکی سەرکوتکەری نوێ لە ئـەنجـامی ئەو حـاڵەتی پاشـاگـەردانی و پشـێـوییـەی پاش قـۆناخی کەوتنی ڕێژیمە سـەرکـوتکەرە کـۆنەکە سـەرهەڵدەدا. دەبێ سـەرکـردەی ئەو هێـزانـەی پاڵپـشـتی لە دیمـوکـراسی دەکـەن، پێـشـوەخت ئامـادە بن بۆ گواستنەوەی ڕێکوپێک بۆ دیموکـراسی، هەروەها پێویستـە پەیکەربـەندییـە دیکتـاتۆرییـەکـە لەبـەریەک هەڵوەشـێنرێ، ئـەنجـا بنەوا دەسـتـووری و یاسـاییـیـەکـان و پێـوەرەکـانی ڕەفـتـارکـردن بۆ دیموکـراسـیـەتێکی بەهێـز دابمەزرێنن.

نابێ کـەس بڕوای وابێ لـەگـەڵ کـەوتنی ڕێژیمـە دیکتـاتۆرییـەکـەدا کـۆمـەڵگەیەکی نموونەیی سـەرهەڵدەدا، چونکە کەوتنی ڕێژیمی دیکتـاتۆری تەنیا خاڵی دەسپێکە کە لە سایەی ئازادییەکی باشتردا بوار دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کۆشـشێکی تووڵانی بکرێ بـۆ پەرەدان بە کۆمـەڵگە و دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی بەشێوەیەکی باشتر. کێشە سیاسی و ئابووری و کـۆمـەڵایەتیـیـە مـەترسـیدارەکـان تا سـاڵانێکی زۆر دەمـێننەوە، ئەوەیش پێویستی بە هاوکاریی زۆر خـەڵک و گرووپ هەیە بـۆ دۆزینەوەی چارەسـەر بۆیان. بۆیە لەسـەر سیستمـە سیاسییە نوێیەکە پێویستە دەرفـەتی زۆر بۆ خـەڵک دەستـەبەر بکا، تـا وێڕای جیـاوازیی بیـروڕایان کـارە بنیـاتنەرانە و پەرەپێدانە سیاسییەکە تەواو بکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە داهاتوودا.

### قەدەغەکردنی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتێکی نوێ

ئەرستۆ لە دێرزەمـانەوە ئاگەداری کردووین لەوەی "بەزۆری حوکمڕانیکردنی دەستـەیەکی کەم، سـەردەکێشێ بۆ ستـەمکاری". مێژوویش نموونەی زۆرمان

لەو ڕووەوە دەداتێ وەک یەعــقــووبیــیــەکــان و ناپلیــۆن لە فــڕەنســا و بەلشــەفــیــیــەکــان لە ڕووســیــا و ئــایەتوڵا لە ئێــران و ئەنجــوومــەنــی دەوڵەتی ســەربازی بۆ گێڕانەوەی یاسا و سیستم لە بۆرما و لە چەندان ناوچەی تر کاتێ هەندێ کەس و لایەن کەوتنی ڕیژیمە سەرکوتکەرەکە بە دەرفەت دەزانن تا خــۆیان ببنە ســەرانی نوێی وڵات. ڕەنگە پاڵنەری ئەو کــەس و گــرووپانە جیاواز بێ، بەڵام بەزۆری ئەنجامەکان هاوشێوە دەبن، بەشێوەیەک ڕیژیمە دیکتاتۆرییە نوێیەکە لە کۆنەکە توندوتیژتر و تاکڕەوتر دەبێ.

هەندێ لە ئەندامانی سیستمە کۆنەکە، تەنانەت پێش هەرەسهێنانی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە، هەوڵ دەدەن بەر بە خەباتی گژبەریکردن بەرەو دیموکراسیەت بگرن، ئەویش بە ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو سەرکەوتنەی بەرگرییە میللییەکە بەدەستی هێناوە. لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەن ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە دەردەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبینی هەوڵ دەدەن نموونەیەکی پەرەپێدراوی ڕیژیمە کۆنەکە بسەپێنن.

**قەدەخەکردنی کودەتا**

هەندێ ڕێگە هەیە دەتوانین بەهۆیانەوە کــودەتاکــان لە کــۆمــەڵگە تازە ئازادبووەکاندا تێک بشکێنین. لەوانەیە پێــشــوەخت ئاشنابوون بەم توانا بەرگرییە بەس بێ بۆ گێڕانەوەی هەر هەوڵێک بۆ ئەنجامدانی کودەتا، چونکە ئامادەکاری خۆپاراستنی لێ دەکەوێتەوە.

کودەتاچییان دەستبەجێ پاش کودەتاکەیان، هەوڵ دەدەن ڕووپۆشێکی شەرعی بۆ خۆیان دابتاشن کە ڕەوایی بە مافی سیاسی و ئەخلاقیی ئەوان بۆ حوکمکردن بدا. هەر بۆیە لێرەدا یەکەمین بنەوای سەرەکی بۆ کارکردن دژ بە کودەتاکان بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو شەرعییەتەی کودەتاچیەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن.

ئەنجا کودەتاچیەکان داوا لە سەرکردە مەدەنییەکان و هاووڵاتییان دەکەن

پشـتگیری یاخـۆ لایەنگرییـان بکەن، یان لانی کـەم بێـهـەڵوێست بن. ئەنجا داوای هـاوکــاری لە شــارەزایان و ڕاوێژکــاران و بیــرۆکــراســیــیــان و فـەرمـانبـەرانـی حکوومـەت و دەســەڵاتی دادوەری دەکـەن بـۆ چەسـپـاندنی دەسەڵاتیـان بەسەر ئەو کۆمەڵگەیـەی کودەتاکەی تێدا کراوە. ئەنجا داوا لەو کەسانە دەکەن کە لە سیستـمـە سیاسییەکە و دامـەزراوەکانـی کۆمـەڵگە و ئابووری و پۆلیس و ســوپادا کــار دەکــەن ملکەچیــان بن و بەپێی ئەو گۆڕانکارییـانەی فەرمـان و سیاسـەتەکانی کودەتاچیەکان دەیخوازێ، درێژە بە کاری ئاسایی خۆیان بدەن.

بنەوای دووەمی کـارکردن دژ بە کـودەتاکان بـرێتـیـە لە بەرەنگـاریکردنی کودەتاچیـەکان لەڕێی هاوکـارینەکردن و گژبەریکردنەوە، چونکە پێویستـە هاوکاری و یارمـەتیدانیـان لێ بگیرێتـەوە. واتە ئێمە هـەمـان شێوازی خەبات بەکـار دێنین کـە دژ بە ڕیژیمە دیکتـاتۆرییـەکە و دژ بە هـەڕەشـە نوێیـەکـان بەکـار دەهـاتن، بـەڵام بە جـێبـەجـێکردنی ڕاسـتـەوخـۆ. کـودەتاکـان ئەگـەر شـەرعییـەت و هاوکـارییـان لێ بسـەنرێتـەوە لە ڕووی سیاسـییـەوە لەبرسا دەمرن و دەرفەتی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بەدەست دێنینەوە.

## نووسینی دەستوور

سیسـتـمـە دیموکراسـیـە نوێیـەکە پێویسـتی بە دەسـتـوورێک هـەیە کار بۆ دامـەزراندنی چوارچێوەی حکوومـەتە دیموکراسـییـە چاوەڕوانکراوەکە بکا، چونکە ئەم دەستوورە ئامـانجەکانی حکوومەت و سنوورەکانی دەسەڵاتەکەی و شـێواز و کـاتەکـانی هـەڵبژاردنەکـان دیاری دەکـا، کـە لەپێنـاو هـەڵبژاردنی فەرمانبەرانی حکوومەت و یاسادانەران و مافـە سرووشتیەکانی هـاووڵاتییان ئەنجـام دەدرێ، هـەروەهـا پێـوەندیی حـکوومـەتـە نیـشـتـمـانیـەکە بە ئـاسـتـە نەویترەکانی حکوومەتەوە دیاری دەکا.

دەبێ هـەرسێ دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبـەجێکردن و دادوەری بە ڕوونی

لێک جـوێ بکرێنەوە، تا حکوومـەتی نـاوەندی بە دیموکـراسـی بمێنێـتـەوە. پێـویسـتـە کـارەکانی پـۆلیس و هـەواڵگری و سـوپا بەتوندی ببـەسـتـرێنەوە، بەشێوەیەک ڕێگە لە هـەر دەسـتوەردانێکی یاسـایی سیاسـی بگیرێ. وا باشـە دەستوور جەخت لە دامـەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی بکا لەگەڵ بەخشینی سـەرمـاف (امـتـیـاز)ی گـرینگ بـۆ ئاسـتـی هـەرێم و ویلایەت و حکوومـەتی ناوەخۆیی، ئـەویش لەپێناو پاراستنی سـیسـتـمە دیموکـراسیەکە و ڕێگرتن لە دەرکـــەوتنـی ڕەوتی دیکتـــاتـۆری، بۆ نمـوونـە لـە هـەنـدێ حـــاڵەتدا دەکـــرێ سـیسـتـمی هـەرێمـەکـانی سـویسـرا کـە سـەرمـافـی گـەورە بە هـەندێ ناوچەی بچووکی ڕێژەیی دەبەخشێ، لەگەڵ مانەوەیان بە بەشێک لە دەوڵەتەکە.

لەکـاتی بوونـی دەسـتـوورێکی لەم شـێـوەیە کـە لە قـۆنـاخـێکی ڕابردوو لە مـێژووی ئەو وڵاتەی تازەبەتازە ئازاد بـووە ئەم خـاسـیـەتـانەی تێدا هـەبووبێ، ئەوە دانـایی دەخـوازێ سـەرلـەنوێ بەکـار بێـتـەوە، لـەگـەڵ ئەنجـامــدانی گـۆڕانکاریی پێـویست تێـیـدا. بەڵام لە حـاڵەتی نەبوونی دەسـتـوورێکی پێـشـوودا، ئەوە وا چاکـە کـار بە دەسـتـوورێکی کـاتی بکرێ، ئـەگـینا دەبێ دەسـتـوورێکی نوێ دابنێین کـە پێـویسـتی بە کـات و بیـرکـردنـەوەیەکی زۆر هـەیە. ئەمە جگە لەوەی وا باشـە جەمـاوەر لەکاتی دانانی دەستووردا بەشدار بکرێ، لـەکـاتی پەسند یاخـۆ هەمـوارکـردنی هـەر دەقـێکی دەسـتـووریشـدا ڕەزامەندیی جەماوەر پێویستە.

شـــایانی باســـە دەبێ وریـا بین و بـەڵێنێک لە دەســـتـووردا دانـەنێین کـــە بەدیهاتنی مەحـاڵ بێ، یان بڕیارێک دانەنرێ کە جێبەجێکردنی پێویست بە بوونـی حکوومـــەتێکی زۆر ناوەندی هـەیە، چونکە هـەردوو حـاڵـەتەکـە ڕێگە لەبەردەم سەرهەڵدانی سیستمێکی دیکتاتۆریدا خۆش دەکەن.

دەبێ زمانی نووسـینەوەی دەستوور سادە بێ و زۆرینەی خەڵک بەئاسانی لێی تێ بگەن، نابێ دەسـتـوور ئـاڵۆز یان تەمـومـژاوی بێ بەشـێـوەیەک تـەنیـا پارێزەران یان دەستەبژێرەکانی تر بتوانن لێی تێ بگەن.

### سیاسەتێکی بەرگریی دیموکراسییانە

لەوانەیە دەوڵەتە تازە ئازادبووەکە ڕووبەڕووی هەڕەشەی بیانی ببێتەوە کە بەرەنگاریکردنی پێویستی بە توانی بەرگریکردن هەیە، هەروەک لەوانەیە ئەو دەوڵەتە دووچاری هەڕەشەی هەوڵدانی بیانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی لە ڕووی ئابووری یان سیاسی یاخۆ سەربازییەوە ببێتەوە.

هەر بۆیە پێویستە جێبەجێکردنی بنەوایەلی گژبەریکردنی سیاسی لەسەر پێویستی بە بەرگریی نیشتمانی بە جدی وەربگرین، ئەویش لەپێناو پارێزگاریکردن لە دیموکراسیەتی ناوەخۆیی[14]. لەکاتی دانانی تواناکانی بەرگری ڕاستەوخۆ لە دەستی گەلدا، دەوڵەتە تازە ئازادبووەکە دەتوانێ خۆی لە پێویستی بە دروستکردنی توانی سەربازیی گەورە کە هەڕەشە لە دیموکراسیەت دەکا، یاخۆ پێویستی بە تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی گەورە هەیە کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تر گرینگن، دوور بگرێ.

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە هەندێ گرووپ لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی نوێدا بڕیارە دەستوورییەکان پشتگوێ دەخەن، هەر بۆیە بەردەوام ڕۆڵێک هەیە کە میللەت لە گژبەریکردنی سیاسی و هاوکارینەکردن دژ بە سەرهەڵدانی هەر سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆری و پارێزگاریکردن لە سەر پەیکەربەندی و ماف و ڕێوشوێنە دیموکراسیەکان، پێی هەڵدەستێ.

### بەرپرسیارێتییەکی شایستە

بەرهەمی خەباتی ناتوندوتیژ تەنیا لە لاوازکردنی حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان و ڕووخاندنیاندا نییە، بەڵکو لە بەهێزکردنی ئەو گەلانەیشدایە کە بەدەست ئەو ڕێژیمانەوە تالاویان چەشتووە، چونکە ئەم بەهێزکردنە وا لەو گەلانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستیان دەکرد تەنیا بەردێکی شەترەنج یاخۆ قوربانین، دەکا

ڕاستەوخۆ هێز ڕام بکەن بەشێوەیەک بە پشتبەستن بە کۆششەکانی خۆیان، ئازادی و دادپەروەریی زیاتر و گەورەتر بەدەست بێنن. ئەنجامی ئەزموونی گرینگی خەباتی دەروونی، ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر زیادبوونی متمانە و ڕێزی گەلان بۆ خۆیان دەبێ.

یەکێک لە ئەنجامە سوودبەخشەکانی خەباتی ناتوندوتیژ لە بنیاتنانی حکوومەتێکی دیموکراسی لە ماوەی دووردا، بریتییە لەوەی کۆمەڵگە بەتوانتر دەبێ لە چارەسەری کێشەکانی ئێستە و داهاتوو، کە لەوانەیە گەندەڵبوونی حکوومەت یان پەنابردنی بۆ سەرکوتینەوەی هەندێ گرووپی دیاریکراو، یاخۆ نەبوونی دادپەروەریی ئابووری و دانانی کۆتوبەند لەسەر یەکسانیی دیموکراسی لە سیستمی سیاسیدا لەخۆ بگرێ و ئەو گەلانەی ئەزموونیان لە پێڕەوکردنی گژبەریی سیاسیدا هەیە کەمتر ڕێژیمەیلی حوکمڕانیی دیکتاتۆری بەردەرگەیان پێ دەگرێ.

زانینی چۆنیەتیی بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ، پاش ڕزگاربوون چەندان ڕێگە بۆ بەرگریکردن لە دیموکراسیەت و ئازادییە مەدەنییەکان و مافی کەمینەکان و سەرمافی حکوومەتە ناوەخۆیی و هەرێمییەکان و دامەزراوە ئەهلییەکان، دەستەبەر دەکا. ئەم ڕێگەیانە توانا دەدەنە تاک و گرووپەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی هەندێ کێشەی گرینگ بە شێوەیەکی دروست بەبێ پەنابردن بۆ تیرۆر و شەڕی پارتیزانی، کە لەوانەیە هەندێ گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن بەکاری بێنن.

مەبەست لە خستنەڕووی ئەم بیرۆکانە لە هەڵبژاردنی گژبەریی سیاسی یان خەباتی ناتوندوتیژ بریتییە لە یارمەتیدانی تاک و گرووپەکان بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیی هەمیشەیی کە ڕێز لە ئازادییە مرۆییەکان و ئەو کارە جەماوەرییانە دەگرێ کە ئامانجیان پەرەپێدانی کۆمەڵگەیە.

سێ ئەنجامگیری سەرەکی هەن بۆ ئەو بیرۆکانەی لەم بابەتەدا خراونەتە ڕوو، ئەوانیش:

* دەکرێ لە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان ڕزگار بین.
* بەدەستهێنانی ئەو ڕزگارییە دەخوازێ لە بیرکردنەوە و پلاندانانداندا وردیی زۆر بەخەرج بدرێ.
* پێویستە وریا بین و کاری بەردەوام و خەباتی دامەزراو بکەین، کە هەندێ جار نرخی گرانە.

ئەو قسە باوەی دەڵێ "ئازادی بە خۆڕایی نییە" قسەیەکی ڕاستە، چونکە هیچ هێزێکی دەرەکی نییە ڕێگە لە ئازادبوونی ئەو گەلە چەوساوانە بگرێ کە چاویان لە ئازادبوونە و دەبێ خەڵک فێر بن چۆن خۆیان ئەو ئازادییە بەدەست دێنن، کە ئەوەیش ئاسان نابێ.

تێگەیشتنی خەڵک لەو ئەرکەی لەسەریانە بیکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، توانی ئەوەیان دەداتێ کارنامەیەک دابنێن کە وێڕای ناهەموارییەکی زۆر سەرەنجام بیانگەیەنێ بەو ئازادییە، هەروەها لەڕێی هەوڵدانی بەردەوامیشەوە دەتوانن سیستمێکی دیموکراسیی نوێ دروست بکەن و خۆیان بۆ بەرگریکردن لەو سیستمە ئامادە بکەن. ئەو ئازادییەی لەم جۆرە خەباتە دەکەوێتەوە بەردەوام دەبێ و لەڕێی یەکەتیی جەماوەرییەوە بۆ پاراستن و پشتگیریکردنی، دەتوانرێ بپارێزرێ.

پەراوێزەکان:

١. مەبەست لە زاراوەی "گژبەریی سیاسی" لەم جێبەند (سیاق)ەدا کە ڕۆبەرت هلفی بەکاری هێنا، ئەو خەباتە ناتوندوتیژەیە (نارەزایی و هاوکارینەکردن و دەستوەردان) کە گژبەرانە و بۆ ئامانجگەلێکی سیاسی جێبەجێ دەکرێ. زاراوەکە وەک ڕەتدانەوەیەک بۆ ئەو پێکەوەبەستن و شێواندنەی لەئەنجامی یەکسانکردنی خەباتی ناتوندوتیژی بە ئاشتیگەرایی (هەڵگرتنی چەک لەبەر

هۆیەلی ئەخلاقی یاخۆ ئاینی) لەگەڵ "ناتوندوتیژی"ی ئەخلاقی یان ئاینی هاتووەتە کایە. زاراوەی "گژبەری" ئاماژەیە بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلات بەئەنقەست لەڕێی یاخیبوون و ملکەچنەکردنەوە. "گژبەریی سیاسی" وەسفی ئەو ژیگەیە دەکا کە کاری "سیاسی"ی تێدا وەگەڕ دەخرێ، ئەمە جگە لە ئامانجەکە (دەسەلاتی سیاسی).

زاراوەکە لە بنەڕەتدا بۆ وەسفکردنی ئەو کارە بەکار دێ کە گەلان بۆ گێڕانەوەی دەسەلات بەسەر دامەزراوە حکوومییەکان لە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەیکەن، ئەویش لەڕێی ئەنجامدانی هێرشی بەردەوام بۆ سەر سەرچاوەکانی هێزی ئەو ڕیژیمانە و بەکارهێنانی پلاندانانی ستراتیجی و هێرشەکان بەئەنقەست بۆ ئەم مەبەستە.

هەرچی زاراوەکانی گژبەریی سیاسی و بەرەنگاریی ناتوندوتیژ و خەباتی ناتوندوتیژن، ئەوا بە نۆبەت لەم کارەدا بەکار دێن، وێڕای ئەوەی دوو چەمکەکەی دوایی ئاماژەن بۆ خەباتێک کە مەودای ئامانجەکانی فرەوانتر بن (کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونی و،. هتد).

2. Freedom House, Freedom in the World: The Annual Survey of Political Rights and Civil Liberties, 1992-1993 (New York: Freedom House, 1993) p.66.

ژمارەکانی ساڵی ١٩٩٣ لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ەوە دەست پێ دەکا)

3. Freedom House, Freedom in the World p.4.

4. Patrick Sarsfield O'Hegarty. A History of Ireland under the Union. 1880-1992 London: Methuen, 1952), pp. 490-491

5. Krishnalal Shirdharani, War without Violence: A Study of Gandhi's Method and Its Accomplishment (New York: Harcourt, Brace, 1939, and reprint New York and London: Garland Publishing, 1972), p.260.

6. Aristotle, The Politics, translated by T.A. Sinclair (Harmondsworth), Middlesex, England and Baltimor, Maryland: Penguin Books 1976, book V, chap.12. pp. 21 and 232.

٧. ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتدا بەناونیشانی "بەکارهێنانی فێڵ بۆ دەست

بەسەرداگرن"ە Rule by Tricks لە نووسینی یولی زی (١٣١١-١٣٧٥)، سیدنی تای وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. یولی زی ناوی خوازراوی یو جی-یە. وەرگێڕانەکەی لە کتێبی: سزاکان بەبێ توندوتیژی، بڵاو کراوەتەوە.

.Nonviolent Sanctions: News from Albert Institution

بەرگی چوارەم ژمارە ٣ زستانی ١٩٩٢-١٩٩٣ لا ٣,

8. Karl W. Deutsch "Cracks in Monolith" in Carl J. Friedrich, ed., Totalitarianism (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1954), pp. 213-214

9. John Austen, Lectures of Jurisprudence or the Philosophy of Positive law, 5th ed., revised and edited by Robert Campbell, 2 vols (London: John Murrey, 1911 (1861).

10. Niccolo Machiavelli, "The Discourse on the first ten Books of Livy," in: The Discourse of Niccolo Machiavelli (London: Routledge and Kegan Paul, 1950), vol, 1, p.254.

11. Gene Sharp, The Politics of Nonviolent Action (Boston, MA: Porter Sargent, 1973), p.75.

12. Robert Helvery, Personal Communication, 15 August 1993.

١٣. بۆ زیاتر بڕوانە:

Gene Sharp, The Politics of Nonviolent Action (Boston, MA: Porter Sargent, 1973); Peter Ackerman and Christopher Kruegler, Strategic Nonviolent Conflict (Westport, CT: Praeger, 1994), and Gene Sharp, Waging Nonviolent Struggle: 20th century Practice and 21st century Potential (Westport, CT: Porter Sargent Pub. 2005).

14. Aristotle, The Politics, book V, chap. 12 p.223.

### توێژینەوەی دووەم

## جێگرەوە ڕاستەقینەکان

### پەرەپێدانی جێگرەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی

ئاشکرایە بەکارهێنانی توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگە و هەموو شێوەکانی توندوتیژیی سیاسی، چ شەڕ بێ یان تیرۆر یان دیکتاتۆرییەت یان لەڕێی سەرکوتینەوە یاخۆ زەوتکردنی دەسەڵات یان کۆمەڵکوژی، خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی ترسناکە. هەموو ئەو پڕۆژانەی بۆ چارەسەری کێشەی توندوتیژی و دەرەنجامەکانی خراونەتە ڕوو شکستیان هێناوە، لێرەشەوە پرسی توندوتیژی هەر لە چاوەڕوانیی چارەسەردا ماوەتەوە، چونکە ئەو چارەسەرانەی بۆی دانراون لەسەر بنچینەی نەبوونی تێگەیشتنێکی تەواو لە سرووشتی توندوتیژی دامەزراون. تێنەگەیشتن لە کێشەکە چارەسەرکردنیشی ئاستەم و بگرە مەحاڵ دەکا.

لەم ڕوانگەوە ئامانج لەم بابەتە گەڕانە بەدوای تێگەیشتنێکی بەدیلدا بۆ سرووشتی کێشەی توندوتیژی کە لە نێو کۆمەڵگە و ناوەندە سیاسییەکاندا تەشەنەی سەندووە و ئەنجا پێشکێشکردنی ژمارەیەک پێشنیاز بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە.[1]

سەرەتا پێویستمان بەوەیە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەک بۆ ئەو هەلومەرجە بکەین کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پشتبەستن بە ڕێگەچارەی سەربازی یاخۆ ئامرازەکانی تری توندوتیژی بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک، تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک بکەینەوە. دەبێ تێ بگەین بۆچی دەبێ توندوتیژی بە کارێکی

پێویست دابنرێ جا چ پاساوەکان دروست بن یان نادروست، هەروەها چۆن چۆنی دەکرێ بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی گۆڕانی ڕیشەیی بەدی بێ.

ئەو بیرۆکەیەی ئەم وتارە دەیخاتە ڕوو بیرۆکەیەکی سادەیە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توندوتیژی لە کێشمەکێشەیلی سیاسی و ناودەوڵەتیدا بیرۆکەیەکی گرینگە. گرینگە تێ بگەین لەوەی بوونی ململانە لەنێو کۆمەڵگە و لە کێشە سیاسییەکاندا شتێکی حەتمییە و لە زۆر حاڵەتیشدا بوونی ئەو ململانەیە شتێکی باشە. هەندێ ناکۆکی بە پشتبەستن بە شێوازە ئاشتییەکانی وەک دانوستاندن و گفتوگۆ و ڕەزامەندیی دووسەرە، چارەسەر دەکرێن. ئەم شێوازانە کاتێ دەبن ئەو پرسانەی ناکۆکییان لەسەرە ناسەرەکی بن، تەنانەت لەم حاڵەتانەیشدا چارەسەرەکە زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەرازووی هێزی لایەنەکانی ناکۆکییەکە، تا ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵسەنگاندنێکی هاوبەش بۆ چارەسەرێکی دادپەروەرانە.

پرسە بنچینەییەکان لە چەندان ململانەدا لەبەر هەڕەشەدان، یاخۆ وا دەزانرێ بەو شێوەیە بن، ئەمانە پێیان دەگوترێ "ململانەی توند" کە ئەو ڕێگەچارانەی پێوستیان بە دەستبەردان (تنازل)ی گەورە هەیە گونجاو نین بۆیان، چونکە دەبینین لانی کەم یەکێک لە دوو لایەنە ناکۆکەکە بە پێویستی دەزانێ شەڕێک لەدژی دژبەرەکانی بەرپا بکا، کە نیازیان بەرامبەری خراپە. زۆر جار خەڵک پێیان وایە ململانە توندەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی یان دادپەروەری یان بۆ بەرگریکردن لە ئاین یاخۆ بڵاوکردنەوەی شارستانێتی یان لەپێناو بەرەنگاریکردن و بەزاندنی توندوتیژیی دوژمنکارانە کە چەوساندنەوە و نادادی و تەنانەت دیکتاتۆرییەتیش دەسەپێنن، دێنە کایە. توندوتیژیی دوژمنکارانە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر بنەوا ئەخلاقی یان ئاینی یاخۆ کەرامەتی مرۆیی ئەنجام دەدرێن، تەنانەت هەڕەشە لە مانەوەی گەلێک لەسەر تەختی ژیان دەکا.

وا باوه لایەنەکانی ناکۆکیی توند هەر دەستبەردان یان ملکەچکردن یان شکستێک بە کارەساتێک دەبینن کە لە بنەوا و بیروباوەڕ و کۆمەڵگەکەیان و تەنانەت ژیانیان قەوماوە. لایەنە ناکۆکەکان لەم جۆرە حاڵەتانەدا بڕوایان وایە پێویستە شەڕێکی بێئامان دژ بە دوژمن بەرپا بکەن.

**پێویستی بە ئامراز بۆ بەرپاکردنی ململانە**

شەڕ و شێوەی تری توندوتیژی بۆ خزمەتکردنی مەرامی جۆرەوجۆر بەکار هاتوون، بەڵام توندوتیژیی ناودەوڵەتی و سیاسی لە ململانە توندەکاندا بۆ بەرپاکردنی شەڕێک بۆ بەرگریکردن لە هەندێ پرس کە بڕوا وایە چاک و دروستن بەکار دێن. توندوتیژی بووەتە جێگرەوەیەکی پێویست بۆ سەرکزکردنی نەرێنی بۆ شەڕە گەورەترەکە.

زۆربەی سیستمە سیاسییەکان شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی بە "دوایین بژارە" لەقەڵەم دەدەن، واتە شێوەکانی توندوتیژی پاش بێسوودبوونی سەرجەم بژارەکانی تر دێن، بەشێوەیەک دەبێتە بەهێزترین چالاکی کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ و دوایین ئامراز بۆ دروستکردنی گوشار، یان سزادان یاخۆ هێز لەکاتی نوشستهێنانی باقیی بژارەکانی تر. لەم حاڵەتەدا، وەک خەڵک بڕوایان وایە، توندوتیژی بۆ بەرگریکردنە لە هەموو شتێکی باش و شایستەی مانەوەیە.

ناتوانرێ پشتبەستن بە شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی لە ململانە توندەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە، تا لە سرووشتی ئەو ڕۆڵە تێ نەگەین کە توندوتیژی دەیبینێ.

نەزانییە پێمان وابێ دانوستاندن و دیالۆگ وەڵامی گونجاون بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی پرسە بنچینەییەکان تیایاندا لە مەترسیدان، چونکە دژبەرەکان بەبێ شەڕ دەستبەرداری ئامانج و شێوازەکانیان نابن، ناشکرێ بگەینە چارەسەرێک کە هەردوو لایەنی کێشەکە تێیدا براوە بن،

چونکە لایەنە دیکتاتۆرەکە و ئەنجامدەرانی تاوانەیلی کۆمەڵکوژی شایستەی ئەوە نین هیچ ببەنەوە.

ئێمە بە ئەزموونی دەیان ساڵمان ئەوە دەزانین کە ناتوانین، لەڕێی بەرهەڵستیکردنیەوە، لەکاتی کێشەکاندا بەسەر توندوتیژیدا زاڵ بین، چونکە لە ململانە توندەکاندا دەبینین زۆرینە شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی ڕەت ناکەنەوە، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە یاخۆ پێیان دەگوترێ کە بەرهەڵستیکردنی توندوتیژی بەزاندنی بنەوا ئەخلاقی و ئاینییەکانە، هەر بیروباوەڕێک پێچەوانەی ئەمە بێ لەڕاستیدا ناواقیعییە.

نێزیکەی چل ساڵ تێپەڕ بووە بەسەر ئەو قسەیەی پزیشکی دەروونی جیرۆم د. فرانک کردی کە دەڵێ، زۆربەی خەڵک سەیری ئاشتی ناکەن وەک ئەوەی بالاترین بەها بێ[٢]. خەڵک و گرووپ و حکوومەتەکان توندوتیژی ڕەت ناکەنەوە ئەگەر ئەو کارە بەو واتەیە بێ کە بێهێز بن و لە بەرامبەر هەر کێشەیەکدا دووچاری کۆمەڵگە و بیروباوەڕە بنچینەییەکانیان ببێتەوە، لاواز بن.

جا بۆ دوورگرتن لەوەی شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی لە کێشە توندەکاندا نەبنە کۆتا ڕێگەچارە بۆ بەرگریکردن لە پرنسیپ و بیروباوەڕەکان و کۆمەڵگە و بوون، دەبێ بەدیلێکی بەهێز دەستەبەر بکەین بۆ جڵەوکردنی کێشەکە بەشێوەیەک ئەو جێگرەوەیە دەرفەتێک بێ بۆ سەرکەوتن، کە بارتەقای بژارەی توندوتیژییەکە بێ، یان پێشیشی بداتەوە.

پێویستە ئەم بەدیلە کرداریە بۆ چارەسەری کێشەکە توانی چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکانی هەبێ، وەک ململانە دژ بە دیکتاتۆرەکان و بەرەنگاریکردنی داگیرکردن و دەستدرێژیی بیانی و کودەتا ناوخۆییەکان و سەرکوتینەوە و کوشتن و ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، کە وا دەزانرا بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی چارەسەر ناکرێن. بەڵگەی بەهێزیی ئەم جێگرەوەیە لەو ڕاستیبەوە سەرچاوە دەگرێ کە سەرچاوەی هێز تەنانەت

ئەگــەر ســەرچاوەی هێــز بێ بۆ دیکتــاتۆرەکــانیش، لە بنەڕەتدا لە سەرچاوەکانی هێزی ناو کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی پشت بە هاوکاریی نێوان دامەزراوەکان و گەل دەبەستێ ئەگەرچی لەوانەیە ئەم هاوکارییە بەردەوام نەبێ. لاپەڕەکانی داهاتوو بە وردەکارییەکی زیاتر لەم بابەتە دەدوێن.

## تەکنیکێکی تر هەیە بۆ خەبات

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ)ەی توندوتیژی جێگرەوەیەکی واقیعییە، چونکە دەبینین پەنابردن بۆ شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی بەردەوام شێوازی گشتیی ململانە توندەکان نەبووە، شێوەی تری ململانەیش لە زۆر شوێنی دنیا بەکار هاتووە، بەشێوەیەک ئەم شێوەیە لەسەر بنەوای سپاردن بە واقیع دانەمەزراوە، بگرە لەسەر کەللەڕەقی و بەرەنگاریکردنی توندی دژبەرەکە دامەزراوە.

مێژووی مرۆڤایەتی چەندان ململانەی بەخۆوە دیوە کە تێیاندا خەبات شێوەی تری جیاواز لە شێوەکانی توندوتیژیی وەرگرتووە، وەک شێوەکانی خەباتکردن بە ڕێگەیلی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسی، هەندێ جاریش زیاتر لە شێوەیەک لەم شێوانەی وەرگرتووە. ئەم جۆرە خەباتە بۆ چارەسەرکردنی کێشە بچووکەکان یان وەک ڕێگەیەکی مامەڵەکردن لەنێوان هاوشانانی بەنەزاکەت نەهاتووە، بگرە لە چەندان حاڵەتدا کاتێ بەکار دێ کە پرسە جەوهەرییەکان لە مەحەکدا بن و دژبەرەکان ئامادە بن بۆ بەکارهێنانی توندترین ڕێوشوێنەکانی سەرکوتینەوە وەک لەداردان و ڕەشبگیری و بەندکردن و ڕامالینی بەکۆمەڵ. وێڕای بوونی ئەم شێوانەی سەرکوتینەوە، بەرهەڵستان سوور بوون لەسەر خەباتکردن بە ڕێگەی ناتوندوتیژ کە هەندێ جار بووەتە هۆی سەرکەوتنیان.

ئەم جۆرانەی خەبات پێیان دەگوترێ "کاری ناتوندوتیژانە" یاخۆ "خەباتی

ناتوندوتیژ" کە ئەلتەرناتیڤێکە بۆ شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی لە چارەسەرکردنی ململانە توندەکاندا.

### نموونە لەسەر خەباتی ناتوندوتیژ

چەندان نموونەی خەباتی ناتوندوتیژ لە کولتوور و قۆناخی مێژوویی و هەلومەرج و سیاسەتگەلی جۆرەوجۆردا بەدی دەکرێن، چ لە رۆژهەلات یان لە رۆژئاوای دنیا، یاخۆ لە ولاتانی پیشەسازی یان ناپیشەسازی. ئامرازەکانی ناتوندوتیژی لە ولاتانی دیموکرات و هەروەها لەو ولاتانەی لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆرییەکاندا بوون بەکار براوە، هەروەها بۆ بەرگریکردن لە هەزاران کێشە و گرووپ و تەنانەت بەدیهێنانی ئامانجگەلی ئەوتۆ بەکار هاتوون کە خەڵکێکی زۆر دژی وەستاون. هەروەک ناتوندوتیژی بۆ رێگرتن لە، یاخۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی دیاریکراو بەکار هاتووە، بەلام هەندێ جار توندوتیژیی سنووردار لەم جۆرە کارانەدا بەکار هاتووە.

ئەو کێشانەی شێوازەکانی ناتوندوتیژییان تێدا بەکار هاتووە جۆرەوجۆرن، لەوانە کێشە کۆمەلایەتی و ئابووری و ئەتنیکی و نیشتمانی و مرۆیی و سیاسییەکان، جا چ پرسی بنچینەیی بن یاخۆ نابنچینەیی. زۆر جار مێژوونووسان بەسەر ئەم جۆرە خەباتەدا، کە لە راستیدا دیاردەیەکی زۆر کۆنە، باز دەدەن، ئەوەیش بووەتە مایەی ئەوەی زۆربەی جار بپووکێتەوە و لەبەین بچێ.

زۆر لەو حاڵەتانەی کاری ناتوندوتیژییان تێدا بەکار هاتووە پێوەندییان بە حکوومەتەکانەوە نەبووە، ئەگەر پێوەندیشیان هەبووبێ شایانی باس نەبووە وەک: ناکۆکییە سەندیکاییەکان یان هەوڵی سەپاندن یان بەرەنگاریکردنی پاڵەپەستۆکان بۆ بەدیهێنانی هاوکاریی کۆمەلایەتی.

هەروەها کارەیلی ناتوندوتیژ لەپێناو چارەسەرکردنی جیاوازیی ئەتنیکی و ئاینی و هەروەها لەپێناو چەندان جۆری تری جیاوازیدا بەکار هاتوون،

وەک جیاوازیی بۆچوون لەنێوان قوتابییان و بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆکاندا.

دیاردەی چارەسەرکردنی جیاوازییە گرینگەکانیش لەنێوان کۆمەڵگە مەدەنییەکان و حکوومەتەکان کە یەکێک لە دوو لایەنە ناکۆکەکە شێوازەکانی ناتوندوتیژییان بەکار هێناوە، ئەمیش دیاردەیەکی بەربڵاوە. نموونە لەسەر ئەم دیاردەیە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی بووە بۆ چارەسەری ئەو تەنگژانەی لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەیەم و تا سەدەی بیستەم ڕوویان داوە، وەک بەرەنگاریکردنی ئیمپریالیزم و کێشە سیاسی و ئابوورییە جیهانییەکان و کێشە ئایینییەکان و بەرەنگاریکردنی کۆیلایەتی. هەروەها شێوازەکانی ناتوندوتیژی بۆ پارێزگاریکردن لە مافی کرێکاران و ئافرەتان و لەپێناو مافی دەنگدانی پیاوان و ئافرەتاندا بەکار هاتووە. ئەم شێوە خەباتە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییی نیشتمانی و بەرەنگاریکردنی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ڕێژیمگەلی دیکتاتۆری و کۆتاهێنان بە جیاکاریی ڕەگەزی و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکردنی بیانی و ڕووخاندنی ڕێژیمەکان بەکار هاتووە.

شۆڕشی ڕووسی لە ساڵی ١٩٠٥ یەکێکە لەو حاڵەتانەی ئەم جۆرە خەباتەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تێدا بەکار هاتووە. سەندیکاکان لە چەندان وڵات مانگرتن و بایکۆتکردنی ئابوورییان بەکار هێناوە: چینییەکان لە ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩١٥ و ١٩١٩دا بایکۆتی کاڵاکانی ژاپۆنیان کرد. ئەڵمانەکان شێوازی ناتوندوتیژییان دژ بە کاب بوچ لە ساڵی ١٩٢٠ و هەروەها دژ بە داگیرکردنی ڕوهەر لەلایەن فەڕەنسا و بەلجیکا بەکار هێنا. ساڵی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ موهەنداس ک. گاندی ڕابەرایەتیی هندییە نیشتمانپەروەرەکانی کرد لە خەباتیان دژی حوکمی بەریتانیا و لەو خەباتەیشدا شێوازەکانی ناتوندوتیژییان بەکار هێنا.

چەندان وڵاتی ئەورووپایی وەک نەرویج و دانیمارک و هۆڵەندا شێوازەکانی ناتوندوتیژییان لەدژی داگیرکەری نازی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٤٥

بەکار هێنا. هەروەها ئەم شێوازە بۆ ڕزگارکردنی جوولەکە لە کوورەکانی سووتاندنی نازییەکان لە بەرلین و بولگاریا و دانیمارک و شوێنانی تر بەکار برا.

هەمان شێواز بۆ ڕووخاندنی ڕیژیمە سەربازییە دیکتاتۆرەکان لە سلڤادۆر و گواتیمالا لە بەهاری ١٩٤٤ بەکار هات، شێوازەکانی ناتوندوتیژی کە خەباتکارانی مافە مەدەنییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە جیاکاریی ڕەگەزی بە تایبەت لە پەنجاکان و شەستەکاندا ئەو یاسا و سیاسەتانەی گۆڕی کە ماوەیەکی زۆر بوو لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریان پێ دەکرا. لە ساڵی ١٩٦١ سەربازانی فڕەنسایی لە جەزائیر -کە کۆلۆنیی فڕەنسا بوو- ڕەتیان کردەوە هاوکاریی حکوومەتەکەیان بکەن، شانبەشانی ئەم ڕەتکردنەوەیە خۆپیشاندانی گەورە لە فڕەنسا ئەنجام درا، حکوومەتەکەی دیگۆلیش هاوکاریکردنی ڕەت کردەوە، ئەمەیش بووە مایەی نوشستهێنانی ئەو کودەتایەی لە جەزائیری پایەتەخت ڕووی دا، پێش لەوەی کودەتایەکی هاوشێوە لە پاریسیش ڕوو بدا.

چیکی و سلۆڤاکییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی و هاوکارینەکردن توانییان بۆ ماوەی هەشت مانگ، دەسەڵاتی سۆڤیەت بە تەواوی ڕابگرن کاتێ پەیمانی وارسۆ پەلاماری وڵاتەکانیانی دا. لە ساڵی ١٩٥٣ تا ساڵی ١٩٩٠ نەیارانی ڕیژیمەیلی کۆمۆنیست لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و پۆڵەندا و هەنگاریا و دەوڵەتانی بەڵتیق، شێوازەکانی ناتوندوتیژیی خەباتیان لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادیی زیاتر بەکار دەهێنا. خەباتی بزاڤی هاوکاری لە پۆڵەندا لە ساڵی ١٩٨٠ بە ئەنجامدانی کۆمەڵی مانگرتن لە پێناو دامەزراندنی چەند سەندیکایەکی کرێکاریی یاسایی ئازاد دەستی پێ کرد و خەباتی ئەم بزاڤە ساڵی ١٩٨٩ بە کەوتنی ڕیژیمی کۆمۆنیستی پۆڵەندا کۆتای هات. شێوازەکانی ناتوندوتیژی هەروەها توانییان لە ساڵی ١٩٨٩

دیکاتۆرییەتی کۆمۆنیست لە چیکۆسلۆڤاکیا بڕووخێنن و لە ساڵی ١٩٩١یش لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات و ئیستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا.

کاتێ لە ١٩٩١دا کۆمەڵی توندڕەو هەوڵیان دا ڕیژیم لە مۆسکۆ بڕووخێنن هەوڵەکەیان بە هۆی هاوکارینەکردن و نەبوونی گژبەرییەوە شکستی هێنا.

خۆپیشاندانە ئاشتییەکان و بەرگریی میللی ڕۆڵێکی گرینگیان بینی لە تێکشکاندنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی بالادەست لە باشووری ئەفریقا، نەخاسمە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٩٠, هەروەها ڕاپەرینی ئاشتییانە لە فلیپین لە ساڵی ١٩٨٦دا دیکتاتۆرییەتی مارکۆسی ڕووخاند.

لە تەمووز و ئابی ١٩٨٨دا هێزە دیموکراتەکانی بۆرما لەڕێی زنجیرەیەک ڕێپێوانەوە بەرهەڵستیی دیکتاتۆرییەتی سەربازییان کرد و توانییان سێ حکوومەت بخەن، تا لە کۆتاییدا کودەتایەکی سەربازی ڕووی دا و بە بەکارهێنانی شێوازەکانی سەربڕینی بەکۆمەڵ ڕێپێوانە ئاشتییەکانی کپ کردەوە. لە ساڵی ١٩٩٨یش قوتابییانی چینی لە زیاتر لە ٣٠٠ شاری ئەو وڵاتە (گرینگترینیان لە گۆڕەپانی تیانانمینی پەکینی پایەخت بوو) خۆپیشاندانی ناڕەزاییان دژ بە خراپەکاری و سەرکوتینەوەی حکوومەت ئەنجام دا، بەلام سوپا بەتوندی وەلامی دانەوە و زۆر لە خۆپیشاندەران کوژران.

هاوولاتییانی ئەلبانی لە کۆسۆڤۆ لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩٩دا هەڵمەتێکیان ئەنجام دا، تێیدا هەموو شێوەیەکی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕیژیمی سەرکوتکەری سربی ڕاگیرا، کاتێ حکوومەتی کۆسۆڤۆ نەیتوانی شێوازێکی ئاشتییانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی بدۆزێتەوە، سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆ پەنای بۆ توندوتیژی برد، سربیاش زۆر بە ڕەقی وەلامی دایەوە و چەندان کۆمەڵکوژییان دەرهەق بە خەڵکی کۆسۆڤۆ ئەنجام دا و سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزییان سەپاند، سەرەنجام سەری کێشا بۆ دەستوەردانی سەربازیی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی.

له تشرینی دووه‌می ١٩٩٦ه‌وه سربه‌كان ده‌ستیان دایه ڕێپێوانی ڕۆژانه بۆ ده‌ربڕینی نارەزایی له ده‌سه‌ڵاتی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و توانییان گه‌مه‌كردن به هه‌ڵبژاردنه‌كانی ناوه‌ڕاستی كانوونی دووه‌می ١٩٩٧ ڕابگرن. به‌ڵام له‌و كاته‌دا دیموكراته سربییه‌كان نوشستیان هێنا له بوونی ستراتیجی پێویست بۆ به‌رده‌وامبوون له خه‌بات و نه‌یانتوانی هه‌ڵمه‌تێک بۆ خستنی ڕیژیمی دیكتاتۆری میلۆسۆڤیچ به‌رپا بكه‌ن. له سه‌ره‌تاكانی تشرینی یه‌كه‌می ٢٠٠٠دا بزاڤی به‌ره‌نگاری و دیموكراته‌كانی سرب ڕاپه‌ڕینێكی ئاشتییان ئه‌نجام دا كه بووه مایه‌ی كه‌وتنی ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی میلۆسۆڤیچ.

له سه‌ره‌تاكانی ساڵی ٢٠٠١یشدا هه‌ڵمه‌تێكی میللی ڕیژیمی سه‌رۆک ئاسترادای له فیلیپین خست.

بۆ ئه‌وه‌ی له سرووشتی ئه‌م ململانانه و ئه‌و ئه‌نجامانه‌ی پێیان گه‌یشتوون تێ بگه‌ین، پێویسته یه‌كه‌م جار له سرووشتی ئه‌م شێوازانه تێ بگه‌ین.

### سیفه‌ت و ڕێگه‌كانی شێوازی خه‌باتی ناتوندوتیژ

خه‌ڵک وا باوه له‌م جۆره خه‌باتانه‌دا سێ جۆره ڕه‌فتار به‌كار دێنن، ئه‌وانیش:

یه‌كه‌م: خۆپیشاندانه ڕه‌مزییه‌كان وه‌ک ڕێپێوانه‌كان و په‌ناگیرییه‌كان و دابه‌شكردنی بڵاوكراوه یاخۆ دانانی هه‌ندێ ڕه‌نگی دیاریكراو كه نیشانه‌ی یار یاخۆ نه‌یارین بۆ پرسێكی دیاریكراو.

دووه‌م: ڕه‌تكردنه‌وه‌ی هاوكاریكردن، خۆپیشانده‌ران ڕه‌تی ده‌كه‌نه‌وه له هاوكاری یان مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ هه‌ندێ كه‌س یاخۆ لایه‌نی دیاریكراو به‌رده‌وام بن، جا ئه‌و هاوكاری و مامه‌ڵه‌كردنه چ سیاسی بێ یان ئابووری یان كۆمه‌ڵایه‌تی. بۆ وێنه كاتێ نارازییان بایكۆتی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌سه‌ر دژبه‌ره‌كانیاندا ده‌سه‌پێنن، یان ڕه‌تی ده‌كه‌نه‌وه به‌شداری له هه‌ندێ ئاهه‌نگ یاخۆ دیداردا بكه‌ن یان بچنه هه‌ندێ قوتابخانه كه پێیان وایه پشتگیریی دژبه‌ره‌كانیان ده‌كا، یان كاتێ نارازییان ڕه‌تی ده‌كه‌نه‌وه له ڕووی ئابوورییه‌وه

هاوکــاریی دژبەرەکــانیــان بکەن لەڕێی ڕاگــرتنی دابینکردنی کــالآ و خـزمـەتگوزاری بۆیـان، یاخۆ ڕاگـرتنی مـامـەڵەکـردنی بازرگـانی لەگـەڵیـان. هەندێ جـار بە بڕیـارێکی حکوومـەت پێـوەندییـەلی ئـابووری لەنێـوان وڵاتان ڕادەگیرێ، کە ئەوەیش پێی دەگوترێ بایکۆتکردنی ئابووری.

مــانگرتن لە کــار چەندان شــێـوە وەردەگــرێ، لەوانە ڕاگـرتنی کــار بۆ ماوەیەکی کورت یان مانگرتن لە کارگەیەکی دیارکراودا، یاخۆ ئەنجامدانی مــانگرتنێکی ســەرتاســەری یاخــۆ داخــستنی شــار یان وڵاتێک لە ڕووی ئابوورییەوە.

بڕینی پێوەندییە سیاسییەکانیش بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە بەگەردەکان و ڕەتکردنـەوەی شــەرعـیـیــەتی ڕیژیم و ملکەچنەکـردن بۆ فـەرمـانـەکـان بەبێ چاودێریی ڕاسـتـەوخـۆ و یاخـیـبـوونی مـەدەنیی یاسـا نائەخـلاقـیـیـەکـان دەگرێتەوە.

سـێـیـەم: بەکـارهێنانی ڕێگە ئـاشـتـیـیـەکـان بۆ دەسـتـوەردانی کـارا و پەکخسـتنی کارە ئاساییەکانی ڕیژیم، کە شێوەی جۆرەوجۆری وەرگرتووە، لەوانە شـێوەی دەروونی و کـۆمـەلآیەتی و ئابووری و مـادی و سـیـاسـی. ئەم شـێوانەی ناتوندوتیژی لە داگیرکردنی نووسینگەکان و پەناگیریکردن لە شەقامەکان و مانگرتن لە خواردن و پێکهێنانی دامەزراوەی ئابووریی نوێ و بەســەردادانی دامــەزراوە کــارگـێـڕییــەکـان و پێکهـێنـانی حکوومــەتێکی هاوشاندا، خۆ دەنوێنن.

کارەکانی ناتوندوتیژی بە گوێرەی جۆری ئەو کارەی جـێبـەجـێی دەکەن پێناسە و پۆلبەند دەکرێن، نەک لەسەر بنەوای بیروباوەڕ یان پاڵنەرەکان یان ئەو کەسانەی ئەنجامیان دەدەن.

شـایانی گوتنە کەسـانێکی زۆر لە کولتوور و ئاینی جیـاواز ئەم کـارەیان ئەنجام داوە، ئەوەیش دەیسـەلمێنێ کـارەکـانی ناتوندوتیـژی پێویسـتـیان بە

باوەڕهێنان بە ناتوندوتیژیی ئەخلاقی یاخۆ ئاینی نییە، کە دیارەیەکی تەواو جودایە. لە زۆربەی ئەو جارانەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەخرێتە لاوە، سەرکردەکان و بەشداران دەرک بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی توندوتیژی پێویست نییە، یاخۆ بەکارهێنانی ئەنجامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە.

## چەمکی هەڵە

چەندان چەمکی هەڵە لەبارەی شێوازەکانی ناتوندوتیژی لە خەباتدا بەشێوەیەکی بەرفرەوان بڵاو بوونەتەوە، وەک:

* توندوتیژی بەزوویی ئامانجەکان بەدی دێنێ و ناتوندوتیژی کاتێکی زۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبا، هەردوو شتەکەیش ناڕاستن.
* وا دەزانرێ خەباتکردن بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی نیشانەی لاوازییە، لەکاتێکدا نیشانەی هێزە، چونکە دەتوانێ ڕژێمە سەرکوتکەرەکان فەلەج بکا یان لەبەریەکیان هەڵوەشێنێ.
* شێوەکانی خەباتی ناتوندوتیژ پێویستی بە سەرکردەیەک نییە جەماوەر تووشی سەراسیمە بکا.
* دیارەدەی ناتوندوتیژی لەنێو کولتوورەکاندا بڵاوە.
* دیاردەی ناتوندوتیژی پێویستی بە بیروباوەڕی ئاینی نییە ئەگەرچی هەندێ جار بە پاڵنەری ئاینی دەکرێ.

ناتوندوتیژی خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکە جیایە لە ناتوندوتیژیی ئاینی یاخۆ ئەخلاقی، ئەم جیاییە زۆر گرینگە و دەبێ ڕوون بکرێتەوە و بە سووک سەیر نەکرێ.

باوەڕێکی بڵاو هەیە دەڵێ خەباتی ناتوندوتیژ تەنیا کاتێ سەرکەوتن بەدەست دێنێ کە لە خەبات دژ بە سیستمێکی دیموکراسی و دژبەرانێک بەکار بێ کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەبێ، ئەمەیش باوەڕێکی

هەڵەیە، چونکە شێوازەکانی ناتوندوتیژی لەبەرامبەر دڕندەترین و دیکتاتۆریترین ڕێژیمدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، وەک نازیزم و فاشیزم.

* هەندێ کەس و کۆمەڵ دەڵێن شێوازەکانی ناتوندوتیژی کاتێ سەرکەوتوو دەبێ کە دڵی ڕێژیمە سەرکوتکەرەکانیان بۆ نەرم ببێ، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم شێوازانە هەندێ ڕێژیمی دیکتاتۆریی سەرکوتکەریان ڕووخاندووە.

**پێداویستییەکانی سەرکەوتن**

وەک چۆن بەکارهێنانی توندوتیژی گەرەنتیی سەرکەوتنی نییە، بە هەمان شێوە بەکارهێنانی ناتوندوتیژیش گەرەنتیی سەرکەوتنی نییە. هەروەها وەک حاڵەتی توندوتیژییەکە، سەرکەوتن لە حاڵەتی بەکارهێنانی ناتوندوتیژیش ژمارەیەک پێداویستیی پێویستە. تەنیا بەکارنەهێنانی وشەی "توندوتیژی" و گوتنەوەی وشەی "ناتوندوتیژی" هیچ لە بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان پێش یان پاش ناخا. چەندان ئەزموونی ناتوندوتیژی هەن کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا شکستیان هێناوە، هەندێکیشیان سەرکەوتنی سنووردارییان بەدەست هێناوە کە ماوەیەکی کەم بەردەوام بووە و بەهۆی بەکارنەهێنانی لە بەهێزکردنی دامەزراوەکان یان بەرەنگاریکردنی هەڕەشەی نوێوە دوابڕاو بووە. نموونەی تریش هەن هەندێ دەستبەردانیان بەدەست هێناوە، بەڵام هەموو ئامانجەکانیان بەدی نەهێناوە.

لە بەرامبەردا حاڵەتی تریش هەن سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە کە ئەو سەرکەوتنانە بەدەست نەدەهاتن ئەگەر شێوەکانی توندوتیژی بەکار هاتبان. بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەو ئەنجامانە پێویستە لە سرووشتی شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژ تێ بگەین.

ئەگەرچی شێوازەیلی ناتوندوتیژی بە ڕێگەی جیاواز ئەنجام بەدەست دێنێ، دەبێ دەرک بە گرینگیی بوونی دوو ڕەگەز بکەین کە لەوانەیە لەکاتی

بەکـارهێنانی هـەندێ لە شـێوەکـانی ناتونـدوتیـژی لـە خـەباتدا ڕووبەڕوویان ببینەوە، ئەوانیش:

١- توانی بەرەنگاریکردن و پەرچکردنەوەی کاریگەرییەکانی سەرکوتینەوە.

٢- توانی لەباربردنی سەرچاوەکانی هێزی دژبەر.

**سەرکوتینەوە و سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی (جۆدۆی سیاسی)**

ڕیژیمە دیکتـاتۆرییەکـان سرووشـتیان وایە بە هـەر کارێک ختوکەیان دێ کە هێـز و دەسـەڵاتیـان لاواز بکا و لە چاوسـوورکردنەوە و سـەرکوتینەوەی هـەر کەسـێک بە ڕوویاندا بوەسـتێ یان بەرهـەڵستـیـان بکا، یاخـۆ هـاوکـارییـان نەکـا، وەڵام دەدەنـەوە. بەڵام سـەرکـوتینـەوە و وەحـشـیگەری بەردەوام بەردەوامـبوون و ملکەچکردنیـان لێ ناکەوێتـەوە، کە توانی مـانەوە بە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان دەدەن.

هـەندێ جـار بارودۆخـێکی تایبـەت کـە لە سـەرکوتکین دەکـەوێتـەوە دەبێتـە مـایەی ئەوەی پـێی دەگـوترێ دیاردەی "سـیـاسـەتی زۆرانبـازیی ژاپـۆنی". ئەو زەحـمـەتییـانەی دژبەرەکە لە مـامـەڵەکردن لەگەڵ شێوەکانی ناتوندوتیـژی لە خـەباتدا ڕووبەڕوویان دەبێتـەوە پێوەندییـان بە دینامـیکیـەت و ڕێڕەوی ئەم شـێـوانەوە هـەیە کـە هـەوڵ دەدا بەرەنگـاریی توانا و ئـارەزووی دژبەرەکـە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بیێتـەوە. بەڵام خەباتی سـیاسی دژ بە توندوتـیژی و سـەرکـوتینـەوە بەبەکـارهێنانـی شـێـوەکـانی نـاتوندوتیـژی، دۆخـی شـێـوە ملمـلانەیەکی تایبـەت دەخـولقـێنێ کـە گونجـان و هـاوئاهـەنگیی تێدا نییـە. لێـرەوەیە بەرهـەڵسـتـان دەتوانن نـاهاوئاهـەنگی لەنێـوان بـەکـارهـێنانی شێوەکانی ناتوندوتیـژی بەکار بێـنن بۆ بەرەنگاریکردنی کـارە توندوتیژەکان تا دژبەرەکەیان بخەنە هەڵوێستێکی سیاسی کە هاوشێوەی ئەوەیە لەکاتی زۆرانبـازیی ژاپـۆنیـدا ڕوو دەدا. ئەو دژیەکیـەی بـەکـارهێنانی شـێـوەکـانی ناتوندوتـیژی لەبەرامـبـەر کارە توندوتیـژەکان بەرهـەمی دێنـێ، لایەنی دژبەر

دەخاتە دۆخێکی سیاسیی ناهاوسەنگ کە هێزی لاواز دەکات و هێزی بەرهەڵستەکانی زیاد دەکا، ئەمەیە پێی دەگوترێ سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی.

سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی دەبێتە مایەی زیادکردنی لاتەریکبوونی دژبەر لە سێ گرووپ، کە بریتین لە ئەندامانی گرووپەکەی خۆی + هاوولاتییان کە دۆخەکە کاریان تێ دەکا + ئەو لایەنانەی ڕاستەوخۆ لە کێشەکەوە گلاون. لەوانەیە ئەو گۆشەگیرییەی ببێتە هۆی زیادبوونی نەیاریی ناوخۆیی لەنێو سەربازگەکەی دژبەردا، کە ئەوەیش وا دەکا لایەنەکانی تریش دژ بە دژبەرەکە و پاڵپشتیکردنی بەرهەڵستان با بدەنەوە.

## تێکشکاندنی هێزی دژبەر

بەلام سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی لە هەموو دۆخەکان یان لە هەموو حاڵەتەکانی خەباتکردن بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی کار ناکا، هەر بۆیە ڕێگەیەکی سەرەکیی تر دەمێنێ بۆ بەکارهێنانی شێوەکانی ناتوندوتیژی کە ئەویش تێکشکاندنی سەرچاوەیلی هێزی دژبەرە. ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی بەکارە، نەخاسمە کاتێ ئامانجی دروستکردنی گوشار بێ لەسەر حکوومەتێک تا کارێک ئەنجام بدا یاخۆ دەستبەرداری کردنی کارێک ببێ، ئەویش لەو کاتەی ئامانج لەبەریەک هەڵوەشاندنی ڕیژیم بێ.

لە ڕاستیدا بنەوای تێکشکاندنی سەرچاوەکانی هێزی دژبەر شتێکی سانایە، چونکە ڕیژیمە دیکتاتۆرەکانیش پێویستیان بە یارمەتیی ئەو گەلانە هەیە کە حوکمڕانییان دەکەن و بەبێ ئەوە ناتوانن سەرچاوەکانی هێزی سیاسییان بپارێزن.

سەرچاوەکانی هێزی سیاسیش بریتین لە:

* دەسەلات و شەرعییەت.

* سەرچاوە مرۆیییەکان: ئەو کەس و گرووپانەی ملکەچی حوکمڕانەکانن و هاوکاری و پاڵپشتییان دەکەن.
* لێهاتنەکان و مەعریفە کە ڕیژیمی دەسەلاتدار پێویستی پێیانە و تاک و گرووپە هاوکارەکان پێشکێشی دەکەن.
* هۆکارە نابەرچاوەکان: وەک هۆکارە دەروونی و هزرییەکان کە لەوانەیە ئەو کەسانە بگرێتەوە گوێڕایەڵیی دەسەلاتداران دەکەن و یارمەتییان دەدەن.
* سەرچاوە ماددییەکان: موڵکەکان و سەرچاوە سرووشتیەکان و سەرچاوە دارایییەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەکانی پێوەندیکردن و گەیاندن دەگرێتەوە.
* سزاکان: ئەو سزایانەن دەسەلاتداران هەڕەشەی بەکارهێنانیان دەکەن بۆ گەرەنتیکردنی ملکەچی و هاوکاریکردنی خەڵک، کە دوو شتی پێویستن و ڕیژیم بۆ مانەوە و بەردەوامیی سیاسەتەکانی پێویستی پێیانە.

هەموو ئەم سەرچاوانە پشت بە قبوولکردنی جەماوەر بۆ سیستمی حوکمڕانی و ملکەچی و گوێڕایەڵیی ئەو جەماوەرە و ئەو هاوکارییەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی پێشکێشیان دەکەن. لێرەیشەوە بەردەوام هێزی سیاسی لە بوون و هێزی خۆیدا پشت بە کۆمەڵێ سەرچاوە دەبەستێ کە پشت ئەستوورن بەو هاوکاریکردنەی جەماوەر و دامەزراوەکان پێشکێشی دەکەن، ئەم هاوکاریکردنە دەکرێ بەردەوام بێ و دەشکرێ بەردەوام نەبێ.

کەواتە هێزی سیاسی بەردەوام لەرزۆکە و پشت بە کۆمەڵگە دەبەستێ، بەلام ناتوانرێ ملکەچ و هاوکاریکردنی پێویست بۆ بەردەوامبوونی ڕیژیم مسۆگەر بکرێ، هەروەها هەر سەرچاوەیەکی هێز مەترسیی کەوتن یان لەدەستدانی هەیە.

کارەکانی ناتوندوتیژی دەتوانن تیرەکانیان ئاراستەی ئەو سەرچاوانە

بکەن و بەوەیش ئەو هێزەی ڕیژیم وزەی لێ وەردەگرێ لاواز بکرێ، یاخۆ تەنانەت بڕینی هێزەکە بەتەواوی، بەلاّم ئەمە پشت بە کۆمەڵێ هۆکار دەبەستێ.

ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕیژیمەکان و گژبەریکردنیان هاوکاری و گوێڕایەڵیکردنە پێویستەکە قڵپ دەکاتەوە کە سەرچاوەی پێویستی هێز دەستەبەر دەکەن. بۆ نموونە کاتێ جەماوەر شەرعییەتی ڕیژیم ڕەت دەکاتەوە، دەبینی ئیدی ئەو دەسەلاّتدارانە گوێڕایەڵیکردنی خەڵک لەدەست دەدەن، ئەمەیش کێشەی زۆریان بۆ دروست دەکا، چونکە مانگرتنە سەرتاسەرییەکان ئابووریی ولاّت فەلەج دەکەن، هاوکارینەکردنی ئیداریش کارەکانی حکوومەت پەک دەخا. لە حاڵەتێکیشدا پۆلیس و سوپا لە ڕیژیم یاخی ببن، ئیدی توانی نابێ لەپێناو مانەوەی ڕیژیمەکەدا بەرهەڵستکارانی سەرکوت بکا.

هێزی دژبەر کاتێ سەرچاوەکانی هێزی لەدەست دەدا، لاوازی ڕووی تێ دەکا و هەرەس دێنێ و سەرەنجام بەهۆی لاوازیی سیاسییەوە دەکەوێ. ئەمە ڕاستیی تێبینییەکەی زانای سیاسی کارل دویچ دەردەخا کە لە ساڵی ١٩٥٣دا گوتی "تەنانەت دیکتاتۆرییەتە ملهوڕەکانیش بۆ مانەوەیان لە دەسەلاّتدا پێویستیان بە پاڵپشتیی جەماوەر و کۆمەڵگەکان هەیە".[٣]

## چوار ڕێگە بۆ سەرکەوتن

خەباتی ناتوندوتیژ لە چوار ڕێگەی سەرەکیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بەم هۆکارانەی خوارەوە بەستووە: سرووشتی ناکۆکییەکە و پرسە جێناکۆکەکان، پێکهاتەی کۆمەلاّیەتیی جەماوەرە نارازییەکە و سرووشتی دژبەرەکە، ئەمە جگە لە ستراتیجی سەرەکی (ئەگەر هەبوو) و میکانیزمی گۆڕان و شێوازە بەکارهاتووەکان و لێهاتنەکان و خۆگری و دامەزراویی خەڵکە نارازییەکە. ئەو پاڵەپەستۆیەش کە ئەو

شێوازانە توانیویانە بیسەپێنن، هەمەجۆر و جیاوازن لەنێوان گوشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا.

ئەمە جگە لەوەی خەباتکردن بە بەرکاهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی کار لە سەقامگیریی سیستمی کۆمەڵایەتی یان سیستمی سیاسی دەکا و کارنامەی ئەو سیستمە دەگۆڕێ و کار لە توانی دژبەر بۆ بەردەوامبوون لە سەپاندنی سیاسەتگەلێکی دیاریکراو دەکا، لە هەندێ قەیراندا ڕەتکردنەوەی هاوکاری و گژبەریکردنی ڕیژیم بووەتە مایەی تێکشکاندنی توانی دژبەر لەسەر حوکمکردن و هەروەها ڕووخانی.

جیاوازیی زۆر لە ڕێگەکانی خەباتکردن بەشێوازی ناتوندوتیژی لە قەیرانە جیاوازەکاندا هەیە، بۆ نموونە دینامیکیەتی مانگرتن لە کارکردن لە ناوچەیەکی دیاریکراو لەپێناو زیادکردنی مووچەدا جیاوازە لەو مانگرتنانەی هەندێ کەمینە بۆ بەدەستهێنانی مافی زیاتر، یان لەپێناو ڕووخاندنی ڕیژیمێکی دیکتاتۆری لە ناوچەیەکی دنیا ئەنجامیان دەدەن.

لە ئەنجامی یەکێک لەو چوار میکانیزمەی خوارەوە، لە حاڵەتەکانی ئەو خەباتەی بەرهەمی بووە گۆڕانکاری بەسەر ئەنجامە ویستراوەکاندا دێ: بە دەگمەن دەبینین گۆڕانکاری لە هەڵوێستی دژبەردا وای لێبکا دەستبەردانی خۆویستانە پێشکێش بکا وەک بەرەنجامێکی بەکارهێنانی ناتوندوتیژی (گۆڕان)، بەڵام زۆربەی جار دەبینین کێشانەوەی هاوکاریی ئابووری و سیاسی، دژبەر ناچاری دەستبەردان دەکا (خۆگونجاندن). لە هەندێ حاڵەتدا هاوکارینەکردن و گژبەریکردن زۆر بەهێز و لەژێر سەرکردایەتیەکی هەڵکەوتوودا دەبن، سەرچاوەکانی هێزی دژبەر سفر دەکەن بەشێوەیەک هیچ چارەیەکی لەبەردەمدا نامێنێ جگە لە خۆ بەدەستەوەدان (ناچارکردن بە ناتوندوتیژی). هەندێ نموونەی دەگمەنیش هەن تێیاندا هاوکارینەکردن و گژبەریکردن زۆر گەورەن و سەرچاوەکانی هێزی دژبەر لاتەریک دەکرێن بەشێوەیەک تووشی کەوتنی دەکا (لەبەریەک هەڵوەشان).

### بەکارهێنانی تەکنیکێکی ورد

بەکارهێنانی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ بۆ چارەسەری کێشەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵگە و کێشەکانی توندوتیژیی سیاسی، پشت بە توانی ئەم شێوازە دەبەستێ بۆ بەرتەسککردنەوەی پشتبەستن بە توندوتیژی لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا. ئاخۆ ناتوندوتیژی دەتوانێ جێگەی توندوتیژی بگرێتەوە لە چارەسەرکردنی تەنگژەی تونددا؟ هەندێ کەس بە "بەڵێ" لە هەندێ حاڵەت و بە "لەوانەیە" و "نەخێر" لە هەندێ حاڵەتی تردا، وەڵام دەدەنەوە. وەڵامەکە پشت دەبەستێ بە ڕادەی تێگەیشتنمان لەم شێوازە و ڕادەی حوکمدان لەسەر توانی شێوازی ناتوندوتیژی لەوەی ببێتە جێگرەوەیەکی کارا لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا.

دەبێ بزانین چۆن چۆنی کاریگەریی ئەم شێوازە لە خەبات زیاد بکەین، ئەویش لەڕێی زیادکرنی زانیاریمان لەبارەی پێداویستییەکانی و ئەنجا بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییە بەشێوەیەکی فرەوان، هەروەها زیادکردنی پلاندانانی تایبەت و گشتی و ستراتیجیەتی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکان لە داهاتوودا.

پەرەپێدانی چارەسەرێکی پەسند بۆ کێشەی توندوتیژی و زانینی پەرەسەندنی سیاسیی خەبات لە داهاتوودا، بەبەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی، پێویستیان بە ناسینی واقیع و ئەو ڕۆڵەی دەکرێ شێوازی ناتوندوتیژی لە داهاتوودا بیگێڕێ، هەیە، نەخاسمە لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا کە زۆرینەی خەڵک و حکوومەتەکان لەو باوەڕەدان ڕێگەچارەی سەربازی و شێوەکانی تری توندوتیژی تاکە شێوازن بۆ چارەسەرکردنیان. لێرەدا خۆمان لەبەردەم ئەم پرسیارانەدا دەبینینەوە: تا چ ڕادەیەک دەتوانین لەم شێوازە تێ بگەین و گەشەی پێبدەین و تا چ ڕادەیەک ئەم شێوازە دەتوانێ جێگرەوەیەکی بەکاری توندوتیژی بێ؟

پەرەسەندنی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ لە داهاتوودا دەخوازێ جێگرەوەی ناتوندوتیژ لە چارەسەرکردنی جۆرەکانی ئەم تەنگژانەی خوارەوەدا بەکار بێنین:

* خستنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان.
* وەستان بەڕووی هەر کودەتایەک بەسەر دەسەڵاتدا و ڕێگرتن لە دروستبوونی هەر دیکتاتۆرییەتێکی نوێ.
* بەرەنگاریکردنی هەر دەستدرێژی یاخۆ داگیرکردنێکی بیانی.
* پارێزگاریکردن لە بوون و شێوازەکانی ژیانی گەلانی ڕەسەن.
* وەستان بە ڕووی نادادیی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.
* بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەردەوامیی مانەوەیان.
* هێناکایەی ئامرازی نوێ بۆ خەباتکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا.

## سنووردارکردنی پشتبەستن بە شەڕ و شێوەکانی تری توندوتیژی

بەکارهێنانی جێگرەوەکانی ناتوندوتیژی بۆ چارەسەری ئەو تەنگژانەی سەرەوە، پێویستی بە پەرەپێدانی پلانگەلێکی ستراتیجیی کرداری هەیە، کە دەرفەت بۆ ئەو جێگرەوانە بڕەخسێنێ تا بەشێوەیەکی کارا جێبەجێ بکرێن. لەبەرئەوەی ئەو پەرەپێدانەیش پلەبەپلە دەکرێ، ئەوا دەکرێ شێوازەکانی ناتوندوتیژی جار دوای جار بەکار بێن، ئەوەیش وردە وردە مشتومالّی دەدا و دەیکاتە بەدیلی بەکارهێنانی توندوتیژی لە چارەسەرکردنی تەنگژە توندەکاندا.

ئەم گژبەرییە –واتە دۆزینەوە و پەرەپێدانی توانی بەکارهێنانی شێوازی ناتوندوتیژی بۆ چارەسەری تەنگژەیلی توند– پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و توێژینەوەی ستراتیجی و پەرەپێدانی سیاسی و پلاندانان و

ئازایەتی هەیە. هەروەها پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە هەیە کە مێژوونووسان و پزیشکانی دەروونی و کۆمەڵناسان و تیۆریزانە کۆمەلآیەتی و سیاسییەکان و زانایانی سیاسی و هی تر بەکاریان دێنن.

ئەم گژبەرییە هەروەها پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە خاڵە لاوازەکانی ڕیژیمە دیکتاتۆری و سەرکوتکەرەکان هەیە، ئەمە جگە لە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی خەباتکردن بە ڕێگەی ناتوندوتیژی.

هەروەها پێویستە فێر بین چۆن چۆنی توانی بیرکردنەوەی ستراتیجی پەرە پێبدەین و بلآوی بکەینەوە و چۆن چۆنی لە داهاتوودا ستراتیجی هەر خەباتێک بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی، دابنێین. ئەم کۆششانە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی پێویستیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە باوەکانی ناو کۆمەڵگە نوێیەکان و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەیلی نیشتمانی و ناودەوڵەتی و ناوەندیبوونی دەسەلآت و سەربازاندنی پێوەندیی سیاسیی نێوان دەوڵەتان و بالآدەستیی ڕێگە کلاسیکییەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، هەیە. ئەمە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ شتی تر.

هەروەها دەکرێ باس لە پرسی کاریگەریی هەڵبژاردنی توندوتیژی یاخۆ شێوازەکانی ناتوندوتیژی بۆ چارەسەری تەنگژە توندەکان لەسەر ژینگەی کۆمەلآیەتی و سیاسیی کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەمان بکەین، چونکە توندوتیژی بەردەوام ڕیژیمگەلێکی سیاسیی مەرکەزی لێ دەکەوێتەوە کە پەنا بۆ سەرکوتینەوە دەبەن، لەکاتێکدا ناتوندوتیژی سیستمگەلێکی سیاسیی لامەرکەزیتر و میللیتری لێ دەکەوێتەوە. ئەمە جگە لەوەی زۆر جار توانا سەربازییەکان بۆ سەرکوتینەوەی گەل بەکار دەبرێن لەکاتێکدا جەماوەر شێوازی ناتوندوتیژی بەکار دێنێ لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادییەکان و بەرگری لێکردنیان و هەروەها لەپێناو بەرەنگاریکردنی ڕیژیمە سەرکوتکەرە مەرکەزیەکان.

هۆشـیـارکـردنەوەی باش لەبارەی گـرینگیی خـەبات بە بەکـارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی، دەردی دەخا بژارەی واقیعی تر هەن کە پێشتر ئاشکرا نەکراون، لێرەشەوە ئێمە بە بەکارهێنانی ئەم رێبازە و لەڕێی بەرتەسککردنەوەی پشتبەستن بە توندوتیژی، دەرگە لە بەردەم هێنانەکایەی گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیاسەتەیلی هاوچەرخ و پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان دەکەینەوە.

رادەی سەرکەوتنمان لە گۆڕینی شێوەکانی توندوتیژی لە خەباتدا بە شێوەی ناتوندوتیژ و لەوێشەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسککردنەوەی بازنەی پشتبەستن بە ڕێگەچارە سەربازییەکان، پشت بە ڕادەی پەرەپێدانمان بە جێگرەوەی بەهێز لە شێوازەکانی ناتوندونیژی بەمەبەستی چارەسەرکردنی تەنگژەکان، دەبەستێ.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دەمێنێ: ئایا هەوڵ دەدەین مشتوماڵی ئەم شێوازە بکەین و بیگونجێنین، تا شێوازێکی کاریگەر بێ و بە مەبەستی گژبەریکردن و گۆڕین و ڕاماڵینی شێوەکانی توندوتیژی لە چارەسەرکردنی تەنگژەکاندا، بەکاری بێنین؟

### گرینگیی پلاندانی ستراتیجی لە خەباتدا بە بەکارهێنانی شێوازی ناتوندوتیژانە

وا باوە چەمکی "ستراتیج" لە کێشمەکێشە سەربازییەکاندا بەکار دێ، چونکە ئەفسەرانی سەربازی لە چەندان سەدەوە لە هەڵمەتە سەربازییەکانیاندا پلانی ستراتیجییان بەکار هێناوە. سەن تزو وکلاوزڤیچ و لیدڵ هارت لەو بیرمەندانەن ستراتیجی سەربازییان پەرە پێدا. بەکارهێنانی ستراتیجی ئاڵۆز یەکێک لە پێداویستییە بنچینەییەکانی کاری بەهێزە لە شەڕ و شەڕەکاندا.

ململانەی سەربازیی کاریگەر پێویستی بە ستراتیجێکی زیرەکانە و

پلاندان و جێبەجێکردن هەیە. کارکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژیش بەهەمان شێوەیە، کارایی ئەم کارە پێویستی بە ستراتیجێکی دروست هەیە، چونکە پێڕەوکردنی ستراتجێکی دروست هێزی خەباتی ناتوندوتیژانە زیاد دەکا.

## بایەخی بوونی ستراتیج

بەکارهێنانی باشترمان بۆ سەرچاوەکان توانا بەردەستەکان هەلی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو چەند بەرامبەر دەکا، ئەوەیش بەو واتەیە دێ کە بوونی پلانێکی ستراتیجی لە ئێستەوە (کە ئامانجەکانمان بەدی نەهێناوە) دەگوازێتەوە بۆ داهاتوو (کە تێیدا دەتوانین ئامانجەکانمان بەدی بێنین). ستراتیجیش پلاندانانە بۆ ڕێڕەوی ئەو کارەی لە ئێستەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ ئەو داهاتوویەی دەمانەوێ پێی بگەین.

بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک بیەوێ لە شوێنێکەوە گەشت بۆ شوێنێکی تر بکا، پێویستی بەوەیە پێشوەخت پلانێک بۆ ئەو سەفەرەی دابنێ، ئامرازێک بۆ سەفەرکردنەکەی هەڵبژێرێ، لەوە دڵنیا ببێ کە پارەی پێویستی بۆ خەرجی گەشتەکەی و خەرجەکانی تری وەک مانەوە هەیە، هەروەها دڵنیابوون لەوەی پاسپۆرتی پێیە، ئاخۆ پێویستی بە ڤیزا هەیە و چۆنیەتیی بەدەستهێنانی و دیاریکردنی ئەو کەسەی لەجێی ئەو لە شوێنی کارەکەی ئیش دەکا.

ئەم جۆرە بیرکردنەوە و پلاندانانە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو پێیاندا گوزەر دەکەین، ئەو بیرکردنەوەیەیە سەرکردەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێویستیان پێیە، کە ناخۆشبەختانە بەکەمی گرینگیی پلاندانانی ستراتیجی لەبەرچاو دەگرن.

ساویلکەییە هەندێ کەس پێیان وابێ پێداگرتن لەسەر ئامانجەکان بۆ

ماوەیەکی زۆر واتەی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە دەگەیەنێ، هەندێ وا گریمانە دەکەن دڵسۆزی بۆ پرنسیپ و بەهاکان و دەست پێوەگرتنیان لە بەردەم هەڵبەز و دابەزی دۆخ و تەنگژەکاندا، واتەی خەرجکردنی ئەوپەڕی کۆششە لەپێناو بەدیهێنانیاندا، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ گۆڕینی دۆخی ئارا و بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.

هەوڵدان لەپێناو گۆڕینی کۆمەڵگە یان هەوڵدان لەپێناو ڕوونەدانی هەندێ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا، یان خەباتکردن لەپێناو ڕزگاربوون لە داگیرکردنی بیانی، یاخۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە هێرش، ئەرکێکی ئاڵۆزترە لە پلاندانان بۆ گەشتێک. بەڵام کەسەکان بەکەمی بایەخی هەرە گرینگی ئامادەکاری بۆ پلانێکی ستراتیجی لەبەرچاو دەگرن بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان بەر لە دەست بەکار کردن.

ئەوانەی لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کار دەکەن، بەزۆری ڕەچاوی گرینگیی پلاندانان بۆ چۆنیەتیی کارکردن دەکەن، بەڵام زۆر جار ئەم پلاندانانە تاکتیک یان سنووردار یاخۆ کورتمەودا دەبێ.

هەوڵ نادەن پلانکارێکی ستراتیجیی پان و بەرین و دوورمەودا دابنێن، یان لەوانەیە بە گرینگی نەزانن،

یاخۆ لەوانەیە نەتوانن بە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بیر بکەنەوە و شرۆڤە بکەن، یان لەوانەیە ڕێگە بە خۆیان بدەن بە چڕکردنەسەری بەردەوام لەسەر پرسی بچووک بچووک و هەستان بە پەرچەکرداری لەدوای یەک بۆ بەرەنگاریکردنی ئەو کردارانەی دژبەر دەستیان پێدەکا و زیاتر کارکردن لەسەر چالاکییە کورتمەوداکان، لە ئامانجە گەورەکەیان دوور بکەونەوە. لەوانەیشە کات و وزە تەرخان نەکەن بۆ پلاندانان و ستراتیجیەت، یاخۆ دۆزینەوەی ستراتیجگەلی بەدیل کە بتوانێ ڕابەریی هەوڵەکانیان بکا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

هەندێ جار دەبێ بزانین خەڵک زۆر جار هەوڵ نادەن ستراتیجێک بۆ

بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دابنێن، لەبەرئەوەی لە ناخی خۆیاندا بڕوایان نییە کە دەکرێ ئەو ئامانجانە بەدی بێن. ئەوان خۆیان بە لاواز و قوربانیی دەست و پێ سپی دەبینن لەبەرامبەر هێزێکی دڕدا و بە بڕوای ئەوان، باشترین شت بیکەن بریتییە لە پێداگری یاخۆ مردن لەگەڵ ئەو بڕوایەی ئەوان لەسەر هەقن. هەر بۆیە هەوڵ نادەن بیر بکەنەوە و پلانی ستراتیجی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دابنێن. شکستهێنانی پلانی ستراتیجی لاوازکردن و لەناوبردنی دەرفەتی سەرکەوتن و شپرزەکردنی هێزە و کارەکان کاریگەری لەدەست دەدەن و قوربانییەکان بە ئاو و ئاو دەچن بەشێوەیەک خزمەتی بەرژەوەندییەکانی پرسەکە بە باشی ناکەن. ئەگەریش زۆرە نوشستهێنان لە پلاندان بە ڕێگەی ستراتیجی، ببێتە هۆی نوشست لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا.

نەبوونی داڕشتەیەک بۆ پلانکارێکی ستراتیجیی ورد دەبێتە هۆی:

* خزانی وزەکە بەرەو هەندێ پرسی پلەدوو و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ناکارا.
* نەقۆستنەوەی ئەو هەلانەی پرسەکە پێش دەخەن.
* دەستپێشخەریی دژبەر هێڵی ڕێڕەوی ڕووداوەکان دیاری دەکا.
* لاوازیی لایەنی خەباتکار زیاد دەکا و کاریگەریی چارەنووسسازی لەسەر کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەبێ.
* هەلی سەرکەوتنی ئەو هەوڵانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەدرێن لاواز دەکا.

لە بەرامبەردا داڕشتن و پێڕەوکردنی ستراتجێکی زیرەکانە دەرفەتی سەرکەوتن زیاتر دەکەن. کارکردن بەپێی پلانی ستراتیجی توانی چڕکردنەوەی هێز و کارەکانمان دەداتێ بۆ پێشڕەویکردن بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکە و چڕکردنەوەی لە

خزمەتکردنی ئامانجی سەرەکی و زیادکردنی تەنگژەکە کە لە خاڵەکانی لاوازیی لایەنی دژبەر دەکەوێتەوە. دەتوانین ژمارەی بەرکەوتووەکان و زیانەکانی تر کەم بکەینەوە و قوربانییەکان بە شێوەیەکی باشتر بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سەرەکییەکە تەرخان بکەین، بەو شێوەیەش بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی دەرفەتی سەرکەوتنی کارەکە زیاتر دەبێ.

**داڕشتنی ستراتیجگەلی دانایانە**

هەڵبژاردن و داڕشتنی ستراتجێکی دانایانە پێویستی بەمانە هەیە:

* تێگەیشتنێکی ورد و تەواو لە ناواخنی خەبات.
* زانینی سرووشتی جیاوازی لەنێوان دۆخی ئێستە و ئەو دۆخەی دەویستریێ پێی بگەین.
* هەڵسەنگاندنی ئەو کۆسپانەی ڕێگرن لەبەردەم گەیشتن بەو ئامانج و ڕەگەزانەی ئەرکی بەدیهێنانی ئامانجەکان ئاسان دەکەن.
* هەڵسەنگاندنی خاڵەکانی هێز و خاڵەکانی لاوازیی دژبەر و لای ئەو گرووپەی کەسە تێیدا ئەندامە، هەروەها هی لایەنێکی سێیەم کە لەوانەیە یارمەتیی هەڵمەتەکە بدا، یاخۆ کۆسپی بخاتە بەردەم.
* هەڵسەنگاندنی واقیع و سنووری ژمارەیەک لە بژارەیلی کار کە دەکرێ کاریان پێبکرێ.
* هەڵبژاردنی ڕێڕەوی کار لە بژارەگەلێکی هەبوو، یاخۆ ڕەسمکردنی ڕێڕەوێکی تەواو نوێ بۆ کار.
* زانینی پلانێکی هەمەگیر بۆ کار کە پلانە بچووکترەکان (تاکتیکی) و ڕێگە دیاریکراوەکانی کار دیاری دەکا، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکە (چالاکییە کورتمەوداکان یان ئەو هەنگاوانەی پێویستە، لەپێناو جێبەجێکردنی پلانە ستراتیجییە هەمەگیرەکەدا بنرێن، چین).

### ئاستەکانی پلاندانان و کارکردن

پلاندانانی ستراتیجی چەند ئاستێکی جیاواز لە پلاندانان و کار لەخۆ دەگرێ، کە ستراتیجە مەزنەکە بەرزترین ئاستی گرتووە، هەروەها هەمان ستراتیج خۆیشی هەیە کە کۆمەڵێ تاکتیک و شێوازی لەگەڵدایە. ستراتیجی مەزن ئەو چەمکە هەمەگیرەیە کە هەوڵ دەدا هاوئاهەنگی لەنێوان هەموو سەرچاوە گونجاو و بەردەستە (ئابووری و مرۆیی و ئەخلاقی و سیاسی و ڕێکخستن و...هتد)کانی نەتەوە یان گرووپێکی تردا بکا و ئاراستەیان بکا، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ململانەکەدا. ستراتیجی مەزن پێوەندی بە چەند بابەتێکەوە هەیە لەوانە دروستیی پرسەکە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی تر لە دۆخەکەدا و هەڵبژاردنی شێوازی کار (بۆ نموونە خەباتی ناتوندوتیژ یان سیاسەتە کلاسیکیەکان یان شەڕی پارتیزانی یاخۆ شەڕی کلاسیکی) و چۆنیەتیی بەدیهێنانی ئامانجە دوورمەوداکان.

ستراتیجی مەزن چوارچێوەی بنچینەیی بۆ هەڵبژاردنی ستراتیجگەلی دیاریکراو بۆ خەبات دادەنێ، ئەم ئاستەیش لە پلاندانان دابەشکردنی ئەرکە گشتییەکان بەسەر چەند گرووپێکی دیاریکراو و دابەشکردنی سەرچاوەکان بەسەریاندا لەخۆ دەگرێ تا لە خەباتدا بەکاریان بێنن. ئەم ئاستە هەروەها هەندێ تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێ لەبارەی چییەتیی پێوەندیی خەبات بە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ململانەکە لەپێناویدا دروست بووە.

ستراتیج چەمکێکە ڕەنگدانەوەی باشترین ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانەکە (جا ململانەکە چ توندوتیژ بێ یان ناتوندوتیژ)، کە پێوەندی بەوەوە هەیە چۆن و کەی زۆرترین کاریگەری بەدی بێنین بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو. ستراتیج هەروەها پلانی دابەشکردنی کردەیی و خۆگونجاندن و جێبەجێکردنی ئامرازە بەردەستەکانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.

لەوانەیە ستراتیج ئەو کۆششانەیش بگرێتەوە کە لەپێناو پەرەپێدانی دۆخێکی ستراتیجیی تایبەت دەدرێن، بە ڕادەیەک دوور نییە بەبێ ململانەیەکی کراوەیش سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ستراتیجەکەیش لەکاتی جێبەجێکردنی بەسەر هەمان ململانەدا هەمان بیرۆکەی بنچینەیی چۆنیەتیی پەرەپێدانی هەڵمەتەکە و چۆنیەتیی جەموجۆڕکردنی ناواخنە پەرش و بڵاوەکانی دەبێ، بەشێوەیەک ئامانجەکانی بێنێتە دی.

ستراتیج هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەنجامانەیش بگرێتەوە کە لەوانەیە بەدوای هەندێ کاردا بێن، هەروەها پەرەپێدانی پلانکارێکی پان و بەرین و بڵاوکردنەوەی گرووپەکانی ململانەکە لە چەند کارێکی بچووکتردا پێداویستییەکانی سەرکەوتن ببەسترێنەوە بە شێوەی هەڵبژێردراوی کارکردن و بەکارهێنانی سەرکەوتن بە باشترین شێوە.

ستراتیج لە چوارچێوەی دیدگەی ستراتیجە باڵاکەدا بەکار دێ و تاکتیک و شێوازەکانی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیج بەکار دێن، پێویستە تاکتیک و شێوازی گونجاو بەکار بێنین بۆ گەیشتن بە باشترین کاریگەری و بەشێوەیەک جێبەجێیان بکەیت کە یارمەتیی جێبەجێکردنی ستراتیجەکە بدا و بەشداریی لە بەدیهێنانی پێداویستییەکانی سەرکەوتن بکا.

لەکاتی داڕشتنی ستراتیج لەخەباتی ناتوندوتیژدا پێویستە ئەم لایەنانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

ئامانجەکانی گرووپە تێکۆشەرەکە، سەرچاوەکان و خاڵەکانی هێزی گرووپەکە، ئامانجەکانی لایەنی دژبەر و سەرچاوەکان و خاڵەکانی هێزی، هەروەها ئەگەری دەستوەردانی لایەنێکی سێیەم و ڕێگە و شێوازەکانی کارکردنی لایەنی دژبەر (بەرگری و هێرش) و پێداویستییەکانی سەرکەوتن کە ئەو شێوازەی هەڵمان بژاردووە دەستەبەری دەکا و دینامیکیەتی کارکردن و میکانیزمەکانی گۆڕانکاری، لەبەرچاو بگیرێن.

تاكتیک پلانكارێكی سنووردارە لەسەر بنەوای تێگەیشتن لە باشترین ڕێگە بۆ بەكار هێنانی ئامرازە بەردەستەكانی تێكۆشان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێكی دیاریكراو دامەزراوە وەک بەشێک لە ستراتیجێكی پان و بەرین. تاكتیک چڕ دەكاتە سەر ڕێڕەوێكی دیاریكراوی كاركردن و شوێنێكی گونجاو لەنێو ستراتیجە بالاكەدا دەدۆزێتەوە هەروەک چۆن ستراتیج شوێنێكی گونجاو لەنێو ستراتیجە بالاكەدا دەدۆزێتەوە. دەكرێ تەنیا وەک بەشێک لە ستراتیجێكی تەواو بۆ شەڕ یاخۆ هەڵمەتەكە لە تاكتیک تێ بگەین.

تاكتیک مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتیی جێبەجێكردنی شێوازگەلێكی دیاریكراو یان چۆنیەتیی مامەڵەكردنی چەند گرووپێكی دیاریكراو لە شەڕاوەران لە دۆخێكی دیاریكراودا دەكا.

تاكتیک بەسەر ماوەیەكی زەمەنیی كورتتر و ناوچەیەكی بچووكتر (چ ناوچەی جوگرافی بێ یاخۆ دامەزراوەیی) لەو ماوەیەی ستراتیجی تێدا جێبەجێ دەكرێ دێتە جێبەجێكردن، یان لەڕێی ژمارەیەكی دیاریكراو خەڵک، یان ئامانجگەلێكی سنووردارتر، یان لەڕێی كۆكردنەوەی زیاتر لە یەكێک لەمانەی پێشەوە جێبەجێ دەكرێ.

شێوازەكان ئاماژەن بۆ ئامرازە دیاریكراوەكانی كار لەچوار چێوەی تەكنیكی خەباتی ناتوندوتیژدا، كە دەیان نموونە لەكار كردنی دیاریكراو دەگرێتەوە وەک مانگرتنەكان، بایكۆتكردن، هاوكارینەكردنی سیاسی و... هیتر.

پەرەپێدانی پلانێكی ستراتیجی بەرپرس و كاریگەر بۆ خەباتی ناتوندوتیژ پشت بە داڕشتەیەكی بەوریایی هەڵبژێردراو هەڵبژاردنی ستراتیجێكی بالا و چەند ستراتیج و تاكتیک و شێواز، دەبەستێ.

### هەندێ لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی خەباتی ناتوندوتیژ

ستراتیجێکی دیاریکراو نییە بۆ بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ کەلەگەڵ هەموو دۆخەکاندا بگونجێ. تەکنیکی کارەکانی ناتوندوتیژی دەرفەت بۆ پەرەپێدانی ستراتیجی جۆرەوجۆر بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ حاڵەتی جیاوازی ملمـلانە دەرەخسێنێ، ئەمە جگە لەوەی لەوانەیە هەندێ جار خەباتی ناتوندوتیژ پێویستی بە ئامێتەکردنی ستراتیجێکی باڵا و بەکارهێنانی هەندێ شێوازی تری کارکردن هەبێ، ئەمەش بەو واتەیە نییە کە خەباتی ناتوندوتیژ لەگەڵ هەموو تەکنیکەکانی تری کارکردندا دەگونجێ، بۆ نموونە بەکارهێنانی توندوتیژی شان بەشانی بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ دەبێتەهۆی وێرانکردنی ئەو کارە جۆرەوجۆرانەی ناتوندوتیژی لەڕێیانەوە کار دەکا، ئەمەیش لە خراپترین باردا دەبێتە مایەی کاریگەرنەبوون و داڕمان و تێکشکان یاخۆ شکستهێنانی خەباتە ناتوندوتیژیەکە.

بەڵام گومانی تێدا نییە ئامرازەکانی وەک دۆزینەوەی ڕاستییەکان و میدیا و فێرکردنی میللی و تکاکردن لە دژبەران و دانوستاندن و پرسە هاوشێوەکانی تر، دەکرێ بەبەشداری لەگەڵ بەکارهێنانی خەباتی ناتوندوتیژ لە چەندان دۆخدا بەکار بێن. زۆر جار ئەم ئامرازانە پێوەندییان بە بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتن لە کارکردنەوە هەیە.

یەکێک لە ڕەگەزە گرینگەکان لە پلاندانان بۆ هەڵمەتەکانی خەباتی ناتوندوتیژ بوونی بنەوایەکی بنچینەییە کە بریتییە لەوەی: ستراتیجەکەت بەشێوەیەک دابڕێژە کە بکرێ تەنیا بەپشت بەستن بەخۆت سەرکەوتن بەدەست بهێنی. ئەمە پوختەی پەیامی چارلس ستیۆرد بارنل بوو بۆ جووتیارانی ئێرلەندایی لەکاتی مانگرتنیان لە کرێدان لە ساڵی ١٨٧٩–١٨٨٠: (پشت بەخۆتان ببەستن) و پشت بەکەسی تر مەبەستن.

با وا دابنێین پلانمان دانا و هەڵمەتێکی بەهێزمان لە خەباتی ناتوندوتیژ

دەست پێ کرد، لەم حاڵەتەدا بەدەستهێنانی یارمەتییەکی ناتوندوتیژیانەی دیاریکراو لە کەسانی ترەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام سەرکەوتن لەسەر دەستی گرووپە خەباتکارەکە خۆی دەبێ. لە حاڵەتی نەبوونی یارمەتیش لە لایەنی سێیەمەوە، لە بارێکدا وا دابنێین پلانە ستراتیجیەکەیش دروست بووە، ئەوا هێشتا دەرفەتێک هەیە بۆ سەرکەوتن، بەڵام کاتێ بەرپرسیاریەتیی سەرکەوتن یان شکستهێنان بدرێتە دەست کەسانی تر ئەوا لەکاتی شکستهێنانی ئەو کەسانەدا بۆ دەستوەردان، ئەوا خەباتەکەش شکست دێنێ. بەهەرحاڵ پاڵپشتیی دەرەکی شتێکی باشە کاتێ گەلانی ستەمبار خەباتی ناتوندوتیژ بەکار دێنن و بەشێوەیەکی دروست ڕەفتار دەکەن، بەشێوەیەک سەرکەوتن و نوشستهێنانی تەنیا پشت بە کۆششەکانی خۆی دەبەستێ.

دارشتنی ستراتیج و تاکتیکەکانی خەباتی ژیرانە پێویستی بە تێگەیشتنێکی ڕوون هەیە بۆ دینامیکیەت و میکانیزمەکانی خەباتی ناتوندوتیژ (بڕوانە The Politics of Nonviolent Action). گرینگە ڕەچاوی پەرەسەندنی ئەم پلانانە و ئەو کارانەی پێشکەوتنیان ئاسان دەکا بکرێ و، ئەو کارانە ڕەت بکرێنەوە کە جێبەجێکردنیان دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئەو هۆکارانەی کاریگەری دروست دەکەن.

هەروەها پێویستە ڕەچاوی زێدە هۆکارەکانیش بکرێ، وەک هۆکارە دەروونی و ئەخلاقی و ماددی و جوگرافیەکان و کاتبەندی و ژمارەکان و هێز و پێوەندیی نێوان کێشەکە و چڕکردنەوەی هێز و پارێزگاریکردن و دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی چەند شێوازێکی کارکردنی دیاریکراو، کە لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجی و تاکتیکیەکاندا ڕۆڵیان هەیە.

گرینگیی پلاندانانی ستراتیجی لە خەباتی ناتوندوتیژ لەوەدایە کە کلیلی کاراکردنی بزاوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە، لەوانەیە بزاڤێکی دیاریکراو ئامانجەکانی بەدی نەهێنێ، بەڵام دەرفەتی سەرکەوتن زاڵ دەکا[٤].

هەنگاوەکانی پلاندانانی ستراتیجی بۆ خەباتی ناتوندوتیژ دژ بە ڕیژیمە سەرکوتکارەکان.

خەباتی ناتوندوتیژ تەکنیکێکە بۆ ئاراستەکردنی ململانەکان بە شێوازی نارەزایی دەربڕینی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و بە هاوکارینەکردن و بە دەستوەردانی پەکخەر. تەکنیکێکە لەسەر بنەوای بەکارهێنانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کەللەڕەقیی مرۆییە- پێداگرتن و توانی بەرهەڵستیکردن و ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن و گژبەریکردن و پەکخستن، بەو واتەیەی خەڵک ئەو شتانە ڕەت بکەنەوە کە لەسەریانە جێبەجێیان بکەن، یاخۆ ئەنجامدانی هەندێ شت کە لێیان قەدەخەیە.

هەموو حکوومەتەکان پشت بە هاوکاریکردن و گوێڕایەڵی دەبەستن بۆ ئەوەی بمێننەوە، کاتێ خەڵک هاوکاری نەکەن، ئەوا حکوومەتەکان هەموو ئەو دنگانە لەدەست دەدەن کە لەسەریان وەستاون.

خەباتی ناتوندوتیژ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە چەندان شێوەی ململانەی جۆرەوجۆردا بەکار هاتووە بۆ بەرەنگاریکردنی سەرکوتینەوە و تێکشکاندنی دیکتاتۆرییەتەکان و بەرەنگاریکردنی داگیرکردنی بیانی و بەرگریکردن لە کەمینە گۆشەگیرکراوەکان و هەروەها لەپێناو زیادکردنی ئازادیدا.

ئەم شێوانەی خەبات لە ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر زادەی بەڵگەنەویستی و ڕەفتاری سەرپێیی بوون. هەروەها بەرەنجامی هەڵسوکەوتکردنی خەڵک بوون بەبێ دیاریکردنی ئامانجەکانیان، یاخۆ بەبێ تێگەیشتن لەوەی لەسەریانە بەدیی بێنن.

هەندێ لەم خەباتانە ڕەنگدانەوەی پلەیەک لە تاکتیک یاخۆ پلاندانانی کورت مەودا بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەپێی پلانگەلێکی ستراتیجیی مەزن، کە پەرەسەندن و ڕێنوێنیکردنی ئەو خەباتە بەگشتی بگرێتە ئەستۆ، کاریان کردووە.

بەڵام ئێستە، ئەو کۆمەڵانەی خەباتی ناتوندوتیژ دەگرنەبەر پێویستیان بەوە نییە سەرلەنوێ پەلەپەلی دابهێنن، چونکە لەرێی تێگەیشتنی قووڵتر لەم تەکنیکە و دابەشکردنی ئەم زانینە لەگەڵ پلاندانی ستراتیجی یاخۆ پلاندانانی درێژمەودادا، خەباتی ناتوندوتیژ کاریگەرتر دەبێ.

## ڕەگەزەکانی پلاندانانی ستراتیجی

ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو ڕەگەزە سەرەکییانەن کە پێویستە لەکاتی پلاندانان بۆ خەباتی ناتوندوتیژ لەبەرچاو بگیرێن:

قۆناخی یەکەم: هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بەرایی

* پشکنینی ئەو پرسانەی خراونەتە مەحەک، وەک هەردوو لا دەیانبینن.
* ئامادەکردنی شیکردنەوەیەک بۆ سیستەمە ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی ناو کۆمەڵگە یاخۆ وڵاتەکە. ئەمە جگە لە دابەشبوونی دانیشتووان.
* ئامادەکردنی مەزەندەکردنێکی ستراتیجی، واتە دیاریکردنی خاڵەکانی هێز و لاوازیی هەردوو لایەنی ناکۆک، ئەمەیش زانینی سەرچاوەکانی هێزی هەردوو لایەن و ئەو دامەزراوانەی دەبنە کۆڵەگەی پاڵپشتیکردنەکە دەگرێتەوە، هەروەها شیکردنەوەی سەرچاوەکانی بەردەستی هەر لایەنێک و تاقیکردنەوەی ڕادەی پشتبەستنی هەر لایەک لەسەر لاکەی تر بۆ گەیشتن بە هەندێ پێداویستیی دیاریکراو. ئەمە جگە لە هێزی ململانەکردنی هەریەکەیان لەچاو ئەوی تردا.
* زانینی چۆنیەتیی سنووردارکردن و لاوازکردن یان لەناوبردنی هەر سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی هێزی دژبەر.
* زانین و تاقیکردنەوەی هەر ڕۆڵێکی چاوەڕوانکراو یاخۆ هەر بۆچوونێکی لایەنێکی سێیەم لە ململانەکەدا، ئەمەیش ئەو خەڵکە دەگرێتەوە کە خۆیان

بۆ خەبات تەرخان نەکردووە.

* زانینی هۆکارە دەرەکییەکانی تر کە کار لە ڕێڕەوی کارکردن دەکەن، وەک هۆکارگەلی جوگرافی و ئاسمانی و ئاووهەوا و ژێرخان و هتد.
* زانینی جۆرەکانی تری پاڵەپەستۆ کە لەوانەیە ببنە مایەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرگری.
* ئەزموونکردنی ئەو ڕەگەزانەی لە سەرەوە باس کران، بۆ زانینی ئەوەی ئاخۆ بارودۆخی هەنووکەیی لەبار یاخۆ نالەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی خەباتی ناتوندوتیژ لە چوارچێوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا، کام لەم بارودۆخانە جێگیرن و کامیان گۆڕاون و کامیان دەتوانرێ بە کارەکانی بەرگریکاران یاخۆ دژبەرەکانیان کاریان تێ بکرێ.

قۆناخی دووەم: پەرەپێدانی ستراتیج

* پەرەپێدانی ستراتیجێکی مەزن بەگشتی. ناساندنی ئامانجەکانی خەبات بە چەمگەلێکی ڕوون و دیاریکراو. وردکردنەوەی چۆنیەتیی ئەنجامدانی خەباتی ناتوندوتیژ لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا. ئەمەیە چەمکی سەرەکیی پان و پۆڕ و درێژمەودا بۆ ڕەوتی خەبات و هاوئاهەنگی و ئاراستەکردنی هەموو سەرچاوەیلی بەردەست و گونجاو کە گرووپە خەباتکارەکە هەیەتی.
* ئاخۆ دەکرێ لە هەڵمەتێکی سەرتاپاگیری دیاریکراودا ئامانجی سەرەکیی ململانەکە بەدی بێ؟ ئەگەر ئەوە دەکرێ، ئەوا دەبێ پلان بۆ چۆنیەتیی بەدیهێنانی دابنرێ. ئەگەر وایش نییە ئەوا ململانەکە پێویستی بە لەخۆگرتنی ژمارەیەک هەڵمەتی تری سنووردار هەیە بۆ ژمارەیەک ئامانجی تری پلە دوو.
* پەرەپێدانی چەند ستراتیجێک بۆ چەند هەڵمەتێکی تاکەکەسی بۆ

بەدیهێنانی ژمارەیەکی زیاتری ئامانجی سنووردار لە ماوەی خەباتەکەدا.
لێرەدا چوارچێوە پان و پۆڕەکەی ستراتیجە باڵاکە وردتر دەبێتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی وەک: کێ؟ چی؟ لەکوێ؟ و چۆن؟ دەداتەوە لە پلاندانان بۆ هەڵمەتێکی دیاریکراو لە ململانەکەدا.

* هەڵبژاردنی تاکتیکێکی دیاریکراوی کورتمەودا و ژمارەیەک شێوازی کارکردنی تاکەکەسی تا کار بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجە هەڵبژێردراوەکە بکەن. زۆر گرینگە تاکتیک و شێوازەکانی کارکردن لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی ستراتیجیی دیاریکراودا بە وریایی بێنە هەڵبژاردن، تەنیا و تەنیاش پاش پەرەپێدانی ستراتیجە باڵاکە.

لەو شێوازانەی ناتوندوتیژی کە دەکرێ هەڵیانبژێرین شێوازەکانی دەربڕینی ناڕەزایی، قایلکردن، هاوکارینەکردن و دەستوەردانن. هەندێ لەمانە لە بارودۆخی جیاوازدا لە هەندێکی تریان باشتر کار دەکەن. بە پشتبەستن بەشێوەیەکی سەرەکی بە ستراتیجە باڵاکە و ئامانجە گشتییەکە، مەزەندەکردنی ستراتیج و ئامانجی هەڵمەتی تاکەکەسی، توانی هەندێ لە شێوازەکان لە هەندێکی تریان زیاترە لە ڕووی بەستنەوە و بڕینی سەرچاوەکانی هێزی ڕیژیمی دەسەڵاتدار.

* دڵنیابوون لەوەی پلانە ستراتیجییە پەسندکراوەکە لە ڕووی ئامانجەکانی و گوشارە سەپاوەکان و تاکتیک و شێوازە هەڵبژێردراوەکانەوە گونجاوە.

قۆناخی سێیەم: بنیاتنانی توانا

* مسۆگەرکردنی ئەوەی ستراتیجە هەڵبژێردراوەکانی خەبات لە سنووری توانی گەلدان بۆ جێبەجێکردنیان، ئەگەر وا نەبوو پێویست بەوە دەکا توانی گەل زیاد بکەین، یاخۆ ستراتیجەکە دەستکاری بکەین.
* بەهێزکردنی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی

دژبەرەوەن، بەتایبەت ئەگەر ستراتیجە باڵاكە داوای بەكارهێنانی ئەم تەنە سەربەخۆیانە بكا لەكاتی خەبات بۆ جێبەجێكردنی هاوكارینەكردن و گژبەری.

* پلاندانان بۆ یارمەتیدانی تیمێكی سێیەم، بەڵام بەبێ پشتبەستن بەو یارمەتییە.

قۆناخی چوارەم: خەباتی كراوە

* چڕكردنە سەر خاڵەكانی هێزی بەرگریكاران لە بەرامبەر خاڵەكانی لاوازیی دژبەرەكەیان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێكی دیاریكراو بەپێی ستراتیجە باڵاكە و ستراتیج و شێوازە هەڵبژاردەكان بەتایبەت لە بەستنەوە و بڕینی سەرچاوەكانی هێزی دژبەر.
* مسۆگەركردنی ئەوەی پلانە ستراتیجییەكە بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی، كە بزاڤی بەرگری لاواز دەكا، پیادە دەكرێ.
* مسۆگەركردنی ئەوەی چالاكییەكانی خەبات یارمەتیی بەهێزكردنی بەرگریكاران دەدا.
* مسۆگەركردنی گەیشتنی بەرگریكاران بە سەرچاوە مۆڵەقەكان.
* هێنانەكایەی حاڵەتێكی ناهاوسەنگ لای گژبەر و پارێزگاریكردن لە بەردەوامبوونی.
* گژبەریی سەركوتینەوەی دژبەر لەگەڵ بەردەوامیی دەستگرتن بە شێوەكانی ململانەكەوە.
* ئەنجامدانی كار لەبری كاردانەوە و پارێزگاریكردن لە دەستپێشخەری و گوڕ و تین. دەبێ خەباتكردنەكە بەپێی مەرجەكانی گرووپە بەرگریكارەكە ئاراستە بكرێ، نەک بەپێی مەرجەكانی گژبەر.
* هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوامی ڕێڕەوی خەبات بەپێی پلانە ستراتیجیەكە.

قۆناخی پێنجەم: کۆتای ململانەکە

* سەرکەوتن یان ژێرکەوتن یاخۆ تێکەڵەیەک لە ئەنجام.

* قۆناخی پاش ململانەکە بێتە هەڵسەنگاندن و پلان بۆ داهاتوو دابنرێ.

ئەمانە تەنیا هەندێ تێبینیی سەرەتایین بۆ پیادەکردنی بنەوایەلی ستراتیجی خەباتی ناتوندوتیژ.[٥]

پاشکۆ: ئەو زاراوە گرینگانەی لە خەباتکردن بە ئامرازەکانی ناتوندوتیژیدا بەکار دێن:

– خۆگونجاندن: میکانیزمێکە بۆ گۆڕین لە کارەکانی ناتوندوتیژیدا بەکار دێ، تێیدا دژبەران هەندێ دەستبەردان (تنازلات) پێشکێش دەکەن و ملکەچی هەندێ داواکاریی نارازییان دەبن وێڕای بوونی بڕارەیلی تر لە بەردەمیاندا. خۆگونجاندن کاتێ ڕوو دەدا دژبەران هەڵوێستی خۆیان ناگۆڕن، یاخۆ بە ناتوندوتیژی ناچاری دەستبەردان دەکرێن، ئەویش پاش ئەوەی دەگەنە ئەو دەرەنجامەی، وا باشترە لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێک ئەوە بکەن. لەوانەیە پەنابردن بۆ خۆگونجاندن لەبەر ئەو کاریگەرییانە بێ کە ئەگەر درێژە بکێشن حاڵەتێک لە گۆڕانکاری یاخۆ ناچارکردن بە توندوتیژی، یان لەبەریەک هەڵوەشانی حوکمڕانیی دژبەری لێ دەکەوێتەوە.

– دەسەڵات: ئەو جەستەیەیە کە حوکم و بڕیار و ئامۆژگاری و فەرمان دەردەکات و تاک و دامەزراوەکان خۆویستانە _وەک ئەوەی مافێک بێ لە مافەکان– قبووڵی دەکەن و لەڕێی گوێڕایەڵی و هاوکاریکردنەوە پیادە دەکرێ. دەسەڵات سەرچاوەی سەرەکیی هێزی سیاسییە، بەڵام بەبێ ئەوەی یەک شت بن.

– بایکۆتکردن: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسی.

– گتکردنی مەدەنی: کارەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی.

– ڕێوشوێنێکی مەدەنی: کارەکانی ناتوندوتیژی کە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسییە.

– گژبەریکردنی سیاسی: نارەزایی و بەربەرەکانیکردنە بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسیدا.

– بەرەنگاریی مەدەنی: بەرەنگاریکردن بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناتوندوتیژی بە بوونی ئامانجێکی سیاسی.

– مانگرتنی مەدەنی: دەست هەڵگرتن لە کار لەبەر هۆیەلی سیاسی. ئەم مانگرتنە تەنیا کرێکاران ناگرێتەوە، بگرە لەوانەیە قوتابییان و خاوەن پیشەکان و خاوەن شوێنە بازرگانیەکان و فەرمانبەرانی حکوومی و کەسانێک لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بگرێتەوە.

– یاخیبوونی مەدەنی: پێشێلکردنی مەدەنی و ئاشتییانەی هەندێ یاسای دیاریکراو یان فەرمان یان ڕێوشوێن یان ڕێوڕەسم یان فەرمانی سەربازی یاخۆ پۆلیس و شتی لەم شێوەیە دەگرێتەوە. ئەم یاسایانە سرووشتێکی نائەخلاقی و بێویژدانانە و ستەمکارانەیان هەیە. هەندێ جار بەرهەڵستیی هەندێ یاسا دەکرێ کە هەندێ لایەنی ڕێکخەر یان بێلایەن لە ڕووی ئەخلاقییەوە دایاندەنێن، بەشێوەیەک ئەو نەیارییە دەبێتە هێما بۆ بەرهەڵستیکردنێکی فرەوانتر بۆ سیاسەتەکانی حکوومەت.

– بادانەوە (التحول): گۆڕانێکە لە هەڵوێستی دژبەردا کە کارەکانی ناتوندوتیژی ئاراستەی ئەو دەکرێن، بەشێوەیەک ئەو دژبەرە باوەڕ بە ڕاستیی قبووڵکردنی ئامانجەکانی گرووپەکانی ناتوندوتیژ دێنێ. بادانەوەی هەڵوێست یەکێکە لە چوار میکانیزمەکە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بە شێوازەکانی ناتوندوتیژی.

– لەبەریەک هەڵوەشان: چوارەم میکانیزمە بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژ، تێیدا ڕێژیمی دەسەڵاتدار شەقوپەق

دەبێ و هەرەس دێنێ، ئەویش بەهۆی هاوکارینەکردن و گژبەریکردنی جەماوەریی گەورەوە کە دەبێتەهۆی لەقاڵبدان یاخۆ بڕینی سەرچاوەکانی هێز لەڕێی هاوکارینەکردن لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتدار، ئەوەیش دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی.

– داخستنی ئابووری: بریتییە لە هەڵپەساردنی چالاکییە ئابوورییەکان لە شار یان ناوچە یاخۆ دەوڵەتیکی دیاریکراودا بە پاڵنەری سیاسی، بە ڕادەیەک دەبێتە هۆی فەلەجبوونێکی ئابووری. ئەم دەسکەوتە بەهۆی مانگرتنێکی سەرتاسەرییەوە دەبێ لە کارکردن کە کرێکاران و خاوەن شوێنە بازرگانیەکان و کارەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان دەگرێتەوە.

– ئازادی (سیاسی): دۆخێکی سیاسییە ئازادیی هەڵبژاردن بۆ بەشداریکردن لە هەندێ کار و بڕیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەداتە تاک و گرووپەکان.

– ستراتیجی باڵا: فرەوانترین تێگەیشتنە لە چۆنیەتیی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانەکە لەڕێی بەکارهێنانی ڕێکارێکی تایبەتەوە. ستراتیجی باڵا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ململانەکە سەرچاوە بەردەستەکان هاوئاهەنگ و ئاراستە دەکا، جا ئەو سەرچاوانە چ مرۆیی بن یان ئابووری یان ئەخلاقی یاخۆ هی تر. لە چوارچێوەی ستراتیجە باڵاکەدا ژمارەیەک ستراتیجی سنوورداریش بۆ بەدیهێنانی هەندێ ئامانجی لاوەکیی دیاریکراو لە قۆناخەکانی خەباتی هەمەلایەنەدا جێبەجێ دەکرێن.

– کۆمەڵێکی ستەمبار: کۆمەڵێ کەسی ستەمبارن کە بەشێکن لە نەتەوە، کەسانێکی نارەزا ڕابەرایەتییان دەکەن و شێوازی ناتوندوتیژ بەکار دێنن.

– سەرچاوەیلی مرۆیی: ئەم زاراوەیە ئەم کەس و کۆمەڵانە دەگرێتەوە کە گوێڕایەڵیی "فەرمانڕەوا" (یان تاقمی دەسەڵاتدار کە بکە و مەکە-یان لە دەوڵەتدا لەدەستدایە) دەکەن، هاوکاری دەکەن و یارمەتی دەدەن بۆ

جێبەجێکردنی ئەوەی دەیانەوێ. هەروەها ڕادە و شێوەی سەربەخۆیی دامەزراوەکانیشیان دەگرێتەوە، بەشێوەیەک بوونیان کار لە توانی گرووپە دەسەڵاتدارەکە لەسەر بەردەوامبوون دەکا و بەشێکن لە سەرچاوەی هێزی سیاسییان.

– سەرچاوەی مادی: سەرچاوەیەکی ترە لە سەرچاوەکانی هێز، ئەم زاراوەیە موڵک و سەرچاوە سرووشتیەکان و سەرچاوە داراییەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەکانی پێوەندی و گەیاندن دەگرێتەوە، کە ڕادەی دەسەڵاتداریی دەسەڵات دیاری دەکەن.

– میکانیزمەکانی گۆڕانکاری: ئەو پرۆسانەن ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێن، ئەوا بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژ گۆڕانکاری دێتە کایە، کە چوار میکانیزم دەگرێتەوە و بریتین لە: بادانەوە، خۆگونجاندن، ناچارکردن بە ناتوندوتیژی و لەبەریەک هەڵوەشان.

– شێوازەکان: ژمارەیەک شێوازی دیاریکراون لە چوارچێوەی کارکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی. نێزیکەی دووسەد شێوازی لەم جۆرە هەن کە لە سێ گرووپەدا ڕیزبەند کراون، کە بریتین لە: نارەزایی و قایلکردن بە بەرکاهێنانی ناتوندوتیژی، هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، لەگەڵ دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی.

– هاوکارینەکردن: یەکێکە لە شێوازەکانی کارکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی، ڕاگرتنی هاوکاریکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لەگەڵ کەس یاخۆ دامەزراوە یان ڕیژیمێکی دیاریکراو دەگرێتەوە. شێوازەکانی هاوکارینەکردن لە بەشەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری (بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتن لە خواردن) و هاوکارینەکردنی سیاسیدا ڕیزبەند کراون.

– ناتوندوتیژی (ئاینی و ئەخلاقی): بریتییە لە چەندان جۆر لە بیرو باوەڕ

و هەڵسوکەوت کە تیایاندا لەبەر هۆیەلی ئاینی یان ئەخلاقی بەکارهێنانی توندوتیژی قەدەخەیە، لە هەندێ بیروباوەڕی ئاینیدا تەنانەت بیرکردنەوەی شەڕەنگێزانە یاخۆ بەکارهێنانی وشەی دەستدرێژیکارانە قەدەخەیە، هەندێ بیرباوەڕ هانی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕەفتاری ئەرێنییان بەرامبەر بە دژبەر هەبێ، بگرە تەنانەت دژ بە بەکارهێنانی زاراوەی (دژبەر)ە. لەوانەیە خاوەنی ئەم بیروباوەڕانە لەگەڵ کەسانێک کە لە ڕوانگەیەکی براگماتیەوە ناتوندوتیژی بەکار دێنن، بەشداری لە کارەکانی ناتوندوتیژیدا بکەن یان نەکەن.

- کاری ناتوندوتژی: برێتییە لە کۆمەڵێ نارەزایی و بەرەنگاری و دەستوەردان بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژیی جەستەیی. ئەم کارانە لەم ڕێگەیانەوە جێبەجێ دەکرێن:

أ) ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی هەندێ کار کە یاسا یاخۆ نەرێت دەیان سەپێنن.

ب) ئەنجامدانی هەندێ کار کە بەشداران عادەتیان نییە ئەنجامیان بدەن، یاخۆ یاسا ئەنجامدانیان قەدەخە دەکا.

ج) یان هەردوو کارەکە پێکەوە.

کارەکانی ناتوندوتیژی چەندان شێوازی دیاریکراو دەگرێتەوە لە چوارچێوەی سێ گرووپی سەرەکیدا، ئەوانیش: نارەزایی و قایل کردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی، هاوکارینەکردن، هەروەها دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی.

- ناچارکردن بە ناتوندوتیژی: میکانیزمێکی گۆڕانکارییە بە بەکارهێنانی کارەکانی ناتوندوتیژی، تێیدا نارازیان بەکوێرایی چاوی دژبەران داواکاریەکانیان بەدی دێنن، لەبەرئەوەی دژبەران بەهۆی هاوکارینەکردن و دژبەرییەکی بەرفرەوانەوە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە دەست دەدەن. لەم

حـاڵـەتەدا ڕیژیمـی دەسـەڵاتدار هـێـشـتـا لە پێگەی خـۆیدایە و لەبـەریەک هەڵنەوەشاوە.

– یاخـیـبـوون بە بەکـارهێنانـی ناتوندوتیـژی: بریتـیـیـە لە بەرپـاکـردنـی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی سیاسی دژ بە ڕیژیمێکی دەسەڵاتداری سـەرکوتکەر بە بەکارهێنانی چەند هەڵمەتێکی فرەوان لە هاوکارینەکردن و دژبەریکردن.

– دەسـتـوەردان بـە بەکارهێـنانی ناتوندوتیـژی: بریتییە لە ژمـارەیەکی زۆر شـێوازی ناتونـدوتیژیانە کە ڕاسـتەوخـۆ لە قـوولایی چالاکییـەکـان و شـێـوەی بەڕێوەبردنی لایەنی دژبەر بۆ ڕیژیمەکەی دەدا.

ئەم شـێوازانە جیـاوازن لە نارەزایی دەربڕینـی ڕەمزی و هـاوکـارینەکردن، چونکـە دەسـتـوەردان بە بەکـارهێنانـی ناتوندوتیـژی بەزۆری فـیـزیکی دەبـێ (وەک پەناگیری) بەلام لەوانەیشە دەروونی یان کۆمەلایەتی یان ئابووری یان سیاسی بێ.

– نارەزایی و قـایکردن بە بەکـارهێنانی نـاتوندوتیژی: کـۆمـەڵێکی زۆر لە شـێـوازی ناتـوندوتیـژین کە هەنـدێ کرای ڕەمـزین، گوزارشت لـە جیـاوازیی بیروڕا یاخۆ هەوڵی قایلکردن دەکەن وەک ئەنجامدانی پەناگیری و ڕێپێوانی ئەوتۆ کـە سنووری دەربڕینی زارەکییـانەی بیروڕا تێ دەپەڕێنێ و لە ئـاسـتی هـاوکارینەکردن (وەک مانگرتن) و دەستوەردان بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی (وەک پەناگیری) نێزیک دەبێتەوە.

– خـەباتـی ناتوندوتیـژ: خـەباتکردنە بە بـەکارهێنانی شـێـوە بەهێـزەکـانی ناتوندوتیـژی، نەخـاسـمە لەبەرامـبەر دژبەرێکی کەللەڕەق کە لەوانەیە پەنا بۆ شێوازەکانی سەرکوتینەوە ببا.

– چەکەکـانـی ناتوندوتیـژی: ئەو شـێـوازە دیاریکراوانەن کـە لـە کـارەکـانی ناتوندوتیژیدا بەکار دێن.

– کـۆڵەکـەکـانی پاڵپـشـتـی: بریتـین لە دەزگـە و لایەنەکـانی کـۆمـەڵگە کـە

سەرچاوەکانی هێزی پێویست بۆ مانەوە و بەردەوامی و فرەوانبوونی دەسەڵاتی ڕیژیم دەستەبەر دەکەن وەک پۆلیس و گرتووخانەکان و سوپا کە هێز دەدەنە ڕیژیم بۆ سەپاندنی سزا، هەروەها ڕابەرە ئاینی و ئەخلاقییەکان کە شەرعییەت بە ڕیژیم دەدەن، ئەمە جگە لە سەندیکا کرێکاریەکان و کۆمپانیاکان و گرووپە وەبەرهێنەکان کە سەرچاوەی مانەوەی ئابووری و سەرچاوەکانی تری هێزی سیاسی بۆ ڕیژیم دابین دەکەن.

– دژبەرییەکی سیاسی: بریتییە لە جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی خەبات بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی لە پێناو کارکردن لەسەر شەقوپەقکردنی ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکان و گۆڕینیان بە سیستمگەلێکی دیموکراسی. بەرەنگاریکردن بە بەکارهێنانی هاوکارینەکردن و دژبەریکردن هێزە شاراوەکانی نێو گەلە سەرکوتکراوەکان دەبزوێنێ بۆ کارکردن لەسەر لەبەینبردنی ئەو سەرچاوانەی کە ڕیژیمە دیکتاتۆرییەکە هێزی خۆیی لێیانەوە وەر دەگرێ (کۆڵەگەکانی پاڵپشتی). بەکارهێنانی گژبەریکردنی سیاسی بەشێوەیەکی باش توانی ڕیژیمی دیکتاتۆری بۆ حوکمکردنی گەل لەبەین دەبا، هەروەها هەر ڕیژیمێکی تریش لە داهاتوودا.

– سیاسەتی زۆرانبازی ژاپۆنی (جۆدۆی سیاسی): ئەم سیاسەتە بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی خەباتدا دەخرێتە کار بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژ بەمەبەستی هێنانەکایەی گۆڕانکارییەک لە ترازووی هێزەکاندا، بەشێوەیەک کاردانەوە نەرێنیەکان بەرامبەر ئەو شێوازانەی سەرکوتینەوە کە دوژمن دژی ئەو خەڵکە نارازییەی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی بەکاردێنن، بەکاریان دێنێ، دەقۆزرێتەوە تا لە ڕووی سیاسیەوە لەدژی دژبەرەکە بەکار بێ، ئەوەیش هەڵوێستی ڕیژیم لاواز و هەڵوێستی نارازییان بەهێز دەکا. سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی کاتێ کار دەکا کە سەرکوتینەوە بە گژبەرییەکی ئاشتییانە وەڵام بدرێتەوە، ئەوەیش دوژمن لە خراپترین وێنەدا پیشان دەدا.

لەوانەیە گـۆڕانکاری لە هـەڵوێسـتـەکـانـی لایەنێکی سـێـیـەم و گـرووپە ستەمبارەکان و تەنانەت ئەو لایەنانەیش کە پاڵپشتی بۆ دژبەرەکە دەستەبەر دەکـەن ڕوو بدا. ئەم گـۆڕانـکارییـانـە دەبنە مـایەی ئەوەی لایەنـی دژبەر ئەو پاڵپشـتـییەی دەسـتی دەکەوێ لەدەسـتی بدا و ئەو پاڵپشـتـیەی پێشکێشی ناڕازییان دەکرێ کە شێوازەکانی ناتوندوتیژی لە خـەباتدا بەکار دێنن، زیاد بکا.

یەکێک لە ئەنجـامـەکـانـی سـیـاسـەتی زۆرانبـازیی ژاپۆنی سـەرهـەڵدانی سـەرکـۆنەکـردنێکی فـرەوانی سـیـاسـەتی دژبەر و ڕوودانی بەرهـەڵسـتـیی ناوخـۆیی لەنێـو دژبەران خـۆیانە و بـەرگـریکردن بـەگـوڕتـر دەکـا. ئەم پەرەسەندنانە گۆڕانکاریی گەورە لە پارسەنگی هێزەکان لە بەرژەوەندیی ئەو گرووپانەی بە بەکارهێنانی شێوازەیلی ناتوندوتیژی خەبات دەکەن، دێنێتە کایە.

ڕەنگە سیاسەتی زۆرانبازیی ژاپۆنی لە هـەموو حاڵەتەکانی خەباتکردن بە بەرکـاهێنانی شـێـوازەکـانـی ناتوندوتیـژی نەکـا، لەو کـاتەدا گۆڕانـکاری لە پارسـەنگی هێـزەکـان پشت بە ڕادەی تـەشـەسـەندنـی "هـاوکـارینەکـردن" دەبەستێ.

– هێـزی سـیـاسـەت: کـاریگەریی تەواو و ئەو گـوشـارانەی کـار لەسـەر جـێبـەجێکردنی سـیـاسـەتـە ڕەسـمـیـیـەکانی کـۆمـەڵگە دەکەن. دامـەزراوە حکوومـیـیـەکان دەتوانن هێزی سـیـاسی بخـەنە ژێر کـۆنتـرۆڵی خـۆیان، یان گرووپە بەرهـەڵسـتـەکان ئەو هێزە دژی حکوومـەت بەکار بێنن. دەکرێ هێزی سـیـاسـی لە ملمـلانەدا بەکـار بێ یان دەسـتی پێـوە بگـیرێ و لە قـۆناخی دواتردا بەکار بێ.

– سـزاکـان: سـەپاندنی سـزا یان کـاردانەوەی تۆڵەسـێـنەرانە بە بەکـارهێنانی تـوندوتیـژی یاخـۆ ناتـوندوتیـژی بەسـەر ئەوەی ڕێوشـوێنی

قەدەخەکراو دەگرێتە بەر یان هەنگاوی چاوەڕوانەکراو دەنێ. زۆر بەکەمی بۆ بەرپەرچدانەوەی یاخیبوونێک یاخۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان پەنا بۆ سەپاندنی سزا لەڕێی ناتوندوتیژیەوە دەبرێ. سەپاندنی سزا یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێزی سیاسی.

– پشت بەخۆبەستن: توانی بەڕێوەبردنی لایەنە کەسیەکان و بڕیاردان لەسەر شتەکان و توانی خۆ بەخێوکردن و سەربەخۆیی و بڕیردانی چارەنووس و خۆژێنی.

– لێهاتن و زانیاری: سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی هێزی سیاسی و حاکم لە حوکمدانەکەیدا پشت بە لێهاتنەکان و زانیاری و توانی کەس و گرووپەکانی کۆمەڵگە (سەرچاوە مرۆییەکان) و توانی نێوان ئەم لێهاتنانە و زانیاری و توانا بەردەستەکان لەلایەک و پێویستی حاکمەکە پێیان لەلایەکی تر، دەبەستێ.

– سەرچاوەیلی هێز: بریتییە لە چاوگەکانی هێزی سیاسی، کە: دەسەلات، سەرچاوە مرۆییەکان، لێهاتنەکان و زانیاری، هۆکارە نابەرهەستەکان، سەرچاوە مادیەکان، سزاکان، دەگرێتەوە کە هەموویان لە کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێن. ئەم سەرچاوانە پشت بە قبووڵ و گوێڕایەڵیکردنی جەماوەر و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بۆ حوکمڕان دەبەستێ. حوکمڕان بەهێز دەبێ کاتێ ئەو سەرچاوانە پاڵپشتیەکی بەهێزی بۆ دەستەبەر دەکەن، کاتێکیش ئەم سەرچاوانە لاواز دەبن یاخۆ وشک دەکەن، حوکمڕانەکەیش لاواز دەبێ و ئەنجا دەکەوێ.

– خەباتی ستراتیجی بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی: بریتییە لە خەباتکردن بە بەکارهێنانی ناتوندوتیژی کە لەسەر پلانێکی ستراتیجی دامەزرابێ بناخەکەی شیکردنەوەی سرووشتی تەنگژەکە و خاڵی هێز و خاڵی لاوازی گرووپە ڕکابەرەکان، هەروەها سرووشت و توانا و

پێداویستییەکانی میکانیزمی کارەکانی ناتوندوتیژی، بەتایبەت بنەوا ستراتیجیەکانی ئەو جۆرە ململانەیە.

– ستراتیج: پلانکاری قۆناخێکی دیاریکراو یاخۆ هەڵمەتێک لە هەڵمەتەکانی خەباتە، بەشێوەیەک ببێتە بەشێک لە ستراتیجیەتێکی بالآ کە لە ململانەکەدا بەگشتی بەکار دێ. ستراتیج ئەو بیرۆکە سەرەکییەیە کە بڕیار لەبارەی چۆنیەتیی پەرەسەندنی خەباتکردن لە هەڵمەتێکی دیاریکراودا و چۆنیەتیی کۆکردنەوەی بەشە جیاوازەکانی پێکەوە، بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، دەدا.

ستراتیج لە چوارچێوەی ستراتیجێکی بالآدا کار دەکا و تاکتیک و شێوازە سنووردارەکانی کار لە هەندێ پرۆسە لە چوارچێوەیەکی بچووکتردا بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی هەڵمەتێکی دیاریکراو، بەکار دێن.

– مانگرتن: هەڵپەساردنی کار، کە بەزۆری کاتییە، بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر خاوەنکارەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەیلی ئابووری یاخۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر حکوومەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسی.

– تاکتیک: پلانکارییەکی سنووردارە کە پشت بە چۆنیەتیی بەرکاهێنانێکی کارای ئامرازگەلێکی دیاریکراو لە قۆناخێکی دیاریکراوی خەبات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دەبەستێ.

– توندوتیژی: توندوتیژیی جەستەیی دژ بە مرۆڤ کە دەبێتە هۆی برینداربوون یان مردن، یاخۆ هەڕەشەکردن بە بریندارکردن یان کوشتن، یاخۆ هەر کردارێک ببێتە مایەی ڕوودانیان.

ئەوانەی باوەڕیان بە ناتوندوتیژیی ئاینی و ئەخلاقی هەیە، ئامادەییان تێدایە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو کەس و گرووپانەی لە ڕوانگەیەکی براگماتییەوە پێڕەوی لە ناتوندوتیژی دەکەن.

پەراوێزەکانی توێژینەوەی دووەم:

١. ئەو زاراوەی (توندوتیژی)یەی لێرەدا بەکار هاتووە تەنیا مەبەست توندتیژیی جەستەییە دژ بە تاکەکان بەمەبەستی بریندارکردن یان کوشتن یان هەر کارێکی تر ئەو ئەنجامانەی لێ بکەوێتەوە، نەک لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی یاخۆ سیاسییەوە.

2. Jerome D. Frank, "Psychological Problems in the Elimination of War", in Preventing World War III: Some Proposals (New York: Simon and Shuster, 1962).

3. Karl W. Deutsch, "Cracks in Monolith: Possibilities and Patterns of Disintegration in Totalitarian Systems," in Carl J .Friedrich, ed., Totalitarianism (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1954), pp. 308-313

4. Gene Sharp, Waging Nonviolent Struggle: 20th century Practice and 21st century Potential (Westport, CT: Porter Sargent Pub. 2005

٥. هەمان سەرچاوە.

توێژینەوەی سێیەم

# ڕۆڵی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا

## پێشەکی

تێکۆشانی ناتوندوتیژ پشت بە سرووشتی هێز لە کۆمەڵگە و سیاسەتدا دەبەستێ، چونکە ئەنجامدان و میکانیزم و ئەنجامەکانی ئەم تێکۆشانە پێوەندیی پتەوی بە بوون و مومارەسەکردنی هێز و کاریگەریی ئەوە لەسەر هێزی دژبەر هەیە. بە دەربڕینێکی تر ناتوانین لە ناتوندوتیژی تێ بگەین بەبێ ئەوەی ڕەگەزی هێز وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی لەبەرچاو بگرین.

ئەم چەمکە لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە هەڵە باوەدا تێک دەگیرێ کە پێی وایە ناتوندوتیژی هیچ هێزێکی نییە و سرووشتی هێز لە سیاسەتدا فەرامۆش دەکا و ناتوندوتیژی-خوازان وەک کەسانی ساویلکە سەیر دەکا بەهۆی ملنەدانیان بەوەی "لاوازی" سەرچاوەی ڕاستەقینەی هێزە لە سیاسەتدا.

لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە خۆی لەسەر بناخەی پشتگوێخستنی سرووشتی هێز لە سیاسەت و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا دامەزراوە.

تێکۆشانی ناتوندوتیژ شێوازێکی سیاسییە پێویستە بە گوێرەی لۆجیکی تایبەتی خۆی فام بکرێ و بێتە هەڵسەنگاندن و نابێ بە بەراوردکردنی بە هەندێ دیاردەی تری تەواو جیاواز لەو، پەردەپۆش بکرێ. شێوازی ناتوندوتیژی ئامرازگەلی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی بۆ

دروستکردنی پاڵەپەستۆ و سەپاندنی سزایەل بەکار دێنێ و پەنا بۆ ئامرازە توندوتیـژەکـان نابا[1]، ئەم شـێـوازەیش نـێـزیکەی ۲۰۰ ئامـرازی نـاڕەزایی دەربڕینی ڕەمـزی و هاوکارینـەکردنی کۆمەلایەتی و بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتنی کرێکاری و هاوکارینەکردنی سیاسی و دەستوەردانی ناتوندوتیژ (لەنێـوان پـەناگـیری تا پێکـهـێنانی حکوومـەتی سـێـبـەر) دەگـرێتـەوە. ئەم ئامرازانە پێشیان دەگوترێ "چەک"ەکانی ناتوندوتیژی.

نابێ ناتوندوتیژی لەگەڵ دیاردەی ئەو بیروباوەڕە ئاینی و ئەخلاقییانەدا تێکەڵ بکرێ کە هانی ناتوندوتیژی دەدەن[2]. ئەگەرچی لەوانەیە ئەو کەس و بزاڤانەی پێـڕەوی لە ناتوندوتیـژی دەکەن شـوێن ئەو بیروباوەڕانە بکەون، بەلام لە زۆر حـاڵەتدا تێکۆشـانی نـاتوندوتیـژانە سـەرکـردایەتیی کـەس و بزاڤگەلێکی کـــردووە کـــە پـابەندبوونی بنـەواییــــان بـە شــێـــوازە ناتوندوتیژانەکانەوە نەبووە. ڕەنگە ئەوانە لە ڕابردوودا توندوتیژییان بەکار هێنابێ و لەوانەیە ئامادەییـشیان تێدا بێ لە داهاتووشدا لە چوارچێوەی هەلومـەرجـێکی دیاریکراودا پەنای بۆ ببـەنەوە، بەلام لەپێناو بەدیـهـێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا شوێن ستراتیجی تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەکەون.

زۆر جاریش هۆی سـەرەکی ئەوەی وا لە خـەڵکێک دەکا پەنا بۆ تێکۆشـانی ناتـوندوتیــژ ببـــەن ئەوەیە کـــە بـاوەڕیان وا بووە ئـەو جـــۆرە خـــەباتە هـەلی سـەرکەوتنیان لەو ململانەیەی لەئارادایە زیاتر دەکا.

تێکۆشانی ناتوندوتیژ شێوازێکە بۆ جەمکردنی هێز لەبەرامبەر دژبەردا و بەگشـتیش ئەو دژبەرە توانـی کارگێڕی و ئابووری و سـیاسـی و پۆلیسـی و سـەربازیی هەیە، چونکە ئەو دژبەرە بەزۆری خـۆی دەبێـتە دەزگـەی دەوڵەت کـاتـێ دەسـتـەبژێرێکی دژ بە بـەرژەوەندییـەکـانی زۆرینەی هـەرەزۆری گـەل دەستی بەسـەردا دەگرن. لەوانەیشە لایەنی دژبەر دەزگەیەکی ناحکوومی بێ بەلام دەوڵەت پشتگیریی بکا.

دەتوانین بەو زۆرینە ڕەهایەی دانیشتووان کە سیاسەتەکانی دژبەر بە نەرێنی کاریان تێ دەکا ناو بنێین "کۆمەڵە ستەمبارەکە" (المجموعة المظلومة)، لەوانەیە ئەم کۆمەڵەیە بایەخ بە ژمارەیەک پرسی دیاریکراو یاخۆ بە سیاسەتێکی گشتی بدا و لەوانەیشە سەرلەبەری ڕێژیمەکە ڕەت بکاتەوە. بەزۆریش ئەو گرووپەی بەشداری لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا دەکا بچووکترە لە "کۆمەڵە ستەمبارەکە".

هێز بەشێکی بنچینەییە لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ و ناتوانین لەم جۆرە تێکۆشانە تێ بگەین یان بە باشی ئاشکرای بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزی هێز و پێوەندییەکانی هێزەکان. مەبەست لە هێز لێرەدا هەموو ڕواڵەتەکانی هەژموون و ئامرازەکانی پاڵەپەستۆیە، بەو سزایانەیش کە لەبەردەست کۆمەڵ یاخۆ کۆمەڵگەیەکدان و بۆ بەرگری لەخۆ کردن و پێڕەوکردنی سیاسەتەکانی و بەڕێوەبردنی ململانە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بەکاریان دێنێ.

دەتوانرێ هێز بە توانی ڕێژەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو و گەل و دامەزراوەکان، یاخۆ توانی جۆشدانی جەماوەر و دامەزراوەکان بۆ ئەنجامدای چالاکییەکی دیاریکراو، پێوانە بکرێ. ئەم هێزە بەکار دێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بتوانێ ئامانجێکی دیاریکراو بەدی بێنێ وەک جێبەجێکردن یان گۆڕینی هەندێ سیاسەت، یاخۆ قایلکردنی کەسانی تر تا بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن کە خاوەنانی هێزەکە دەیانەوێ، وەک قایلکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بەرهەڵستیکردن یاخۆ پاڵپشتیکردنی ڕێژیمی ئارا و سیاسەت و پێوەندییەکانی، یان بۆ گۆڕین و تێکشکاندنی شێوازی ئارای دابەشکردنی هێز. لەوانەیشە هێز بۆ بەدیهێنانی تێکەڵەیەک لەو ئامانجانە بەکار بێ.

لەوانەیە حکوومەتەکان هێزی سیاسییان هەبێ، هەروەک لەوانەیە دامەزراوە و بزاوەکانی ئۆپۆزسیۆن و گرووپەکانی تریش هەیانبێ. لەوانەیە

ئەم هێزە ڕاستەوخۆ بخرێتە کار، هەروەک لەوانەیە تەنیا بوونی هێزەکە هۆکارێک بێ بۆ پەیداکردنی هەژموون. بۆ نموونە هێز وەک چۆن لە شەڕدا هەیە لە دانوستاندنەکانیشدا هەیە.

بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا، پێویستە سرووشت و میکانیزمەکانی هێزی بەردەستی هەریەک لە دژبەر و ئەو کۆمەڵەیەی سەرکردایەتیی ئەم تێکۆشانە دەکا، تاوتوێ بکرێ.

### حوکمڕانە شوێنکەوتەکان

یەکێک لەو ڕاستییانەی بایەخێکی تیۆری و پراکتیکی هەیە ئەوەیە، ئەو هێزەی ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیی پۆستە باڵاکان لە حکوومەتدا دەکەن و بڕیار دەدەن (واتە دەسەڵاتداران) هەیانە، لە خۆیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بگرە پێویستە لە دەرەوەیانەوە بێ. ئەو هێزە سیاسییەی ئەوان وەک حوکمڕان هەیانە لەو کۆمەڵگەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە حوکمڕانیی دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر کەسانێک توانییان هێز بگرنە دەست و بەکاری بێنن، ئەوا دەتوانن جڵەوی هەڵسوکەوتی کەسەکانی تر بگرنە دەست و ببنە خاوەنی سەرچاوەیلی مرۆیی و مادیی گەورە و بوونی دەزگەیەک بۆ سەپاندنی سزا.

بە دەربڕینێکی تر، دەتوانین بڵێین حوکمڕانەکان دەسەڵاتی ڕەها، هەروەها هێزێکی خۆییان نییە، بەپێچەوانەوە حوکمڕان و دەستەبژێرە باڵادەستەکە لە سەرچاوەکانی هێزیاندا پشت بە هاوکاریکردنی گەل و دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی حوکمڕانیی دەکەن، دەبەستن. ڕادەی بوونی ئەم سەرچاوانەیش پشت بە هاوکاری و گوێڕایەڵیکردنی گرووپ و دامەزراوە و تاک تاکەی خەڵک و گەل بەگشتی دەبەستێ.

دەتوانین بڵێین هێزی سیاسی بەرەنجامی کارلێکی هەموو یان زۆربەی ئەم سەرچاوانەی خوارەوەیە:

١- دەسەڵات: بە واتەی ڕادە و چڕیی ئەو دەسەڵاتەی حوکمڕانەکان هەیانە یان ڕادەی شەرعییەتیان لەناو ڕەعیەتەکانیاندا.

٢- سەرچاوەگەلی مرۆیی: ژمارەی ئەو کەسانەی گوێڕایەڵیی حوکمڕانەکان دەکەن، هاوکاریانن و یارمەتیی تایبەتیان دەدەن و ڕێژەی ئەوانە لەناو دانیشتووان و شێوەی ڕێکخستنیان.

٣- زانیاری و لێهاتنەکان: بە واتەی ئەو لێهاتن و توانا و زانیارییانەی ئەو کەسانە هەیانە و توانیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی دەسەڵات.

٤- هۆکارە نادیارەکان: بریتین لە هۆکارە ئایدیۆلۆجی و دەروونیەکان، وەک دابونەریت و هەڵوێستەکان بەرامبەر گوێڕایەڵی و ملکەچکردن، هەروەها بوون یاخۆ نەبوونی عەقیدە یان ئایدیۆلۆجیای گشتی.

٥- سەرچاوە ماددییەکان: کە موڵکایەتی و سەرچاوە سرووشتی و ماڵیەکان و سیستمی ئابووری و ئامرازەکانی پێوەندی و گواستنەوە دەگرێتەوە.

٦- سزاکان: بە واتەی جۆر و سنووری شێوەکانی گوشار و سزا کە حوکمڕانەکان دەتوانن بەرامبەر بە ژێردەستەکانی خۆیان و لە ململانە لەگەڵ حوکمڕانەکانی تردا پێڕەوی بکەن.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەندێ لەم سەرچاوانەی هێز بەم یان بەو ڕادە هەن و بە دەگمەن -ئەگەر مەحاڵ نەبێ- ڕێک دەکەوێ هەموو ئەم سەرچاوانە بۆ دەسەڵاتداران کۆ ببنەوە، یاخۆ هیچیان نەبن، دەستەبەربوونی ئەم سەرچاوانەیش لە هەڵبەز و دابەزێکی بەردەوامدایە، ئەوەیش دەبێتە مایەی زیاد و کەمکردنی هێزی حوکمڕانەکان.

شیکردنەوەی وردی سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانەکان نیشانی دەدا کە ئەوان بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت بە گوێڕایەڵی و هاوکاریی ژێردەستەکانیان دەبەستن. کاتێ حوکمبارەکان مافی حوکمڕانەکان لە دەسەڵاتداریکردن و باڵادەستی ڕەت دەکەنەوە، بەو کارەیان ئەو ڕەزامەندی

و ڕێکەوتنە گشتییە ڕەت دەکەنەوە، کە وا دەکا بوونی حکوومەت مەحاڵ بێ.

بەم زیانەی لە دەسەڵات دەکەوێ هێزی حوکمڕانەکان دەست بە هەڵوەشان دەکـــا، لەوانـەیە ئـەم پرۆســـەیە بەردەوام درێژە بکێـــشێ تـا ئەو ڕادەیەی حـوکمڕانەکـان دەسـەڵات لـە دەست بدەن، کـاتێکیش زیانەکە زۆر گـەورە بێ، بوونی حکوومەت دەکەوێتە مەترسی.

ڕەتکردنـەوەی هـاوکـــاریکردن لەگـــەڵ دەســـەڵاتـداران بە کـــارێکی زۆر مەترسیدار دێتە ژماردن لەبەرئەوەی ئەو هاوکارییە زۆر پێویستە تا ڕیژیمی ئارا بتــوانێ کـــار بکا و بەردەوام بـێ، چونکە ســیـســـتــمــە ئـابووری و سـیـاسـیـیـەکـان بەهـۆی بەشـداریکردنـی تاکـەکـان و ڕێکخـراوەکـان و گـرووپـە لاوەکیـەکـانەوە کـار دەکـەن. هـەروەهـا حـوکمـڕانەکـان بەشـێـوەیـەکی بنەڕەتی پشت بـەم هـاوکـاری و پاڵپـشـتـیـە دەبەسـتن، چەنـدە لایـەنـەکـانی بالادەسـتی حـوکمـڕانەکـان پەلوپۆدار بێ پێویـستـیـان بـە پاڵپشـتـیی زیاتری تاکـەکـان و ڕێکخراوەکان هەیە.

هێـزی حـوکمـڕانەکـان تەنیا پشت بـە بەردەوامـیی پاڵپشـتی جـۆرەوجـۆری تاکەکان و فـەرمانبـەران و بەرپرسـان نابەسـتێ، بگرە پێویستی بە پاڵپشتی ئەو ڕێکخـراو و دامـەزراوانەیش هـەیە کـە ڕیژیمیـان لی پێک دێ، دەگـونجێ ئەم لایەنانە هاوکـاریکردن لـەگەڵ دەسـەڵاتداران ڕەت بکەنەوە و پـاڵپـشـتی پێویستیان نەکەن بۆ درێژەدان بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان.

**سنوورەکانی زۆرلێکردن**

ئەگـــەر دەســـەڵاتداران دەســـتــبـــەردانی بەرچاو نەکـــەن لە بـەرامـــبـــەر هـاوکـارینەکـردن و یاخـیـبـوون، ئـەوا دەبێ زیاتر پشت بە ئـامـرازەکـانی زۆرلێکردن ببـەستن. حـوکمـڕانەکـان بۆ دەسـتـەبەرکـردنی ڕادەی پێویست لە پاڵپشتی و هاوکاریی خـەڵک لەوانەیە پەنا بۆ سـەپاندنی سزا ببەن، ئەمـەش کـــارێکە ڕێـی تێ دەچێ لـەبەرئـەوەی ئـەگـــەر بەشـــێک لە مـــیللـەت دەســـەڵاتی

حوکمڕانەکان ڕەت بکاتەوە ئەوا بەشێکی تری خەڵک هەر دەمێنێ کە لابەندی بۆ دەسەڵاتداران هەیە و ئامادەیە سیاسەتەکانیان جێبەجێ بکا، هەر بۆیە دەگونجێ پۆلیس و سوپا بۆ سزادانی باقیی میللەت بەکار بهێنرێن.

جگە لەمە تاقمی دەسەڵاتدار جگە لە سەپاندنی سزا هەندێ شتی تریش هەیە یەکان دەخا، هەر بۆیە بەردەوام ملکەچی پاڵەپەستۆ و ئەگەری کارتێ کردنن.

زیاد لەمەش توانی دەسەڵاتداران بۆ سەپاندنی سزا خۆی لەخۆیدا پشت بە بوونی ئاستێک لە یارمەتیدان هەیە لەلایەن حوکمبارەکانەوە کە دەتوانن پێشکێشی نەکەن. بەشێوەیەکی گشتی هەوڵەکانی بەدەستهێنانی پاڵپشتی لە ڕێگەی زۆر لێکردنەوە کەم و کورت دەبن مادام دەسەڵاتی حوکمڕانەکان سنووردار و بەستراوە بێ.

سەپاندنی سزا ڕەگەزێکی گرینگە بۆ مانەوەی هێزی سیاسیی دەسەڵاتداران نەخاسمە لەکاتی تەنگژەکاندا، بەڵام ڕادەی کاریگەربوونی ئەم سزایانە لەسەر جۆری کاردانەوەی ئەو گەلە دەوەستێ کە ئەو سزایانەی بەسەردا دێنە سەپاندن. گەل لە چەندان هەڵوێستدا خۆڕاگر بووە و پاشەکشەی لەبەردەم مەترسییەکاندا نەکردووە. هەمیشەش فاکتەری ئیرادە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە تەنانەت لە حاڵەتی جێبەجێکردنی سزاشدا. جا بۆ ئەوەی سزادان کاریگەر بێ، دەبێ خەڵک لێی بترسن و پاش سزادرانیان، جارێکی تر ئامادەییان تێدا دروست بێتەوە بۆ هاوکاری و گوێڕایەڵیکردن.

بەڵام لەوانەیشە گژبەریی ئەم سەختییانە بکەن و سوور بن لەسەر درێژەدان بە هاوکارینەکردن، ئەگەر ئەمەیشیان کرد ئەوا هێزی حوکمڕانەکان دەکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی مەترسیدار.

## بەرەنگاریکردنی یەکگرتوو

کەواتە دەستەبەربوونی سەرچاوەکانی هێزی حوکمڕانان بەشێوەیەکی بنەڕەتی و ڕاستەوخۆ پشت بە ڕادەی هاوکاری و ملکەچی و گوێڕایەڵیکردنی حوکمبارەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەبەستآ، ئەم حاڵەتەیش، لەسایەی هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا، دەرفەت دەداتە ئەمانەی دوایی بۆ ئەگەری بەستنەوە یاخۆ گرتنەوەی ئەم سەرچاوانەی هێز، ئەویش بە کەمکردنەوە یان کێشانەوەی پاڵپشتی و هاوکارییان.

پێویستە هاوکارینەکردن سەرتاپاگیر بێ تا بتوانرێ هێزی دەسەڵاتداران بەرتەسک بکرێتەوە و کۆنترۆڵ بکرێ. پێویستە هاوکارینەکردن لەڕووی ئەو سەرکوتەی هەڵ دەدا حوکمباران هاوکاری و ملکەچکردن بکاتەوە، بەردەوام بآ. کاتآ حوکمباران ترسیان کەم دەبێتەوە یاخۆ دەشکێ، هەروەها کاتێ ئامادەییان تێدا دروست دەبێ بۆ بەرگەگرتنی ناهەمواربیەکانی سزا سەپێنراوەکان وەک باجی گۆڕانکاری، ئەوکاتە توانی یاخیبوونی بەرفرەوان و هاوکارینەکردنی سەرتاپاگیر دێتە کایە.

ئەم پەرەسەندنە گرینگیەکی سیاسی هەیە چونکە ئەوکاتە ئیرادە و توانی جموجوولکردنی دەسەڵات بەپێی ژمارەی ئەو خەڵکەی بەشداریی یاخیبوونەکەیان کردووە، هەروەها بەپێی ڕادەی هاوکارینەکردنی دامەزراوەکان و ڕادەی پشتبەستنی دەسەڵات بەو دەزگەیانە، بەرتەسک دەبێتەوە. لێرەشەوە چارەسەرکردنی کێشەی هێزی دەسەڵات -کە بە ڕەها دێتە پێش چاو- لە فێربوونی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی هاوکارینەکردن و درێژەپێدانیدایە.

کاتێ بزاڤی بەرگری دەتوانێ درێژە بە هاوکارینەکردن و گوێڕایەڵکردن بدا لەبەرامبەر ئەو سزایانەی دەسەڵات دەیان سەپێنێ، ئەوکاتە کۆتای ڕیژیم زۆر نێزیک دەکەوێتەوە.

بەم شێوەیە هەموو دەسەڵاتداران لە هەڵوێست و هێزی سیاسیاندا پشت بە هاوکاریی خەڵک دەبەستن، هەروەها ڕوون دەبێتەوە ئەو تیۆرەی پێی وایە هێز لە توندوتیژییەوە وەردەگیرێ و سەرکەوتن یاوەری ئەو لایەنە دەبێ کە دەتوانێ زۆرترین توندوتیژی بەکار بێنێ، تیۆرێکی هەڵەیە، بەپێچەوانەوە ئیرادە و توانی بەرەنگاریکردن ڕۆڵێکی ناوەندییان هەیە.

بەڵگەنەویستە جێبەجێکردنی ئەم دیدگایە بۆ سرووشتی سەربەخۆی هێزی سیاسی پێویست دەکا وەڵامی پرسیاری: چۆن؟ بدرێتەوە، چونکە نەزانینی ئەوەی پێویستە بکرێ، بەردەوام یەکێک بووە لەو هۆیانەی گەلانی زۆر سڵەماندووەتەوە لەوەی بەپێی ئەم دیدگایە کارایانە دژ بە ستەم و ستەمکاری خەبات بکەن.

دوو ڕەهەندی بنچینەیی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم تێڕوانینە:

یەکەمیان، پێویستە ڕەتکردنەوەی هاوولاتییان بۆ حکوومەتی ستەمکار بگۆڕدرێ بۆ هاوکارینەکردن لەگەڵ ئەو حکوومەتە، ئەم ڕەتکردنەوەی هاوکارییەش "وەک دواتر دەیبینین" چەندان شێوە وەردەگرێ.

دووەمیان، پێویستە کارکردن بەکۆمەڵ یاخۆ جەماوەری بێ، کاتێ کەمینەی دەسەڵاتدار یەکگرتوو بێ و زۆرینەی دەسەڵاتبار ڕێکخستنێکی سەربەخۆی نەبێ، هاوولاتییان ناتوانن بەرهەڵستیەکی یەکگرتوو بکەن، حوکمڕانانیش دەتوانن تاک تاک زەفەریان پێ ببەن. بەکورتی ئەو بزاڤە بەکارەی پشت بەم تیۆرەی هێز دەبەستێ، پێویستی بە بوونی بەرەنگاریەکی یەکگرتوو هەیە.

**بنەوا بنیاتییەکان**

دۆخە بنیاتیەکانی کۆمەڵگە بایەخێکی گەورەیان هەیە لە دیاریکردنی توانی گشتیی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ بەرەنگاریکردنی حوکمڕانەکانی. مەبەست لە دۆخە بنیاتیەکان لێرەدا بوونی دامەزراوە جیاوازەکانە "یاخۆ ئەوانەی

دەکرێ ناویان بنێین شوێنەکانی هێز (مـواضع القـوة). ئەم دامـەزراوە و دەزگەیانە بە "شوێنگەل"ێک دادەنرێن کە هێز تێیاندا چڕ دەبێتەوە، یان هێز بەرجەستە دەکەن.

شێوە و سرووشتی شوێنەکانی هێز لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و لە هەڵویستێکەوە بۆ هەڵویستێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام بەگشتی کۆمەڵ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپەیلی ئاینی و ڕۆشنبیری و پیشەیی و ئابووری، گوند و شار، هەرێم و ناوچەکان، دەزگە حکوومییە بچووکەکان، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان و حزبە سیاسییەکان دەگرێتەوە. بەزۆریش ئەو شوێنانەی هێز، گرووپ و دامەزراوەی ڕەسمیی کلاسیکیی ڕیشەداکوتاو دەگرێتەوە. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە شوێنەکانی هێز کەمتر ڕێکخراو بن، بگرە لەوانەیە تازە بەتازە لە گەرمەی پەرەسەندنی پرۆسەی بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتدا سەریان هەڵدابێ.

دۆخی ئەو شوێنانەی هێز لەسەر بناخەی توانی جووڵەکردنی سەربەخۆیان و هەروەها لەسەر بوونی هێز و بەکارهێنانی و ڕێکخستنی هێزی ئەوانی تر دەوەستێ، هەروەها -وەک حوکمڕانەکان یان شوێنەکانی تری هێز- لە ڕوانگەی مەرکەزی یان نامەرکەزیبوونیان و پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار لەناو خۆیدا و پلەی تۆکمەیی ناوخۆیی.

بنیاتی هێز لە کۆمەڵگەدا لە مەودای دووردا بوار و پلەی هەرەباڵای هێزی حوکمڕانان دیاری دەکا. کاتێ شوێنەکانی هێز لە کۆمەڵگەدا بڵاو بن، هێزی دەسەڵاتداریش ملکەچی دەست بەسەرداگرتن و کۆت و بەند دەبێ، چونکە ئەم شوێنانە توانی بەرەنگاریکردنی باڵادەستیی حکوومەت دەستەبەر دەکا، بەڵام بەدیهاتنی ئەمە بەندە بە ڕادەی بوونی ئازادیی سیاسی. بەڵام کاتێ ئەو شوێنانە لاواز بن، یاخۆ کاتێ بەهۆی سەپاندنی کۆت و بەندی توند بەسەریاندا، سەربەخۆیی و توانیان تێک بشکێنرێ، ئەو کاتە ئاستەمە بتوانرێ هێزی دەسەڵاتداران جڵەو بکرێ. لەم حاڵەتەدا توانی

بەرەنگاریکردنی یەکگرتوو لاواز دەبێ یاخـۆ تێک دەشکێنرێ. وا بـاوە ئەم دۆخە بەندە بە بالادەستیی زۆرداریەوە.

ڕادەی توانی کۆمەڵگە بۆ زاڵبوون بەسەر هێزی حوکمڕاندا، تا ڕادەیەکی زۆر دۆخی شـوێنەکـانی هێـز لە کۆمـەڵگەدا دیاری دەکا. ئەو کـۆمـەڵگەیەی گـرووپ و دامـەزراوەی ئەوتـۆی تێدا بێ کـە هێـزی کـۆمـەلایەتیـیـان هەبێ و توانی کارکردنی سـەربەخۆیان هەبێ، توانی زیاتر بەسەر هێزی حـوکمڕان و بەرەنگـاریکردنی زۆرداریدا دەشکێ لەو کـۆمـەڵگـەیەی ئەو جـۆرە گـرووپ و دامـەزراوانەی تێدا نـین، کە بەهۆیانەوە کۆمـەڵگە دەتوانـێ بەگەل ببـزوێ و بەرەنگاریی دەسەلات بکا.

سـەرچاوەکانی هێزی حـوکمڕان دەکەوێتە بەر هەڕەشـەیەکی مـەترسـیدار کـاتێ ژمـارەیەکی زۆری هاوولاتیـیـان لە یەک کـاتدا گـت بکەن لە هاوکـاری و پاڵپشتیکردنی، ئەمەیش لەڕێی کۆمەڵ و دامـەزراوە کۆمـەلایەتییـەکانەوە دێتە دی، واتە تـوانی ئـەو دەزگـەیانە بۆ بڕینی ئەو سـەرچاوانەی هێـز، کـە بۆ دەسـەلاتی دابین دەکـەن، کارێکی یەکلاکـەرەوەیە. ئەم توانیـەش لای خـۆیەوە لەسـەر زۆر هۆکـار وەسـتاوە لەوانە زرنگیی هاوولاتییـان بۆ جێبەجـێکردنی شـێوازی تێکۆشـان بە هاوکارینـەکردن، هەروەها ئاتاچی ڕێژەیی دەسـەلات بۆ سەرچاوەیلی هێز، کە دەکرێ هاوولاتییان و دامەزراوەکان دەستەبەری بکەن.

هەروەهـا لەو هـۆکـارە گـرینگـانەی تر ڕادەی توانی ئەو گـرووپـانەیە بۆ جموجووڵکردن سەربەخۆ لە دەسەلات.

بە تێکڕایی دەتوانین بڵێین توانی دامەزراوە ناحکوومییەکان بۆ دەستگرتن بەسـەر ڕەفتارەکانی دەسەلاتدا لەسـەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەوەستێ:

١- ئارەزووی ڕێژەیی هاوولاتییان بۆ ڕێکخستنی هێزی خۆیان.

٢- ژمارەی ڕێکخراو و دامەزراوە سەربەخۆکان.

٣- هێـزی ڕێژەیی ئەم ڕێکخـراو و دامـەزراوانە و ڕادەی سـەربەخـۆییـان لە جموجووڵدا.

٤- ئەو سەرچاوانەی هێز کە هەیانە و لەژێر دەستیاندایە.

٥- قەبارەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی هەیانە و دەتوانرێ بەکار بێ.

٦- توانی ڕێژەیی هاووڵاتییان بۆ گرتنەوەی ڕازیبوونیان لە دەسەڵات و پشتگیریکردنی.

کاتێ هەموو ئەم هۆکارانە بە پلەیەکی باڵا بەردەست بن، شوێنەکانی هێز دەتوانن لەنێوان دابینکردنی سەرچاوەیلی هێزی پێویست بۆ دەسەڵات و سنووردارکردن یاخۆ بڕینی ئەو سەرچاوانەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێ.

هەر بۆیە، هەڵبەز و دابەزی هێزی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندە بە ڕادەی ئامادەیی هاووڵاتییان بۆ قبوولکردنی حوکمڕانەکە و گوێڕایەڵی و هاوکاریکردن و جێبەجێکردنی ویستەکانی.

**پووکانەوەی هێزی حوکمڕانان**

کاتێ گەل ڕەتی هاوکاریکردن دەکاتەوە و یارمەتییەکانی دەبڕێ و پێداگری لەسەر یاخیبوون و بەرەنگاری دەکا، دژبەرەکەی لەو پاڵپشتی و هاوکارییە بنچینەییەی کە هەر حکوومەت یان ڕژێمێک پێویستیەتی بێبەش دەکا. لەم بوارەدا هاووڵاتییان دەتوانن لەو یاساییانە یاخی بن کە نەیاریانن، کرێکاران دەتوانن دەست لە کارکردن هەڵگرن کە لەوانەیە ببێتە هۆی فەلەجکردنی ئابووری. بێرۆکراسییەت دەتوانێ ڕێنوێنییەکان جێبەجێ نەکا، هەروەها سەرباز و پۆلیسەکان دەتوانن سستی بنوێنن لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە سەرکوتکاریەکاندا، بگرە دەکرێ یاخیبوونی خۆیان ڕابگەیەنن.

ئەگەر ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان و دامەزراوەکان ئەم ڕێوشوێنانە بۆ ماوەیەکی درێژ جێبەجێ بکەن، ئەوا حکوومەت یاخۆ ڕژێم ئەو هێزی هەیانە لەدەستی دەدەن، بەو شێوەیەش دەسەڵاتدارەکان دەبنە کەسانی ئاسایی. هەموو شتێک بە سادەیی دەگۆڕێ لەبەرئەوەی ئەو پاڵپشتییە مرۆییەی

هێزی ڕیژیمەکەی دروست و بەهێز کردبوو گیراوەتەوە، هەر بۆیە هێزی ئەو ڕیژیمە دەپووکێتەوە.

بەڵام تەنیا ویستی بەرەنگاریکردن و پێداگیریکردنی گشتی لەسەری، بەس نین بۆ بوونی هێزێکی کاریگەر و بەکار هێنانی دژ بە دەسەڵاتداران، چونکە پێویستە نەیاریی گشتی بگۆڕدرێ بۆ ستراتیجێکی کارکردن. لەم ڕووەوە پێویستە گەل لەم شێوازە تێکۆشانە تێبگا کە لەسەر ئەم تیۆری هێزە دامەزراوە، واتە تێگەیشتن لە ئامرازەکانی ئەم شێوازی تێکۆشانە و میکانیزمەکانی بۆ گۆڕانکاری، پێداویستییەکانی سەرکەوتن و بنەواکانی ستراتیج و تاکتیک. هەروەها پێویستە جێبەجێکردنی ئەم شێوازی تێکۆشانە زیرەکانە ئەنجام بدرێ، واتە بزانین چۆن چۆنی لەگەڵ بوونی سەرکوتینەوەیشدا درێژە بە خەبات بدەین.

هەر بۆیە پێویستە بە درێژی لە شێوازی تێکۆشانی ناتوندوتیژ، کە لەسەر ئەم تێڕوانینە بۆ هێز دامەزراوە، بدوێین.

### چەکی ناتوندوتیژی

تێکۆشانی ناتوندوتیژ لە ڕاستیدا شەڕە ڕێک وەک شەڕ. هەروەها هەروەک پەلاماردان لە شەڕدا، پێویستی بە کۆکردنەوەی هێز و بوونی ستراتیجێکی ڕوون و شێوازگەلێکی دیاریکراو هەیە بۆ جێبەجێکردنی. هەروەها پێویستی بە قارەمانی (سەربازەکان) و ڕێکخستن و ئامادەیی بۆ قوربانیدان هەیە.

ئەو گەلەی دەیەوێ لەڕێی تێکۆشانی ناتوندوتیژەوە سەرکەوتن بەدەست بێنێ پێویستی بە زیادکردنی هێزی خۆی، هەروەها جێبەجێکردنی زیرەکانەی ئەو شێوازی تێکۆشانەی هەڵیبژاردووە، هەروەها دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتن و جەمکردنی هەموو وزەکانی بۆ ئەو ئامانجە، هەیە. ئەگەرچی بڕوایەکی باو هەیە کە تێکۆشانی ناتوندوتیژ کاتێکی زیاتر دەبا بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێ لەوەی تێکۆشانی توندوتیژ دەیەوێ،

بەڵام مەرج نییە ئەمە ڕاست بێ، چونکە لە هەندێ کاتدا خەباتی ناتوندوتیژ لە ماوەی چەند هەفتەیەک بگرە چەند ڕۆژێکدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

دەتوانین بڵێین ئامرازەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژ وەک جێبەجێکردنێکی سنووردارە بۆ ئەو تیۆری هێزەی کە باسمان کرد. لە چوار چێوەی تێکۆشانی ناتوندوتیژدا چەکەکانی ناتوندوتیژی سێ ئاستیان هەیە کە بریتین لە: نارەزایی ناتوندوتیژ و قایلکردن + هاوکارینەکردن + دەستوەردانی ناتوندوتیژیانە. دەگونجێ ئەم چەکانەی ناتوندوتیژی جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان بگۆڕن، بگرە دەکرێ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تەرازووی هێزەکانیشدا بێننە کایە.

نارەزایی ناتوندوتیژ و قایلکردن لە بنەڕەتدا کارە ڕەمزییەکانی بەرهەڵستیکردنی ئاشتیانە یاخۆ هەوڵی قایلکردن دەگرێتەوە. ئەم کارانەیش سنووری نارەزایی دەربڕینی زارەکی تێ دەپەڕێنن، بەڵام ناگەنە ئاستی هاوکارینەکردن یان دەستوەردانی ناتوندوتیژ، لەنێو ئەم کارانەیش: کەژاوە کۆمەڵایەتییەکان، نوێژکردن، پۆستەرات، پرسەگێڕان و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە.

هەرچی پێوەندی بە هاوکارینەکردن لەگەڵ دژبەر هەیە ئەوا دابڕانی بە ئەنقەست یان هەڵپەساردن یان گژبەریکردنی پێوەندیەکی دیاریکراوی ئارا دەگرێتەوە، چ کۆمەڵایەتی بێ یان ئابووری یاخۆ سیاسی. دەکرێ هاوکارینەکردن خۆبەخۆ (عفوي) یان بەپلان بێ، هەروەها دەکرێ یاسایی یاخۆ نایاسایی بێ.

شێوازەکانی هاوکارینەکردن بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەبن:

١- شێوازەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی (بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە).

٢- شـێـوازەکـانی هـاوکـارینەکـردنی ئـابووری (بـایکۆتکردنە ئـابووری و مانگرتنەکان دەگرێتەوە).

٣- شـێـوازەکـانی هاوکـارینەکـردنی سـیـاسـی (دەتوانرێ پێـشی بـوترێ بایکۆتکردنی سیاسی).

توانای ئەو گرووپەی سـەرکردایەتیی تێکۆشانی ناتوندوتیـژ دەکا بۆ بوونی چەکەکانی هاوکارینەکردنی کۆمـەڵایەتی و ئابووری و سـیاسـی، بایەخێکی هەرە مەزنی لە خەباتدا هەیە.

ئاسـتی سـێـیـەمی شـێوازەکـانی ناتوندوتیـژی بریتـیـیە لە دەسـتـوەردانی ناتوندوتیـژ بەواتەی دەست خـسـتنە نـاو هەڵویـسـتـەکـە و لەقکردنـی یاخـۆ گۆڕینی بەشـێوەیەکی ڕیشـەیی بەم یان بەو ڕێگە. شێوازەکانی دەسـتوەردان هەندآ شـتی تری وەک مـانگرتن و پەناگیـری لە شـوێنەکانی کار، دامـەزراوە ئابووری و جـێگرەوەکـان، گـەڕان بەدوای گـیـراوان و هـەروەها حکوومـەتە جێگرەوەکان دەگرێتەوە.

**خاوەنداریێتیی هێز**

کـاری ناتوندوتیـژ هێـزی ئەوتۆی هـەیە کـە دەسـتـەبەری ڕووبـەڕووبوونەوەی هێزی دژبەرەکـە و بەدیهێنانی ئـامـانجەکانی تێکۆشـانی ناتوندوتیـژ دەکا. دەتوانین بڵێین ناتوندوتیژی زیاتر لە توندوتیژیی سـیاسـی ڕاستەوخـۆ کار لە هێزی دژبەر دەکا، بۆ نموونە ئەگەر بابەتە ورووژێنراوەکان بەزۆری ئابووری بن، ئەوا لـەوانەیە بـەرەنگـارییـــەکــــەیش ئـابـووری بـێ، ئـەگـــەر بـابـەتـە ورووژێنراوەکـان سـیـاسـی بن و دژبەر پێویسـتی بە هاوکـاریی هـاووڵاتییـان هەبێ، ئەوا دەکرێ بەرەنگارییەکەیش سیاسی بێ. بە دەربڕینێکی تر لەبری پێکدادانی نـاڕاسـتـەوخـۆ لەگـەڵ هێـزە سـەربـازییـەکـانی دژبـەردا کـە بەرجەسـتەکردنی ئاشکرای هێزی دژبەرە، ئەوا ناتوندوتیژی ڕاستەوخۆ لە سـەرچاوەکـانی ئەو هێـزە دەدا کـە ئەویش هاوکـاری و گـوێڕایەڵیکردنە بۆ

دژبەر. بۆ نموونە، مانگرتنە جەماوەرییەکان لەوانەیە ئابووری بەتەواوی فەلەج بکەن، هەروەک لەوانەیە ڕزگاربوونی بەرفرەوان ببێتە مایەی هەرەسهێنانی سوپا.

هەروەها دەتوانین بڵێین کاری ناتوندوتیژ بە ناڕاستەوخۆ زیاتر لە توندوتیژی کار لە هێزی دژبەر دەکا. لەبری ئەوەی بە هێزی هاوشێوە ڕووبەڕووی هێزی دژبەر ببێتەوە، ئەوا تێکۆشانی ناتوندوتیژ بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو هێزانە دەبێتەوە، ئەمەیش بە لاوازکردنی دژبەر و هاوکات یارمەتیدانی تێکۆشەران بۆ جەموجۆرکردنی هێزەکانیان بەمەبەستی بەرگریکردن لە پرسەکەیان. بۆ نموونە لەڕێی وەڵامدانەوەی سەرکوتینەوە بە ناتوندوتیژی لەبری بەکارهێنانی دژە-توندوتیژی، بزاڤی ناتوندوتیژی دەتوانێ بیسەلمێنێ کە سیاسەتی سەرکوتینەوەی دژبەر ناتوانێ هاووڵاتییان چاوترسێن بکا.

بەردەوامبوونی بەرەنگاریکردن و پارێزگاریکردن لە ڕێکخستنی ناتوندوتیژی، لەوانەیە وردە وردە لە لایەنگرە کلاسیکیەکانی بێبەش بکا و بێهێزی بکا. لە بەرامبەر ئەمەدا، لەوانەیە ژمارەی تێکۆشەران بە بەردەوامی زیاد بکا و ئەو پاڵپشتیەیش لێیان دەکرێ زیاد بکا. هەموو ئەمانە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی دژبەر لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی بە دژەتوندوتیژی دێتە دی.

ڕێڕەوی ململانەکە لە بەشێکی بنچینەییی خۆیدا پشت بە ستراتیج و ئەو شێوازەی تێکۆشان دەبەستێ کە ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی تێکۆشانە ناتوندوتیژەکە دەکا، پێڕەوی لێ دەکا. هەر بۆیە زۆر پێویستە ستراتیجی ناتوندوتیژی بە وریاییەکی زۆرەوە بێتە داڕشتن و پشت بە سەرچاوەیلی بەردەست و تێگەیشتنی قووڵ لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ و دوورخستنەوەی هەڵوێستی ئارا ببەستێ.٣

لەوانەیە ئەو گژبەرییەی ناتوندوتیژی بەرجەستەی دەکا گژبەرییەکی سنووردار بێ و تەنیا کەمێکی کەم دۆخەکە بلەقێنێ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی دۆخەکە بەتوندی بهەژێنێ.

ئەو زەحمەتیانەی دژبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ تێکۆشانی ناتوندوتیژدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە بزۆزی یاخۆ دینامیکیەتی ئەم شێوازەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بزۆزییە کار بۆ گەورەکردنی کاریگەری و هێزی ئەو گرووپە دەکا کە تێکۆشانی ناتوندوتیژ ئەنجام دەدا، هەروەها کار بۆ لاوازکردنی کاریگەری و هێزی دژبەر دەکا.

زۆر جار دژبەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دژبەردا پەنا بۆ سەرکوتینەوە دەبا، کە جێبەجێکردنی ئەم شێوازی سەرکوتینەوەەیش چەندان شێوە و شێواز وەردەگرێ وەک سەپاندنی سانسۆر و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک، بڕینی ئامرازەیلی پێوەندیکردن، هەڕەشەکردن بە سزادان لە داهاتوودا، لێدان، تەقەکردن، ئەشکەنجەدان، یاسای باری نائاسایی و لەسێدارەدان و هتد. قەبارە و جۆری ئەو سەرکوتینەوەەیش بەکار دێ، پشت بە زۆر هۆکار دەبەستێ.

شایانی باسە لەبەرئەوەی ئەو سەرکوتینەوەە لەوانەیە ئاسەواری پێچەوانەی هەبێ لەوەی دژبەر مەبەستیەتی، ئەو توندوتیژیەی دژ بە بزاڤە ناتوندوتیژەکە بەکار دێ بەزۆری سنووردارترە لەو سەرکوتینەوەەی دژ بە ئازادیخوازیی توندوتیژ یاخۆ شەڕی پارتیزانی یان شەڕی نیزامی بەکار دێ.

پەنابردن بۆ سەرکوتینەوەی توندوتیژ لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کاری ناتوندوتیژانە دەکرێ ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ ڕیژیمی ئارا، کە ئەوە جەخت لە هێزی "ناتوندوتیژی" دەکاتەوە. سەرکوتینەوەیش هۆیەک نییە بۆ دەستبەردار بوون لە تێکۆشانی

ناتوندوتیژ، چونکە لە ڕاستیدا ناتوندوتیژی نموونەییترین شێوازە بۆ بەرووڕووبوونەوەی ئەو دژبەرەی لەتوانیدایە و ئامادەیە سزا توندوتیژەکان بەکار بێنێ.

## ڕێکخستنی بەرەنگاریکەری ناتوندوتیژی

مەرج نییە سەرکوتینەوە ببێتە مایەی ملکەچکردنی هاوولاتییان، چونکە سزا بۆ ئەوەی بەکار بێ پێویستە کار لە عەقڵی هاوولاتییان بکا و ببێتە مایەی ترس و ئامادەیی بۆ گوێڕایەڵی. هەروەک لە حاڵەتی شەڕدا، ئەگەری ئەوە هەیە -بە چاوپۆشین لە مەترسییەکان- پلاندانانی دروست و ڕێکخستنی تۆکمە و باوەڕی قووڵ بە پرسەکە، ببنە مایەی بەردەوامیی تێکۆشانی ناتوندوتیژ. لەم جۆرە هەڵوێستەدا، پێویستە ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی تێکۆشانە ناتوندوتیژەکە دەکا ڕێکخستنێکی زۆر وردی هەبێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر دژبەر و کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژەی لەدژی بەکار دێ و زیادکردنی هەلی سەرکەوتنی.

ئەگەری ئەوە هەیە جێبەجێکردنی چڕ و لێبڕوانە و زیرەکانەی ناتوندوتیژی کێشە خۆییەکانی دژبەر بتەقێنێتەوە و بەو شێوەیەش توانی بەکارهێنانی هێزەکانی سنووردار بکا. لەو کاتەیشدا تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەتوانێ پارسەنگی سیاسیی دژبەر تێک بدا و سەرکوتینەوەکەی بەسەر خۆیدا بشکێنێتەوە و ببێتە مایەی لاوازکردنی هێزی و بەرتەسککردنەوەی بازنەی لایەنگریکردنی. لە بەرامبەر سەرکوتیشدا، دەبێ خەباتکارانی ناتوندوتیژخواز خۆڕاگر بن و مل کەچ و پاشەکشێ نەکەن و گژبەریی ئەو سەرکوتینەوەە بکەن. ئەم هەڵوێستە دەشێ بزاڤە ناتوندوتیژەکە لە مەترسیی کەوتنە نێو داوگەی خلیسکان بە دوای دژایەتیکردنی دژبەرەکە بە چەک، کە ئەو تێیدا بالادەستە، بپارێزێ.

وێڕای ئەو سانسۆرەی دژبەر دەیسەپێنێ، دەکرێ هەواڵی کارە

دڕندانەکانی دزە بکاتە دەرەوە، ئەو کاتەیش ئەو سەرکوتەی ئەنجامی دەدا دەگونجێ ببێتە مایەی زیادبوونی دژایەتی و بەرەنگاریکردنی ڕێژیم نەک کەمبوونەوەی. بە دەربڕینێکی تر، ئەو سەرکوتەی دژبەر دەیکا ڕەنگە ببێتە مایەی بەرتەسککردنەوەی ئەو لایەنگریەی هەیەتی و زیادبوونی ئەو لایەنگریەی تێکۆشەران هەیانە.

ئەمەیش واتەی ئەوەیە پارێزگاریکردن لە ڕێکخستنی ناتوندوتیژی لە بەرامبەر سەرکوتینەوەدا، جۆرە ساویلکەییەکی سیاسی نییە، بگرە بەشداری لە سەرکەوتنی بزاڤەکەدا دەکا لە هێنانەکایەی هەندێ گۆڕانکاریی ئەرێنی لە دابەشکردنی هێزدا.

### جۆدۆی سیاسی[٤] Political Jui Jitsu

بەردەوامبوون لە تێکۆشان و پارێزگاریکردن لە مۆرکە ناتوندوتیژانەکەی لەوانەیە بە شێوازی جۆرەوجۆر ئەو پێگەی هێزەی بزاڤە ناتوندوتیژانەکە هەیەتی بەهێز بکا. چەندە دژبەر کارە دڕندانەکانی دژ بە بزاڤە ناتوندوتیژەکە زیاتر بکا، زیاتر چەپەڵیی دەردەکەوێ و لایەنگریی بزاڤی ناوبراو زیاتر دەکا، هاووڵاتییانی ئاسایی لە ڕێژیم دوور دەکەونەوە و ژمارەیەکی زیاتریان دەچنە ڕیزی بزاوەکە. لەوانەیە لایەنانی سێیەمیش پاڵپشتییان بۆ قوربانییانی سەرکوتینەوە و نەیارییان بۆ لایەنی دژبەر و سیاسەتەکانی زیاد بکا.

ئەگەرچی کاریگەریی ڕای گشتیی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام دەکرێ پاڵپشتیی بزاڤە بەرەنگاریکارەکە بکا. هەروەک دەکرێ پاڵەپەستۆیەلی ئابووری و سیاسیی گەورە بخاتە سەر ڕێژیم.

لە حاڵەتێکیشدا دژبەر لەدژی گۆشەگیرکردنی پەنا بۆ کاری وەحشییانە ببا، ئەو کاتە دەگونجێ هاووڵاتییان و بەکرێگیراوان و هێزەکانی ڕێژیم

گومان بخەنە سەر ڕادەی دادپەوەریی سیاسەتەکانی دژبەر. ئەم گومانە دەکرێ بگۆڕێ بۆ بەرهەڵستییەک، بگرە بۆ هاوکارینەکردن و یاخیبوون لە شێوەی مانگرتن یاخۆ بزاڤی یاخیبوون.

بەکورتی، سەرکوتینەوەی دژبەر بۆ بزاڤی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە دوور نییە بەسەر خۆیدا بشکێتەوە. ئەمەیە مەبەست لە "جۆدۆی سیاسی".

## گۆڕانەکان لە پارسەنگی هێزدا

یەکێک لە هۆکانی کاریگەربوونی شێوازی ناتوندوتیژی لەوەدایە کە گۆڕانکاری لە ترازووی هێزی ئارادا دێنێتە کایە. ئەمەیش بەرەنجامی چەندان هۆکارە. وەک ئاماژەمان پێدا، کردەوەی "جۆدۆی سیاسی" ڕۆڵێکی گرینگ لە گەشەکردنی هێزی ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی خەباتی ناتوندوتیژ دەکا و بەرتەسککردنەوەی هێزی دژبەرەکانیاندا دەبینێ.

دەکرێ ئەو گرووپەی سەرکردایەتیی خەباتە ناتوندوتیژەکە دەکا وردە وردە هێزی خۆی زیاد بکا. سەرەتا ئەو گرووپە لایەنگریی لەنێو ئەو هاوولاتییانەدا ڕوو لە زیادی دەکا کە سیاسەت و ڕەفتارەکانی دەسەلات کاریگەریی نەرێنی لەسەریان بووە. زیاد لەمەیش، سرووشتی تێکۆشانی ناتوندوتیژ بە شێوەیەکە دەکرێ پاڵپشتیەکی بەرچاویش بکرێ لەلایەن لایەنگەلی سێیەم و بگرە تەنانەت لەلایەن لایەنگرانی خودی دژبەرەکانیشیەوە. بەدەستهێنانی ئەم جۆرە پاڵپشتیەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆ یاخۆ ناڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر هێزی دژبەرەکان لەڕێی کەمکردنەوە یاخۆ بەرتەسککردنەوەی سەرچاوەیلی هێزی بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد.

ڕێگەکانی کارکردنە سەر هێزی دژبەر بەم شێوەیە، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێ، ئاساییە -بۆ نموونە- کاریگەرییەکە لە حاڵەتی ململانەیەکی ناوخۆییدا جیاواز بێ لە حاڵەتی ململانە لەگەڵ هێزێکی

بیـانیی داگیـرکـەر کـە سـەرچاوەکـانی هێـزی لـە دەرەوەی سنووری وڵاتدان. لەگـەڵ ئەمـەیشـدا ئەو پرۆسـەی گـۆڕانەی لە ترازووی هێـزەکـاندا ڕوو دەدا بەنێزیکەیی هەمان شتە.

قــەبارەی ئەو گــرووپەی دەست دەداتە بەرەنگاریکردن لـە چوارچێــوەی هەمان ململانەدا زۆر جیاوازە، ژمارەی ئەو کەس و دامـەزراوانەی بەشداری لە تێکۆشـاندا دەکەن لەوانـەیە لە کـاتێکدا زیاد بکا و لە کـاتێکی تردا کـەم بکا. بە هەمــان شــێـوە، دەکــرێ ژمــارەی لایەنگرانی دژبـەر و ڕادەی ئەو پاڵپشتـیـەی لێیـان دەکرێ، لەکاتـی ململانەکـەدا تا ڕادەیەکی زۆر زیاد یاخـۆ پاشەکشە بکا.

ئەم گۆڕانکارییـە لە تەرازووی هێزدا، لەنێـو چەندان هۆکاردا، دەکـەوێتـە ژێر کـاریگـەریی شـێوەی هـەڵسـوکەوتی ئەو گرووپەی سـەرکردایەتیی خـەباتە ناتوندوتیـژەکە دەکا. هەروەها پێوەندییـەلی هێز دەکەوێتـە ژێر کـاریگـەریی لایەنەنانی سـێیـەمیش کە ڕەنگە لە هەڵوێسـتی بێلایەنییـەوە، با بدەنەوە بۆ هەڵوێستی پاڵپشتی و یاریدەدان یاخۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم یان ئەو لایەن.

شتێکی سـرووشـتیشە کە ڕێڕەوی تێکۆشـانی ناتوندوتیژ بە هۆ و هـەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە دابنرێ کە لە شوێنەکانی هـێزی هـەر لایەک لەچاو لایەنەکەی تر دابنرێ. وەک گوتمان، دەکرێ لەکاتی ململانەکەدا هێزی هـەر لایەنێک بـەبەردەوامـی و بـەخــێــرایـی و بەتونـدی بگۆڕێ. هـەروەهـا سـرووشـتـیـشـە کـە بەرەنجـامـەکـانی ئەم گۆڕانکارییـانە لە هێـزی ڕەها و ڕێژەییی هـەر لایەنێکدا کۆتا ئەنجامی ململانەکە دیاری دەکا.

### چوار میکانیزم بۆ گۆڕانکاری

وێڕای جـیـاوازییـەکـان لەنێـوان حـاڵەتێک و حـاڵەتێکی تری ناتوندوتیـژیدا، دەتوانین بڵــێین چوار مــیکانیــزمی گــشــتی هەن بۆ گــۆڕان لەڕێی ناتوندوتیژییەوە، کە بریتین لە:

بادانەوە Conversion

گونجاندن Accomodation

ناچارکردنی ناتوندوتیژ Nonviolent Coercion

شیبوونەوە Disintegration

لە حاڵەتی بادانەوەدا، لە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی بزاڤی ناتوندوتیژیدا دژبەر بەشێک لە بیروڕاکانی بزاڤەکە پەسند دەکا و دان بەوەدا دەنێ کە ئامانجەکانی پەسند و دروستن.

لە حاڵەتی گونجاندندا دژبەر ناچار دەبێ هەندێ دەستبەردان بۆ بزاڤەکە بکا، کە بەگشتی دەستبەردانی سنووردارن و ناگەنە ئاستی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هەڵوێستی دژبەردا. ئەمەی دوایی پەنا بۆ ئەم دەستبەردانانە دەبا کاتێ دەزانێ لە بەرژەوەندیی ئەودایە ئەوە بکا. هەروەها لەوانەیە مەبەستی لەو کارە ڕێبڕینەوە بێ لە ڕوودانی لێکترازانێکی ناوەخۆیی یاخۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی، یان خۆلادان لە کارەساتێکی گەورەتر، یاخۆ پاراستنی ئاوی دەموچاوی. ئەم جۆرە گۆڕانە لەڕێی ناتوندوتیژییەوە بەربڵاوترینیانە.

گونجاندن هاوشێوەی ناچارکردنی ناتوندوتیژ و شیبوونەوەیە لەو ڕووەوە کە ئەم سێ میکانیزمە لەڕێی گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخۆ سیاسییەوە سەرکەوتن بەدەست دێنێ نەک لەڕێی گۆڕینی هەڵوێستەوە وەک لە حاڵەتی بادانەوەدا ڕوو دەدا. لەم سێ میکانیزمەدا پێوەندییە ئاراکانی هێز دەگۆڕێن بەشێوەیەک کاتەکە بەتەواوی دەگۆڕێ.

لە حاڵەتی ناچارکردنی ناتوندوتیژدا لەگەڵ نەیاری و بەپێچەوانەی ویستی دژبەر سەرکەوتن بەدەست دێ و ئامانجەکان دێنە دی. ئەمەیش کاتێ دێتە دی کە بزاوی تێکۆشانی ناتوندوتیژ ڕاستەوخۆ بێ یاخۆ ناڕاستەوخۆ دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر سەرچاوەکانی هێزی دژبەر بپچڕێ، واتە کاتێ

ویستی دژبەر بەتەواوی کۆت دەبێ. ئەوەیش لەبەر چەندان هۆ ڕوو دەدا گرینگترینیان:

١- کاتێ ئەو گژبەرییەی دژبەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەبێتە گژبەرییەکی جەماوەریی بەرفرەوان، بەشێوەیەک زەحمەتە لەڕێی سەرکوتینەوەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

٢- کاتێ ڕیژیم لە دەست و پێ دەکەوێ.

٣- کاتێ توانی دژبەر بۆ سەرکوتینەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەهۆی یاخیبوونی بەرفرەوانی سوپا یاخۆ پۆلیس، ڕەتکردنەوەی بەرفرەوانی یارمەتیدانی لەلایەن بیرۆکراسییەتی وڵات، یان ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردنی لەلایەن چەندان کەرتی جەماوەریی بەرفرەوانی هاووڵاتییانەوە، لەقاڵب دەدرێ.

لەگەڵ ئەمەیشدا، دژبەر هێشتا هێزی هەر هەیە و وەک دەزگەیەک دەمێنێتەوە.

هەرچی میکانیزمی شیبوونەوەیە، کاتێ ڕوو دەدا سەرچاوەیلی هێزی دژبەر بەتەواوی دێنە بڕین، بەشێوەیەک چی تر ناتوانێ بمێنێتەوە و بەردەوام بێ. لەم حاڵەتەدا دەزگەیەکی تۆکمە نامێنێتەوە کە بتوانێ تەنانەت شکست قبووڵ بکا. بە دەربڕینێکی تر، لەم حاڵەتەدا هێزی دژبەرەکە بە سادەیی لەبەریەک هەڵوەشاوە.

**لادانی سەرچاوەیلی هێز**

دەکرێ بزاوی ناتوندوتیژی سەرچاوەکانی هێزی سیاسیی دژبەر بەرتەسک بکاتەوە بەم شێوەیە:

١- دەسەڵات:

هەر سەرهەڵدانی بزاڤی ناتوندوتیژی خۆی لە خۆیدا و ئەو گژبەرییەی

دەیکا بەڵگەی ئەوەیە دەسەڵاتی دژبەر بەرتەسک بووەتەوە. بزاوی تێکۆشان هەروەها دەتوانێ بە بەردەوامی ژمارەیەکی زیاتر لەوانەی لایەنگریی دژبەر دەکەن لێی دوور بخاتەوە. لە کاتێک لە کاتەکاندا دەکرێ لابەندیی هاووڵاتییان بە ڕوونی لە لاگیریکردنی دژبەرەوە بگوازرێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی جێگرەوە کە لەوانەیە حکوومەتە سێبەرە ڕکابەرەکە بێ.

٢- سەرچاوە مرۆییەکان:

بزاڤی ناتوندوتیژی بەرفرەوان دەتوانێ بە ڕێگرتن لە گوێڕایەڵی و هاوکاریکردنی دژبەر لەلایەن هاووڵاتییانەوە _کە مەکینەی ڕیژیمەکە دەسووڕێنن و پارێزگاری لە مانەوەی دەکەن- ئەو سەرچاوە مرۆییانە بەرتەسک یاخۆ وشک بکا کە بۆ هێزی سیاسیی دژبەر پێویستن. زیادبوونی ژمارەی ئەوانەی ڕەتی هاوکاریکردنی دەکەن، یەکێکە لەو کێشە زۆرانەی گوشاری دەخەنە سەر. لەکاتێک لەکاتەکاندا دەکرێ لایەنگرە کلاسیکیەکانی واز لە دژبەر بێنن، ئەوەیش زیاتر بێهێزی دەکا.

بەرتەسککردنەوەی سەرچاوەیلی مرۆیی بە نۆرەی خۆی کار لە سەرچاوەکانی تر دەکا (وەک لێهاتنەکان (المهارات)، زانیاری و سەرچاوە ماددییەکان). بەم شێوەیە دژبەر پێویستی بە هێزی زیاتر هەیە لەکاتێکدا توانی سەپاندن یاخۆ زۆرلێکردنی تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک دەبێتەوە. جا ئەگەر بەرەنگاریکردن بەردەوام بوو لەو کاتەی هێزی دژبەر لاواز دەبێ، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەکرێ ڕیژیم بەتەواوی لە هێز بکەوێ.

٣- لێهاتنەکان و زانیاری:

هەندێ تاک یان گرووپ هەندێ توانی خاوەن گرینگیی تایبەتیان هەیە وەک بەڕێوەبەرەکان و تەکنیکارەکان و ڕاوێژکارەکان. ئاساییە کە ڕازینەبوونی ئەمانە بە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی دژبەر، لاوازی دەکا.

جگە لە ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی هاوکاریکردن، تەنیا کەمکردنەوە یاخۆ پێشکێشکردنی بە شێوەیەکی ناتەواو و بە ئەنقەست، خۆی لە خۆیدا کارێکی گرینگە.

٤- هۆکارە شاراوەکان:

بزاڤی ناتوندوتیژی بەرفرەوان دەتوانێ نەریتەکانی گوێڕایەڵی و لابەندیکردن بۆ دەسەڵات بگۆڕی.

٥- سەرچاوە ماددییەکان:

بزاڤی ناتوندوتیژ دەتوانێ سەرچاوە ماددییە بەردەستەکانی دژبەر بەرتەسک یان بنبڕ بکا، وەک کۆنترۆڵکرنی سیستمی ئابووری، ئامرازەکانی گواستنەوە و پێوەندییەکان، سەرچاوە ماڵییەکان و ماددەی خاو و شتی لەو شێوە.

٦- سزاکان:

بەهۆی سەرهەڵدانی ناتوندوتیژی، توانی دژبەر بۆ سەپاندنی سزایش کەم دەبێتەوە. لەلایەکەوە دەسکەوتنی چەک دەکەوێتە بەر مەترسی بەهۆی ئەوەی دەوڵەتیکی بیانی ڕازی نابێ چەک بە دژبەر بفرۆشێ، یان بە هۆی مانگرتن لە کارگەکانی تەقەمەنی یان لە سیستمی گواستنەوەدا. لەلایەکی ترەوە دەکرێ ژمارەی هێزەکانی سەرکوتینەوە، سوپا و پۆلیس، بە هۆی پاشەکشەی ژمارەی خۆبەخشان یان ڕازینەبوونی سەربازان بە خزمەتکردن کەم ببێتەوە. دەکرێ هێزەکانی پۆلیس و سوپا سستی بنوێنن لە جێبەجێکردنە فەرمانەکان بە وردی، یاخۆ هەر بە تەواوی جێبەجێی نەکەن، ئەوەیش ڕەنگە ببێتە مایەی ڕوودانی ناچارکردنی ناتوندوتیژ یان شیبوونەوەی هێزی دژبەر. دەتوانین بڵێین گرینگترین بەرەنجام بۆ تێکۆشان لەمەودای دووردا بریتییە لە کاریگەریی ئەو تێکۆشانە لە چارەسەرکردنی

کێشە هەنوکەییەکاندا هەروەها لە هەڵوێستی گرووپە جیاوازەکان بەرامبەر بە یەکتر و لە دابەشکردنی هێز، هەروەها لە نێو گرووپە ڕکابەرەکاندا. لە هەموو ئەم بوارانەدا ڕۆڵی تێکۆشانی ناتوندوتیژ زۆر گەورەیە.

## گۆڕانەکان لە بەرەی تێکۆشانی ناتوندوتیژدا

بەشداریکردن لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ کۆمەڵێ ئاسەواری گرینگی لەسەر هاووڵاتییانی بەشدار بەجێ دێڵێ. بۆ نموونە هاووڵاتییان چەندە زیاتر فێری ئەو شێوازە بن و ئەنجامی بدەن، هەستی شانازی بەخۆکردن و متمانە بە تواناکانیان بۆ کارکردنە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان زیاتر دەبێ و زیاتر بە تواناکانی خۆیان هۆشیار دەبنەوە. هەروەها ئەزموونی تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەشبێتە مایەی یەکەتیی هێزە بەشدارەکان و زیادبوونی هاوهەڵوێستی ناوەخۆییان.

تێکۆشان هەروەها دەبێتە مایەی بەهێزبوونی دامەزراوە ناحکوومییەکان لە کۆمەڵگەدا (شوێنەکانی هێز) کە کۆڵەکەی تێکۆشانن. بەهێزبوونی ئەو دامەزراوانە واتەی ئەوەیە هاووڵاتییان وایان لێ هاتووە دنگەیلی جێگیریان هەیە بۆ درێژەدان بە بەرەنگاریکردن لە کاتی تەنگژەکاندا. تێکۆشانی ناتوندوتیژ بەشدارانی فێر دەکا چۆن چۆنی بە لێهاتوویی خەبات دژی هێزەکانی بەڕێوەبردن و دژ بە سەرکوتینەوەی ناتوندوتیژ دەکەن.

## گونجانی سیاسی

تێکۆشانی ناتوندوتیژ لەباریدایە و دەتوانێ هێزێکی مەزنی هەبێ و دژ بە دەسەڵاتدارە زۆردارەکان و ڕیژیمەیلی سەربازی بەکاری بێنێ، چونکە لە لاوازترین لایەن لە هەموو حکوومەتەکاندا دەدا، ئەویش پشتبەستنە بە حوکمبارەکان. ئەگەر بزاڤی تێکۆشان، وێڕای سەرکوتینەوە، توانی سەرچاوەکانی هێز بۆ ماوەیەکی پێویست سنووردار یان بنبڕ بکا، دەکرێ

سیستمی سیاسی دووچاری فەلەجبوونی تەواو و شکستەیی ببێ. لە هەندێ حاڵەتدا، لەوانەیە هێزی حوکمڕانەکان بەتەواوی لەنێو بچێ.

ئەم چەمکە بۆ هێزی سیاسی و هەروەها چەمکی تێکۆشانی ناتوندوتیژ کە پشتی بەوە بەستووە، جەخت لەوە دەکا کە ئێمە کار لەسەر جۆرە تێکۆشانێک دەکەین لە سنوورێکی کولتووری یان نەتەوەییی دیاریکراودا قەتیس نابێ. ئێمە دەست و پەنجە لەگەڵ جۆرە خەباتێک نەرم دەکەین، کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ڕزگاری و دەستدرێژیی دەرەکی و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە سەرتاسەری دنیادا گونجاوە.

پەراوێزەکانی توێژینەوەی سێیەم:

١. لەو بارەیەوە بڕوانە:

Gene Sharp, The Politics of Nonviolent Action, 3 vols (Boston, MA: Porter Sargent, 1973).

٢. لەو بارەوە بڕوانە:

Gene Sharp, "Typed of Principied Nonviolence," in: Social Power and Political Freedom (Boston, MA: Porter Sargent, Publisher, 1973), pp.201-234

٣. لەو بارەوە بڕوانە:

Peter Ackerman and Christopher Kruegler, Nonviolent Sanction: Their Strategic Use in Conflict and Defence.

٤. جۆدۆ زۆرانبازیی ژاپۆنییە کە تێیدا لەوانەیە هێزی دژبەرەکە و قورساییی جەستەی ببنە بار بەسەریەوە و جووڵەی سنووردار بکەن. مەبەست لە "جۆدۆی سیاسی" لێرەدا ئەوەیە پارێزگاریکردن لە مۆرکی ناتوندوتیژانەی بزاڤی بەرگری و سووربوون لەسەر درێژەپێدانی لەبەرامبەر ئەو سەرکوتەی دژبەرەکە دەیکا، دوور نییە ئەو سەرکوتکرنە لە کۆتاییدا بەسەر خۆیدا بشکێتەوە و بازنەی ئەو پاڵشتییەی لێی دەکرێ بەرتەسک بکاتەوە تەنانەت بەرامبەر پاڵپشتیکردنی هێزی بزاڤە ناتوندوتیژەکە و فرەوانبوونی بنکەی لایەنگرانی. (وەرگێڕی عەرەبی).

توێژینەوەی چوارەم

## ڕاپەڕین و خەبات بەبێ توندوتیژی

### پێشەکی

سەنتەری فەڵەستینی بۆ توێژینەوەکانی ناتوندوتیژی شادومانە ئەم نامیلکەیە بخاتە بەردەستی خوێنەران کە وتاری "ڕاپەڕین و خەبات بەبێ توندوتیژی"ی دکتۆر جین شارپ لەخۆ دەگرێ، کە بەرەنجامی چەند سەردانێکیەتی بۆ فەڵەستین لە ماوەی ڕاپەڕینی گەلی فەڵەستیندا.

د. جین شارپ سەرپەرشتیی بەرنامەی "لەبارەی ڕێوشوێنەکانی ناتوندوتیژی لە حاڵەتەکانی کێشە و بەرگریکردندا" دەکا و سەرۆکی دەزگەی "ئەلبێرت ئاینشتاین"ە، ئەو دامەزراوەیەی بایەخی خۆی چڕ کردووەتە سەر ڕەهەندە شاراوەکانی پاش ڕێوشوێنەکانی ناتوندوتیژی بۆ بەرەنگاریکردنی توندوتیژیی سیاسی.

د. جین شارپ چەندان کتێبی لەبارەی بابەتی خەباتی ناتوندوتیژ هەیە.

ئەم وتارە لە "کۆواری کاروباری فەڵەستین"دا لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کراوەتەوە و تێیدا باسی لە ئەو شێوازانەی ناتوندوتیژی کردووە کە فەڵەستینییەکان لە ڕاپەڕینەکەیان دژ بە داگیرکەری ئیسرائیل بەکاریان هێناوە، هەروەک باسی هەندێ لەو کەلێنانەی کردووە کە لە ڕاپەڕینەکەدا بوون.

سەنتەری فەڵەستینی بۆ توێژینەوەکانی ناتوندوتیژی

## ڕاپەڕین و خەبات بەبێ توندوتیژی

تا ئێستە مۆرکی ناتوندوتیژی لە خەباتدا بەسەر ئەو ڕاپەڕینەی گەلی فەلەستین ئەنجامی دەدا زاڵە ڕەنگە ڕێژەی ٨٥٪ی کۆی ڕاپەڕینەکە بەو شێوەیە بێ- لەگەڵ هەندێ جۆری "توندوتیژیی سنووردار"، وەک هاویشتنی بەرد و بۆمبی مۆلۆتۆڤ و هەندێ جاریش توندوتیژییەکی زیاتر.

شێوازەکانی ناتوندوتیژی چەندان شێوەی وەرگرتووە، لەوانە مانگرتنی بازرگانی، بایکۆتکردنی ئابووری، مانگرتنی کرێکاران، تەرمگێڕیی نواندن- ئامێز، بەرزکردنەوەی ئالای فەڵەستین، دەست لەکار کێشانەوەی باجگر و چەندان شێوەی هاوکارینەکردنی سیاسی. پەرەسەندنی دامەزراوە فێرکاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانیش کە پشت بە خۆیان دەبەستن، بایەخی خۆیان هەبووە.

## خەباتی ناتوندوتیژ وەک ستراتیج

خەباتی ناتوندوتیژی شێوازێکە وزەیەکی گەورەی تێدا حەشار دراوە. گرینگە بزانین هەر شێوە -خەباتێک شەڕی ئاینی، شەڕی پارتیزانی و خەباتی ناتوندوتیژانە- کۆمەڵێ مەرجی تایبەتیان هەیە بۆ ئەوەی بەکار بن. پێویستە دەست بەو مەرجانەوە بگیرێ تا گەورەترین ئەنجام لەو شێوازەی هاتووەتە هەڵبژاردن بەدی بێ. هەروەک پێویستە پلانی ستراتیجی و تاکتیکی بۆ قۆناخەکانی داهاتووی خەبات لەبەرچاو بگیرێ، هەر بۆیە تێگەیشتن لە سرووشت و پێداویستییەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە بۆ فەڵەستینییەکان زۆر گرینگە ئەگەر بیانەوێ چالاکییەکانیان ژیرانە بەڕێوە ببەن.

لەکاتی باسکردن لە خەباتی ناتوندوتیژی دەبێ ئەوە ڕوون بێ کە ئێمە قسە لەسەر کەمتەرخەمی و سەرسلامەتی ناکەین، بگرە قسە لەسەر "شەڕی

ناتوندوتیژی" دەکەین کە دەتوانێ پەلمان بگرێ بەرەو دادپەروەری و ئاشتی. قسە لەسەر ئامرازێک دەکەین بۆ گونجاندنی هێزی ئەو شێوازەی کە عەزمی جەزم کردووە بەگژ دژبەرێکی نەگریس و زبردا بچێتەوە، کە خاوەن ئیرادە و دارای نوێترین ئامرازەکانی شەڕ و هێزێکی سەربازیی زەبەلاحە. واتە سوورە لەسەر بەزاندنی دژبەرانێک کە بەزاندنیان لەڕێی توندوتیژییەوە ئاستەمە.

خەباتی ناتوندوتیژی شێوازێکە بۆ جڵەوکردنی ململانەکە لەڕێی پشتبەستن بە چەکگەلێکی دەروونی (سایکۆلۆجی)، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسییەوە و سێ شێوازی خەبات دەگرێتەوە:

١- شێواز و شێوە ڕەمزیەکانی نارەزایی بەبێ توندوتیژی (وەک مانگرتن، ڕێپێوان و هەڵبڕینی ئاڵا).

٢- هاوکارینەکردن (بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، مانگرتنی کرێکاران و شێوەی جۆرەوجۆری تر دەگرێتەوە وەک هاوکارینەکردنی سیاسی، کە لەنێوان نکولیکردن لە شەرعییەت بۆ یاخیبوونی مەدەنیدایە).

٣- هێرشی ناتوندوتیژانە (لەنێوان مانگرتن لە خواردن تا داگیرکردنی ناتوندوتیژانە و دانانی بەربەست و پێکهێنانی دامەزراوەی پشت بەخۆ بەستوو و تا پێکهێنانی حکومەتێکی ڕکابەر و تەریب بە دەسەڵات، دەگرێتەوە).

خەباتی ناتوندوتیژی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە سەرتاسەری دنیادا، لەنێویاندا جیهانی عەرەبی و ئیسلامی (نموونەکان وەک هاوکارینەکردن لەگەڵ ئینگلیز لە میسر لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٣، بزاڤی باپانی لە هەرێمی باکوری ڕۆئاوای هندی بەریتانیایی لەنێوان ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٤٠، بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆرییەتی سەربازی لە سودان لە ساڵی

١٩٦٤ و ١٩٨٧ و هەروەها بایکۆتکردنی عەرەبی بۆ نەوت).

چالاکییەکانی ناتوندوتیژی لەوانەیە هەندێ جار نشوست بێنن بە چاوپۆشین لە شێوازی جێبەجێکردنیان، بەڵام توانیویانە سەرکەوتنی گەورە و گرینگ بەدەست بێنن، بەڵام ئەوانەمان کەم بیستووە. هەندێ جار سەرکەوتنەکە لەرێی گۆرینی بیرکردنەوە و هەڵوێستی دژبەرەوە دەبێ، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی سنووردارە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەرێی رێکەوتنەوە سەرکەوتنێکی رێژەیی بەدەست دێ و چارەسەرێکی مامناوەند دەدۆزرێتەوە (بەدەستهێنانی هەندێ ئامانج و دەستبەردان لە هەندێکی تر)، وەک لە زۆربەی مانگرتنەکانی کرێکاراندا.

خەباتی ناتوندوتیژی کارایییەکی ئەوتۆی بەدەر خستووە دژبەری ناچار کردووە بە مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان قایل بێ لەبەرئەوەی هیچ چارەیەکی تری نەبووە جگە لە قایلبوون (وەک ناچارکردنی ساڵح جەبری سەرۆک وەزیران بۆ دەست لەکار کێشانەوە لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٨). هەندێ جار حوکمی دژبەر لەبەردەم نکولیکردنی میللی و هاوکارینەکردنیدا چۆک دادەدا (وەک بەسەر دەسەڵاتی شادا هات لە ئێران لە شوبات/ فێبرایەری ١٩٧٩).

وەک گوتم، خەباتی ناتوندوتیژی مەرجی خۆی هەیە بۆ ئەوەی کار بکا، لەپێشیانەوە نەبەزین و کۆڵنەدان لەبەرەم سەرکوتینەوەدا و گرتنبەری شێوازەکانی ناتوندوتیژی و کردنی بە ستراتیجی ژیرانەی خۆی. هەموو ئەوانە مەرجن کە بایەخی خۆیان هەیە رێک وەک مەرجەکانی هەڵمەتە سەربازییەکان.

لەبەرئەوەی خەباتی ناتوندوتیژ بە وزەیەکی بنچینەیی خۆی دەگونجێنێ ئەگەر هاتوو ئازایانە و لێهاتووانە جێبەجێ کرا، ئەوا بە دووریش نازانرێ یان چاوەروان دەکرێ لەلایەن دژبەرەوە بە سەرکوتینەوەیێکی رژد وەڵام

بدرێتەوە. ئەم وەڵامدانەوەیە داننانە بە هێزی ئەو جۆرە خەباتەدا، نەک هۆیەک بێ بۆ وازلێهێنانی.

بێگومان درندەیی سەرکوتینەوەی بەرەنگاریکارانی ناتوندوتیژ سەردەکێشێ بۆ "جۆدۆی سیاسی" زیادبوونی بەرەنگاریکردن و کێشە لە سەربازگەکەی دژبەردا دروست دەکا و حزبێکی سێیەم بۆ بەرژەوەندیی بەرەنگاریکاران بە شێوازی ناتوندوتیژی تەییار دەکا.

لەبەرئەوەی هەریەک لە شێوازەکانی خەبات مەرجی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بەکار بێ، هەر بۆیە ئاستەمە بەشێوەیەکی دروست شێوازە بەکارهاتووەکانی هەر حاڵەتێک ئامێتە بکرێن. بۆ نموونە ئەگەر ١٥٪ی بەرەی پێشەوەی سوپا لە شەرێکی کلاسیکیدا بڕیاریدا چەک بەکار نەهێنێ و لەبری ئەوە لافیتە و دروشمی دژ بە دوژمنیان بەرز کردەوە، ئەوا ئەم رەفتارە کارایی سەربازییان بەتوندی لاواز دەکا.

بەهەمان شێوە، ئەگەر لە خەباتێکی بێ توندوتیژیدا ١٥٪ی کۆی بەرگریکاران بڕیاریان دا درێژە بە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە نەدەن و پابەند نەبن بە مەرجەکانیەوە بۆ خۆڕاگری و ڕێکوپێکی و لەبری ئەوە تفەنگ و بۆمبیان بەکار هێنا، ئەوا پرسەکەیان دووچاری کارەسات دەبێ.

هەر بۆیە، لەپێناو مسۆگەرکردنی ئەنجامگەلێکی باشتردا، گرینگە وابستە بن بە مەرجەکانی ناتوندوتیژی لە خەباتدا، بە هەمان شێوەی شەڕی کلاسیک یان شەڕی پارتیزانی. دەتوانین پێوەندییەکی گەورە لەنێوان ئەم تێگەیشتنە لە خەباتی ناتوندوتیژ و کێشەی فەڵەستیندا ببینینەوە.

### ڕاپەڕین و ئامانجەکانی فەڵەستین

پێش لە چوونە ناو ئەم بابەتە، دەبێ دوو ڕاستیی بنچینەیی ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: ئەو جوولەکانەی زۆر گەڕان و سووڕان تا نیشتمان و پەناگەیەک بدۆزنەوە لەدەست چەوساندنەوە و لە چەوساندنەوە خراپتریش پەنای بۆ

ببــەن، بنە و بارگــەیان تێک نانێن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو جــێــیــانــەی باب و باپیرانیان تێیاندا ژیاون. وەک هەستم کردبێ زۆربەی فەڵەستینییەکان ئەمە دەزانن و پێــداگــری لەســـەر ناکــەن. ئامـــادەن بە ئاشـــتی لە دەوڵەتیکی فەڵەستینیی سەربەخۆدا لە تەنیشت دەوڵەتیکی ئیسرائیلیی سەربەخۆدا بژین.

دووەم: فەڵەستینییەکانیش بار ناکەن. ئەوان دەیانەوێ لەسەر خاکی خۆیان دەوڵەتیکیان هەبێ تێیدا بە ئاشتی و ئارامی بژین، نەک وەک پەنابەر یان چینێکی نەویتر لە سایەی دەسەڵاتی ئیسرائیلیدا. فەڵەستینییەکان لە ڕاپەڕینی خۆیان هەر بەردەوام دەبن کات چەندە بخایەنێ تا هاوشێوەی ئیسرائیل ڕێز و سەربەخۆیی بەدەست دێنن. پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن چۆنی ســەرکــردایەتیی ئەو ڕاپەڕینە دەکــەن بۆ بەدیهــێنانی خــەونی دەوڵەتی فەڵەستینیی سەربەخۆ شان بەشانی ئیسرائیل؟

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە باڵایە پێویستە فەڵەستینییەکان لەم قۆناخەی ڕاپەڕیندا لە چەند مانگی داهاتوودا شەش ئامانجی ستراتیجی بەدی بێنن:

١- بەردەوام بن لە پەرەدان بە دامەزراوەگەلی تەریبی-کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی (ژێرخان) لە ناوچە داگیرکراوەکاندا و هەوڵی پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوەخۆییی تەریب (و هاوشانی حکوومەتی ئیسرائیل) بدەن، کە بتوانێ لەگەڵ بوونی هێزەکانی ئیسرائیلیشدا کۆمەڵگەی فەڵەستین بەڕێوە ببا. بە دەربڕینێکی تر دامەزراوەیلی هاوشان کە ببنە مایەی هێنانەکایەی سەربەخۆیییەکی ڕاستەقینە.

٢- بەردەوام بن لە ڕێکخستنی بەرەنگاریکردنەکەیان لەسەر ڕێبازی ناتوندوتیژی لە ناوچەکاندا، تا داگیرکەران بە ئاستەم بتوانن دەست بەسەر گەلدا بگرن و حوکمڕانیی بکەن. ئەوەیش بە بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی شێوە جیاوازەکانی ناڕەزایی بەبێ توندوتیژی، وەک:

هاوکارینەکردن، میانگەری، فرەوانخوازی، ئەمە وێڕای شالاوی توندی سەرکوتینەوەی داگیرکەر.

٣- هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی بدەن، دژیەکییەکانی ناو ڕای گشتیی ئیسرائیلی لەبارەی بەردەوامیی داگیر و سەرکوتینەوە و ئارەزووی قبووڵکردنی دەوڵەتیکی سەربەخۆی فەڵەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا زەق بکەنەوە. ئەوەیش دۆزینەوەی ڕێگەی جۆرەوجۆر بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ نیشتەجێ جوولەکە توندڕەوەکانیش دەگرێتەوە.

٤- بەشداری بکەن لە دەرخستنی ناکۆکییەکان لەناو دامەزراوەی سیاسیی ئیسرائیلدا، ئەویش بە هاندانی بەرهەڵستیکردنی سیاسەتەکانی ئێستەی داگیرکەر، کە بانگەشە بۆ قبووڵکردنی دەوڵەتیکی فەڵەستینی سەربەخۆ دەکا. ئەمە لەباریدا هەیە متمانە بە سوپای ئیسرائیل و سەرکردایەتیی سەرکوتینەوەکە لاواز بکا، هەروەها بە بوونی ناکۆکیی سیاسیی توند و بێمتمانەیی بە هێزی سەربازی لە خاکە داگیرکراوەکان. دەگونجێ ئەمەیش پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حکوومەتی ئیسرائیل تا خۆی لەگەڵ ڕاستییە نوێکەدا بگونجێنێ.

٥- بەشداری بکەن لە پەرتکردنی بەشەکی لەنێوان هەردوو حکوومەتی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بابەتی "کێشەی فەڵەستین"دا.

٦- کارکردن بۆ هاندانی ڕای گشتیی دنیا و کۆششە دیپلۆماسییە ناودەوڵەتییەکان، بۆ بەشداریکردن لە چارەسەری ململانەکە و یارمەتیدان بۆ داننان بە سەربەخۆیی فەڵەستیندا.

هەرچۆن بێ، ڕوون بووەوە کە ئەگەر بمانەوێ بە ڕێگەچارە دیپلۆماسییەکان چارەسەرێکی دروست و شەرەفمەندانە بەدی بێنین، ئەوە دەبێ سەرەتا پێنج ئامانجە ستراتیجییە یەکەمەکە بەدی بێنین.

ئەگەر بمانەوێ ڕیزبەندییەک بۆ ئەو خاڵانە بکەین بەپێی گرینگییان، ئەوا خاڵی یەکەم و دووەم کە چڕ دەکەنە سەر چالاکیی فەڵەستینییەکان، لە ڕیزی پێشەوە دێن. سێیەم و چوارەمیش، کە چڕ دەکەنە سەر کارلێکەکان لەنێو ئیسرائیلدا لە بەرژەوەندیی کێشەی فەڵەستین، لە بایەخدا دوای ئەوان دێن. خاڵی پێنجەم و شەشەمیش کە پێوەندییان بە بەدەمەوەهاتنی جیهانییەوە هەیە، گرینگن بەڵام بەتەنیا خەونێکی سەربەخۆ بەرجەستە ناکەن، چونکە بەدیهێنانیان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەو کۆششانەدا دەبن کە لەڕێی چوار ئامانجەکەی یەکەمەوە بەدی هاتوون و پشت بەوانە دەبەستن، بەتایبەت هەردوو ئامانجی یەکەم و دووەم.

## "توندوتیژیی سنووردار" ڕەگەزی ڕاپەڕین

بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی ئامادەسازی بۆ خەباتێکی ناتوندوتیژانەی سیستماتیک لە سایەی بوونی سەرسەختیی سەرکوتینەوەی ئیسرائیلیدا کە شێوەی جۆرەوجۆری وەک لێدان، تەقەکردن، کوشتن، سووکایەتی پێکردن، ماڵ ڕووخاندن، لە ڕەگەوە دەرهێنانی دار و درەخت، دوور خستنەوە و درێژکردنەوەی گرتن بەبێ دادگەیی و...هتد، فەڵەستینییەکان لەکاتی ڕاپەڕیندا دان بەخۆداگرتنێکی سەرسوڕهێنەریان لەخۆوە پیشان دا، ئەویش بۆ پارێزگاریکردن لە هەندێ ڕێنوێنیی دیاریکراو لەلایەن ڕێکخراوی ڕزگاریخوزای فەڵەستین و سەرکردایەتیی یەکگرتوو کە بڕیریان داوە چەکی ئاگرین بەکار نەیەت. جگە لە هەندێ حاڵەتی ڕیزپەڕ، ڕێز لەم فەرمانە گیراوە. ڕێژەی پەنابردن بۆ شێوازەیلی توندوتیژی تەنیا نێزیکەی ١٥٪ بووە.

ئەو توندوتیژییە شێوەیەکی نەرمی وەرگرتووە و بریێتی بووە لە بەرد تێگرتن! فەڵەستینییەکان پێیان وایە بەرد هاویشتن شێوەیەکە بۆ دەربڕینی گژبەری و تووڕەییان لەو ستەم و ناهەمواریيەی لە ماوەی ساڵانی ڕابردووی

داگیرکردندا بەرگەیان گرتووە. ئەگەر بەراوردێک بکرێ لەگەڵ ئەو تەقەکردن و لێدانەی ئیسرائیل دەیگرێتە بەر، ئەوا چالاکیی بەرد هاویشتن هەر زۆر سنووردارە.

بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین بەرد لێرەدا تەنیا ڕەمزی نییە وەک فەڵەستینییەکان مەبەستیان بوو، چونکە بەردی گەورە و هەروەها بۆمبی مۆتۆلۆڤیش هاوێژراوە و وێڕای سنوورداریی ئەو کارەیش، بووەتە هۆی مردنی چەندان ئیسرائیلی.

چاوەڕوان دەکرا بەرد هاویشتن ببێتە هۆی بەرکەوتنی زۆر لە ڕیزی فەڵەستینییەکاندا، هەر وایش دەرچوو، ئەگەرچی قوربانییانی فەڵەستینی منداڵ و پیاو و ئافرەت و پیریان تێدا بوو، بەڵام زۆربەی ئەوانەی کوژران و بەسەختی بریندار بوون لە بەردهاوێژەکان بوون، بەتایبەت لەنێو لاواندا.

ئاستەم بوو پاساوێکی فەڵەستینی بۆ ئەم باجە گەورەیە ببینمەوە بە بەراورد بە کارایی ئامرازەکە لە چوارچێوەی ئەم چالاکییەدا. ئەز پێم وایە لەگەڵ ئەو مەترسییە کەمەی بەرد هاویشتن بۆ سەر سەربازانی ئیسرائیلی دروستی دەکا، بەڵام کاردانەوەیەکی پێچەوانەی بۆ سەر ئەو ئامانجە ستراتیجییانەی پێشتر باس کران دەبێ (پێوەندار بە ڕای گشتیی ئیسرائیلی، دۆخی سیاسی و ورەی سوپا).

بەدوور دەزانرێ ئیسرائیلییەکان تێ بگەن لەوەی بەرد تێگرتن دەربڕینێکی ناتوندوتیژانەیە لە تووڕەیی و هاوارێک لەپێناو دادپەروەریدا، بەپێچەوانەوە پێیان وایە، یان وای لێک دەدەنەوە بەردبارانکردن هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی جوولەکە، ئەویش بە یادکەوتنەوەی یاداوەریی چەوساندنەوەی پێشوویان، لە کوشتن و کارەسات، ئەوەیش سەر بۆ کاردانەوەی جیاواز و نامەنتیقی دەکێشێ.

بە بڕوای من بەهۆی بەرد و بۆمبی مۆلۆتۆڤ و کوشتنەوە، ڕاپەڕین لە

زەینی ئیسرائیلییەکاندا هەوڵێکی نوێیە بۆ لەناوبردنی جوولەکە و ئامانجی عەرەب ئەوەیە جوولەکە فڕێ بدەنە دەریاوە. ئەم جۆرە هەستە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی پەیامەکە بە ئیسرائیلییەکان و یارمەتیی زیادکردنی پاڵپشتیی ئیسرائیلی بۆ سەرکوتینەوەی دڕندانە دەدا و هانی سەربازان دەدا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان بە لێدان و تەقەکردن و بگرە تێپەڕاندنیشیان.

زۆر لەو قورساییە جیهانییەی ڕاپەڕین هەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ بەرد هاویشتنی سنوورداری فەڵەستینییەکان و لێدان و تەقەکردن لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە. لەڕێی زانینی ڕێژەی کوژراوانی ئیسرائیلی بەبەراورد لەگەڵ کوژراوانی فەڵەستینی دەردی دەخا کامیان توندوتیژیی زیاتر بەکار دێنێ. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ ڕێژەی ناتوندوتیژی لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە تا ئێستە لە بەدەستهێنانی دەسکەوتدا کاریگەرتر بووە.

لە تێڕوانینی چاودێری دەرەکیدا، ڕوون و ئاشکرا دێتە پێش چاو کە لەم قۆناخە پێشکەوتووەی ململانەکەدا، کاریگەریی فەڵەستینەکان زیاتر دەبێ ئەگەر بێتو بەرد و بۆمبی مۆلۆتۆڤ و هەروەها کوشتنی بەئەنقەست بگۆڕن بە جۆری تری گژبەریکردنی خەباتی ناتوندوتیژانە. بەڵام ناخۆشبەختانە ئاماژەکان ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە کشانەکە بە ئاراستەی پێچەوانەیە.

### مەترسییەکانی ئەم تێکچوونەی ئێستە

لە دوایین سەردانمدا بۆ ئیسرائیل و ناوچەیلی داگیرکراو لە هاوینی ١٩٨٩دا، بۆم دەرکەوت هەردوو لا زیاتر بەرەو توندوتیژی دەچن. بەپێی ڕاپرسییەکی نوێ لە ئیسرائیل، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەوە لاوان لە ئامادەیی و زانکۆکاندا زیاتر دژایەتیی عەرەب دەکەن. ترس و ڕق لە عەرەب زۆر لە پێشوو زیاتر بووە. ڕای لاوەکان لەو ڕووەوە زۆر توندڕەوانەترە لە ڕای گەورەکان، بەڵام زۆربەی ئیسرائیلییەکان ڕاپەڕین وەک کێشەی

ئاسـایش تەمـاشـا دەکـەن و زۆریـان بڕوایان وایە تاکـە ڕێگە بۆ ڕاگـرتنی، سەرکوتکرنی توندترە.

لەسـەر ئاسـتی سـیـاسـیش چالاکـانیی بزاوەکـانی ئاشـتی، لەنێـویاندا "ئاشـتیی ئێسـتـە"، لە دۆخێکی لاواز و ناجێگیـردان (ئەگەرچی هەندێ لە ئیسرائیلییـەکان گژبەریی ئەم بۆچوونە دەکەن). حزبـی "کار"ی ئیسرائیلی ڕاڕا و نایەکگرتووە و نـایەوێ و ناتوانـێ هەڵوێسـتـێکی بەهـێـزتر وەربـگرێ بەتایبەت لە بابەتی زەوی بەرامبەر بە ئاشتی. ئەم ناجێگیرییە پاڵپشتییەکی مـیللیی گـرینگی لەکـیس داوە. زۆر لە لایەنگرانی حـزبی کـار بانگەشـە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن.

لەبەرامـبـەردا پێ دەچێ حـزبی "لیکود" لە پێـشـتـر توندڕەوتر بـووبێ، بە بەڵگەی ئەو مـەرجـە قـورسـانەی لێژنـەی ناوەندیی لیکود بەسـەر پلانەکـەی ئیسحاق شامیری سەرۆک وەزیرانیدا سەپاند لەبارەی هەڵبژاردنەکان لە ناوچە داگیرکراوەکان، کە لە بنەڕەتدا سنووردارە.

لەسـەر ئەم بـنچـینەیە، زۆر لـە ئیـسـرائیلیـیـەکـانیش بەرد دەهـاوێژن و ئۆتۆمـبێلی فـەڵەسـتینییـەکان تێک دەشکێنن (وەک چۆن فـەڵەستینییـەکان بەردیان هاویشتـە ئۆتۆمـبێلی ئیسرائیلییەکان). ئـەوە بوو پاش مەرگەسـاتی پاسەکە لە شەشی تەمووز کە لەسەر دەستی فەڵەستینییەکی غەزە لە نێزیک قـودس ڕووی دا و تێـیدا پازدە ئیـسـرائیلی و ئـەمـەریکاییـەک کـوژران، لە قـودسـی ڕۆئاوا هـەندێ لە فـەڵەسـتـینیـیـەکـان لەلایەن جـوولەکـەکـانەوە هەڕەشـەیان لێکرا و هێرشـیـان کرایە سـەر. ئەگەرچی پۆلیسی ئیـسـرائیلی ڕێوشـوێنـی بەپەلەی گـرتەبەر، بەڵام سـتـەمکارییـەکـە ڕوون و ئاشکرایە. نیشتـەجێکراوە جوولەکە توندڕەوەکان لە هێرش و دەسـتـدرێژیەکانیـان بۆ سەر فەڵەستینییەکان گوندەکانیـان لە بەری ڕۆئاوا بەردەوام بوون و گەشتی ڕێڕۆیشتن بەپێیـان فرەوانتر کرد کـە بەچڕی پاسـەوانی دەکران، ئەویش بۆ جەختکردن لە "مافی خۆیان" بۆ چوون بۆ هەر جێیەک بیانەوێ.

هەروەها ئەو ڕێکخـــراوە نهـێنیـــیـانەی کـــاری توندوتیـــژی دژ بە فـەڵەسـتـینییـەکـان ئەنجـام دەدەن گـەشـە دەکـەن (ئێـسـتـەیش دژ بەو ئیسرائیلییانەی هاوڕا نین لەگەڵیان).

لەم دواییـەدا گـرووپێکی نـهـێنی بەناوی "دوف" هـەندێ بڵاوکـراوەی بڵاو کردەوە ڕێنوێنی دەدا لەبارەی چۆنیـەتیی بـەکارهێنانـی چەک، بەشێـوەیەک تەقە بکا بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێک بەجێ بهێڵێ، لەوانەیە لەڕێی پشکنین لە تاقیگەی بالیستییەکاندا دەربکەوێ (زانینی جووڵەی هاوێژراوەکان).

لە هـەمـان کـاتدا، زیادبوونێکی کـەم و سنووردار لە ژمـارەی نەیارانی خاوەن ویژدانی زیندوو لە سوپا هەیە (لەگەڵ ئەگەری بوونی هەزاران کەس کە ڕێوشوێنی نارەسمییان دۆزیوەتەوە بۆ خزمەتنەکردن لە ناوچەکاندا). هەروەها سـرت (مـتـحـفظ)ەکانیش هەن کە ئەوانیش زیاتر مـەیلیـان بەلای تەقەکردن لە فەڵەستینییەکاندا شکاوەتەوە.

دڕندەییـەکی ئاشکرا لـەنێـو سـەربازەکـاندا هـەبوو لەکاتی ئـەنجـامـدانی ئەرکـەکانیـان. هەواڵم پێگەیشت کـە سـەربازەکـان لە یەکـەم گەشـتیـان بە ناوچەکاندا زۆر جار حەز ناکەن توندوتیژی دژ بە فەڵەستینییەکان بەکار بێنن، بەڵام لە گـەشـتی دووەمـیـاندا و پاش ئەوەی دووچاری تف و بەرباران دەبنەوە، سەربازەکان ئارەزوو دەکەن تەقە لە فەڵەستینییەکان بکەن. بەپێی ڕاپۆرتەکـان، لە خـولی سـێـیـەمی گەشـتـەکـەیاندا، سـەربازەکـان بەشـوێن کەسێکدا دەگەڕێن بیکوژن.

لەلایەنـی فـەڵەسـتـینیـشـەوە نـەبوونی دەسکەوتێکی بەرچاو لـە ڕاپەڕین و دەستپێشخەریی ئاشتیی فەڵەستینی، بووەتە مایەی قووڵکردنەوەی چەپاندن کـە چەندان ئـامـاژەی پاڵەپەسـتـۆی ڕوو لە زیادی بـۆ توندوتیـژییـەکی زیاتر نیـشـــان داوە. بەلای فـەڵەسـتـینەکـانەوە بـەرد هاویشتن بـووەتە شـتـێکی بێزارکەر. چەندان هێرش کراوەتە سـەر گیـانی ئیسرائیلییـان لە مـەدەنی و سـەربازییـەکان، هەندێ جـار بەکـارهێنانی چەقۆ و لەم دواییـەیشـدا چەک

هەبووە بەبێ باسکردنی هێرشەکانی سەر پاسەکان و ئەو زیانە گیانییانەی لێیان کەوتوونەتەوە لە نێزیک ئەریحا و قودس.

سەرکردایەتیی یەکگرتووی ڕاپەڕینی فەڵەستین لە بڵاوکراوەکانیدا بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەکرد، کە بە بڵاوکراوەی ژمارە (٤٠) لە ئایاری ١٩٨٩ دەستی پێ کرد، ئەگەرچی یەکێکیان کێشرایەوە و ئاماژەدان بە کوشتنیش ڕاگیرا، بەڵام ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ئیسرائیلییەکان هێشتا ماوە.

لەم کاتەدا، ژمارەی حاڵەتەکانی کوشتنی بەکرێگیراوان و ئەو فەڵەستینییانەی گومان دەکرێ هاوکاریی ئیسرائیل بکەن ڕووی لە زیادییە. لە ڕابردوودا جەخت لەوە دەکرایەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانە پەنا بۆ پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی و بیانووی گشتی و بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییەکان ببرێ. لە زۆر حاڵەتدا لەوانەیە ئەم پاکتاوکردنە پاڵنەری ناوەخۆییان هەبێ: بەپێی هەندێ ڕاپۆرتی ئیسرائیلی هەندێ لە کوژراوەکان بەکرێگیراو نەبوون و گومان هەیە دوژمنایەتیی کەسی و هەروەها هەواڵگریی ئیسرائیلیش لەپشتیەوە بن.

گەشەکردنی ئەم جۆرە توندوتیژییە لەنێو گرووپەکەدا وەک هۆکارێکی گرینگ لە هەرەسهێنانی شۆڕشی فەڵەستینی ١٩٣٦-١٩٣٩، هەروەها وەک تێکەڵەیەک لە شێوازگەلی توندوتیژی و ناتوندوتیژی، باس کراوە.

### ئاتاجی بە دەروازەیەکی نوێ

دۆخی ئێستە زۆر مەترسیدار و ناسەقامگیرە. ئەگەر ئەو مەیلانەی باس کران بەو شێوەیە بەردەوام بن دۆخەکە لە ڕووی توندوتیژیی نیشتەجێکان و گرووپە تیرۆریستە جوولەکەکان لەلایەک و فەڵەستینییەکان لەلایەکی ترەوە خراپتر دەبێ و ئاسانە سەر بکێشێ بۆ دۆخێک کە بکرێ بەراورد بکرێ بە دۆخی لبنان و ڕەنگە لەو خراپتریش، ئەوەیش دەبێتە هۆی کارەساتێکی

دوورمـەودا و هەمـووان تێـیـدا پەشـیـمـان دەبن جگە لە ئەنجـامـدەرانی توندوتیژی، ئەوەیش وا دەکا ئاشتیخوازانی فەڵەستینی و ئیسرائیلی بۆ دواوە بڕوانن و ئاواتەخواز بن هەشت مانگی یەکەمی ڕاپەڕین بگەڕێتەوە.

ئەوەی هیچ مشتومڕی لەسەر نییە ئەوەیە بنمیچی توندوتیژی لای هەردوولا دابەزیوە و ناکرێ دۆخەکە هاوشێوەی مانگەکانی ڕابردوو بەردەوام بێ، بەڵکو دەگۆڕێ. پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ دەکرێ کاریگەرییەکی هۆشیارانە لەسەر ئاراستەی گۆڕانکارییەکە بکرێ؟ ئەم دۆخەی ئێستە، جگە لە زیادبوونی مەترسییەکانی توندوتیژییەکی زیاتر، کێشەی فەڵەستین پێش ناخا. تەنانەت وێنەی "داود و گولیات" کە پێشتر زۆر لە شاشە عەرەبییەکاندا بەهێز بوو، نەماوە. گوزارشتی توند لە ئازار و تووڕەیی لە ئاستی پێویستدا نییە ئەگەر مەبەست لە خەبات زیاتر بێ لە دەربڕینی هەستەکان. بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتێک ژیرانە بێ، پێویستە بەشداری لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خەباتدا بکا.

مانگرتنی بازرگانی زیاتر دەربڕینی هەستە تا ئەوەی بەشداری لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی فەڵەستیندا بکا، ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕییە ئەم کارە ـ وەک ئیسرائیلییەکان چەندان جار دووپاتیان کردووەتەوە– لەوانەیە زیانێکی کەم یان هیچ زیانێک بە ئابووریی ئیسرائیل نەگەیەنێ و نابێتە مایەی گۆڕینی سیاسەتی حکوومەت (بایکۆتکردنی شمەکەکانی ئیسرائیل جیاوازە لەمە)، ئەوەی زیانی پێدەگا بازرگان و پیاوانی کاری فەڵەستینین، بە فەرمانبەرانیشەوە (کە بەزۆری لە هەژارانن) و ئەوانەی ئێستە دامەزراون یان بۆ چەند سەعاتێکی دیاریکراو، یاخۆ بەبێ کار دەمێننەوە.

ئەم هۆکارانە وا خەریکە دەبنە مایەی پشتگوێ خستن و دانەمەزراوی، لەبەرئەوەی لە مانگرتنە بازرگانیەکاندا سەعاتەکانی کار کەمێ زیادیان کردووە، ئەمەیش لەوانەیە زوو بێ یان درەنگ ببێتە مایەی هەرەسهێنانێکی بنچینەیی کۆڵەگەی ناوەندیی ڕاپەڕین.

بەکورتی، ئەگەر فەڵەستینییەکان بیانەوێ ئامانجە سەرەکیەکەی ڕاپەڕین -کە کۆتاهێنانە بە داگیرکردن- بۆ پێشەوە ببەن، بە بڕوای من زۆر پێویستە ستراتیجیان بگۆڕن. پێویستە ئەو بادانەوەیە بێتە ڕاگەیاندن و بەشێوەیەکی درامی بکرێتە دەستپێشخەری و پێویستە لە بەیاننامەیەکدا ستراتیجە نوێیەکە و ئاراستەی ڕاپەڕینەکە بە ڕوونی دەستنیشان بکرێ. وا باشترە ئەم گۆڕانکارییە بە ئاشکرا بۆ هەمووان، فەڵەستینییەکان، ئیسرائیلییەکان و گەلانی تری عەرەبی و سەرتاسەری دنیا ڕابگەیەنرێ. پێویستە بە باشی لە گۆڕینی ستراتیجەکە بکۆڵرێتەوە تا ڕاگەیاندنەکەی بەهێزی بکا، نەک بەپێچەوانەوە.

یەکێک لە پێشنیازەکان دەستپێشخەریی مانگرتنی گشتی بوو لە خواردن. مانگرتنی گشتی لە خواردن لەلایەن قوتابییانی چینیەوە لە حوزەیرانی ١٩٨٩ کاریگەریی ئەرێنی و دراماتیکی بوو لە چین و تەواوی دنیا، فەڵەستینییەکانیش بە تێگەیشتنی باشتریان لە خەبات بەبێ توندوتیژی، دەتوانن بەشێوەیەکی بەهێزتر ئەوە ئەنجام بدەن. ئەمە دەکرێ، وەک لە چین ڕووی دا، ڕۆژووگرتن بێ لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە، یاخۆ چەند سەرکردەیەکی زۆر گرینگی فەڵەستینی- لە موسڵمان و مەسیحیەکان، سیاسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەکاران و هی تر. بیستم ئەزموونێکی فەڵەستینیی فرەوان هەیە لە مانگرتن لە خواردن، بیرۆکەکە لای ئەوان باوە و دەکرێ وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی بەدواوە بێ.

بۆ ئەوەی قورساییەکی گرینگ بەبێ ڕوودانی حاڵەتی مردن بێتە کایە، دەکرێ بانگەشە بۆ ڕۆژووگرتنێکی درێژ بەڵام سنووردار بکرێ، وەک بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ. دەکرێ وردەکارییەکانی لە ڕاگەیاندنەکەدا باس بکرێ و ئاماژە بەوە بدرێ کە ماوەی ڕۆژووگرتنەکە بۆ پاکبوونەوە و پابەندبوون و ئامادەکارییە بۆ قۆناخی بنچینەیی دووەمی ڕاپەڕینەکە، کە پێویستە لەسەر بناخەی دەسکەوتە ئەرێنیەکانی قۆناخی یەکەم دابمەزرێ و تێیشان بپەڕێنێ.

قـۆناخـە نوێیـەکـە بـە شـێوازی نـاتوندوتیـژی دەبێ، دەشـتـوانین بڵـێین فەڵەسـتینییەکان هێندە ئازایەتییان تێدایە دەستبـەرداری بەرد بـبن. قۆناخی نوێ چڕ دەکـاتە سـەر دروسـتکردنی دامـەزراوەکـان و بـنیـاتنانی پشت بەخۆبەستنی فەڵەستینی سەربەخۆ، لەگەڵ ئامانجی پێکەوەژیانی ئاشتییانە شان بەشانی ئیسرائیلی سەربەخۆ.

لەکـاتی ڕۆژووگـرتندا بەرد ناهـاوێژرێ. لەبری ئـەوە دەکـرێ ڕێوڕەسـمی ئاینی لە مزگەوت و کەنیسە و شوێنە گشتییـەکاندا ڕێک بخرێ. دەکرێ هەندێ ئاماژە یاخۆ ڕەنگی تایبەت لە هەموو شوێنێک بخرێتە ڕوو، هەروەها دەکـرێ ئاڵای فـەڵەسـتینی بـەرز بکرێتـەوە یان بـەرز نەکـرێتـەوە. دەکـرێ قـەدەخـەکردنی هاتوچۆی خـۆویسـتـانەی فـەڵەسـتینی بێتـە سـەپاندن بۆ دەرخـستنی نیـازی ئاشـتیـخـوازانە و جـدیەتی کـارکردن لە چەند مـانگی داهاتوودا.

کار لەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندانی گشتی ناکرێ، بگرە کار لەسەر هەنگاونانی شـێنەیی دەکا بـە ئاراسـتـەی بنیـاتنانی دامـەزراوەکـان و پەرەپێدانی پشت بەخۆ بەستن.

هەندێ لە فـەڵەسـتینییـەکان زۆر بەگومانن لە بەهای خـەباتی ناتوندوتیژ، هەندێکی تـریشـیـان مـتـمـانەی زۆریان پێی هەیە. بۆ نموونە یەکـێک لە سەرکردە فەڵەستینییەکان دەڵێ "بە گرتنەبەری شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ و ئەو سنوورانەی بۆ توندوتیژیمان دانان، بۆمبی ئەتۆمی و چەکی ئاسمانی و تانکەکان و تەنانەت تۆپهاوێژە میکانیکیەکانمان بەستەوە، ئێستە دەبێ کار بۆ بەرکەنارکردنی تفەنگەکان بکەین"، پێی وا بوو بەکارهێنانی تفەنگ دژ بە بەرەنگاریکاران، نەخـاسـمـە بەرەنگاریی ناتوندوتیـژ، بـەرەنجـامی پێچەوانەی دەبێ، بەو هۆیەشەوە ئیسرائیلییەکان وردە وردە چەک کەمتر بەکـار دێن، کـاتێ ئەو چەکـانەیش بەکـار بێنێ، کـاردانەوەی جـیـهـانی زۆر گەورە دەبێ.

بەدڵنیاییەوە پاش تەواوبوونی مانگرتن لە خواردن لاوانی فەڵەستینی کە دەستبەرداری بەرد هاویشتن بوون ناتوانن بەئاسانی پاڵی لێ بدەنەوە و هیچ نەکەن. پێویست بە چالاکییەکی بەدیل دەکا. چالاکییەلێک کە لە ڕابردوودا بەکار هاتوون، فیک و هوڕ یان شین و شەپۆڕ لەکاتی شەویان لەخۆ دەگرت، بەتایبەت لە شەقامە تاریکەکاندا وەک لە شاری خەلیل ڕووی دا و جارێکیش لە قودسی ڕۆهەلات.

شێوەیەکی تریش هەیە ئەنجام بدرێ، ئەویش بەوەی لاوان بەشێوەیەکی ئاشتییانە بوەستن و ئالای بچووکی فەڵەستینی بەدەستییانەوە بگرن و دەستی ڕاستیان بە جوڵەیەکی دۆستانە درێژ بکەن. بێگومان بژارە و شێوەی تریش هەن.

ناوەرۆکی قۆناخی دووەمی ڕاپەڕین دەبێ بە وریایی و وردی پلانی بۆ دابنرێ. یەکێک لەو پێشنیازانەی دەکرێ لە کارنامەدا دابنرێ بریتییە لە چڕکردنە سەر بنیاتنان و ڕابەرایەتیکردنی سیستمێکی فێرکردن کە فەڵەستینییەکان خۆیان ڕێکی دەخەن و بەڕێوەی دەبەن. ئەو شەرعییەتە هەرچی بێ کە بیرۆکەکە لەژێر ڕۆشنایی کردنەوەی قوتابخانەکان لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە دەیهێڵێتەوە، ئەوا دەری دەخا پێویستیەکی ستراتیجییە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر نەکرێ، ئەمە جگە لە دامەزراندنی ژمارەیەک دامەزراوە کە پشت بە خۆیان ببەستن.

لەم جۆرە قۆناخەدا وا باشە کەمترین ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەم جۆرە چالاکییانەدا بەشداری بکەن، چونکە چڕکردنەوەی کۆشش ڕێگە بە باقیی ئەو دانیشتووانەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم جۆرە دیاریکراوەوە نییە، دەدا تا پشوو بدەن و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان لەکاتی گونجاو و لەو کاتەی لە گەرمەی بەرەنگاریکردندا داوایان لێدەکرێ، ئەنجام بدەن.

بەپێی ئەم ستراتیجە دەکرێ مانگرتنە بازرگانیەکان بێنە هەڵوەشاندنەوە،

ئەمەیش دەرفەت دەداتە بازرگان و فەرمانبەرەکانیان تا ئابوورییەکەیان بگێڕنەوە، بەوەیش دەتوانن وەک بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگە و ڕاپەڕینی فەڵەستینی بەردەوام بن. ئەمە ڕێگر نییە لەوەی پەنا بۆ مانگرتنی بازرگانی و داخستنی دوکان و بازاڕ لەسەر بنچینەیەکی ڕەمزی و کورتمەودا ببری بۆ گوزارشتکردن لە هەندێ بیروبۆچوونی ڕژد یان تازیەباری لەکاتی ڕووداني کوشتارێکی گەورەدا، بەڵام بەرپرسیاریەتییەکە دابەش دەکا و بەرەنگاریکردن لە چوارچێوەیەکی فرەوان لەنێو کۆمەڵگەی فەڵەستینیدا درێژە دەکێشی، لە هەمان کاتدا توانا دەداتە گرووپە پیشەکارەکان تا بە ڕۆڵی خۆیان هەستن بۆ هەندێ ئامانجی تایبەت و لەکاتێکی دیاریکراودا لەبری بەردەوامبوون. تەنانەت لە داهاتوویشدا پێویستە بەوردی بەدواداچوون بۆ هەر کارێک بکرێ لەسەر بنچینەی لێهاتن و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی لە ڕوانگەی ستراتیجە گشتییەکەوە.

هیچ لەمانەی باس کران ڕێگر نین لە بایکۆتکردنی کاڵاکانی ئیسرائیل یان سنووردارکردنی ئەو کرێکارانەی لە کۆمپانیا ئیسرائیلییەکاندا کار دەکەن، ئەگەرچی وا باشە ئەم بابەتەی دوایی بەوردی لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێ لە ڕووی سرووشتی کارە خوازراوەکە و ڕۆڵی کارکردن (یان کارنەکردن) لە پەرەپێدان یان لاوازکردنی بەرەنگاریکردنی فەڵەستینی یاخۆ سیاسەتی ئیسرائیلی.

بەدڵنیاییەوە ستراتیجی خەباتی بێ توندوتیژی و زیادبوونی پشت بەخۆ بەستنی فەڵەستینییەکان بە کاردانەوەی نەرێنی لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە وەڵام دەدرێتەوە، دەکرێ دەربرین بە شێوازگەلی ناتوندوتیژ لە سەرەتادا بە پرۆسەیەکی زێدە سەرکوتینەوە وەڵام بدرێتەوە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە مەترسیی ئەم جۆرە خەباتە لەسەر بەردەوامیی داگیرکردن، لە کاریگەریی خودی بەردەکان زیاترە.

وێڕای بەیاننامە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل لەبارەی توندوتیژیی

فەڵەستینی، چەندان ئاماژە هەن کە بەرپرسانی ئیسرائیلی وای بە باش دەزانن مامەڵە لەگەڵ توندوتیژیی فەڵەستینیدا بکەن تا ئەوەی مامەڵە لەگەڵ خەبات بەبێ توندوتیژی بکەن. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین ئەو کەسەی بانگەشە بۆ گرتنەبەری خەباتی بێ توندوتیژی دەکا ـواتە موبارەک عەوەز– دوور خرایەوە. هەروەها ئیسرائیل لەم دواییەدا ڕازی نەبوو ڤیزای چوونە دەرەوە بداتە دوو فەڵەستینی کە بەنیاز بوون بەشداری لە کۆنگرەیەکدا بکەن لە کەنەدا کە بڕیار بوو قسە لەبارەی "ناتوندوتیژی" بکا (وەک تێگەیشتم، هەواڵیان پێدراوە ئەگەر بابەتی وتەکانیان شتێکی تر بوایە ڕێگەیان پێدەدرا ئامادەی کۆنگرەکە بن).

چەندان ڕاپۆرت هەن دەسیەلمێنن ئیسرائیلییەکان ڕێوشوێنی تایبەت بۆ ئاڵۆسکاندنی فەڵەستینییەکان دەگرنە بەر تا پەنا بۆ توندوتیژیی زیاتر ببەن، دەکرێ ئەمە هۆیەکی بەس بێ بۆ ئەوەی وا لە فەڵەستینییەکان بکا هەوڵ و کۆششێکی زیاتر بکەن تا نەتوانن بیان ئاڵۆسکێنن، ئەویش بەپێی ستراتیجییەکەی ناپیلیۆن کە دەڵێت" قەت ئەو کارە مەکە کە دوژمنەکەت دەیەوی بیکەیت تەنیا لەبەرئەوەی ئەو وای دەوێ".

بە گۆڕینی تەواوی خەباتی فەڵەستینی بۆ خەباتێک بەبێ توندوتیژی، فەڵەستینییەکان دەتوانن پاساوی سەرکوتینەوە لە دەست ئیسرائیل بسەنن و هێزی ڕاستەقینە و ڕێژەیی خۆیان لە ململانەکەدا زیاد بکەن. ستراتیجە نوێیەکە ورە و ئومێدی فەڵەستینییەکان بەرز دەکاتەوە و وادەکا ئەو ئیسرائیلیانەی لەگەڵ فەڵەستینییەکان هاوسۆزن بتوانن بەرهەڵستیی سیاسەتی سەرکوتکارانەی حکوومەتەکەیان بکەن و پاڵپشتیی لە مافی سەربەخۆیی فەڵەستینییەکان بکەن.

لەوانەیە ئەم ستراتیجە نوێیە ترس و تووڕەیی (لەوێشەوە توندوتیژی) کەمتری لێ بکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە لە چەند سیفەتێکی مرۆیی تردا بەدەمەوەهاتنی دەبێ کە جوولەکەکان لە هەڵویستی جۆرەوجۆردا دەریان

بڕیوە و جەخت لەوە دەکەن باوەڕیان پێیانە.

ئەم قۆناخە نوێیەی بەرەنگاریگردن کە بە ڕۆژوو گرتن بۆ ماوەیەکی درێژ دەست پێدەکا، سەرلەنوێ کێشەی فەڵەستینی دێنێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و ڕووپەڕی ڕۆژنامە جیهانییەکان. گۆڕانی تەواوەتی بۆ خەباتکردن بەبێ توندوتیژی وادەکا خەڵک لە ئەورووپای ڕۆئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر پشتگیری سەربەخۆیی فەڵەستین بکەن.

لە کاتی گۆڕان بۆ خەباتی بی توندوتیژی هەندێ گۆڕانکاری تر ڕوو دەدەن. لێژنە میللیەکان کە هەوڵ دەدەن پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی فەڵەستینی دابین بکەن بەردەوام دەبن لە پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی فەڵەستینی پشت بەخۆ بەستوو. لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی فەڵەستینییەکان بۆ ملکەچی و هاوکاریکردن لە داگیرکردنی ئیسرائیلی زیاتر دەبێ، هەروەها یاخیبوونی مەدەنی بە کۆمەڵ (کە سەرکردەیەکی فەڵەستینی ناوی ناوە "یاخیبوونی نەتەوەیی"). ئەنجامەکەش ئەوەیە کە فەڵەستینییەکان حوکمی خۆیان دەکەن و چی تر لەلایەن حکوومەتی داگیرکەرەوە حوکم ناکرێن بە چاوپۆشین لە پەرەسەندنی ئیسرائیلی و جیهانی. بە یەکگرتنی هێز و پشتبەستنی تەواو بە خەباتی بێ توندوتیژی, ئەوا سەربەخۆیەکی فەڵەستینی دانپێدانراو لەلایەن ئیسرائیل و جیهانەوە دەبێتە شتێکی حاشاهەڵنەگر.

# تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ئامرازێکی کاریگەرە

# بۆ کاری سیاسی

دیمانەیەک لەگەڵ جین شارپ

**پێشەکی**

ئایا تێکۆشانی ناتوندوتیژ بژارەی خەڵکانی ساویلکەیە یان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ کاری سیاسی؟ ئاخۆ ستراتیجیەتی ناتوندوتیژیی سیاسی گەلی فەڵەستینی ژێر باری داگیرکردن لە چەکەکەی دادەماڵێ، یان بەشێوەیەکی باشتر سازی دەکا لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی لە دیاریکردنی چارەنووسدا؟ عەفیف سافیە کە توێژەرێکی سەردانیکارە لای سەنتەری زانکۆی هارفارد بۆ کاروباری ناودەوڵەتی دیمانەیەکی دوور و درێژی لەبارەی ئەم پرسیارانە لەگەڵ د. جین شارپ لەنێوان ئایاری ١٩٨٦ و ئایاری ١٩٨٧دا ئەنجام دا.

د. جین شارپ سەرپەرشتیی بەرنامەی "لەبارەی ڕێوشوێنەکانی ناتوندوتیژی لە حاڵەتەکانی کێشە و بەرگریکردندا" دەکا و سەرۆکی دەزگەی "ئەلبێرت ئاینشتاین"ە، ئەو دامەزراوەیەی بایەخی خۆی چڕ کردووەتە سەر ڕەهەندە شاراوەکانی پاش ڕێوشوێنەکانی ناتوندوتیژی بۆ بەرەنگاریکردنی توندوتیژیی سیاسی.

دکتۆر شارپ چەندان کتێبی لەبارەی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە هەیە، بەتایبەت کتێبەکانی: سیاسەتەکانی ناتوندوتیژی (سێ بەرگە) + هێزی کۆمەڵایەتی و ئازادیی سیاسی + گاندی وەک ستراتیجکارێکی سیاسی.

چەند وەرگێڕانێک بە زمانەکانی عەرەبی و عیبری بۆ پێشەکییەکی هاوشێوەی ئەوەی لەبارەی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە لە قودس نووسیویەتی دەرچووە، لەوانە "بەرەنگاریی بەبێ توندوتیژی" کە لە سەنتەری فەڵەستینی بۆ لێکۆڵینەوە لە ناتوندوتیژی دەرچووە، هەروەها "هتفا غدوت لو عليمه" کە لە خانەی بڵاوکردنەوەی میفراس دەرچووە.

کورتەی دیمانەی یەکەمی لە ڕۆژنامەی "کازیوە"ی ئینگلیزیدا لە ٢ی ئایاری ١٩٨٦ بڵاو کرایەوە. لێرەدا باسەکە فرەوان کراوە تا هەموو دەقەکە بگرێتەوە. د. شارپ لە ئەیلوولی ١٩٨٦ سەردانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی کرد و لە عەممان ئامادەی کۆنگرەی کۆڕبەندی فیکری عەرەبی لەبارەی تێکۆشانی ناتوندوتیژی سیاسی بوو، هەروەها سەردانی بەری ڕۆئاوای فەڵەستین و قودس و ئیسرائیل و غەززەی کرد و لە ژمارەیەک کۆڕ و سیمینناردا قسەی کرد کە سەنتەری فەڵەستینی بۆ لێکۆڵینەوە لە ناتوندوتیژی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ترومان بۆ ئاشتی لە زانکۆی عیبری سازی کردن. هەروەها قسەی لەگەڵ کەسانی جۆرەوجۆری فەڵەستینی و ئیسرائیلی کرد. لە ئاداری ١٩٨٧ عەفیف سافیە جارێکی تر دیمانەیەکی لەگەڵ د. شارپ کردەوە بۆ دیاریکردنی بۆچوونەکانی ئێستەی لەبارەی ڕەهەندە شاراوەکانی پاش تێکۆشانی توندوتیژیی فەڵەستینی.

د. شارپ پێی وایە فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکان هەردووکیان لەم سەدەیەدا ناهەمواریيان دیوە و ئازاریان چەشتووە و هەردوو لا مافیان هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها هەردوو لا لە داننانیان بە یەکتر و گواستنەوە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژ کەڵک وەردەگرن و ماف و بوونیان مسۆگەر دەکەن.

ئەم دیمانەیە چڕ دەکاتە سەر تێکۆشانی فەڵەستینی و سرووشت و ناواخنەکانی کاری ناتوندوتیژانە.

* لە پێداچوونەوەی کتێبەکانتدا نازناوی میکیافیلی و کلاوزفیتسی تێکۆشانی ناتوندوتیژیت لێ نرا، چ سەرنجێکت لەسەر ئەمە هەیە؟

– ئەوە بەلای منەوە پەسنە. میکیافیلی هەوڵی دەدا چارەسەی جیهان بکا وەک کە هەیە، لەبری ئەوەی خەیاڵی دنیایەکی نموونەیی بکا کە لە خەوندا بەرجەستە ببی. لە تێڕوانینی خۆیەوە لەبارەی جیهان، ژمارەیەک وانەی لەبارەی جۆری کاری واقیعی لە سیاسەتدا ئەنجامگیر کرد. پێم وایە بۆچوونەکەی سنووردارە لەو ڕووەوە کە تێکۆشانی ناتوندوتیژی هۆکارێکی سیاسییە، هەروەک توندوتیژیش زۆر جار بەو شێوەیە بەکار نییە کە زۆر جار گریمانە دەکرێ. بەڵام میکیافیلی پێیشی وابوو بەبێ شەرعییەت ـواتە داننان بە مافی حوکمڕانیکردن– و بەبێ پاڵپشتیی گەل میر یاخۆ حکومەت ناتوانن بەردەوام بن. ئەو بەتایبەتی گوتی کاتێ ڕیژیم زۆر توندوتیژ بێ، ئەوا ماوەی مانەوەی کورتتر دەبێ.

هەرچی کلازوفیتسە چڕی نەکردووەتە سەر ئەوەی بۆچی شەڕ پەسندە، یان لەبەرچی بەپێویست دادەنرێ. کتێبەکەی "لەبارەی شەڕەوە" ڕێگەیەکە بۆ بەرکارهێنانی عەقڵ لە گەڵاڵەکردنی ستراتیجگەلێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن. لەو بڕوایەدام ئەمە وای لە زۆر خەڵکی نیەتپاک کردووە زۆر بیری لێ بکەنەوە. تەنیا جەختکردن لە ئامانج و مەرامەکان بەس نییە. دەبێ بەوردی بیر لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوەیلی بەردەست بکەینەوە بۆ ئەوەی باشترین دەرفەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەدەست بێنین.

### کێشانەوەی سەرچاوەی هێز

* بەرنامەکەت لەبارەی ڕێوشوێنەکانی ناتوندوتیژی تەنیا

بایەخـپـێـدانی گـەورەی لێنەکـەوتەوە، بگرە ڕەخنەیشی بەدوادا هات. سـەرکەوتـنی گەلی فیلیپینی لە بەدەستـهێنانی هەڵبژادنی زۆر، لەو ڕەخنانەی کەم کردەوە کە لە ئامـرازەکانی ناتوندوتیـژی دەگیـران، ئەمە جگە لە پەردەلادان لەسـەر ئـامرازەکـانی فـریودان بەمـەبەسـتـی شـێـواندنی بڕیـاری گـەل و دواجـاریش دەرکـردنی مـارکۆس لە شوبات/فێبـرایەری ١٩٨٦. ئەم بادانەوەیە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– ئەمـە لەو دانپـێـدانەوە دێ کـە تێکۆشـانی ناتونـدوتیـژ لەو بارودۆخـەدا بەهێز بووە. ئەمـە تەنیا حاڵەت نییـە، بگرە یەکێکە لە زنجیرە تێکۆشـانەکانی ناتوندوتیژی کە لە ڕابردوودا هـێزێکی زۆریان پیشـان داوە، بەڵام ئەمـە زۆر جار لەبیر دەکرێ و بەردەوام ناکەوێتە بەر یاداوەریی مێژوویی لەگەڵ ئەوەی لە دروستکردنی مێژوودا زۆر گرینگە.

تێکۆشـانی فیلیـپین ژمارەیەک تایبەتمەندی هەیـە. نموونەیەکی باش بوو بۆ کـشـانـەوەی کـۆڵـەگـەکـانی هـێـز. گـەلی فـیلیـپین کـاتێ بۆی ڕوون بووەوە سـاختـەکـاری لە هەڵبـژاردنەکـاندا کـراوە شـەرعـیـیـەتی لە دەسـتی ڕێژیم هـەڵپـــڕوکـــاند. پلانگەلێک هەبـوون لـەپێنـاو بەرەنگـاریکردنـی ئابووری و هـاوکـارینەکـردن دژ بـە لایەنگرانی مـارکـۆس. دیپلـۆمـاتکارەکـان لە دەرەوە دەستیان دایـە دەست لەکارکێشـانەوە و گەل بەبێ توندوتیـژی گژبەری دەکرد. دواجـاریش بەشـێکی زۆری سوپا و ئەفسـەرانی کـەوتنە حـاڵەتی مـانگرتنێکی کـردەیی و چەکـەکـەیان ڕوو نەکـردە لاکـەی تر و بـۆمـبـیـان نەگـرتە کـۆشکی سـەرۆکایەتی. مـانیان گرت و گوتیان ئەوان بەبێ توندوتیـژی ئەو کارە دەکەن، بەوە سـوپا خۆی کێشـایەوە. ئەنجا کـەنیسـە داوای لە خـەڵک کرد خـۆ پیشـان بدەن و بەبێ توندوتیـژی سـوپا بپـارێزن. هـەر بۆیە مـەدەنییـەکـان بەربەسـتی مرۆییان لە دەوروبەری ئەفسـەر و سـەربازانی یاخیدا دروست کرد، ڕەنگە ئەم حاڵەتە –واتە پاراسـتنی سوپا بە خەڵکی مـەدەنی بەبێ توندوتیژی– وێنەی لە

مێژوودا نەبێ. لە کۆتایدا مارکۆس بە دەسەڵاتێکی زۆر سنووردارەوە بەجێ هێڵرا. واتە سەرچاوەکانی هێز کێشرانەوە و ئەو پیاوەی ملهوڕێک بوو، بوو بە تەنیا پیاوێکی پیر و تەنیا ڕێگەی بەردەمی ئەوە بوو چۆن چۆنی ئۆغر بکا. هەر بۆیە بە کەرامەتێکی برینداراوەوە پێچی تێدا.

ئەمە وانەیەکی سیاسیی مەزنمان فێر دەکا، ئەویش ئەوەیە هەموو ڕیژیمە سەرکوتکەرەکان و هەروەها حکوومەتە شەرعییەکان و هی تریش و هەموو ڕیژیمە زۆردارەکان و داگیرکەرانی بیانی، هەموو ئەوانە تەنیا بەو پاڵپشتییە دەتوانن بەردەوام بن کە لەلایەن ئەوانەی حوکمیان دەکەن دەستیان دەکەوێ. تەنانەت داگیرکردنی بیانی گەلەکەی خۆی و زۆر جار کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی پشتیوانی دەکا، ئەگەر توانیت سەرچاوەکانی هێز بکێشیتەوە، ڕیژیمەکە دەکەوێتە بەر هەڕەشە.

سەرەتای هەموو ئەمانە شتێکی زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە ئەو گەلەی وا دەزانرا مێشێکی لە دەمی خۆی بۆ دوور ناخرێتەوە، فێری ئەوە دەبێ چۆن چۆنی پێکەوە و لەگەڵ خەڵکانی تر کار بکا تا بە بەهێز و کاراییەوە دەربکەوێ، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕاستییەکە. بەوەیش ڕێز بەدەست دێنێ و دەتوانێ کار لە گرووپە نەیارەکە بکا و سەرەنجام دۆخەکە بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێ.

**گێڕانەوەی مێژوومان**

* سنووره جوگرافیەکان- پێکهاتە دیمۆگرافیەکان و تەنانەت سیستمە سیاسییەکانی دنیا بەرەنجامی توندوتیژین- لە ئێستە و ڕابردوودا، بە بڕوای تۆ کامیان بەشداریی زیاتریان کردووە لە داڕشتنی مێژوو و ڕووداوەکانیدا: تێکۆشانی ناتوندوتیژی یاخۆ تێکۆشانی توندوتیژی؟

- ئەوە ڕوونە توندوتیژی بەدرێژایی هەزارانساڵ ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە

لە پێکهـێنانی قـەوارە سـیـاسی و دیمۆگـرافـیـەکـان لەڕێی وڵاتگیـری و ئیمپرتۆریەتەکان و ئیمپریالیزمەوە، زۆر جاریش ئەنجامەکان ئازاربەخش بوون، بەڵام من ناتوانم ئێستە بەنێو هەموو ئەوانەدا قووڵ ببمەوە.

دەمـەوێ باس لە ڕۆڵی هـەردوو جـۆرە تێکۆشـانەکە بکەم لـە مـێـژووی نوێدا. نازانم کامەیان گەورترین کاریگەری هەبووە، من لەگەڵ گریمانەکەت نیم کە سیـسـتـمـە سـیـاسـیـیـەکان بەتەواوی زادەی توندوتیژین، چونکە ئەوە ڕوونە تێکۆشـــانی نـاتونـدوتیـــژیش ڕۆڵی زۆری لـە مـێـــژوودا بینیــوە. خـــەباتی ناتونـدوتیـژی زۆر گـرینـگ بوو لەوەی کـەناری زێڕین (سـاحل الذهب) توانی سەربەخۆیی وەربگرێ وتا ئەمڕۆ بووە بە گانا لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا. بە هەمان شێوە لە نایجیریا، هەروەها خەباتی توندوتیژی هۆکارێکی سـەرەکی بوو لە سـەربەخـۆیی هند لە بەریتـانیـا، نموونەی تریش لە مێـژوودا هەن. ماوەی دە ســـاڵ تێکۆشـــانی توندوتیـــژی کــاریگەریەکی گـــەورەی هـەبوو لـە بزاوی ئەمـەریکایی لەپێناو سـەربەخـۆییدا. مـاوەیەکی کەم دەبێ کتـێـبێکی نوێـمان دەرکرد ڕوونی دەکاتەوە لەئەنجامی تێکۆشانی میسر دژ بە بەریتانیا لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٢، لانی کەم نۆ کۆڵۆنی لە ڕووی کردارییەوە سەربەخۆ بوون، دڵنیاشم دەکرێ ئاماژە بە دۆخگەلی تری لەو شێوەیە بکرێ.

ئاسـتـەمـە بوترێ تێکۆشـانی ناتوندوتیـژی یاخـۆ تێکۆشـانی توندوتیـژی کامیـان گرینگترە، لەبەرئەوەی ئەو کۆمـەڵگەیانەی تێکۆشـانی ناتوندوتیژی بەشێکی گەورە لـە مێژوویان پێک دێنێ زۆر جار ئەم مێژووەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمـار نەکـردووە. بۆ نموونە تـێکۆشـانی ناتوندوتیـژی لە هەنگاریا دژی نەمسا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم ئیمپراتۆریەتی نەمساوی ناچار کـرد دان بە دەســـتـووری هەنگاریدا بنێ، هەروەها یـارمــەتیی پێکهــاتنی سنوورەکـانی دا لە ناوەندی ئەوروپا. لەگـەڵ ئەوەیشـدا بیـسـتم تەنانەت لە مێژووی هەنگاریدا بە باشی باس نەکراوە.

زۆر حاڵەتی تری تێکۆشـانی توندوتیـژی هـەن کە لە ڕووی مـێـژوویـیـەوە

باش باس و شرۆڤە نەكراون.

کـەم خـەڵک لـە دەرەوەی هـندسـتــان ئاگـایان لە ڕۆڵی گـرینگی بزاڤی ناتوندوتیـژیی ئیسـلامی هەیە لە هەرێمی سنووری باکوری ڕۆژئاوای هند کە لەژێر حوکمی بەریتانیادا بوو، کە بە سـەرکردایەتیی خان عەبدولقادر خانی مـوسـڵـمـان بـوو. گاندی گوتی ئەم تێکۆشـانی نـاتوندوتیـژییـە باشـتـرە لە هاوشـێـوەکەی لـە باقیی شـوێنەکـانی هند. هەروەها چەندان حاڵەتی تری سەرکەوتنی تێکۆشانی ناتوندوتیژی هەن کە دژ بە نازییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنـاوە. بۆ نموونە هەندێ لەو حاڵەتانە بوونە مـایەی ڕزگـارکردنی گیـانی چەندان جـوولەکـە وەک لە بەرلین ڕووی دا و بەناچاری ١٥٠٠ پیـاوی جـوولەکــە ئازاد کـران، ئەمــە لە سـاڵی ١٩٤٣دا بـوو، کـەس تا ئێـسـتــە توێژینەوەی لەبارەی ئەم ڕووداوەوە نەکردووە.

ئێستە توێژەرێک لای ئێمە لە پەیمانگەی ئەلبێرت ئاینشتاین لە بەرلین لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە.

ئەوەی ئێـمـە هـەوڵ دەدەین بیکـەین گـێـڕانەوەی بەشـێـک لـە مـێـژوومـانە، ئەوەیش گرینگە لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان، ئێمـە پێمان وایە ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی ئەو بژارانەی لە ئێستـەدا لە بەردەممـاندا دەیان بینین و ئەوانەی دەکرێ لە داهـاتوودا بیـانبینین. ئەگەر بینیمـان مێژوو بێئـەندازە توندوتیژە – ئەگەرچی ئەمـە ڕاست نییە، ئەوە وا دادەنێین تاکە بژارە واقیعییـەکان لەڕێی توندوتیژییەوە دەبێ.

بەڵام ئێـمــە دەتوانین فـێـری ئەوە بـین کـە مـێـژوویەکی مـەزن لـە خـەباتی ناتوندوتیژی هـەیە. ستـەمکاران لە بەرژەوەندییان نەبووە ئەم مێژووە تۆمار و فـێـر بکەن، چونکە ئەوە لە بەرژەوەنـدییـاندایە کـە بڵـێن تـەنیـا توندوتیـژی دەتـوانـێ ســـەرکـــەوتـن بـەدەسـت بـێـنـێ، ئـەویـش چـونکە وابـاوە ئـەوان لـە بەکـارهێنانی تـوندوتیـژیدا بەتواناترن، هەر بۆیە ئەگـەر چەوسـاوەکـانیش

باوەڕیان بە توندوتیژی هێنا دەرفەتی زیاتریان دەبێ بۆ پارێزگاریکردن لە زۆردارییەکەیان.

هۆی دووەمیش ئەوەیە پێویستە چەوساوەکان لەوە حاڵی بن کە نابێ بە باشترین چەکەکانی دوژمنەکەیان بشەڕن، لەبری بەکارهێنانی توندوتیژی، دەرفەتی مەزنتریان لە بەردەستدایە تا هێزەکانیان لەڕێی پێکەوە کارکردنەوە تەیار بکەن و چەکگەلی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، واتە هەر چەکێک بەکار بێنن کە بەهۆیەوە دەتوانن بەهێزتر بن. کاتێکیش ئەم چەکانە هەڵدەبژێرن، چەوساوەکان هێزی خۆیان بەشێوەیەک تەیار دەکەن کە هێزی ملهوڕان ناتوانێ لە مەودای دووردا لەبەرامبەریان سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

مێژوو تێکەڵەیەکە لە خەباتی ناتوندوتیژی و خەباتی توندوتیژی، ئەمە جگە لە شێوازی تری کارکردن. دەبێ هەموومان لە مێژوومان فێر ببین. دەبێ فێر بین کارەساتەکانی ڕابردوو دووبارە نەکەینەوە، بەڵام لەبری ئەوە لە داهاتوودا باشتر لە ڕابردوو جۆرەکانی تری خەبات بەشێوەیەکی کارایانە بێنە تواندنەوە.

**هەڵبژاردنی چۆنیەتیی کارکردن لە کێشەکاندا**

* زۆر لە بیرمەندانی سیاسی لەبارەی داهاتوویەکی نموونەیی و تەبا و خاڵی لە کێشمەکێشیان لە کۆمەڵگەدا نووسیوە، مارکس بەشێوەیەکی جوان وەسفی کردووە کە ئەوە کۆتای مێژووی کۆنە. ئایا پێت وایە مێژوو بەرەو داهێنانی ئامرازگەلی شارستانی تر دەچێ لە ململانەی سیاسیدا، یان پێچەوانەکەی دەبینین؟

- لەو بڕوایەدا نیم ئەم خەونانە لەبارەی داهاتوویەکی تەبا و دوور لە مرخێش مرخێش هیچ پێوەندییەکی بە واقیعەوە هەبێ، کەسێکیان ئەم

بۆچوونەی هەبوو کاتێ وێنەی شێرێکی کێشا کە لەگەڵ مەڕ و ئاژەڵەکانی تردا دەم بەخەندە دانیشتووە. من بەردەوام باوەڕم وایە شێرەکە بزە دەیگرێ چونکە باوەڕی وایە لە ماوەی چەند خولەکێکدا ژەمێکی چەوری دەست دەکەوێ. پێویست ناکا مرۆڤ وا زەن بکا دنیا لە واقیعەکەی ئەو جیاواز دەبێ مەگەر بیەوێ خۆی بۆ کارەساتێک ئامادە بکا.

لە داهاتووی بەرچاودا کێشمەکێش هەر بەردەوام دەبێ و زۆر جاریش کێشە سیفەتێکی باشی هەیە، چونکە زۆر جار خزمەتی هەندێ ڕۆڵی ئەرێنی دەکا، لەبەرئەوەی بەبێ کێشە و مشتومڕ دەبینە قوربانیی ناکارا بۆ هەر هێزێکی گەورە کە لەوانەیە لەم جیهانەدا هەبێ.

کێشە تەنانەت لەنێوان تاکە کەسەکانیشدا زۆر جار خزمەتمان دەکا بۆ پارێزگاریکردن لە کەسایەتیمان یان بەدیهێنانی کەسایەتی وەک شتێکی جیاواز لەوەی ئەوانی تر حەز دەکەن وا بین. خەونی کۆمەڵگەیەکی بێ کێشە شتێکی جوانە مادام بزانی ئەوە تەنیا خەونە و هیچی تر. دەبێ ڕووبەڕووی واقیع ببینەوە. لە ناواخنی کێشەکەدا چەندان بژارە هەیە کە چۆن چۆنی دەکرێ کار بکەین، وەک ئەوەی بۆ نموونە چۆن چۆنی خەبات بکەین. لەکاتی کێشەکاندا مرۆڤ هەندێ کار دەکا گوزارشت لە هەست و وورووژانەکانی دەکەن کە لەوانەیە یارمەتیی بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەدەن. زۆر جار مرۆڤ بەهۆی تووڕەیی زۆری لەو نەهامەتییانەی خۆیان یان گەلانیان لە ڕابردوودا چەشتوویانە پڕ دەداتە توندوتیژی، ئەمە قابیل بە لێ تێگەیشتنە. بەڵام گرینگ ئەوەیە خەڵک چۆن چۆنی دەتوانن لە هەلومەرجی تایبەتدا کار بکەن –بەبێ حسێبکردن بۆ ئەوەی لە ڕابردوودا ڕاستەقینە بووە. کارکردن بەشێوەیەکی کاریگەتر بۆ بزواندنی گەلانیان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەشێوەیەکی باشتر.

ناکرێ تەنیا بەنارەزایی یان تۆڵەسەندنەوە چارەسەری ستەم بکرێ. ئەمە هیچ شتێک بەدی ناهێنێ بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر. لەبری ئەوە

دەبێ مرۆڤ لە دۆخی پێداگرتنی بنچینەییدا لەسەر ئەو ئامرازانەی دەبنە مایەی بەدیهێنانی ئاماجەکانی، هەڵبژێرێ. مرۆڤ دەتوانی چڕ بکاتە سەر چۆنیەتیی بازدان بەسەر ستەمی ڕابردوو و ڕاستکردنەوەی، تا خەڵک لێرە بەدواوە ژیانێکی باشتریان هەبێ. ئەمەیە کە پێویستە بایەخی پێ بدەین، ئەویش لە پێناو هەموو گەلاندا بە پرس و ئامانجە جیاوازییەکانیانەوە. هەروەک دەکرێ ئەم ئامرازانە یارمەتیی بەدیهێنانی پێداویستییە سۆزییەکانی مرۆڤیش بدەن.

**ئایا ئەمە هیچ پێوەندیی بە فەڵەستینییەکانەوە هەیە؟**

* ئەم پرسیارە زۆر سنووردارترە و لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە نایەت (بە بڕوای من کەمێک لە خەڵک ئەو مەرج و توانا ئەخلاقیان هەیە لە بارەی ستراتیجە فەڵەستینەکانەوە بڕیاری ئەخلاقی دەربکەن) بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕوانگەیەکی کردەییەوەیە. کاری ناتوندوتیژی دەتوانی چی پێشکێشی گەلی فەڵەستین بکا؟ ئەو تێکۆشانە چۆن دەکرێ؟ ئەنجامی چاوەڕوانکراو چیە؟ گژبەرییەکان چۆن دەبن؟

– ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن. من لە مێژووی گەلی فەڵەستینی و کێشەکەی لەگەڵ ئیسرائیل شارەزا نیم. ئەمە تەنیا بۆ فەڵەستینییەکان نییە، بگرە بۆ حاڵەتی جوولەکە ئیسرائیلییەکان و بەرازیلی و پۆڵەندایی و فیلیپینی و چیلی و زۆر گەلی تریشە. مرۆڤی دەرەکی ناتوانی کۆمەڵگەکانی تر و مێژوو سیفەت و ناوچەکانی هێزی بە وردی بناسێ، چونکە تواناکانی سنووردارن لە وێناکردنی ئەوەی ئاخۆ ئەو کۆمەڵگەیانە لە داهاتوودا دەبێ چی بکەن. دانانی ستراتیجی کارای ناتوندوتیژی بۆ گەلان لەسایەی هەر هەلومەرجێکدا پێویستی بە زانیارییەکی زۆر و ورد هەیە لەبارەی ئەو کۆمەڵگەوە، بەشێوەیەک مرۆڤ لە دەرەوە ناتوانێ بەو کارە هەستێ.

لەلایەکی ترەوە هەر مرۆڤێکی سەر بەو کۆمەڵگەیە کە لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی تێنەگا ناتوانێ پێی هەستی. لە باشتریندا بارودۆخدا دەبێ ئەو کەسە لە سەرەتاوە دەست پێبکا- واتە لە سەرلەنوێ دۆزینەوەی ئەو جۆرە کارە لە هەر جارێکدا. ئەو لەو کەسە دەچێ کە بیەوێ شەڕی پارتیزانی بکا و بیەوێ دەستی پێبکا بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی پێشووی لەبارەی خەباتی شەڕی پارتیزانی هەبێ. ئاستەمە بۆ ئەو کەسەی مێژووی خەباتی شەڕی پارتیزانی نەخوێندبێتەوە، باس لەوە بکا دەبێ چۆن چۆنی ئەو شەڕە لەلایەن گەلێکەوە ئەنجام بدرێ. هەر پێشنیازێکیش پێشکێش بکا بێکەڵک و نەگونجاو دەبێ.

کەواتە پێویستە ئەو گەلە دیاریکراوە، دۆخی، مێژووی، ئاینی و نەریتی، فەلسەفە و سیستمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی بناسرێ. هەروەها پێویستە بە خەباتی ناتوندوتیژی ئاشنا بن. دەتوانم شتێکی کەم لەمەی دوایی پێشکێش بکەم، چونکە خەباتی ناتوندوتیژی ئامرازێکی کارە و ئێمە هێشتا لە قۆناخی فێربوونیداین. تا ئێستە زانیاریی تەواومان لەبارەیەوە نییە.

پێم وایە دەبێ بزانین و لەو شتانە تێ بگەین کە لە مێژووی گەلی فەڵەستیندا هەن و دەکرێ لەبارەی تێکۆشانی ناتوندوتیژییەوە زانیاریمان پێ ببەخشێ. پێیان گوتم ئەو مانگرتنە مەزنەی گەلی فەڵەستین لە ساڵی ١٩٣٦ ڕای گەیاند و ١٧٤ ڕۆژی خایاند، درێژترین مانگرتن بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەدڵنیاییەوە، ئەوە دەری دەخا گەلی فەڵەستین لەو کاتەدا توانیویەتی ئەو جۆرە تێکۆشانە بەکار بێنێ و بە ئامرازێکی بەهێزی زانیوە و لەو ماوە درێژەدا پارێزگاری لە هاوهەڵوێستیی خۆی کردووە، ئەگەرچی ئەنجامەکەی سەرکەوتنێکی مەزن نەبوو.

هەروەها لەبارەی ژمارەیەک کاری جۆرەوجۆری هاوکارینەکردن و نارەزاییی ناتوندوتیژانە لەلایەن گەلی فەڵەستین لەم چەند ساڵەی دوایی و لە هەلومەرجی جیاوازدا، زانیاریم پێ گەیشت.

### فێری بەسیاسیکردن و بەرەنگاریکردنی هێز بە

مــرۆڤ پێــویســتــی بەوەیە لەم حــاڵـەتانـەوە فــێــر بـێ، چونکە زۆر جــار بەرەنگاریـکردنی خۆبەخـۆی گـەل ڕەهـەندی هۆشـیـارکـردنەوەی زۆری هـەیە. زۆر جـار خەڵکی ئـاسایی فـێر دەبێ بەهـێزەوە کار بکا و ئامـرازگـەلی ژیرانە دابهێنێ کاتێ ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ڕاستەقینە دەبێتەوە. ئەمە توانی ئەو گەلە بۆ بەرەنـگاریکردن دەردەخـا، هـەروەک دەری دەخـا ئـەگـەر ئـامـادەکـاریی زیاتر بـکرایە ئەوا بەرەنگاریکردنەکـە بـەکـارتر دەبوو. ئەمـە لـە زۆر ناوچەی جیهاندا ڕاست بووە.

ئەگەر پێویست بێ لە تێکۆشانی ناتوندوتیـژی فێر بین، ئەوە پێـویستـمان بەوەیە یەکـەم شت ئەوە بزانین ئەم جـۆرە تێکۆشـانـە لە ڕوانگەی تێڕوانینێکی تایبـەتەوە بۆ "سـرووشـتی هـێزی سیاسـی" کـار دەکـا. تێکۆشـانی ناتوندوتیـژی دان بە گرینگیی هێزدا دەنێ. لە هـەلومـەرجێکدا کـە سـتـەم و سـەرکـوتکاریی توند لـەئارادا بێ (کـە بەدڵنیـاییـیـەوە هـەیـە)، دابەشـبـوونێکی خـراپی هـێـز ئامادەیە. هـەندێ خەڵک یاخۆ گرووپ هێزێکی زۆریان هـەیە و هـەندێکیشیان تا ڕادەیەک بەبێ هێزن. ئەگەر ئەوە گۆڕا، ئەوا هـەمـوو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتیـیـەکان کـەڵکێکی کـەمـیـان هـەیە، یان لەوەیش کـەمـتـرە –چونکە ئەو گـەلانـەی سـەرکـوت کـراون بەبێ هـێـز دەمـێننـەوە تەنانەت ئـەگـەر یەکـێک لە دەسەڵاتە مـلهوڕەکانیش گسک بدرێ، ئەو گەلانە، بەهۆی لاوازیی ڕێژەییانەوە، مەیلیان بەلای ئەوەدا دەچێ مل بۆ ستەمکارێکی نوێ شۆڕ بکەن.

لەباتیی ئەوە، دەبـێ دان بەوەدا بنرێ کە هـێز لە گەل و هـەروەها لە کۆمـەڵە دامــەزراوەیەکــەوە ســەرچـاوە دەگـرێ کــە پێکـەوە لەپێناو ئـامــانجـگەلێکی هـاوبەشـدا کار دەکەن. هێزی حکوومەتەکان لە سەرچاوەکـانی ناو کۆمـەڵگەوە هـەڵدەقـوڵێ، وەک شـەرعـیـیـەت و سـەرچـاوەیلی ئابووری و تواناکـان و کـار و ملکەچ و گـوێڕایـەڵیکردنـی دانیـشــتـوان و سـزاکـان و هـی تر. هـەمــوو ئەم

سەرچاوانەی کۆمەڵگە پشت بە هاوکاریی و گوێڕایەڵیی تاک و دامەزراوەکان دەبەستن. کاتێ هاوکاری و گوێڕایەڵی بکێشرێتەوە، هێندەی ڕێژەی ئەو کێشانەوەیە هێز لاواز دەبێ. هەندێ جار لەوانەیە فەلەجبوونێکی خێرا ڕوو لە ڕێژیمەکان بکا، وەک لە فیلیپین ڕووی دا. هەندێ جاریش ماوەی خەبات درێژ دەبێتەوە کاتێ بەشێک لە هێزەکە پابەند دەبێ بە حکوومەتە کۆنەکەوە و توانی سەرکوتینەوەی دەداتێ. بەڵام کارەکە چ خێرا بێ و چ خاو بنەواکە هەر دەمێنێ، واتە بەرستەککردنەوە و کێشانەوە و نەهێشتنی سەرچاوەکانی هێز. ئەم کێشانەوەیە دەبێتە مایەی گۆڕانێکی سیاسی.

هەندێ جاریش بەدیهاتنی ئەو کێشانەوەیە تەنیا واتەی تەیارکردنی گەل ناگەیەنێ، بگرە کردنی هەندێ شت کاریگەرییان لەسەر دانیشتووان و کۆمەڵگەی گەلە چەوساوەکە هەیە. هەندێ جار پێویست دەکا خەڵکی کۆمەڵگە چەوساوەکە جەم بکرێن بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی ئەو سیاسەتانەی دەبنە مایەی چەوساندنەوە. هەندێ جار کۆمەڵگەی ناودەوڵەتیش ڕۆڵی هەیە، بەڵام پیاو دەبێ کار لەسەر بەهێزکردنی گەلەکەی بکا، هەرچی کاریگەرییەکانی ترە، وەک ئەوانەی باس کران، دواتر دێن.

**چەکەکانی ناتوندوتیژی: نارەزایی و هاوکارینەکردنی ئابووری**

* دەتوانی وردەکاریی زیاتر بخەیتە ڕوو لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی کاری ناتوندوتیژی و بەستنەوەی بە زیادبوونی پلەبەپلەی هێزەکانی گەلەوە؟

– خاڵی گرینگ ئەوەیە کاتێ مرۆڤ لە ڕوانگەی تێڕوانینێکەوە بۆ سرووشتی "هێز" لە بزاوێکی ڕێکخراوی گەورەدا کار دەکا، ئەوکاتە توانێکی تێکۆشان بەدی دێنێ کە گەورەترە لە بەکارهێنانی توندوتیژی لەبەر هۆیەلی مرۆیی. تێکۆشانی ناتوندوتیژی بەدڵنیاییەوە واتەی چۆکدانەدانە لەبەردەم هەڕەشەکاندا. پیاو هەڵنایە، وڵاتەکەی بەجێ ناهێڵی، ئەگەر لە هەندەرانیش

بوو دەبێ بگەڕێتەوە. هەروەها بڕیار دەدا بە چەکێکی بەهێزتر شەڕ بکا، نەک توندوتیژیی ستەمکارەکە، بەڵکو بە چەکی دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، کە بەهۆیانەوە گەل بەهێز دەکرێ. زۆر لەم چەکانە هەن کە لە کتێبی "سیاسەتی کاری ناتوندوتیژی"دا باسم کردوون کە پشتم بە کتێبی "بەرەنگاریکردن بەبێ توندوتیژی" (بە زمانی عەرەبی) و "هتنا غدوت لو عليمه" (بە زمانی عیبری) بەست.

چەندان جۆر چەکی ناتوندوتیژی هەن. یەکەمیان چەکە ڕەمزیەکانن، ئەمەیان تا ڕادەیەک لاوازن و نارەزایی و قایلکردن بەبێ توندوتیژی دەگرێتەوە، کە ٥٤ ڕێگە دەگرێتەوە و پلەبەندییەکی فرەوانی هەیە لە گوتارە گشتییەکان و بەیاننامەکان و تکا بەکۆمەڵەکان و بڵاوکراوەکان و بەکارهێنانی هێما و دروشمەکان و پۆستەرات و ڕۆژنامە و کۆوارەکان و کاسێت (کە لەکاتی خەبات دژی شا لە ئێران بەکار هات) و ئامرازی تری نارەزایی دەربڕینی ڕەمزی کە بانگەشەکردن بۆ بیرۆکەکە و نواندن لای بەرپرسان و دابەستن لەبەردەم دامەزراوەکان بەمەبەستی ڕەواجدان بە بیرۆکەکە و بەرزکردنەوەی ئاڵا، دانانی نیشانەی نوێ، ناونانەوەی شەقامەکان، نوێژکردن، پەرستن، پیشاندانی وێنەی سەرکردە نیشتمانیەکان، دەگرێتەوە.

دەکرێ هەموو جۆرەکانی پاڵەپەستۆ خستنە سەر تاکەکان بەکار بێن وەک: برایەتیکردن، سەرکۆنە و ڕاوەدوونانی بەرپرسان لە هەموو کاتەکاندا بە ڕۆژ و بە شەو، هەروەک دەکرێ مۆسیقا و نواندن و گۆرانی، هەروەها فێرکردن و کۆبوونەوەی گشتی، ڕێپێوان، ڕیزبەستن، ڕێپێوانی ئاینی و بژارەی تر بەکار بێن. ماتەمگێڕانی سیاسی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی هەندێ کەسدا بەکار هاتووە کە کوژراون- ئەمە بەزۆری لە باشووری ئەفریقیا بەکار هاتووە.

حاڵەتی مردن ڕوو دەدا بەهۆی ئەوەی خەباتی ناتوندوتیژی بەهێزە و دەتوانێ گژبەریی ڕیژیمی سەرکوتکار بکا. ئەو ڕیژیمە سەرکوتکارە چەندە

بتوانێ لەسەر کسمی خۆی لە دژایەتیکردن و گرتن و لێدان و جەزرەبەدان و هەندێ جار کوشتنیش بەردەوام دەبی. ئەوە مەرگەساتە، بەڵام ئەوە گرینگترین هۆ نییە بۆ دەستبەرداربوون لە خەباتی ناتوندوتیژی لەو بەرکەوتنانەی لەکاتی شەڕەکاندا ڕوو دەدەن کاتێ بە هۆیەک دادەنرێن بۆ دەستبەرداربوون لە ئامرازە سەربازییەکان.

بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن بەرکەوتنەکان (الاصابات) لە خەباتی ناتوندوتیژیدا کەمترن لە خەباتی توندوتیژی، بۆ نموونە لە خەباتی گەلی جەزائیردا لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە داگیرکردنی فڕەنساییەکان، بەپێی هەندێ مەزەندە، نێزیکەی یەک ملیۆن کەس لە کۆی نۆ یان دە ملیۆن دانیشتووان کوژراون، لەکاتێکدا لە خەباتی هندستان دژ بە بەریتانیاییەکان _کە دەتوانن وەک فڕەنساییەکان دڕ و توندوتیژ بن- تەنیا هەشت هەزار کەس لە کۆی ٢٠٠ ملیۆن دانیشتووان کوژران.

لە خەباتی ناتوندوتیژیدا کاتێ خەڵک دەمرن، لەیاد ناکرێن، وەک کەسانی نیشتمانپەروەر ڕێز لە یادیان دەگیری و ئاهەنگ بۆ یادکردنەوەیان ساز دەکرێ. هەندێ جۆری هاوکارینەکردن ڕەمزین، ئەمەیش لە ورووژاندنی زۆرترین قوربانی دەگرێتەوە، تا ئەوەی وا بکرێ هەموو شت لە دۆخێکی دیاریکراودا مت ببێ. لە بۆنەی تریشدا خەڵک پشت لەو بەرپرسانە دەکەن هەندێ کاری دزێویان کردووە.

ئەنجا دەچینە سەر جۆرێکی تر لە هاوکارینەکردن، یان کشانەوە یاخۆ سرتەکردن لە هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنەکەی تر یان لەگەڵ ڕیژیم. ئەمە لە ڕابردوودا زۆر ڕووی داوە، گرووپ دوای گرووپ سرتەیان نیشان داوە لە نیشاندانی لایەنگریکردن.

سێ جۆر ئامرازی هاوکارینەکردن هەن:

یەکەمیان هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی کە ١٦ جۆر مانگرتنی کۆمەڵایەتی

لەخۆ دەگری. بۆ نموونە قسە لەگەڵ هەندێ کەس مەکە و خوڵکیان مەکە بۆ ئاهەنگ و شتی لەو جۆرە. دەکرێ هەندێ کەس لەڕووی ئاینییەوە بێبەری بکرێ ئەگەر هاتوو بنەوا ئاینیەکانیان بەزاند، ئەمە زیرەکانە لە شانۆگەریی یۆنانی لیسیستراتادا بەکار هاتووە، کە ئافرەتان یۆنانی ڕازی نەبوون لەگەڵ پیاوەکانیاندا سەرجێیی بکەن. ئەوە ڕێک خرا و چەند ساڵێک لەمەوبەر لە تێکۆشانی دژ بە ڕیژیمی سەربازی لە بەرازیل و بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی مەدەنی بەکار هات.

لەوانەیە خەڵک ڕازی نەبن ئامادەی هەندێ بۆنەی کۆمەڵایەتی یان خوڵککردن بۆ هەندێ خوان و کۆبوونەوە ببن. مانگرتنە ناتوندوتیژانەکانی قوتابییان کاریگەریی بەهێزیان هەبووە لە چەندان ناوچەی دنیادا، ئەوە لە مێژوویەکی ڕابردوودا یەکێک لە ئامرازە سەرەکیەکانی تێکۆشان بووە لە باشووری ئەفریقیا. پەنابردن بۆ حەرەمێکی پیرۆزیش ڕێگەیەکی ترە. خەڵک بۆ داواکردنی ئەمان پەنا بۆ شوێنە ئاینییەکان دەبەن کە حکوومەت دەسەڵاتی چوونەژوورەوەی نییە، بەو شێوەیەش گژبەریی سەرباز و پۆلیسەکان دەکرێ لە ئامادەبوون و گرتنیان لەنێو مزگەوت یان کنێس یاخۆ کەنیسەیەک، یان لە باڵیۆزخانە بیانیەکاندا.

جۆری دووەمی هاوکارینەکردن بریتییە لە هاوکارینەکردنی ئابووری. ئەم ئامرازانە کاریگەرتر دەبن لەبەرئەوەی تەنیا کار لە قازانج ناکەن، بگرە لەوانەیە کۆی مامەڵەکانی سیستمە ئابوورییەکە بخاتە مەترسی. یەکێک لەم ئامرازانە بایکۆتکردنی ئابوورییە کە لانی کەم ٢٦ لقی هەیە، یەکێکیان بایکۆتکردنی بەکاربەرانە بۆ کاڵاکان.

دژبەر بە ئاستەم دەتوانێ ڕووبەڕووی ئەوە ببێتەوە، چونکە ناتوانێ خەڵک ناچار بکا شتێکی دیاریکراو بکڕن، بەردەوام دەتوانی بڵێیت پێویستت بەو شتە نییە. ئەگەر ئەو بەرهەمەی تۆ بایکۆتت کردووە لەسەر ڕەفەی دوکانەکان هەبێ، تۆ دەتوانی وازی لێ بێنی لەجێی خۆی بتەزێ. تۆ هیچ

خانوبەرەیەک تێکوپێک نادەی، لە ڕووی جەستەییەوە ئازار بە کەس ناگەیەنی، بەڵام ئەم کارە لەوانەیە بەشێک لە سیستمی ئابووری فەلەج بکا.

نەدانی کرێ یاخۆ ڕازینەبوون بە بەکرێدانی هەندێ خانووی تایبەت بە کرێیش لەو ئامرازانەن. هەندێ جار دەکرێ بایکۆتکردنەکە خۆجێی بێ، هەندێ جار دەکرێ لەلایەن سەرتاپای گەلەوەو هەندێ جاریش دەگونجێ ناودەوڵەتی بی.

لە هەندێ کاتدا کرێکاران بەروبومێکی دیاریکراو دەستاودەست ناکەن لەبەرئەوەی بۆ ئامانجێک بەکار دێ، یان بەهۆی ئەو هەلومەرجەی تێیدا بەرهەم دی، وەک هەلومەرجی جیاکاریی ڕەگەزی، وەک لە باشووری ئەفریقیا باو بوو.

هەندێ جار بەڕێوەبەرەکان خۆیشیان بەشداری لە بایکۆتە ئابوورییەکاندا دەکەن، بۆ نموونە، هیچ دوکاندارێک کالآیەکی دیاریکراو _کە لەلایەن بەکاربەرانەوە بایکۆت کراوە- ناکرن بۆ فرۆشتنی، هەندێ جار شۆفێرانی پاسەکان یان کرێکارانی هێڵی ئاسنین یان تاقمی فڕۆکەوانیی فڕۆکەکان کاری خۆیان ئەنجام نادەن. ئەمە لە ساڵی ١٣٢٣ ڕووی دا لەکاتی خەباتی ڕۆر دژ بە داگیرکەرانی فرەنسایی و بەلجیکایی، کاتێ کرێکارانی هێڵی ئاسنین ڕەتیان کردەوە خەڵووز بۆ فرەنسا بگوێزنەوە. هەروەها سزای ئابووری لەکاتی خەباتی ئەمەریکا لەنێوان ساڵانی ١٧٦٥ و ١٧٧٥دا بەکار هات و خەڵک ڕازی نەبوون قەرزەکانیان بدەنەوە بازرگانە بەریتانیاییەکان، تا وا لەو بازرگانانە بکەن نارەزایی دەرببڕن و پەرلەمان ناچار بکەن ئەو باجە نوێیانە هەڵبوەشێنێتەوە کە لەسەر ئەمەریکاییەکانی سەپاندبوو. جۆرج واشنتن پشتگیری ئەم ستراتیجەی کرد و زۆر بەکەڵک بوو.

هەندێ جار سزا ئابوورییەکان لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی لەلایەن حکوومەتەکانەوە بەکار دێن، زۆر جار حکوومەتی ئەمەریکا لە هەندێ کاتی تەنگژەکاندا سیاسەتی گەمارۆی ئابووری جێبەجێ دەکا. تەنانەت لە

سیاسەتی هاوچەرخیشدا جۆرە "پەسندکردن"ێک هەیە بۆ بەکارهێنانی سزای ئابووری. نموونەیەکی سەرەکی لەبارەی ئەم ئامرازە قەدەخەکردنی ناردنەدەرەوەی نەوتی عەرەبییە لە ساڵی ١٩٧٣، گەمارۆکە سوودی گەورەتری بۆ کێشە عەرەبیەکە هەبوو زیاتر لە هەر کارێک سوپاکانی عەرەب کردبێتیان.

هەرچی مانگرتنە کرێکارییەکانە کە دووەمین ناتوندوتیژیی سەرەکییە لە هاوکارینەکردنی سیاسی، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ٢٣ شێوە لەخۆ دەگرێ.

خەڵک دەزانن کرێکاران چۆن چۆنی دەتوانن بەدەستەجەمی کار بکەن بۆ چەماندنەوەی هێزی دەسەڵات. لەبری توندوتیژی، ئەگەر کرێکارەکان کارەکانیان نەکەن کاریگەریی گەورەتر دەبێ. ئەوەیش بەو واتەیەی لە ماڵ پاڵ بدەنەوە، یان هەندێ جار دەچنە سەر کارەکانیان بەڵام کار ناکەن، یاخۆ بەسستی کار دەکەن.

زنجیرەیەکی دوور و درێژ مانگرتن هەبووە لەلایەن جووتیاران و کرێکارانی کارگەکان و کرێکارانی گواستنەوە. هەندێ جار ژمارەیەکی کەم کرێکار کە لە هەندێ ناوەندی هەستیاردا کار دەکەن کار لە تەواوی کارگەکە یان سیستەمی گواستنەوە دەکەن. هەندێ جاریش خەڵک بە پەنامەکی مان دەگرن، کاتێ مانگرتنەکە نایاسایی بێ، پیاوانی پۆلیس بە تەلەفۆن پێوەندی بە ئۆفیسەکانیانەوە دەکەن تا پێیان ڕابگەیەنن کە نەخۆشن، واتە لە هەمان ڕۆژدا تووشی ئەنفلۆنزای شین دەبن، هەندێ جاریش فەرمانبەرانی حکوومەت و کرێکارانی ئەم کارە دەکەن.

کاتێ مانگرتن نەک تەنیا لە یەک کارگەدا بگرە لە چەند کارگەیەکدا ڕوو دەدا، شتەکە پەرە دەسێنێ بۆ مانگرتنی گشتی. مانگرتنێکی گشتیی تەواوەتیش ڕوو دەدا کاتێ زۆربەی کرێکاران لە زۆربەی پیشەسازییە ئابوورییەکاندا مان دەگرن، ئەمەیش پێی دەوترێ "وەستانی کاری ئابووری".

جگە لە مانگرتنی کرێکاران، پیاوانی کاریش کارەکانیان دادەخەن و داوا لە کرێکارەکان دەکەن بچنەوە بۆ ماڵەکانیان و مووچەکانیان دەدەنێ وەک ئەوەی کاریان کردبێ.

نابێ مانگرتن بەبێ شیکردنەوەی پێوەندییەکانی و ئەگەری کاریگەربوونی ئەنجام بدرێ. بۆ نموونە، دەگونجێ مانگرتنێکی فەڵەستینی ناژیرانە ببێتە هۆی هاوردەکردنی کرێکارانی بیناسازی لە فیلیپین (کە کاری زۆر لە ئوردن دەکەن) و ئیسرائیل زیاتر بگەیەنێتە قەناعەت کە پێویستە هەموو دانیشتووانە فەڵەستینییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکان وەدەر بنرێن.

**چەکەکانی ناتوندوتیژی: هاوکارینەکردنی سیاسی**

جۆرێکی تری سەرەکیی هاوکارینەکردن برێتییە لە هاوکارینەکردنی سیاسی و جێبەجێکردنی بنەوای مانگرتن لەسەر سیاسەت، کە ٣٤ جۆر لەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە دەکرێ نکولی لە شەرعییەتی حکوومەت یان سەرۆکەکەی بکرێ. لە فیلیپین کاتێ دەرکەوت هەڵبژاردنەکە ساختە کراوە و کەنیسە ئەوەی ڕاگەیاند، مارکۆس ئەو دەسەڵاتە ئەخلاقییەی مابووی لەدەستی دا. کاتێ بەرەی شەرعییەت لەژێر دەسەڵات دەردەکێشرێ، خەڵک چی تر بە حوکمڕانی زۆردارەوە پابەند نابن.

خەڵک دەتوانن پەنا بۆ چەندان جۆری هاوکارینەکردن لەگەڵ حکوومەت ببەن، وەک ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن لەبەرئەوەی پێیان وابێ ساختە دەکرێ، یان لەوانەیە کار بۆ حکوومەت نەکەن، دەکرێ بایکۆتی هەندێ نووسینگەی حکوومیی دیاریکراو بکەن، لەوانەیە لە هەندێ قوتابخانەی حکوومی بکشێنەوە و ڕوو بکەنە قوتابخانەگەلی سەربەخۆ، لەوانەیە گت بکەن لەوەی زانیاری بدەنە پۆلیس. ئەگەر حکوومەت فەرمان بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوێکی دیاریکراو بکا، دەگونجێ ئەو ڕێکخراوانە فەرمانەکە بدەنە دواوە و لە کارکردن بەردەوام بن- جا بە ئاشکرا بێ یان بەنهێنی.

تاکـەکـان -هـەروەک لای کـۆمـەڵەکـانیش باوە- چەندان بژارەیان لەبەردەمدایە ئاخـۆ پابەند دەبن بە یاسا یاخـۆ فەرمانەکە، هەندێ جاریش باجی گـوێڕایەڵینەکردن سـزای توندە، بەڵام بەردەوام بژارە هـەیە. خـەڵک لەوانـەیە گـوێڕایـەڵی بکـەن، بەڵام بە خـاووخلیـچکی و ناتەواوی. لە هـەندێ حـاڵەتی تردا خـەڵک ژیانی سـیاسی مـومـارەسـە دەکـەن بەو شـێـوەیەی ئۆتۆمـۆبێل داژوون: واتە پابەندی یاسـا دەبن کـاتێ بزانن پۆلیـسـێک چاودێرییان دەکا.

لە هەندێ حـاڵەتی تردا لەوانەیە خـەڵک ئەوە نەتوانن و بە دانیشـتنیان لە شەقامەکاندا ئەوە دەربخەن، هەندێ جار فـەرمانەکانی بەسەربازکردن یان دوورخـستنەوە ڕەت دەکـەنەوە، هەندێ جـاریش خـەڵک پەنا بۆ یاخـیبـوونی مـەدەنی و سـەرپێچیکردنی ئەو یاسایانەی بەهـەڵەیان دەزانن دەبەن، ئەویش بە ڕێگەیەکی ڕاشکاو و ئاشکرا و بەبێ توندوتیژی.

کاتێ یاخیبوون پەل بۆ فەرمانبەرانی حکوومـەتیش دەهاوێ، هـەندێ کەس یاخۆ نووسینگە ڕەتی دەکەنەوە لە سیاسەتێکی دیاریکراودا هاوکاری بکەن، یاخۆ یارمەتیی دەسەلاتدارێکی زۆردار بدەن.

لەوانەیە خـەڵک لە ئاسـتە ناوەنجی و نـەوییـەکانی پلەبەندیی کادیرەکاندا، فـەرمانەکان بۆ کەسانێک نەگوێزنەوە کە بڕیار وایە جێبەجێیان بکەن. بە هەمـان شێوەیش لەوانـەیە هەندێ زانیاری کە گرینگە بگەن لە خوارەوە بۆ سـەرەوە نـەگوازرێنەوە. بەم شـێـوەیە بڕیارەکـان لەسـەر بنچینەی زانیـاریی ناتەواو دەردەکرێن. هەندێ جـار ڕەنگە دەزگـە بیرۆکـراسـیـیـەکـە بەتەواوی هاوکاری نەکا.

هەندێ کات پۆلیس بەتەواوی بەکار خۆی هەڵناسێ، لەبەرئەوەی بڕوای بە خامۆشکردنی بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە نییە وەک نموونە. حاڵەتی لەم شـێـوەیە تەنانەت لەنێـو سـەربازانی ئەڵمـاندا لە نەرویج هەبوو کـە بۆ قـۆڵبەسـتکردنی ئەو قـوتابییـە نەرویجـیـیـانەی بەشداریـیان لە بەرگریی

ناتوندوتیـژانەدا کـردبوو ڕەوانە کـرابوون. ئەگـەر هێـزی بەرگـری کـاری تیرۆریستی ئەنجام بدایە ئەنجامەکە جیاواز دەبوو، سەربازەکان نێردرابوون تا ئەو قوتابییانە لە ماڵەکانیاندا دەستگیر بکەن.

هەندێ جـار سـەربازەکـان تەقـە لـە دەگـا دەدەن و پرسـیـاری قـوتـابـیـیـە داواکراوەکە دەکـەن، کـاتێ "بەدرۆ" پێـیـان دەوترێ قـوتـابـیـەکە لەمـاڵ نـیـیـە، لەبری پشکنینی ماڵەکە (وەک فەرمانیان پێکراوە) سەربازەکان شوێنەکەیان بەجێ دەهێشت. کاتێکیش پۆلیس یان سـەربازانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن لەوێ بن و ئەو کارە بکەن، ئەمە توانی سەرکوتینەوە زیاد دەکا.

لە هـەندێ بۆنەی تردا ئەو سـەربازانەی فـەرمـانیـان پێکراوە تەقــەت لێ بکەن، تەقە بەئاسماندا دەکەن تا تۆ پێوە نەبی. ئەوەیش لەبەرئەوەیە تۆ بەبێ توندوتیـژی کار دەکەیت لەو بارودۆخـەدا بەبەراورد بە کـاری توندوتیـژ. خـۆ ئەگـەر ئـەو پۆلیس و سـەربـازانە لەلایەن خـەڵکانێکەوە بە تەقـە هێـرشـیـان بکرێتـە سـەر و هەڕەشـە بۆ ژیانیـان دروست ببێ، بێگومـان بەمـەبـەسـتی کوشتنی خۆپیشاندەران تەقە دەکەن.

هەنـدێ جـاریش سـەربازەکـان بەمـەبەسـتی کـوشـتنیـان تـەقــە لەو خۆپیشـاندەرانە دەکەن کە بەبێ توندوتیژی کارەکەیان دەکەن. ساویلکەییە بەمە نەزانرێ. ئەمە زۆر ڕوو دەدا کـاتێ بە سیستمی ناتـوندوتیژییەوە پابەند نەبن، لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئەم جـۆرە تەقـەکـردنانە بەبەراورد بە بۆنـەکـانی ململانەی توندوتیژ کـەمتر ڕوو دەدەن، کاتێکیش ڕوو دەدا نابێتە بەشێک لە جۆرێکی ڕوو لە زیادی توندوتیژی، کوژراوانی بەرەنگاریی بەبێ توندوتیژی دەشێ ببـێتـە مـایەی زیادبوونی پشـتگیـری لە کـێشـەکـە و کەمکردنەوەی لایەنگری بۆ دژبەر.

هەندێ جـار نادڵنیـایی ئەو هـێزانەی ئەرکی سـەرکوتینەوەی بەرەنگارییـە ناتوندوتیژە ڕێکخراوەکەیان پێ سپێردراوە، لەوانەیە ببێتە مایەی تووڕەیی و بێمـتـمـانەییـان بـە ڕادەیەک سوپا بەتەواوی لاتەریک بکەن. ئەمـە لە فیلیپین

ڕووی دا و دەستە دەستە لە سوپا ڕایان دەگەیاند دان بە مارکۆسدا نانێن وەک سەرکۆمار. کاتێکیش سوپا و هەندێ دەزگەی تر کەنار دەگرن، هێزی ئەو حکوومەتە لاواز دەبێ.

کاتێ خەڵک ڕوو دەکەنە ئامرازەیلی ناتوندوتیژی، دەرفەتی زیاتریان بۆ ساز دەبێ بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و ئەم جۆرە پاڵپشتییە لە لایەنەکەی ترەوە.

چەندان جۆری تر لە هاوکارینەکردنی سیاسی هەن. هەندێ جار چەند بەشێکی تەواوی حکوومەت هاوکاری ناکەن. هەندێ جار مرۆڤ لەڕێی پچڕینی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان یاخۆ داننەنان بە حکوومەتێکی دیاریکراودا، هاوکاریکردنی ناودەوڵەتی بەدەست دێنێ. بە پشتبەستن بە دۆخەکە، کاریگەریی ئەمە زۆر جیاوازە.

### چەکگەلێک بەبێ توندوتیژی: دەستوەردان

دواین جۆر لە ٤١ ئامرازەکەی دەستوەردانی بێ توندوتیژییە، تێیدا شتێک دەکەی کارایی ڕیژیم شڕ و وڕ دەکا. ئەوە وەک دانانی بەربەستێکە لەنێو ئامێرێکدا بۆ وەستاندنی. هەندێ لە جۆرەکانی دەستوەردان بەبێ توندوتیژی سایکۆلۆجین، وەک ڕۆژوگرتن یان مانگرتن لە خواردن. ڕاستە هەندێ کەس لەوانەیە بەهۆی پەنابردن بۆ ئەو شێوازانە دەمرن، بەڵام لە هەموو جۆرەکانی کاری توندوتیژیشدا خەڵک دەمرن.

بەڵام لەم حاڵەتەدا ژمارەی مردووان کەمترە و زیاتر ئەوانە دەگرێتەوە کە هەڵی دەبژێرن.

یەکێکی تر لە ئامرازەکانی دەستوەردان بەبێ توندوتیژی بریتییە لە دەستوەردانی جەستەیی، وەک دانیشتن لە نووسینگەی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا، هەندێ حاڵەت هەن لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە دانیشتنە شان بە شانی مانگرتن لە خواردن لەلایەن جوولەکەوە لە کرملین لە مۆسکۆ بەکار

هاتن بۆ بەدەستــهـێنانی مـافی کـۆچکردن. هەروەها ئەم شـێـوازە لای بژمـێـرەکـانی چێـشـتـخـانەکـانی ئەمـەریکا و لەلایەن ئەمـەریکاییـیـە ئەفریقییەکانەوە بەکارهات بۆ بەدەستهێنانی مافی نانخواردن لەو جێیە.

هەندێ جار خەڵک بەبێ توندوتیژی ناوچەیەکی دیاریکراو داگیر دەکەن کە قـەدەخـەیە بچنە نـاوی، ئەوان بە هەر حـاڵ دەچنە ئەوی تەنـانەت ئەگـەر لە کـاتی چوونە ژوورەوەیاندا لێـیـشـیـان بدری. داگـیـرکـردنی ناتوندوتیـژانەی بیابانی ئیسپانی لەلایەن مەراکیشەوە نموونەیەکی تایبەتە لەم شێوازە، کە لەسـەر ئاسـتێکی ناودەوڵەتی لەلایەن دەوڵەتیکی خاوەن سەروەرییەوە ئەنجام درا، هەندێ جـار خەڵک تانکەکان ڕادەگرن لەڕێی چوادەور گـرتن و ڕاکشـان لەبەردەمیاندا، چەند نموونەیەک لەوبارەوە هەیە، کە لەو شتانەیە لە مانێلا لە فلیپین ڕووی داوە، پێشـتـریش لە چیکۆسلۆڤاکیا و هەنگاریا و شـوێنانی تر ڕووی داوە. هەندێ جـار خـەڵک شـوێنێکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی خـاوەن مەغزای تایبەت داگیر دەکەن.

لەوانەیە خەڵک لەڕێی پێکهێنانی دامەزراوەی ئابووری نوێ و داگیرکردنی کارگەکان و ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی نوێوە دەست وەربدا.

لەسـەر ئاستی سیاسی لەوانەیە بەکارکردن دەزگە ئیدارییەکان بارگران بکەن، بۆ نموونە ئەگەر نووسینگەیەکی دیاریکراو داوات لێبکا ڕاپۆرتێکی لەبارەی هەموو حاڵەتەکانی لەدایکبوون و مردن پێشکێش بکەیت، دەشی تۆ لە بری ئەوە ڕاپۆرتێکی پێشکێش بکەیت کە هەموو جۆرەکانی لەدایکبوون و مردنی هەمان کەسەکان چەند جارێک دووبارە بکەیتەوە، یان لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە کەسانێک بکەیت کە هەر لە دایک نەبووبن، بە شێوەیەک مەحاڵ بی ئەو بەشە لە حکوومەت بتوانی کارەکانی بەباشی بکا.

هەندێ جـار ئەمـە بە واتەی پێداگری دی لەسـەر ژیان لە سـایەی یاسا و سیستم و سیاسـەتەکانی ئەو حکوومەتەی کە لەلایەن زۆردارەکانەوە قڵپ کـراوەتەوە، یان دامـەزرانـدنی حکوومـەتێکی نوێی شـەرعی. ئەمـە لە فلیـپین

ڕووی دا، کاتی کورازۆن ئەکینۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی بەدیلی ڕاگەیاند، مارکۆس جەختی کرد کە ئەو سەرۆکە. ئەکینۆ هێزێکی سەربازی ساز نەکرد بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی مارکۆس، بەڵکو وای لە خەڵک کرد دڵسۆزییان بۆ حکوومەتە نوێیەکە بگوێزنەوە، بەمەش دەستبەرداری مارکۆس بوون.

### پێداویستییەکانی کارابوون

ئەنجامدانی ئەم جۆرە تێکۆشانە ئاسان نییە، بەڵام هیچ تێکۆشانێک ئاسان نییە. تێکۆشانی ناتوندوتیژیش ـوەک تێکۆشانی توندوتیژ– هەندێ پێداویستی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەر بێ. لە هەندێ لایەنەوە، وەسفکردنی ئەم جۆرانە لە لیستێدا مەترسیدارە، چونکە لەوانەیە خەڵک بەبێ بیرکردنەوەیەکی ورد جێبەجێی بکەن، واتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وا دەکا بەکار بێ، یان پاشتر چی ڕوو دەدا. خەڵک پێویستە بزانن بۆچی تێکۆشانی ناتوندوتیژی بۆ ئەوەی کاریگەر بێ دەبێ هەندێ پێداویستی تێدا بێتە جێ، ئەم پێداویستییانە لەو پێداویستییانەی بۆ کارابوونی تێکۆشانی توندوتیژی پێویستن، جیان.

پێویستە مرۆڤ ئامرازە دیاریکراوەکان بەوردی هەڵبژێرێ، ئەگەر ڕووبەڕووی سنووردارکردنی ئازادیی قسەکردن بوویتەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دەبێ لەڕێی جەختکردن لە ئازادیی قسەکردنەوە تێبکۆشێ لەبری ئەوەی مانگرتنێکی کرێکاری ڕێک بخەیت.

مرۆڤ پێویستی بە بڕێکی زۆر لە هاوهەڵوێستی هەیە. دەبێ خەڵک پارێزگاری لە سیستم بکەن. دەبێ خەڵک کاتێ دەکەونە بەر هەڕەشە یاخۆ کەسێک ئازار دەدرێ، لە بەرەنگاریکردن نەوەستن. گرینگە بانەدەنەوە بۆ لای تێکۆشان بە توندوتیژی، چونکە دوژمن ئەوەی لەوان دەوێ. دەبێ بەبێ توندوتیژی بەرگری لە سیستم بکەن. هەروەها دەبێ بیر بکەنەوە کە چۆن

چۆنی دەتوانن ستراتیجگەلێک بەبێ توندوتیژی پەرە پێبدەن بۆ ئەوەی گەورەترین کاریگەری بەو ئامرازانە ببەخشن لە دۆخێکی دیاریکراودا. پەنابردنیان بۆ ناتوندوتیژی یارمەتیدەر دەبێ بۆ درزخستنە نێو گرووپە بەرهەڵستکارەکە.

زۆر ئامراز هەن لە بواری تێکۆشان بەبێ توندوتیژ کە لە توانی فەڵەستینییەکان و خەڵکی تریشدان. هەروەک لە ئیسرائیل و کۆریا و پۆڵەندا و زۆر شوێنی تر دەڵێم، من پێشنیاز بۆ خەڵک دەکەم بەجدی بیر لە تێکۆشانی ناتوندتیژ بکەنەوە. پێویستە خەڵک لێی بکۆڵنەوە و هەڵی بسەنگێنن بەمەبەستی پەرەپێدانی ستراتیجگەلێکی زیندوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی بارودۆخەکان و لێکۆڵینەوەی ورد لەوەی چی پێویستە بۆ جێبەجێکردن. دەبێ بایەخ بدرێ بەوەی چۆن چۆنی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی دەتوانێ وەک جێگرەوەی ئامرازە توندوتیژەکان خزمەتی فەڵەستینییەکان بکا و باری ژیانی گەلەکەیان باش بکا کە لە سایەی هەلومەرجێکی دژواردا دەژین.

گەلانی تریش لە زۆر ناوچە پێویستیان بە شتی هاوشێوەی ئەمانە هەیە.

بە بڕوای من ئەم جۆرە تێکۆشانە دەکرێ یارمەتیی هەموو گەلان بدا لە دۆزینەوەی ڕێگەی ڕزگاری و بەرگری لەخۆکردن و لە هەمان کاتدا دەرچوون لە گێژاوی سەرەمڕی توندوتیژیی ئەم دنیا هاوچەرخەمان.

**چاکییەکانی تێکۆشان بە ناتوندوتیژیی تەواوەتی**

* ئایا دەکرێ ستراتیجیەتی ناتوندوتیژی شان بەشانی توندوتیژی بژی؟

– بەڵێ و نەخێر. ئاشکرایە تێکۆشانی ناتوندوتیژی ڕووی داوە کاتێ تێکۆشانی توندوتیژی هەبووە. بۆ نموونە نەرویج بەرەنگاریی ناتوندوتیژی دژ بە ڕیژیمی نازی کرد کە لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا بەشێ لە خاکی نەرویجی داگیر کرد و بووە مایەی ئازادکردنی نەرویج. حاڵەتی جۆرەوجۆر

هەبوون، هەردوو ئامرازە توندوتیژ و ناتوندوتیژەکان لە هەمان هەلومەرجی سیاسیدا تێکەڵ کران.

بەڵام ئەمە بەو واتەیە نییە ئەو تێکەڵکردنە بووە بە مایەی کارابوونی زیاتر. لێرەدا من باس لەوە ناکەم کام لە دوو ڕێگەکە ئەخلاقیترن، بەڵکو باس لە پێداویستییەکانی ئەوپەڕی کارابوونی تێکۆشانی ناتوندوتیژ دەکەم.

با سەیری دۆخەکە بکەین، با وا دابنێین بە تفەنگ خەبات دەکەین و تفەنگی پێویستیشمان بۆ هەمووان هەیە لەکاتێکدا هەندێ خەڵک پێداگری بکەن کە بەردەوام بن لەسەر شەڕکردن بە شمشێر. لەوانەیە هەوڵ بدەین قایلیان بکەین واز لەو داوایە بێنن، چونکە وێڕای پابەندی و ئازاییان، بەکارهێنانی چەکی لاوازتر خەباتی هاوبەشمان لاواز دەکا.

دەگونجێ بەکارهێنانی تفەنگ شانبەشانی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی، ئەمەی دوایی لاواز بکا. لەوانەیە چاکییە سەرەکی و زەوەندەکانی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی بکەونە بەر مەترسی ئەگەر توندوتیژیشی لەگەڵدا بەکار بێ. بۆ نموونە تێکۆشان بەبێ توندوتیژی وا دەکا پیاوێک یان ئافرەتێک یان منداڵێک یان بەساڵاچوویەک بە هەمان شێوە بەشداری بکەن.

تێکۆشانی توندوتیژ لەنێو ژمارەیەک خەڵکدا قەتیس دەبێ. سەرکوتینەوەی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی بەتایبەت ئەگەر سەرکوتینەوەکە دڵڕەقانە و دەرکەوێ بەبێ پاساو بووە- دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی هاوسۆزی و لایەنگریی زیاتر بۆ ئەو بەرگریکارانە و ڕێژەی بەشداریکردن لە بەرگریدا زیاد دەکا. لەلایەکی ترەوە غافڵکوژی و هەڵدانی بۆمب مایەی بێزاری و پشتگیریکردنی سەرکوتینەوەە تەنانەت دژی ئەوانەیش بەشداریی خەباتەکەیان نەکردووە.

تێکۆشان بەبێ توندوتیژی یارمەتیی درزتێخستنی لایەنی نەیار دەدا لەکاتێکدا تێکۆشانی توندوتیژ لەدژی بەرگریکاران یەکیان دەخا. تێکۆشان بەبێ توندوتیژی یارمەتیی هەندێ لە ئەندامانی گرووپی نەیاری بەرامبەر

دەدا چاو بەو مەرگەسات و کێشانەدا بخشێننەوە، هەندێکیان دەست بە گۆڕینی بیروبۆچوونی خۆیان و داننان بە شەرعییەتی داواکانی بەرگریکاران دەکەن، دوور مەبینە هەندێکیان بگەنە ئەو دەرەنجامەی پێویست ناکا خەڵکێک بکوژرێن کە بەبێ توندوتیژی بەرەنگاری دەکەن.

تێکۆشان بەبێ توندوتیژی یارمەتیی چاوگێڕانەوە و لێکۆڵینەوە دەدا.

لەلایەکی ترەوە، تێکۆشان بە توندوتیژی خەڵکی بەرەکەی تر ناچار دەکەن ڕیزەکانیان یەک بخەن بەمەبەستی پاڵپشتیی سەرکوتینەوە و لەدژی بەرەنگاری بەبێ توندوتیژی. ئەگەر هەندێ لە ئەندامانی ئەو بەرەیە لەگەڵ چاوساوان هاوسۆز بن و هەست بە نەهامەتیەکانیان بکەن، ئەوا توندوتیژی ناچاریان دەکا بێدەنگی یان ناپاکیکردن لە گەلەکەیان هەڵبژێرن.

زۆر جار ئەو کارانەی پێیان دەوترێ تیرۆریستی دەبنە مایەی گۆشەگیربوونی ناودەوڵەتی، لەکاتێکدا تێکۆشان بەبێ توندوتیژی دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی لایەنگری و هاوسۆزیی ناودەوڵەتی و مرۆڤ دەتوانێ ئامارە بۆ چەندان حاڵەت بکا. سەرکوتینەوەی توندوتیژ بۆ ئەو کارانەی خاڵین لە توندوتیژی –نەخاسمە کاتێ سەرکوتینەوەکە زۆر دڵڕەقانە بێ دژ بە منداڵان و پێگەیشتووانی بێتاوان– دەبێتە مایەی یەکخستنی ڕای ناودەوڵەتی دژی سەرکوتینەوە و پشتگیریکردنی بەرەنگارییەکە.

هەربۆیە، هۆی پراکتیکیی بەهێز هەن بۆ بادانەوەی تەواوەتی بەلای تێکۆشان بەبێ توندوتیژیدا، چونکە توانی گەورەتری هەیە بۆ بزواندنی وزەی چەوساوەکان دژ بە ستەم و سەرکوتینەوە بە ڕێگەیەلێک ڕێزی خۆگرتن و دانپێدانانی بەرفرەوانتر بە کێشەکەی و پاڵپشتیی گەورەتر بۆ بەرەنگارییەکە زیاد دەکا. ئەمەیش هێزێکی زیاتر بەرهەم دێنێ و هەلێکی زیاتر دەڕەخسێنێ بۆ سەرکەوتنی کێشەکە بە شێوەیەک ڕێز لە سەنگینیی هەموو ئەوانە دەگرێ کە پێوەندارن. تێکۆشان بەبێ توندوتیژی لە ڕووی ستراتیجیەوە پرۆسەیەکە بۆ ڕزگاربوون.

* بۆچی داوا لە فەڵەستینییەکان دەکەی بەبێ توندوتیژی کار بکەن؟

* تۆ زۆر جار دەڵێیت هیچ شارەزاییەکت لەبارەی کاروبارەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە ئەیلوولی ڕابردوو ئاگەداری دۆخەکە بووی. جیاواز لە وتارەکانت لە قودس، ڕەتت کردەوە هیچ پێشنیازێک لەبارەی ستراتیجێکی دیاریکراو بۆ گرتنەبەری لە ململانەکەدا بخەیتە ڕوو. بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە تۆ پێداگریت لەوە دەکرد فەڵەستینییەکان، نەک ئیسرائیلییەکان، لە تێکۆشان بەبێ توندوتیژی بکۆڵنەوە. بۆچی چڕ دەکەیتە سەر ئەوەی فەڵەستین شێوازی خۆیان بگۆڕن بۆ تێکۆشان بەبێ توندوتیژی و ئیسرائیلییەکان لەو ڕووەوە هەڵدەبوێری، لەکاتێکدا ئەوان توانی بەکارهێنانی توندوتیژییان زیاترە؟ ئایا وا پێویست نییە بە ئیسرائیلییەکان بگوترێ توندوتیژی بەکار نەهێنن بەحوکمی ئەوەی ئەوان توانی سەربازیی گەورەتریان هەیە و حکوومەتە داگیرکەرەکەیان دەستی بەسەر فەڵەستیندا گرتووە؟ ئەمە بەو واتەیە نییە تۆ داوا لە قوربانییانی توندوتیژی دەکەی بە بێ توندوتیژی کار بکەن و هەمان داوا لە چەوسێنەرەکان ناکەیت کە توندوتیژی دژ بە قوربانییەکان بەکار دێنن؟

– من لەگەڵ ئەوەم گرینگە بۆ ئیسرائیلییەکان چاو بە پشتبەستنی گەورەیان بە کاری سەربازیدا بگێڕنەوە، چونکە ئەم پشتبەستنە و هەروەها داگیرکردنی سەربازی و سیاسەتەکانی بەرامبەر فەڵەستینییەکان، کاریگەریی کوشندەیان لەسەر ئیسرائیلییەکان و تەواوی کۆمەڵگەکەیان هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئارەزوویەکی لاواز هەیە بۆ چاوگێڕانەوە بە

پشتبەستن بە هێزی سەربازی.

ئەز پێداگریم کرد کتێبەکی "بەرەنگاریکردن بەبێ توندوتیژی"، بە هەردوو زمانی عەرەبی و عیبری دەربچێ تا بگاتە دەست ئیسرائیلی و فەڵەستینییەکان. هەر ئەوەیش ڕووی دا، کتێبەکە پێشەکیی دانەری تێدایە کە لە هەردوو چاپەکەدا یەک شتە. لەکاتی سەردانەکەیشمدا چاوم بە خەڵکانی ئیسرائیلی و فەڵەستینی و گرووپگەلی تێکەڵ کەوت.

لە قسەکردن لەگەڵ فەڵەستینییەکاندا، گرینگە بزانرێ من وەڵامی پرسیارگەلێک دەدەمە کە تۆ وەک فەڵەستینییەک دەیانورووژێنی، هەروەک وەڵامی هەندێ پرس دەدەمەوە کە هەندێ فەڵەستینی و عەرەبی تر لەبارەی سرووشت و تواناکانی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی ورووژاندنیان. من لە گفتوگۆکانم لەبارەی چاکییەکانی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی لەسەر ئەو بناخەیە ئیش ناکەم حوکم بدەم فلان لایەن لەوەی تر خراپترە. هەر بۆیە زیاتر پێویست بە دەست هەڵگرتن لە توندوتیژی دەکا.

دۆخەکە پێویست بێ هەر چۆن بێ، خەریکە هیچ پێوەندییەکی بە داننان بە چییەتی هەقیقەتەوە نەبێ. واقیعەکە ئەوەیە بەهۆی ئەزموونی جوولەکە لە مەسەلەی لەنێوبردنی نازیدا و ئەو وانانەی لێیەوە فێر بوون (کە بە بڕوای من ئەو وانانە هەڵەن)، هەروەها بەهۆی هەڕەشەی ناوکۆیی سوپاکانی عەرەب لە بوونی جوولەکە وەک گەل و ئوممەت، هەروەها بەهۆی کارلێکیان لەگەڵ توندوتیژیی فەڵەستینیدا، حاڵی حازر ئیسرائیلییەکان توانی ئەوەیان نییە خوێنساردانە لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ دەکرێ لەلایەن ئەوانەوە چەکی تێکۆشانی ناتوندتیژی بەشێوەیەکی ئەرێنی وەک بەدیلێک، ئەگەر بە ڕێژەییش بێ، لەبری بەکارهێنانی هێزی سەربازییان، بەکار بێ.

باوەڕبوون بە هێزی سەربازی لەوانەیە لە ناوەڕۆکی دەیان ساڵ لە توندوتیژی و شەڕی بەردەوام و بەرفرەواندا ئامادە بێ، ئەمە جگە لە مەترسییەکانی بەناودەوڵەتیکردنی کێشەکە- واتە ئەگەری پەنامەکیی

بەشـداریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکـان و یەکـەتیی سـۆڤـیـەت و کـۆگـە ئەتۆمیەکانیان.

لە هەمان کاتدا پرسـی فەڵەستینییەکان خۆیشیان بە چەندان ڕێگە شپرز بووە، توندوتیژیی فەڵەستینی یارمەتی ئەوەی داوە دۆخی خراپیان خراپتر ببێ.

لەم دۆخە گشتییەکەدا، وای دەبینم فەڵەستینییەکان تاکە کۆمەڵن کە دەتوانن بادانەوەیەکی سـەرەکی لە توندوتیـژییـەوە بۆ تێکۆشـان بەبێ توندوتیـژی بەرپا بکەن و تەوقی ئەو شکسـتـە بەردەوامـانە بشکێنن کـە دووچاریان دەبێ، ئەمـە جگە لە شکاندنی وابەسـتـەیی بەهێـزی هەمـوو لایەنەکـان بە توندوتیـژییـەوە، هەروەک بایەخـدانی بەرچاو بە ئەگـەری تێکۆشان بەبێ توندوتیژی لای فەڵەستینییەکان هەیە.

جـا ئەگەر ئەوان زیاتر لە کەڵکی ئەو شـێوازە تێ بگەن، هەروەها ئەگەر ئەوان ئەو کۆمەڵە بن کە لەم کاتەدا لە هەمووان زیاتر دەتوانن ئامرازەکانی تێکۆشـان بگۆڕن، ئەوە کارێکی دەبەنگانە و هەستنەکردنە کە فەڵەستینییە بایەخدەرەکان لەم بژارەیەدا یارمەتی نەدەن.

هۆکـارێکی گـرینگی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە تێکۆشـانـی ناتوندوتیـژی هیچ پێوەندی بە شـێوەیەکی تایبـەتی قوربانییـان و گەلە چەوسـاوەکانەوە نیـیـە، چونکە ڕێگەی هێـز و ڕێگەی بەدەسـتـهێنانـی باڵادەسـتـبـوونێکی زیاتریانە بەسەر داهاتووی خۆیاندا.

### کاریگەرییە نەرێنییە ئیسرائیلی و ناودەوڵەتییەکان

* ئەگەر تێکۆشان بەبێ توندوتیژی لەم دۆخەدا وەک ستراتیجێک لەپێناو گـۆڕاندا بێ نەک وەک ڕەفـتـارێکی ئەخـلاقی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاخۆ کـاریگەر دەبێ یان نا، ئەوا مـرۆڤ دەبێ لەو دۆخـە بکۆڵێتەوە کە پێویسـتـە تێیـدا بەکـار بێ. ئەو

شتانە چین ئاماژەیان بۆ دەکەی و بریتین لەو لایەنانەی پەرەدان بە ستراتیجیەتێک بەبێ توندوتیژی بۆ گەلی فەڵەستین ئاسان دەکەن، ئەو لایەنانەیش کامانەن ئەو ستراتیجە ئاسان ناکەن؟

– ئەمە هێشتا زەحمەتە چونکە ڕادەی ئاگەداریم زۆر سنوور دابوو و هێشتا زۆر شت نازانم. لەگەڵ ئەوەیشدا دیارە هەندێ هۆکار هەن ئەم گۆڕانە ستراتیجییە ئاسان دەکەن، هەندێ هۆکاریش ئاسانی ناکەن. با لە هۆکارە کەمتر ئاسانکارەکانەوە دەست پێبکەین و بەوانە کۆتا بێنین کە ئومێدیان لێدەکرێ.

دەکرێ هۆکارە کەمتر ئاسانکارەکان بە شێوەیەی ڕێژەیی بدەینە پاڵ فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکان و هەروەها کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی،

لە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتیدا حکوومەتەکان وا دادەنێن تەنیا ئەوانن لە ڕێی ڕێوشوێنەکانیان یاخۆ لەڕێی کۆنگرەیەکی ناودەوڵەتییەوە دەتوانن چارەسەری کێشەکە بکەن، نەوەک بەو ڕێوشوێنانەی لایەنەکانی کێشەکە دەیگرنەبەر، ئەم هەڵوێستە نابێتە مایەی ئاسانکردنی پەرەپێدانی خەباتێکی بێ توندوتیژی لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا, دەکرێ کۆمەڵەی ناودەوڵەتی یارمەتیدەر بی لەکاتی دەستپێکردنی خەباتی بێ توندوتیژی لەلایەن فەڵەستینییەکان خۆیانەوە.

بڕوام وایە ڕێی تێ ناچێ حکوومەتی ئیسرائیل و حزبە سەرەکییەکان لە ئیسرائیل یارمەتیدەر بن، بگرە بە پێچەوانەوە، جێی داخە بارەکە بەم شێوەی ەبی چونکە ئەگەر ئیسرائیلییەکان بەڕاستی دژ بە توندوتیژی بن لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە، ئەوا پێویست ناکا لەبەردەم بادانەوەی فەلەستییەکان بەلای تێکۆشانی ناتوندوتژدا بوەستن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەز پێم وایە ئەو ئیسرائیلیانەی حەزیان لە بیرۆکەی لکاندنی ناوچە داگیرکراوەکانە، یان تامەزرۆی گۆڕ گومبوونی فەڵەستینییەکانن بە شێوەیەک لە شێوەکان، ئەمانە پێشوازی لەم بادانەوەیە ناکەن.

لەوانەیە ئیسرئیلیەکان وای ببین -کە لەوەیشدا پێکاویانە- کارکردن بەبێ توندوتیژی فەڵەستینییەکان بەهێز دەکات و هاوسەنگییەکی زیاتریان دەداتی، هەر بۆیە لەوانەیە پێیان باش بی فەلەستییەکان بە توندوتیژییەوە وابەستە بن، کە ئەمە بەڕای من قەت یارمەتی فەلەستییەکان نادا، هەر بۆیە شیمانە هەیە زلهێزەکانی ئیسرائیل نەیار بن بە تێکۆشانی بێ توندوتیژی لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە. هەوڵم دا هەندێ لە ئیسرائیلییەکان قایل بکەم بەوەی لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان و داهاتوویان و بە هەڤاڵەکانیاندا ئەو کارە نەکەن. بەڵام لەوانەیە ڕوو بدا.

لەلایەکی ترەوە هەندێ خەڵک لە ئیسرائیل کە سووکایەتی بە ژمارەیان ناکری، پێشوازی دەکەن و یارمەتیی فەڵەستینییەکان بۆ تێکۆشان بەبێ توندوتیژی. دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

## کاریگەریی فەڵەستینیی بکوژ

ئەز لەنێو فەڵەستینییەکاندا پێنج هۆکار دەبینم هەڕەشە لە پەرەپێدانی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی دەکەن. یەکەم لای هەندێ لە فەڵەستینییەکان مەیلێک هەیە -هەرچی بڵێن- بۆ هەستکردن بەوەی هیچ تێکۆشانێک کەڵکی نییە، وەک دیارە هەندێکیان قەناعەتیان بەوە هاتووە پێویستە دۆخە گشتییەکە قبووڵ بکەن لەو ڕووەوە بوونەتە گەلێکی بندەست لەسایەی دەسەڵاتی ئیسرائیلییەکاندا، لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی باشترین شت کە بکرێ بەدەست بێ، بێهوودەیە.

ئەمانە لەو بڕوایەدان تێکۆشان هیچ سوودێکی نییە، هەر بۆیە هەوڵ دەدەن لە ڕووی ئابوورییەوە کەڵک لە دۆخی ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل وەربگرن. دیارە دڵنیا نیم لەوەی ئەم هەستە چەندە قووڵ و بڵاوە.

دووەم هۆکاری نایاریدەدەری نێو فەڵەستینییەکان باوەڕی کوێرانەیە -کە باوەڕێکی نامەنتیقیشە- بە کاریگەریی توندوتیژی کە وێڕای ئەو

نسکۆیانەی بەهۆی توندوتیژیی فەڵەستینییەوە ڕوویان داوە، هەر بەردەوامە.

ئەنجامی ئەو توندوتیژییانە ئەو شەڕانە و شەڕەکانی نێوان برا عەرەبەکانی لە ئوردن و لبنانیشی لێ کەوتەوە. زۆر لە ڕای گشتیی جیهانی پشتی کردە کێشەی فەڵەستینییەکان و توندوتیژیی فەڵەستینی. بۆ نموونە ئەو توندوتیژییە یارمەتیی بەردەوامبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی دا لە چاوپۆشیکردن لە کارەکانی ئیسرائیل و یارمەتیدانی سیاسەتەکەی کە بەبێ ئەوە ڕەنگە قبووڵ نەکرایە. بەوە زۆر لە جوولەکە و ئیسرائیلییەکانی دنیا کە بەبێ ئەو توندوتیژییە ڕەنگ بوو لایەنگریی دادپەروەریی زیاتر بکەن بۆ دامەزراندنی نیشتمانی سەربەخۆی فەڵەستینییەکان، وایان لێهات بەشێوەیەکی مەنتیقی دژی فەڵەستینییەکان بن. هەر بەهۆی ئەم توندوتیژییەوە ژمارەیەکی کەمتر لە فەڵەستینییەکان ڕۆڵێکی زیندوو لە تێکۆشانی توندوتیژانەدا دەبینن- کە دەکرێ ئەو ڕێژەیە لە خەباتی ناتوندوتیژدا بەو شێوەیە نەبێ.

دوای دەیان ساڵ لە نسکۆ بەهۆی توندوتیژییەوە، هێشتا زۆر لە فەڵەستینییەکان بەردەوامن لەسەر باوەڕیان بە توندوتیژی و بە ئەنجامە پێچەوانەکەیەوە هەر ئەنجامی دەدەن. بێگومان ئەوان دڵسۆز و زۆر جار قارەمانیشن (هەندێکیان بانگەشە بۆ توندوتیژی دەکەن بەڵام ئەنجامدانی بۆ کەسانی تر بەجێ دێڵن). ئەوانەی باوەڕیان بە توندوتیژی هەیە لەوانەیە جێگرەوەیەکی باش شک نەبەن، بەڵام ئەنجامەکان بۆ خۆیان و گەلەکەیان مەرگەساتە. ئیمانی کوێرانە عەقڵ دادەخا لە زانینی جێگرەوەکان و داننان بە شکستدا. بەراوردکردنی شیکارییانەی ڕادەی بەهێزی و لاوازیی هەرکام لە توندوتیژی و ناتوندوتیژی ئەوە بابەتێکی ترە. ئیمانی کوێرانە بەوەی توندوتیژی تاکە بژارەی پەسندە نەک تەنیا کۆسپە لە ڕێگەی تێکۆشانێکی فەڵەستینی بەبێ توندوتیژی، بگرە هەڕەشەیە لە داهاتووی فەڵەستینییەکانیش.

هۆکاری سێیەم لەنێو فەڵەستینییەکان کە هەڕەشە لە پەرەپێدانیان بۆ خەباتێکی بێ توندوتیژی و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سیاسییان دەکا، بێئومێدی و تووڕەیی قووڵن. ئەوە وەک بەرەنجامی ساڵانێک لە نەهامەتی و سەرگەردانی قابیلی لێتێگەیشتنە لەبارێکدا نەهامەتیەکان و گەورەبوونی نەوەکان لە تاراوگە و لە خێوەتگەکانی پەنابەران بەردەوامە. ئەنجامیش گەشەکردنی تووڕەییەکی قووڵ و ڕقە لەناخی خەڵکدا، کە دەبنە مایەی ئەوەی توندوتیژانە بسرەوێن بەبێ حسابکردن بۆ ئەوەی ئەو لێدانە چۆن دەکرێ یارمەتیی گەلەکەیان بدا.

لەوانەیە ئەو تووڕەییە قووڵەی دەبێتە پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو کارانە لە زیادبووندا بێ، بەڵام یارمەتی هیچ بزاڤێکی خەباتکاری ناتوندوتیژ یان هیچ ستراتیجێک بۆ ڕزگاربوون نادا. گوزارشتکردنی سادە لە تووڕەیی بەبێ بەرچاوڕوونی لەبارەی ئەوەی چۆن چۆنی سەردەکەوێ، شکست بەخۆی دێنێ.

هۆکاری چوارەم لەنێو فەڵەستینییەکاندا، کە هەڕەشەیە لە پەرەپێدانی تێکۆشان بەبێ توندوتیژی، ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر کەمیان لە گۆشەیەکی ستراتیجیەوە بیر دەکەنەوە. سەردانەکەم کورت بوو، ژمارەیەکی کەم خەڵکم بینی. من ژمارەی پێویست خەڵک ناناسم تا لە دڵنیا بم ئەمە دۆخەکەیە. بەڵام پێم وانییە یەک فەڵەستینیم دیبێ لە گۆشەیەکی ستراتیجییەوە بیر بکاتەوە. بڕوام نییە هیچ کەسێکم دیبێ بپرسێ چۆن چۆنی دەکرێ ئامانجی فەڵەستینییەکان لە بڕیاردانی چارەنووس بێتە دی و هەوڵ بدا لەپێناو ڕزگاربووندا پەرە بە ستراتیجیەتێک بدا.

خەڵکانێکم دی کورتمەودا بیر دەکەنەوە و بیریش لە کاری سنووردار دەکەنەوە بۆ چارەسەری هەندێ دۆخی دیاریکراو- ئەمەیش شتێکی باش و پێویستە، بەڵام دەبێ ئەم کارانە لە چوارچێوەی ستراتیجێکی هەمەگیردا بۆ کارکردن لەپێناو گۆڕانکاریدا سەیر بکرێن. هەروەها لە نیگایەکی دوورەوە

وا دیار نییە ئەوانەیش لەپێناو کێشەی فەڵەستیندا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، لە ڕوانگەیەکی ستراتیجیەوە بیر بکەنەوە. نیگایەکی دوور بەدوور دەری دەخا برێکی زۆر خەیاڵبازی و سینەسافیی سیاسی هەیە.

دیارە کە بوونی ستراتیجێک بە کۆمەڵی هەنگاوی کرداریی واقیعیەوە ئامانجێکی دوورمەودای بزر دێنێتە دی. هەروەک دیارە پلانێک نییە ستراتیجی بێ لە بواری کارکردن یان هاوکاریکردن یان تێکۆشان کە لە ماوەی پێنج یاخۆ دە ساڵدا ئەنجام بدرێ. لەبری ئەوە، وا دیارە هەندێ دەستپێشخەری و پەرچەکردار هەن کە پێوەندییان بە هەندێ بابەتی کورتمەوداوە هەیە، بەڵام بەبێ بوونی پلانێکی هەمەگیر.

کارەکان لەسەر مەودای کورت گرینگن، بەڵام پێویست دەکا بزانرێ هەفتەی داهاتوو چی دەکا و ئەو بڕارانە چین کە پێویستە دروست بکرێن. ئەم پێویستیەیش دەبێ لە ناوەرۆکی تێگەیشتن لە چۆنیەتیی بەشداریکردن لە ستراتیجێکی گشتی بۆ گۆڕاندا دیاری بکرێ.

ئەگەر ئەم هەستە دروست بێ -کە مەرج نییە وابێ- ئەوا ئەوە دەبێتە لاوازییەکی مەترسیدار لای فەڵەستینییەکان خۆیان، لاوازییەک کە زیاتر لەوەی حکوومەتی ئیسرائیلی دەیکا، ئازاری کێشەکەیان دەدا.

### لاوازی لە شکستهێنان لە تێگەیشتنی ئیسرائیلییەکان

هۆکاری پێنجەمی لاوازی لەنێو فەڵەستینییەکان کە ئاسانکاری ناکا بۆ پەنابردنیان بۆ تێکۆشان بەبێ توندوتیژی یاخۆ سەرکەوتن لە هەر کارێکدا، ئەوەیە هەوڵ نادەن لە ئیسرائیلییەکان و کۆمەڵگەی ئیسرائیلی بەشێوەیەکی جدی تێ بگەن.

لەنێو ئیسرائیلییەکاندا لێبڕان و ئیرادە هەیە بۆ کارکردن بە توندی و دڵڕەقانە، هەندێ جار بەشێوەیەک لەگەڵ ئەو گژبەرییەی دژ بە سیاسەتەکانیان و داگیرکردنە سەربازییەکەیان کراوە، ناگونجێ، بە

شێوازگەلێک کە دەکرێ وەک شتێکی نالۆجیکی و شێتانە، یان زۆر لۆجیکی بەڵام بەبێ سەوز سەیر بکرێ. من وا هەست دەکەم کەمێک لە فەڵەستینییەکان لە پاشخانی ئەم لێبڕان و ویستە لە بەکارهێنانی کردەوەی سەربازیی بەهێز یان دڵڕەقی تێدەگەن، بەبێ ئەم تێگەیشتن و حسابکردن بۆ هەندێ سیفەتیی ئیسرائیلیی گرینگ، کە ئەمە بەزۆری ئەرێنی دەبێ لەنێو تاکەکاندا یاخۆ لە بەها باڵاکانی جوولەکەدا هەن، فەڵەستینییەکان ناتوانن ستراتیجێک پەرە پێبدەن بتوانن ئەو هەڵانە ڕاست بکەنەوە کە دژیان ئەنجام دەدرێ و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

کاتێ ئیسرائیلییەکان هەست بە هەڕەشە دەکەن -کە بەردەوام هەستی پێ دەکەن- و کاتێ توندوتیژی لەدژیان بەکار دێ، ئەوان بەگشتی ناتوانن بەسادەیی ئەو توندوتیژی و هەڕەشانە لە چوارچێوەی کێشە ڕاستەوخۆکەدا ببینن، یان وا تێ بگەن ئەوە لە ئەنجامی ئەو کارانەوەیە ئەوان کردوونیان. ئەوە ڕوونە ئیسائیلیەکان بەگشتی ناتوانن وا ببینن ئەو توندوتیژیەی دژیان بەکار دێ لە چوارچێوەی داگیرکردنی پێشووەختیان بۆ زەویی فەڵەستینییەکان و ئەو توندوتیژیەدا دێ، کە ئەوان پێشووەخت دژ بە فەڵەستینییەکان ئەنجامیان داوە.

لەباتیی ئەوە، وا سەیری توندوتیژی دژ بەئیسرائیلییەکان دەکەن کە هەڕەشەیەکە بۆ سەر ژیانی جوولەکە و بوونی ئیسرائیل _کە بە تاکە ئومێدی گەلی جوولەکەی دەبینن بۆ ڕزگارکردنی لە هەوڵەکانی لەناوبردنی لە چەندان سەدەی ڕابردوودا- و ناکرێ بێدەنگی لێبکرێ. توندوتیژیی فەڵەستینی تەنانەت ئەگەر ئامانجیشی بەرگریکردن بێ لە خاک و گەلی فەڵەستین، شەڕی قەڵاچۆکردن یادی ئیسرائیلییەکان دەخاتەوە کاتێ شەش ملیۆن جوولەکە کوژران.

شەڕی قەڵاچۆکردن تاکە هۆیە لەوەی توندوتیژیی فەڵەستینی و ئامادەکارییە سەربازییە عەرەبیەکان ناتوانن ئیسرائیلییەکان قایل بکەن بە پێشکێشکردنی

دەستبەردان بۆ فەڵەستینییەکان، یاخۆ دان بنێن بە مافی یەکسانی فەڵەستینییەکان لە بڕیاردانی چارەنووسدا. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت ڕاستە کاتێ توندوتیژیی فەڵەستینی ئاراستەی بێتاوانان دەکرێ بۆ جیاکردنەوەی لەو توندوتیژییەی ئاراستەی سەربازان دەکرێ، کە ئەم توندوتیژییە فەڵەستینییەکان زۆر ئەنجامیان داوە و نازناوی "تیرۆر"ی لێنراوە.

توندوتیژیی فەڵەستینی یارمەتیی یەکخستنی هەموو ئیسرائیلییەکان دەدا دژ بە فەڵەستینییەکان و داواکانیان لەبارەی بڕیاردانی چارەنووس. ئەگەر توندوتیژیی فەڵەستینی و هێزی سەربازیی عەرەبی هەڕەشە بۆ ژیانی ئیسرائیلییەکان و ئیسرائیل دروست بکەن، ئەوە مرۆڤ چاوەڕوان دەکا ئیسرائیل هەموو توانی سەبازییی خۆی بەکار بێنێ، بە چەکی ئەتۆمیشەوە، بۆ ڕێگرتن لە تێکشکان یان خاپووربوون، تەنانەت ئەگەر ئەوە مانای خۆکوشتنی گەلی جوولەکەیش بگەیەنێ. بۆ فەڵەستینییەکان دانایی سیاسی نییە سەرکێشی بکەن بەبەکارهێنانی ئەم جۆرە نالۆجیکیبوونە کە کارەسات بۆ هەمووان دێنێ، بەتایبەت شەڕی ئەتۆمی.

**ئەو سیفەتە فەڵەستینییانەی تێکۆشانی ناتوندوتیژی ئاسان دەکەن**

* ئەو هۆکارانە چین کە پێت وایە پەرە بە بەکارهێنانێکی سەرەکیی تێکۆشانی ناتوندوتیژی دەدەن لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە؟

– لێرەدا دەبێ یەکەم جار حساب بۆ ڕۆڵی فەڵەستینییەکان بکرێ، لەبەرئەوەی لەوانەیە کارەکانی ئەوان لە هی ئیسرائیلییەکان و کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی چارەنووسسازتر بێ. لەوانەیە هەستکردنەکانی من هەڵە بن، بەڵام هەرچۆن بێ ئەوانە هەستی منن.

یەکەم، زۆر جار بۆم دەردەکەوێ فەڵەستینییەکان ئامادەن حساب بۆ تواناکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی بکەن. تەنانەت ئەوانەیش پاساو بۆ توندوتیژی دێننەوە (کە پێی دەوترێ تێکۆشانی چەکدارانە) زۆر جار

متمانەیەکی سنووردرایان پێی هەیە وەک ئامرازێکی بەکار. پێ دەچێ لەوە حاڵی نەبن چۆن دەکرێ پاش دەیان ساڵ لە شکست لە ڕابردوودا تێکۆشانی توندوتیژی لە داهاتوودا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، زۆر جاریش ئەوە دەردەبڕن.

لەلایەکی ترەوە کرانەوەیەکی باشم لە گفتوگۆ و بیرکردنەوە لەبارەی تێکۆشانی ناتوندوتیژی لەلایەن کۆمەڵێکی گرینگ لەوانەی لایەنگریی توندوتیژی دەکەن، بینی. بەدڵنیاییەوە، لەوانەیە بڵێن لەو بڕوایەدا نین بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە هیچ ئەنجامێکی هەبێ، لەگەڵ ئەوەیشدا سەعاتێک و دوو سەعات دادەنیشن و تاوتوێی دەکەن، لانی کەم حەزیان لەوە بوو زانیارییان لەبارەی ئەم بژارەوە هەبێ، دیارە متمانەیەکی گەورەیان بە هیچ شتێکی تریش نییە. ئومێد هەیە ئامادەییان هەبێ بۆ دەستکردن بە دۆزینەوەی ئەم ئامرازە.

لەوانەیە پێویست بکا ڕوونی بکەمەوە بۆچی زاراوەی تێکۆشانی چەکداری بەکار ناهێنم، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم ئەوە شوێن نەریتێکی ڕۆئاوایی دەکەوێ لە بەکارهێنانی دەربڕینی نەرم لە هەندێ جۆری ڕەفتار و سیاسەت- کە لە ڕاستەقینەکە نەمترە و سرووشتە ڕاستەقینەکەی دەشارێتەوە. بۆ نموونە: کردەوەی سەربازی، توندوتیژی و شەڕ لەلایەن سیاسەتوان و زانایانی سیاسییەوە وشەی نەرمی "هێز"یان بۆ بەکار دێ ئەگەر هاتوو لایەنگریی ئەو ئامرازانەیان دەکرد، ئەگەر لایەنگریشیان نەکەن وشەی نەرمیان بۆ بەکار ناهێنن.

دووەم: بەکارهێنانی چەمکی "تێکۆشانی چەکداری" لە وەسفکردنی ململانەیەکی توندوتیژدا، -بەبێ هەر شیکردنەوە یان توانا یاخۆ کاراییەکی بەهێز- ئەو هەستە دەبەخشێ کە هەر ئامرازێکی تری تێکۆشانی ناسەربازی، "ناچەکدارانە"یە، لەبەرئەوە زۆر لاوازترە.

بەبەراورد، من دەڵێم ئەو خەڵکەی تێکۆشانی توندوتیژی دەکەن چەکدارن بە "چەکگەل"ی تر، بە نێزیکەی ٢٠٠ ئامرازی ناڕەزایی و بایکۆتکردنی

کۆمەڵایەتی، بایکۆتکردنی ئابووری، مانگرتن، هاوکارینەکردنی سیاسی و دەستوەردان، وەک لە دیمانەی یەکەمدا باسم کرد. ئەمانە "چەک"ن کە هەموو خەڵک، نەک تەنیا لاوان، وەک سەرەتا دەتوانن بەکاریان بێنن.

تێکۆشان بەم جۆرە چەکە ناتوندوتیژانە جۆرێکی ترە لە "تێکۆشانی چەکدارانە" کە دەکرێ لە کاریگەرییە ڕێژەییەکەی بکۆڵرێتەوە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانی وشەکانەوە پێویست ناکا بڕیارێک بدرێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا بێهوودەیی ستراتیجی و سیاسییە لەڕێی هەڵبژاردنی هەندێ وشەی وەک "ناچەکدارانە"وە حوکم بدرێ، بەوەیش تەنیا لەبەر بەدیهێنانی هەندێ دەسکەوتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، لە توندوتیژی لاوازتر دەبین.

هەندێ لە فەڵەستینییەکان ئامادەن لە تێکۆشانی ناتوندوتیژ بکۆڵنەوە، لەبەرئەوەی کات خەریکە بەسەر دەچێ. کارێکی گەمژانەیشە لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەردەوام بی، یان بانگەشە بۆ سینەسافیی سیاسی بکەی لەکاتێکدا ڕەنگە بەو ڕێگەیە هەموو شت لەدەست بدرێ. وا هەست دەکەم دەبێ شتێکی بنچینەیی و جیاواز بەخێرایی لای فەڵەستینییەکان ڕوو بدا و دەشبێ ئەوە بەجدی لە ماوەی پێنج یان دە ساڵی داهاتوودا ڕوو بدا، ئەمە ئەگەر نەویسترێ ئومێدەکانی فەڵەستینییەکان بسڕێنەوە و ئەگەر پێویست نەبێ فەڵەستینییەکان تاهەتایە لەژێر سایەی داگیرکردن یان لە دەوڵەتیکی بیانی، یاخۆ لە یەکێک لە خێوەتگەکانی پەنابەراندا بژین. بۆیە پێویستە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی توندوتیژی و پشتبەستن بە خەڵکانی تر بۆ ڕزگاربوونیان بپچرن.

ئەگەر پێویست نەبێ فەڵەستینییەکان ئازادی لەدەست بدەن وەک ئامانجێک بکرێ بێتە دی، هەروەها دەرفەتی بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشیان لە فەڵەستینێکی سەربەخۆ شانبەشانی ئیسرائیلی سەربەخۆ هەبێ، پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی بادەنە سەر خەباتی ناتوندوتیژی.

پێم وایە دەرککردنێکی فرەوان بەم دۆخە لەناو فەڵەستینییەکاندا هەیە ئەگەرچی بەدەگمەنیش دێتە دەربڕین. ئەوە تا چ ڕادەیەک ڕاست بێ، گرینگ ئەوەیە پێویستە هان بدرێن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕژد لە خەباتی ناتوندوتیژ.

**تۆکمەیی و سەرچاوەکان**

هۆکاری دووەم کە بەکارهێنانی تێکۆشانی ناتوندوتیژیی بەرفرەوان لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە ئاسان دەکا، ئەوەیە وا دیارە زۆریان لەو ڕێبازە تێ گەیشتوون و پێڕەوی دەکەن. لە سەردانەکەمدا وەسفکردنی جۆرەوجۆرم بینی بۆ دانوستاندنی فەڵەستینی بەبێ توندوتیژی، لەلایەن هەندێ کەس و لایەنەوە، خەڵک زۆر بەسادەیی ڕەتی دەکەنەوە پابەند بن بەو شتانەی ئیسرائیلییەکان دەیانەوێ. خەڵک ڕەتیان کردەوە ماڵەکانیان بەجێ بێڵن و دەستبەرداری ئەو زەوییانەیان بن کە دەستیان بەسەردا گیراوە. هەندێ جار دامەزراوییان سۆزی ئیسرائیلییەکان دەبزوێنێ وەک ئەوەی ڕووی دا کاتێ پیاوێکی بەساڵاچووی تەمەن هەشتا ساڵە ڕەتی کردەوە زەوییەکەی بەجێ بێڵی و لە وەرزی سەرما و زستاندا لە چادرێکدا ژیانی بەسەر دەبرد، تا سەرۆکی شارەوانیی قودسی ئیسرائیلی پاسێکی کۆنی قوتابخانەیەکی دایە تا بیکاتە ماوای خۆی.

زۆر لە فەڵەستینییەکان ڕازی نەبوون لەبەردەم تۆقاندندا چۆک دابدەن، یان مل کەچ بکەن و خۆبەدەستەوە بدەن. هەروەک ڕەتیان کردەوە توندوتیژی بەکار بێنن، بەوەیش نەکەوتنە تەڵەی ئەو ئیسرائیلییانەی خوازیار بوون لەکۆڵیان ببنەوە.

ئەگەر پیاوێکی لاوازی هەشتا ساڵە بتوانی بەتاقی تەنیا لەگەڵ سەگەکەی لە خێوەت یاخۆ پاسێکی کۆنەی قوتابخانەیەکدا بژی، ئەگەر ئەو بتوانێ ئەوە بکا و کاریگەری هەبێ، ئەی دەبێ حاڵ لەگەڵ گەلێکی ملیۆنان کەسی لە پیاو و منداڵ و پیر و پەککەوتە چۆن چۆنی بێ و دەبێ بتوانن بە پلاندانان و

مـەشق و تۆکمـەیی هاوشـێوە چـی بەدی بێنن؟ ئەوە توانا و هـێزێکی مـەزن دەبێ.

ئەوە نیشـانەیەکی گەورەی ئومێدی تێدایە ئەگەر گەل شتێکی لەو شـێوە بکا. بەڵام ئەگەر شتەکە بۆ چەند کەسێکی پەرت و بڵاو لە هەندێ بارودۆخی تایبـەت بەجێ بهـێڵـدری، یان بۆ ئەو خـەڵکەی مـاڵەکـانیـان دەرِوخـێنری بەتۆمـەتی ئەوەی ئەندامانی خێزانەکە نارِەزاییـان دەربرِیوە یا توندوتیژییـان بەکار هێناوە، کەواتە هیچ شتێکی ئەوتۆ ناگۆرِێ.

پێـویسـتـە کـۆمـەڵەیـەکی زۆری خـەڵک لە چوار چێـوەی سـتـراتیـجـێکی گشـتیدای بۆ گۆرِانکاریی دوورمەودا تۆکمەییەکی هاوشێوە پەرە پێبدەن و یەکی بخەن.

هۆکاری سێیـەم کە تێکۆشانی نـاتوندوتیژی لـەلایەن فەڵەسـتینییەکانەوە ئاسان دەکا، برێتییە لە ئاستی فێرکردنی باڵای فەڵەستینییـەکان لە ناوچە داگیرکراوەکان و لە تاراوگە. ئەو ژمارە زۆرەی قوتابییـان کە لە زانکۆکان تۆمـار کـراون نیـشـانـەیەکی ئەرێنیـیـە. دەتوانن خـۆبەخـشـانە چالاکـیی جۆرەوجۆری بنیاتنەر بۆ باشکردنی ژیانی فەڵەستینییەکان ئەنجام بدەن، ئەمە جگە لە ئامادەکاری و رِاهێنان و ئەنجامدانی بەرەنگاریی ناتوندوتیژ لە چەند هـەڵمـەتێکدا. دەسـتـەواژەکـەی گـاندی لەبارەی" بەرنـامـەی بنیـاتنەر" لێرەدا زۆر گرینگە: واتە کاری خۆبەخشـانە بۆ دروسـتکردن و بەهێزکردنی دامـەزراوەی سـەربەخۆ بـۆ باشـکردنی ژیانی کۆمـەڵایەتی و دۆخی ئابووری و پاک و خاوێنی گشتی، هەروەها فێرکردن و پێکهێنەری تری کۆمەڵگە.

چوارەم، فـەڵەسـتـینییـەکانی تاراوگە دەتوان یارمـەتیی زۆری تێکۆشـانی ناتوندوتیـژی بەرفرەوان لە نێو فـەلەسـتییـەکان بدەن، بێگومـان پێویسـتـە فـەلەسـتینییـەکانی ناوچە داگیـرکراوەکان خـەبات بکەن، لـەگەڵ ئەوەیشـدا ژمـارەی زۆری فـەڵەسـتینیـیـەکـان کـە لە نـاوچەکـانی تردا دەژین دەکـرێ یارمەتیدەر بێ. زۆر جاریش ئەوانە خوێندەواری باڵا و پێشکەوتوون و بەهرە

و توانی جیاوازیان هەیە کە زۆریان پیشەیین، هەندێ جاریش سامانی باشیان هەیە.

چەندان بوار هەیە دەتوانن تێیاندا یارمەتی بدەن. دەکرێ بە بادانەوە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژی و دەست هەڵگرتن لە توندوتیژی سوود لەو فەڵەستینییانە وەربگیرێ. بۆ نموونە دەتوانن هەنگاوی جۆرەوجۆر بنێن بۆ کارکردنە سەر ڕای گشتی و سیاسەتی حکوومەت لەبارەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین. سامانی هەندێکیان لە هەندەران لەپاڵ سەرچاوەی تردا دەکرێ بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی فەڵەستینی لە ناوچە داگیرکراوەکان بەکار بێ، وەک کە تا ڕادەیەک ئەوە کراوە.

لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکە خوێندەوار و خاوەن توانا و بەهرەکان لە دەرەوە پێیان وابێ بەرپرسیارێتییان ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ژیان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا تا بتوانن ڕاستەوخۆ بەشداری لە باشکردنی ژیاندا بکەن. لەوانەیشە بتوانن لە بواری پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و توانی زانستی و ڕۆشنبیری و باشکردنی ئابووری و زەوی و کشتوکاڵ و کێشەکانی ئاو و زۆر ئەرکیتردا یارمەتیدەر بن، کە دەکرێ بەشێک بێ لە بەرنامەیەکی فەڵەستینیی بنیاتنەر. زۆر سەرچاوەی شاراوەی گەورەی هێز هەن دەکرێ بەکار بهێنرێن، لەوانەیشە بە تێکۆشانی ناتوندوتیژی ئاسانتر بن نەک لەگەڵ بەردەوامیی توندوتیژی.

### بیرکردنەوەی ستراتیجی و ئازایەتی

پێنجەم، دەکرێ سوود لە زیرەکی و ڕۆشنبیریی فەڵەستینییەکان وەربگیری بۆ پەرەپێدانی ستراتیجێکی هەمەلایەنەی کاریگەر و بەرپرس بۆ پەرەپێدانی گەلی فەڵەستینی ئازاد و دادپەروەر و دیموکراسی. زۆر پێویستە بیرمەندە فەڵەستینییەکان ئەمە بکەن. لەوانەیە تاک تاک یان سی چوار کەس پێکەوە کۆ ببنەوە و کار بکەن. دەبی لە دۆخی تایبەتی خۆیان و هەروەها لە

کۆمەڵگەی ئیسرائیل و کاریگەری ناودەوڵەتییەکان ئەوانەی لەوانەیە لە ئیسرائیل و دنیادا لایەنگریان بکەن، بکۆڵنەوە. هەروەها پێش هەموو شتی لە سرووشتی کارکردن بەبێ توندوتیژی بکۆڵنەوە. دەتوانن دەست بە دانانی ستراتیجگەلێکی هەمەلایەنە بکەن بۆ پارێزگاریکردن و پەرەپێدانی گەلی فەڵەستین و بەدیهێنانی حوکمی زاتی و سەربەخۆیی زیاتر. پێویستە چڕ لەسەر ناوەڕۆک بکەن نەک دروشم، لەسەر ئێستە و داهاتوو بکەن، نەک ڕابردوو، ئەویش بەمەبەستی پەرەپێدانی ستراتیج و پلانێکی هەمەلایەنە بە چەند هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی هۆشداریکردنی ئەرێنی بۆ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا.

شەشەم، تەنانەت نیشانەگەلێکی ئومێد بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژی فەڵەستینی لەئارادایە لەو ڕوانگەی زۆر لە لاوان ماڵ وپەناگەکانیان بەجی هێشتووە بەمەبەستی مەشقکردن لە هەندێ گرووپی سەربازیی فەڵەستینیدا. دیارە ئەو لاوانە ئازایەتی و پابەندییەکی گەورەیان پیشان دا، لەگەڵ ئەوەی من لەگەڵ شێوەی دەربڕینی ئەو سیفەتانەدا نیم، بەهەرحاڵ توندوتیژی تاکە ڕێگە نییە بۆ دەربڕینی ئازایەتی و دڵسۆزی.

لە چوارچێوەی ستراتیجی هەمەلایەنە بە بەکارهێنانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی، دەتوانرێ هەندێ ئەرکی تایبەت بەو کەسانە بسپێردری کە ئەو سیفەتانەیان تێدایە تا بتوانن هەمان ئازایەتی بە ڕێگەی ناتوندوتیژی بەرجەستە بکەن کە دادپەروەرییەکی زیاتر بۆ گەلی فەڵەستین دێنی. لەوانەیە هەندێ خۆپیشاندانی ناتوندوتیژ کەڵکی هەبێ، بەڵام دەکرێ زۆر مەترسیداریش بی. لەوانەیە هەندێکیان پێویستیان بەوە بی ڕووبەڕووی گوللەپژێن و تانک یان هێزەکان ببنەوە، یاخۆ شوێنە پیرۆزەکان بپارێزن، بەبێ ئەوەی توندوتیژی بەکار بێنن، وەک لە چەندان شوێنی دنیادا ڕووی داوە. هەندێ جار ئەم کارانە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژی لە سەرکەوتن نێزیک کردووەتەوە، بەڵام زۆر مەترسیداریشە، چونکە لەوانەیە هەندێ لەو

لاوانە پێشتر مەشقیان لەسەر کاری سەربازی کردبی، کە گوزارشت لە ویستیان بۆ سەرکێشیکردن دەکا، بەڵام بە ڕێگەیلی نوێ و ڕێکخراو.

## هۆکارگەلێکی ئیسرائیلیی ئاسانکار

دەکرێ لایەنگرییەکی گاڵتەپێنەکراو لەنێو ئیسرائیلییەکاندا هەبێ بۆ ئاسانکردنی کاریگەریی تێکۆشانی ناتوندوتیژی فەڵەستینی و گەورەکردنی. پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل بۆ مافی فەڵەستینییەکان و بڕیاردانی چارەنووس، تا ئێستە بە هۆی توندوتیژیی فەڵەستینییەکانەوە سنووردار بووە، بەتایبەت ئەو جۆرانەیان کە هەڕەشەیان لە خەڵکی مەدەنیی ئیسرائیلی کردووە یا کوشتوونیان، بە منداڵ و ئافرەتیشەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا بادانەوەی فەڵەستینییەکان بەلای تێکۆشانی ناتوندوتیژدا بەشێکی زۆر لە ئیسرائیلییەکان ئازاد دەکا تا بتوانن زیاتر پاڵپشتی لە مافی فەڵەستینییەکان بکەن و بەرهەڵستیی سەرکوتردنی دڵڕەقانەی ئەو فەڵەستینیانە بکەن کە توندوتیژی بەکار ناهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا گرینگە ئەو بادانەوەیە بۆ ڕێگەی بی توندوتیژی بەپێی توانا بە تەواوی و باوەڕپێکراو بی، تا وا نەبینری کە تەنیا بادانەوەیەکی کاتییە لە تاکتیکدا و پاش ئەوە هێرشی زیاتر دژ بە جوولەکەکان ئەنجام بدری.

ژمارەیەک ئیسرائیلیم لە ئاراستەی سیاسیی جیاواز بینی، ڕەنگە نیگەران بن لە ئەنجامەکانی سەرکوتی دڵڕەقانەی بەرگریکردنی فەڵەستینیی ناتوندوتیژ لەلایەن ئیسرائیلەوە. ئەوانە پابەندی بەهێزیان بە دادپەروەری و بەهاگەلی ترەوە هەیە و دەکرێ چاوەڕوانیان لێ بکرێ، چ لە پشت پەردە یاخۆ بەئاشکرا، بەرهەڵستیی توندوتیژیی ئیسرائیل و لایەنگریی گۆڕان لە سیاسەتی ئیسرائیلدا بکەن.

تەنانەت هەندێکیان لەوانەیە لەگەڵ ئەو فەڵەستینیانەی ناتوندوتیژن کار بکەن. دەکرێ خۆپیشاندانە ناتوندوتیژە فەڵەستینییەکان، ئەگەر پێویست

بکا، کەسانی ئیسرائیلییان وەک بەشدار و لایەنگر و چاودێر تێدا بی، وەک لە ڕابردوودا ڕووی داوە. دەشێ ئیسرائیلییەکان بەتوندی دژ بە سەرکوتی سەرسەختانە و کوشتنی بەرەنگاریی ناتوندوتیژی فەڵەستینی نارەزایی دەرببڕن، هەروەها زۆر لە ئیسرائیلییەکان گومان بخەنە سەر سیاسەت و سەرکوتی دژ بە فەڵەستینییەکان. هەروەها دەکرێ لە حاڵەتی بادانەوە بەلای ناتوندوتیژیدا چاوگێڕانەوە بەسیاسەتی دژ بە فەڵەستینییەکان ببێتە سەنتەری گفتوگۆ و مشتومڕەکان لە سیاسەتەکانی ئیسرائیلییەکاندا. یادەوەرییەکانی توندوتیژی دژ بە جوولەکە لە ئەڵمانیا ئێستە نابێتە پاڵپشت بۆ سەرکوتی سەرسەختانە، بەڵام دەکرێ ببێتە مایەی هاوسۆزی لەگەڵ گرووپێکی تری ڕەتکراوە.

ئیسرائیلییەکان دەتوانن کار بۆ گۆڕینی سیاسەتەکان بکەن بەبێ ئەوەی تۆمەتی ناپاکیکردنیان بدرێتە پاڵ بەهۆی لایەنگریکردنیان لە تیرۆر دژی جوولەکە. لەوانەیە جوولەکە لە شوێنانی تر ـوەک لە ڕابردوودا ڕووی داوە- پشتگیری لە تێکۆشانێک لەپێناو دادپەروەری و ئاشتیی زیاتردا بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوە بە واتەی جیاوازبوون لەگەڵ سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێستەی ئیسرائیلیشدا بێ.

توانێکی ئەرێنیی گرینگ لەناو ئیسرائیلییەکاندا هەیە کە دەکرێ لە خەباتی ناتوندوتیژیدا یارمەتیی فەڵەستینییەکان بدا. هەندێ ڕەگەزی ئەرێنی لەنێو کۆمەڵگەی ئیسرائیلیدا هەن، هەروەک لە مێژوو و بنەواکانی جولەکایەتیشدا پێداگرتن لە سەر بایەخی دادپەروەری هەیە. زۆر جار خەڵکانێکی ئیسرائیلی کە هەڵگری بیروڕای ئاینی و سیاسیی جیاوازن خۆیان بە کەسانی ئەخلاقی دادەنێن. ئەمە زۆر بەکەڵکە کاتێ فەڵەستینییەکان واز لە توندوتیژی دێنن و بادەدەنەوە بەلای تێکۆشانی ناتوندوتیژدا و ئەو کاتە خەم و ئامانجەکانیان ـنەک توندوتیژیەکەیان- دەبێتە جێبایەخی سەرەکی.

ئەمە بارەکەیە بەشێوەیەکی گشتی، چونکە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکەدا ئیسرائیلی و فەڵەستینییەکان دواجار پێویستیان بەوەیە دان بە یەکتردا بنێن و لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە ڕێک بکەون. ئەمە تەنیا کاتێ دێتە دی کە هەوڵ بدەن لەیەکتر تێ بگەن و بیانەوێ لە هەندێ بابەتدا هاوکاریی یەکتر بکەن، هەروەها ئەوە بزانن لایەکیان ناتوانێ دەست بەسەر ئەوی تردا بگرێ یان هەڕەشە لە بوونی بکا.

داگیرکەری ئیسرائیلی و پۆلیس و سەربازییەکان دەکرێ کاریگەرییەکی کەمیان هەبێ ـبەڵام مەرج نییە ئەوان دیاری بکەن- کە ئاخۆ تێکۆشانی فەڵەستینی بە توندوتیژی دەمێنێتەوە یان دەگۆڕێ بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژی بەشێوەیەکی هەمیشەیی، یاخۆ توندوتیژی بە شێوەی توندڕەوانەتر دەگەڕێتەوە. نیگەرانیی گەورەی ئیسرائیل ـکە جێگەی لێ تێگەیشتنە- لە ڕاگرتنی کارە توندوتیژییەکانە دژ بە گەلی ئیسرائیل.

ئەگەر سەرکوتی ئیسرائیل بۆ بەرەنگاریی فەڵەستینیی ناتوندوتیژ سەخت بێ، ئەوا لەوانەیە ببێتە مایەی گەڕانەوەی فەڵەستینییەکان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و ڕەنگە بەشێوەیەکی سەختگیرانەتریش. ئەوەیش بۆ هەمووان، هەم بۆ فەڵەستینی و هەم بۆ ئیسرائیلییەکان کارەساتبار دەبێ.

لەبەرئەوە لەسەر سیاسەتی زیرەکی ئیسرائیلی پێویستە بەوردی حساب بۆ دژەڕێوشوێنەکان بکا- واتە دەق بەوەوە نەگرێ وا بزانێ ئەو ڕێوشوێنانە نابنە مایەی توندوتیژی. بەدڵنیاییەوە هەندێ لە ئیسرائیلییەکان ئەوە بە باش دەزانن. لەوانەیە ئەوە بەلای توندڕەوەکانەوە ڕاست بێ کە فەڵەستینییەکان بە پلەنزمتر دادەنێن و پێیان وایە دەبێ ئۆغر بکەن، یاخۆ لە ئیسرائیل و ناوچە داگیرکراوەکان دەردەکرێن. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە بۆچوونی هەموو ئیسرائیلییەکان نییە. ئیسرائییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاراستەی سیاسییان دان بە هێزی شاراوەی بەرەنگاریکردنی ناتوندتیژانەی فەڵەستینیدا دەنێن.

کاتێ پرسیارم لە ژمارەیەک ئیسرائیلی کرد کە چی ڕوو دەدا ئەگەر فەڵەستینییەکان شێوازی خۆیان بۆ خەباتی ناتوندوتیژی گۆڕی؟ وەڵامیان دایەوە ئەوە کێشەکە لە توندوتیژیی فەڵەستینی زیاتر بۆ حکوومەتی ئیسرائیل ئاڵۆز دەکا، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر لە ئیسرائیلییەکان پێشوازی لەم گۆڕانکارییە دەکەن. جگە لە ڕزگارکردنی فەڵەستینییەکان لەو تەنگەبەرییە کارەساتباری تێی کەوتوون، دەبێتە مایەی تێکشکاندنی ئەو خەون و خەیاڵبازییەیش کە ئیسرائیل دەبێتە شوێنی ئاشتی و ئاسایش و دادپەروەری.

زۆر لە ئیسرائیلییەکان لە ئەنجامی پێداویستییەکانی داگیرکردنی سەربازیی بەردەوام و ئامادەکارییە سەربازییە گەورەکان و گرژییە ناودەوڵەتییەکان لەبارەی سرووشتی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی لەسەر لاوانی ئیسرائیلی کە سەربازی داگیرکەرن، نیگەرانن. بادانەوەی فەڵەستینییەکان بەلای ناتوندوتیژیدا، شانبەشانی ئاشتی و داننانی دووسەرەی هەرلایەک بە مافی بوونی ئەوی تردا سوودی زۆری بۆ فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکا دەبێ. ئومێدم هەیە کاتێ ئیسرائیلییەکان لە مەترسییەکانیان ڕزگاریان بوو دەتوانن خۆیان لە سوودە شاراوەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی بکۆڵنەوە. پشتبەستنی بەردەوامی ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی بە توانی سەربازی، لەوانەیە ببێتە مایەی کارەسات بۆ هەمووان.

**بەرگریکردنی نائالۆسکێن**

* ڕێگەم پێ بدە شیکارییەکەت پێ ببڕم، تۆ باس لە داپێدانانی دووسەرە دەکەیت لەکاتێکدا زۆر لە ئیسرائیلییەکان بڕیاریان داوە ڕێگە بە بوونی فەڵەستینێکی سەربەخۆ شانبەشانی ئیسرائیل نەدەن. هەموو هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی داپێدانانی دووسەرە لەبەردەم بانگەشەی ئیسرائیلدا کە بوونی فەڵەستینێکی سەربەخۆ لەپاڵ ئیسرائیلدا دەبێتە هەڕەشەیەکی

سـەربازی بۆ سـەر ئاسـایشـی ئیسـرائیل و قـابیلی قـبـووڵکردن نییە، ورد و خاش دەبن. پێت وایە ئەم کۆسپە چۆن لادەبرێ؟

– ئەو ترسـە تەنانـەت لەنێو ئەو ئیسـرائیلیـانەیش کە پێیـان وایە ئازادن، هەقیقـەتە. جارانی جـار لە خەڵکانێکم بیسـتووە دەڵێن ئەگەر فـەڵەسـتینێکی سـەربەخۆ بە سـنوورەکانی سـاڵی ١٩٦٧ەوە پێک بێ "تەنیـا ٨ مـیل لێـرەوە دوور دەبن"– یان مەودایەکی نێزیکی هاوشێوە لە شار و شوێنە گرینگەکان.

من دڵنیام مشتومڕەکان لەبارەی سیاسـەتی بەرگریکردنی فەڵەستینێکی سەربەخۆ لەلایەن هەندێکەوە دەتوانرێ وەک شتێکی پێشوەخت سەیر بکرێ، بەڵام ڕەنگە بابەتەکە پێویسـتی بە کاتێکی زیاتر هەبێ بۆ ئەم تێگەیشـتنە. هۆکـەیشـی ئەوەیە بەشـێکی سـەرەکی نەیاریی ئیسـرائیل بۆ دەوڵەتیکی فـەڵەسـتینیی سـەربەخـۆ لەو بڕوایەدایە فـەڵەسـتینی سـەربەخـۆ توانی سەربازیی پێویستی دەبێ بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و خاپوورکردنی، یاخۆ دەشێ هاوپەیمانێکی سەربازیی فەڵەستینی سەربەخۆ وەک سووریا یان عێراق یان یەکەتیی سۆڤیەت فەڵەستین بکاتە بنکە و لێیەوە پەلاماری ئیسرائیل بدا.

بەبڕوای من ڕێگە هەن بۆ خـاوکـردنەوەی دۆخـەکـە لەلایەن پەیماننامـە و ڕێککەوتننامە ناودەوڵەتییەکانەوە لەکاتی دامـەزراندنی فەڵەستینی سەربەخۆ و دانپـێدانانیـدا. بۆ نموونە بەپێی هەندێ پەیماننـامـەی ناودەوڵەتـی ڕێگە لە نەمسا گیراوە بچێتە ناو هەر هاوپەیمانییەکی سەربازی. هەندێ شوێن هەن بەپێی پەیماننامـەی تایبـەت بەبەردەوامـی کەسـانی سـەربازییـان تێدا نییـە. لەوانـەیـە هەندێ دەرهـاویشـتـە لـە گـەیشتن بـەم ڕێکەوتننـامـانەدا هـەبن، لەو ڕووەوە کـە ڕەنگە فـەڵەسـتـینیش داوا بکا هەمـان سنووربەندی بەسـەر ئیـسـرائیلیـشدا پێـڕەو بکرێ، کە –لەژێر ڕۆشناییی مـەترسیی سـەربازیی عـەرەبیـدا– لەوانەیـە ئیـسـرائیل بەمـە قـایل نەبێ ئەگـەرچی ڕەنگە ئەو مـەترسـییە عـەرەبییە لە پێشـتر کـەمتر بێ. لەوانـەیە فەڵەستینییـەکان ئەم

سنووربەندە بە هەڕەشەکردن بۆ سەر سەربەخۆییان بزانن..

بەڵام بژارەیەکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر فەڵەستین بیەوێ سیاسەتی بەرگریی سەربەخۆی هەبێ بەبێ پشتبەستن بە دەوڵەتانی عەرەب و یەکەتیی سۆڤیەت، لەلایەکی تریشەوە توانی سەربازیی فەڵەستینی پشت بەخۆ بەستوو زۆر سنووردار دەبێ. سیاسەتێکی بەرگری کە پشت بە شەڕی پارتیزانی ببەستێ مەترسیی گەورە لای ئیسرائیل دروست دەکا لەوەی پەلامار بدرێ.

لەلایەکی ترەوە سیاسەتێکی تری بەرگری هەیە کە کەسانی ستراتیجکار و توێژەری جیاواز پەرەی پێ دەدەن و پێی دەوترێ "بەرگریی پشت بەستوو بە مەدەنییەکان"، ئەم جۆرە بەرگرییە پشت بە شێوەی ناسەربازیی تێکۆشان و هاوکارینەکردنی ناتوندوتیژ و گژبەریکردن لەپێناو سڵەماندنەوە (الردع) و بەرگری دژ بە هێرشەکان، دەبەستێ.

پلانەکە برێتییە لە پەرەدان بە توانی ڕێگرتن لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کرداری و پەکخستنی بەدیهاتنی ئامانجی هێرشبەران. جا لە ڕێگەی زیادکردنی تێچووی ئەم جۆرە هێرشانە و نەهێشتنی کەڵکەکانی و مەحاڵکردنی دەست بەسەرداگرتنی سیاسی لەلایەن چەوسێنەرانەوە، دەتوانرێ توانێکی بەرگریکردنی ناسەربازی دابمەزرێ.

ئەمە تا ڕادەیەک پشت بە چەندان حاڵەت لە بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانەی سەرپێیی لەپێناو بەرگریی نیشتمانی دەبەستێ. درێژبوونەوەی توانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی فەڵەستین بۆ پاش قۆناخی ڕزگاربوون بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵگە بە هەمان ئەو ئامرازانە، دەتوانێ ئەو چارەسەرە پێشکێش بکا کە ڕێز لە سەروەریی فەڵەستین دەگرێ و هەروەها ترسی ئیسرائیلیش لە دەستدرێژیکردنی فەڵەستینی سەربەخۆ دەڕەوێنێتەوە. ئەو فەڵەستینییانەی لەڕێی تێکۆشانی ناتوندوتژەوە سەربەخۆیی بەدەست دێن، دەتوانن بە هەمان ئامراز بەرگریشی لێ بکەن.

* ڕێم پێ مەدە سەرنجت لەسەر درێژەدان بە گەنگەشەكردنی ئەو هەلومەرج و كەشوهەوا لەبارەی ڕێگە بۆ گۆڕانی فەڵەستین بۆ تێكۆشان بەبێ توندوتیژی خۆش دەكەن، بگوازمەوە.

– باشە. دواجار پرسی ئەوە دێتە پێش ئاخۆ هەلومەرجی ناودەوڵەتی بۆ بەرەپێدانی تێكۆشانی ناتوندوتیژی فەڵەستین لەبارە. وەڵام "بەڵێ".

لەوانەیە لە هەندێ بارودۆخدا هەندێ شیاندن هەبێ یان نەبێ، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی قسەكردن لە تێكۆشانی توندوتیژ _بەتایبەت كاتێ پێی بوترێ "تیرۆر"– كەمتر لە تێكۆشانی ناتوندوتیژ هاوسۆزی و لایەنگری دەورووژێنێ. هەر بەڕاستی لەوانەیە توندوتیژی، پاڵپشتیی ناودەوڵەتی بۆ كێشەكە لەدەست بدا كە خۆی ئامادەیە بۆ ئەوەی پاڵپشتی بكرێ. لە چەندان حاڵەتدا، ڕوونتریش لە ویلایەتە یەكگرتووەكاندا. ئەمە ڕاستییەكەیە بۆ كێشەی فەڵەستین. كارە توندوتیژەكانی فەڵەستینییەكان یارمەتیی ئیسرائیلییە توندڕەوترەكان دەدا لە دژایەتیكردنی عەرەب و ئەوانەی خوازیارن زەویی عەرەبە بندەستەكان بە ئیسرائیلەوە بلكێنن و تەواوی عەرەبەكان لەو زەوییانە و لە ئیسرائیل خۆیشی دەربكەن.

ئەم جۆرە توندوتیژییە ئەو ئەمەریكاییانە كە بەگشتی لایەنگری لە خەبات لەپێناو دادپەروەریدا دەكەن، لە فەڵەستینییەكان و ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین دوور دەخاتەوە. لەلایەكی تریشەوە تێكۆشانی ناتوندوتیژ نەك ئەو ڕەگەزی دوورخستنەوەی تێدا نییە كە لە توندوتیژیدا هەیە، بگرە هەندێ تایبەتمەندیی تێدایە هاوسۆزی بۆ كێشەكە دروست دەكەن و پاڵپشتیكردن لە دژبەرە چەوسێنەرە توندوتیژەكە دوور دەخەنەوە.

پێم وایە دەكرێ كۆمەڵگەی ناودەوڵەتی ببێتە سەرچاوەیەكی سەرەكی بۆ لایەنگیری و یارمەتیدانی فەڵەستینییەكان كاتێ بادەدەنەوە بۆ تێكۆشانی

ناتوندوتیژ. ڕەنگە کاتێکی بوێ بۆ دەستپێکردنی ئەو لایەنگرییە فرەیە، ئەویش بەهۆی تۆماری توندوتیژی ڕابردووەوە. دیارە سەرەتا زۆر خەڵک گومانیان لە ڕاستیی بادانەوەکە هەیە و گومانیان وا دەبێ بەخێرایی دەگەڕێنەوە سەر توندوتیژی. بەڵام پاش ئەم قۆناخی گواستنەوەیە، دەکرێ بادانەوەی داهێنەرانە و تۆکمە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژ ڕێگە بۆ هاوسۆزی و لایەنگرییەکی گەورە بۆ فەڵەستینییەکان بکاتەوە. لایەنگیریکردنی گەورە بۆ ئیسرائیل بەهۆی نەهامەتییە دڵتەزێنەکانی جوولەکە لەکاتی شەڕی قەلاچۆکردن و بەهۆی مافی خۆیان لە بوونی وڵاتێکی ئارامدا بەردەوام دەبێ، بەڵام لایەنگیریکردنەکە لە بەرامبەر تێکۆشانی فەڵەستینیی بەبێ توندوتیژیدا مشتومڕی لێ دەکەوێتەوە و هەر کارێک ئیسرائیل بیکا بە پێویست یان خوازراو یان باش دانانرێ، وایش سەیری هەر شتێک کە فەڵەستینییەکان بیکەن ناکرێ کە توندوتیژ و ترسێنەر و سەرچاوەی کارەساتە. بەپێچەوانەوە ئەگەری زیاتر هەیە لایەنگری و هاوسۆزییەکی ئەرێنی بۆ فەڵەستینییەکان بێتە کایە، لەگەڵ بەرهەڵستیکردنی سەرکوتینی سەرسەختانەی بزاڤی ناتوندوتیژیدا.

دۆخەکە گۆڕانێک لە ڕای گشتیی جیهانیدا دەبینێ. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو دەوڵەتانەی پاڵپشتیی دیپلۆماسی لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی دەکەن -وێڕای توندوتیژیش- لە لایەنگیریکردنەکەیان بەردەوام بن. وڵاتانی عەرەبیش دەستەوئەژنۆ دانانیشن. لەپاڵ ئەمەدا دەکرێ ئەو دەوڵەتانەیش زیاد بکرێن کە تا ئێستە لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری لە فەڵەستین هیچیان نەکردووە، یان ئەوانەی دڵگەرمانە پشتیوانییان لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل کردووە. دەکرێ ئەم دەوڵەتانەیش ببنە لایەنگری سەربەخۆییی فەڵەستین.

تەنانەت دەکرێ حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش گوشار و سیاسەتەکانی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێ. ڕەنگە تاکە دەرفەت بۆ پچڕینی پەتی هاوشێوەبوون لە سیاسەتەکانی هەردوو حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە بادانەوەیەکی سەرەکیی تێکۆشانی ناتوندوتیژی فەڵەستینیدا بێ. بادانەوەی فەڵەستینییەکان بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژی دەبێتە چەمکەکانی بوونی دادپەوەری لە نەبوونییەوە لە ناوچەکەدا. ئەمە وا دەکا حکوومەتی ئەمەریکا بتوانێ پشتیوانی لە حکوومەتی نیشتمانیی فەلەستین بکا بەبێ ئەوەی بڕوایان وا بێ ئەوان وەک جوولەکە پاڵپشتی دەکرێن- کە ئەمە بەهۆی شەڕی قەڵاچۆکردنی جوولەکەوە بەلای گەلی ئەمەریکاوە پاساو نادرێ. ئەمەریکاییەکان لایەنگریی هیچ بزاڤێکی تر ناکەن کە جوولەکە بکوژێ با بە ژمارەیەکی کەمیش بێ، چونکە جوولەکە نەهامەتیی زۆریان چەشتووە. بەڵام ئەمەریکاییەکان دەتوانن لایەنگریی سەربەخۆیی فەڵەستینییەکان و مافە مەدەنییەکانیان بکەن ئەگەر هات و ناتوندوتیژانە خەباتیان کرد.

دەکرێ ئەمە فاکتەرێکی گرینگ بێ بۆ گۆڕینی سیاسەتی حکوومەتی ئیسرائیل، ئەویش بەهۆی پشتبەستنی گەورەی ئابووریی ئیسرائیل بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و پێوەندییەلی سەربازیی پتەوی لەگەڵ واشنتۆن. بەرەنگاریکردنی سیستماتیک و ئازایانەی بێ توندوتیژی لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە مارتن لۆتەر کینگ و بزاڤی مافە مەدەنییە ناتوندوتیژەکان بیر ئەمەریکاییەکان دەخاتەوە، گاندی و خەباتی ناتوندوتیژی هندستانیان لەپێناو سەربەخۆیی و زیندوبوونەوەی دیموکراسی لە فیلیپینیان یاد دەخاتەوە.

سەرکوتینەوەی سەختگیرانەی ئەو فەڵەستینییانەی بەسادەیی داوای

مافی خۆیان لە ژیان لەسەر زەوییەکی بچووک دەکەن، ئەم سەرکوتینەوەیە چی تر مایەی قبووڵکردن نابێ. ئەمە ئومێدە گەورەکەیە.

چەندان گۆڕەپانی تر لە نەتەوە یەککگرتووەکان و شوێنانی تر هەن بۆ دەربڕینی لایەنگریی ناودەوڵەتی.

**ئامادەکردنی بەرپرسانە و زێدە کەڵک**

مرۆڤ چەندە متمانەی خۆی ببەخشێتە ئەم گۆڕانکارییە بەرپرسانە لە سیاسەتی ئیسرائیل و ئەمەریکا و گۆڕانکارییە ناودەوڵەتییەکانەوە، گرینگە بزانرێ کە سەنگی مەحەک لە بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکاندا کاری فەڵەستینییەکان خۆیانە، کە ئەمەیش لە سیاسەتی پشت بەخۆبەستن و لێبڕان لە تێکۆشان لەپێناو مافەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمەیش بە واتەی دانانی پلانێکی ستراتیجی گەورەیە بۆ گۆڕان کە کرۆکەکەی بریتییە لە بزواندنی تەواوی گەلی فەڵەستین، بە پیاو و ئافرەت و گەورە و بچووکەوە، لەپێناو پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگەی فەڵەستینی و بەهێزکردنی گرتنەبەری ڕێگەی تێکۆشانی ناتوندوتیژی بۆ لابردنی هەر کۆسپێک بێتە ڕێی دانان بە ئازادی و سەربەخۆییاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو واتەیە نییە خەڵک بچن و دەست بکەن بە خۆپیشاندانی ناتوندوتیژ، لێرەدا دوو شتی گرینگ هەیە:

یەکەمیان، وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، گرینگە ستراتیجێک دابنرێ بۆ چۆنیەتیی بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە ڕێگەی تێکۆشانی ناتوندوتیژەوە. ئەمە وا دەکا شێوەی جۆرەوجۆری کارکردن و ئامانجگەلی بچووک و دیاریکراو بدۆزرێنەوە بەبەشداریی چالاکییەکانی هەندێ یان هەموو خەڵک لە هەندێ کات و شوێنی دیاریکراودا. بە واتەیەکی تر بۆ ئەوەی کارەکە گەورەترین کاریگەری بەدی بێنێ پێویستە پلانی ستراتیجی و کاتیی هەبێ.

دووەم، بەشدارانی هەر خۆپیشاندانیک پێویستە بەپێی توانا لە سرووشت

و پێداویستییەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی تێ بگەن تا بتوانن ئەوپەڕی کاریگەری بەدەست بێنن. یەکێک لە پێداویستییەکان کارکردنی ئازایانە و ملکەچنەکردنە بۆ سەرکوتینەوە، هەروەها پارێزگاریکردن لە سیستم بەبێ توندوتیژی. پلاندانانی دیاریکراوی وردیش زۆر گرینگە. ئەوانەی بیر لە مانگێک کارکردنی بێ توندوتیژی دەکەنەوە پێویستە ئامادەکاری بکەن، دەزگەیەکی کارایش هەبێ بۆ ڕاهێنانی ئەوانەی دەیانەوی بەشداری بکەن، تا بتوانن بەشێوەیەک کار بکەن ڕۆڵی هەبێ لە سەرکەوتنی تێکۆشانەکەدا.

ئەگەر وا نەکرێ دەرفەتی ئەوە هەیە کارەکە لە ئاستی پێویستدا نەبێ. نەبوونی سیستم دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکوتینەوەکە توندوتیژتر بێ، لەوانەیە مردن یان بریندراربوون لە ڕیزی بەرگیرکاراندا ڕوو بدا.

سەرکوتینەوە بەتایبەت ئەگەر زیاد لە ڕادەی چاوەڕوانکراو توندوتیژ بێ، لەوانەیە ببێتە مایەی هەرەسهێنانی بەرگریکاران و هەڵاتنیان. کارەکە بەتەواوی پێچەوانە دەبێتەوە، یان سەردەکێشێ بۆ توندوتیژی یاخۆ ملکەچکردن و خۆ بەدەستەوەدان. لەوانەیە هەموو ئەم کاریگەرییانە و لەوە مەترسیداتریش ڕوو بدا بەهۆی ئەوەی ئەو لایەنەی دەستپێشخەریی کارەکەی کردووە پێشتر لێی نەکۆڵیوەتەوە و نەخشەی بۆ دانەناوە و ئامادەکاریی بەرپرسانەی بۆ نەکردووە.

دیارە فەڵەستینییەکان چڕ دەکەنە سەر هەردوو ئامانجی ئازادی و سەربەخۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە کارەکەیان یارمەتیی کەسانی تر – تەنانەت ئیسرائیلییەکان- بدا، لەوانەیە تێکۆشانی بێ توندوتیژیی کاریگەری فەڵەستینی یارمەتیی ڕزگارکردنی ئیسرائیلییەکان بدا لە سیستمی داگیرکردن و دەستگرتن بەسەر فەڵەستینییەکاندا، کە بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی تێک دەدەن، هەروەک ڕزگاریان دەکا لە پشتبەستن بە سیستمێک لە هێزی سەربازی کە هەڕەشە لە ئابوورییەکەیان دەکا و کۆمەڵگەکەیان دەگۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەکی سەربازی، واتە ئەو

کۆمەڵگەیەی جیاوازە لە خەونە بەراییەکان لە ئیسرائیلێکی ئازاددا.

لەوانەیە دەستپێشخەرییە فەڵەستینییەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب- ئیسرائیل بەبێ شەڕ، یارمەتیی ڕزگاربوونی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی بدا لە مەترسییەکی گەورەتر، ئەویش ئەگەری هەڵگیرسانی فتیلەی ململانەیەکی ناودەوڵەتییە کە بە قەڵاچۆکردنی ئەتۆمی کۆتای دێ.

لە ڕوانگەی پێداویستییەکانی فەڵەستینییەکانەوە، ئەم سیاسەتە توانی پارێزگاری و ڕزگارکردنیانی هەیە وەک گەلێک. من وا نابینم هیچ سیاسەتێکی تر بتوانێ ئەوە بەدی بێنێ.

# پێڕست


زانکۆی "ئۆنور" ........ 5

ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی ........ 8

دانەر کێیە؟ ........ 17

لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسیەت.. چوارچێوەی وێنایەک بۆ ئازادبوون ...... 19

پێشەکی ........ 21

توێژینەوەی یەکەم: بەرەنگاریکردنی دیکتاتۆریەت بەشێوازێکی واقیعی ........ 26

توێژینەوەی دووەم: جێگرەوە ڕاستەقینەکان ........ 122

توێژینەوەی سێیەم :ڕۆڵی هێز لە تێکۆشانی ناتوندوتیژدا ........ 169

توێژینەوەی چوارەم: ڕاپەڕین و خەبات بەبێ توندوتیژی ........ 196

تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ کاری سیاسی. ........ 216